MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# لە بارەی رۆژنامەگەریی کوردییەوە

چواردە لێکۆڵینەوە

# له بارەی رۆژنامەگەریی کوردییەوە

## چواردە لێکۆڵینەوە

**ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا**


**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **له بارەی رۆژنامەگەریی کوردییەوە** (چوارده لێکۆڵینەوە)
- **ئامادەکردنی: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا**
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ: ئاسۆ مامزادە**
- **ژمارەی سپاردن: ١٦١١**
- **نرخ: ٢٢٥٠**
- **چاپی یەکەم ٢٠٠٨**
- **تیراژ: ١٠٠٠**
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٨٦)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# پێڕست


- ڕۆژنامەی کوردستان (٢٢/نیسان/١٨٩٨) تەمەنێکی بچووك و ................. ١
- (میقداد مەدحەت بەدرخان) پێشەنگی ڕۆژنامەنووسانی کورد .................. ٥
- سیاسەتمەدار و نووسەر و ڕۆژنامەنووس ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا، ............ ٩
- (ڕووناکی) گۆڤاری پێشەنگ و ڕچەشکێنی هەولێرییان........................ ٢٣
- ڕۆڵی گۆڤاری ڕووناکی لە بەرەوپێشبردنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا............ ٥٣
- چەند تیشکێك بۆ سەر گۆڤاری (هەتاو).......................................... ٦٩
- ڕۆڵی گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری) لە خزمەتکردنی ئەدەبی کوردیدا............ ٨٣
- (دەنگی مامۆستا) دەنگی دلێری مامۆستایانی کوردستان.......................... ١٠٧
- ڕۆڵی (شاکر فەتاح) لە پاککردنەوەی زمانی پەخشانی کوردیدا،................. ١٣٧
- گوڵبژێرێك لە ڕۆژنامەگەریی زانکۆی سەلاحەدین.................................. ١٤٣
- (هەواڵ) مەبەستی ژمارە (یەك)ی ڕۆژنامەوانی.................................... ١٦٥
- (ئیعلانات) لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا.............................................. ١٧٧
- سەمەرەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی.................................................. ١٨٥
- واقیعی ڕۆژنامەگەریی کوردی دوای سەدو نۆ ساڵ بەسەر دەرچوونی................. ١٩٧

# ڕۆژنامەی کوردستان
# (٢٢/ نیسان/ ١٨٩٨)
# تەمەنێکی بچووك و خزمەتێکی گەورە

(کوردستان) کە پێشەنگی ڕۆژنامەگەری کوردییە و (٢٢)ی نیسانی هەموو ساڵێك بیرەوەری دەرچوونی یەکەم ژمارەی دێتەوە یاد، گەر گەشتێك بە نێو لاپەڕەکانیدا بکەین، ئەوانەی کە ئێستا بە لەبەرگرتنەوەی خراونەتە بەردەست، کۆمەڵێ ئەدگار و تایبەتمەندیی لێ بەرجەستە دەبێت، کە لایەنە بەهێز و پێشکەوتووەکانی ئەم ڕۆژنامەیە وەدەردەخەن و بۆمان ڕوون دەکەنەوە، کە ئەگەر لەبەر هەلومەرجی سیاسیی ئەوسا و ئەو بارە ئاڵۆزە نەبووایە، کە بزووتنەوەی کوردایەتی و خودی بەدرخانییە ئازادیخوازەکانی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە پێیدا تێدەپەڕین و بووە هۆی وەستانی لە دەرچوون، ئەوا خزمەتێکی گەورەتری بە کورد و کوردستان دەکرد، ئاوا لە تەمەنی بچووکیدا خوێنەرە نامرادەکانی جێ نەدەهێلا.. لێرەدا تیشك دەخەینە سەر گرنگترین ئەو تایبەتمەندی و ئەدگارانە و لەم خاڵانەی خوارەوەیان کورت دەکەینەوە:

١- ئەم ڕۆژنامەیە هەمیشە بە (چوار) لاپەڕەی قەوارە (٢٥,٥٠، ٣٢,٥٠سم) دەرچووە و ئیتر پارێزگاری ئەو قەوارە و ژمارە لاپەڕانەی کردووە، قەت نەبووە ژمارەیەك لە ژمارەکانی بەهەر هۆیەکەوەبێت، کە بێگومان ئەوسا گرفتی چاپ و، کەمی نووسەری کوردزمان، یان زەحمەتی گەیشتنی بابەتی نووسەرانی کورد پێی، چونکە لە دەرەوەی کوردستان چاپ دەکرا و کەمی و ناڕەحەتی دابینکردنی پارەی پێویست بۆ دەرکردنی، چونکە ڕۆژنامەیەکی ئەهلی بوو، لەسەر ئەوەش گەیاندنەوەی بە کوردستان لە ئەوسا وەك ئێستا ئاسان نەبووە و..هتد، دیارە ئەم گرفتانەی هەر هەموو بەڵکو هی دیکەشی هەبووە، ئینجا هیچ یەك لەمانە نەکراونەتە بەهانە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی بە قەوارەیەکی بچووکتر دەربکرێت، کە ئەمە ئەگەر ئەمڕۆ بووایە ڕۆژنامەیەك ئەو هەموو گرفت و دەردەسەرییەی هەبووایە، ئەوە مەگەر هەر خودا بزانێ چۆن و بە چ شێوەیەك هەر جارەی گۆڕانی بەسەردا دەهات؟!



٢- لە ڕووی ڕووخسار و دەرهێنانی هونەرییەوە، ئەم ڕۆژنامەیە هەمیشە لاپەڕەکانی بۆ سەر دوو یان سێ ستون دابەشکردووە، لە لاپەڕەی یەکەمیدا لە بەشی سەروویدا ناوی ڕۆژنامەکە (کوردستان) کە لەبەر کارلێکراوی نووسەرانی بە ڕێنووسی عەرەبی بە (کردستان) نووسراوە، پیتی (و)ی دوای (ك)-ەکە وەك (زەممە)یەکی عەرەبی بۆی دانراوە و بەم هۆیەوە پیتی (و) دانەنراوە.

ئەم ناوی (کردستان)-ە لە ناوەڕاستی لاپەڕەکە و بە خەتێکی گەورەی سەرنجڕاکێش و زۆر جوان نووسراوە، لە ژێرییەوەشی ساڵی دەرچوونەکەی (١٣١٥) کە ئەمە ساڵی هیجرییە و بەرامبەرە بە (١٨٩٨ز) نووسراوە، لە سەرجەم ژمارەکانی هەر چوار ساڵیشی ئەم ساڵە هەر لە هەمان شوێنی خۆیدا بڵاوکراوەتەوە. لە دەستە ڕاستی ئەم ناونیشانەی ڕۆژنامەکە، ناونیشانی پۆستەی ڕۆژنامە و تیراژی دانە بڵاوکراوەکانی لە هەر ژمارەیەك خراوەتەڕوو، لە دەستە چەپیشی هەمان شت بە زمانی تورکی نووسراوەتەوە، چونکە ئەوەی دەستە ڕاست بە زمانی کوردی نووسرابوو، ئینجا هەر لەم دەستە چەپەشدا نرخی هەر دانەیەکی ڕۆژنامەش ئاماژەی بۆ کراوە، کە ئابوونەی سڵانەی (٨٠) غروشدرە.. لەژێر ناوی (کردستان)یش هەرجارەی چەند ڕستەیەك نوسراوە، جاری وا هەیە ماوەی دەرچوونی تیا ڕوونکراوەتەوە، کە دەڵێت: (پازدە ڕۆژا دە جارەکی تێت نڤیساندن، جەریدە یا کردییە)، واتە (پازدە ڕۆژ جارێك دێتە نووسین - دەردەچێت - ڕۆژنامەیەکی کوردییە) لەگەڵ هەندێ زانیاری تریش، کە هەیانە هەمووجار نووسراونەتەوە، هەشیانە هەندێك جار هەن و هەندێ جاری تریش شتی دییان خراوەتە شوێن.

دوای ئەمانە لەژێرەوە، دوو هێڵی تەریب-ی درێژ بە پانی ڕۆژنامەکە خراونەتە ژێر ئەم زانیاریانە، بەرینایی نێوانیان سەنتیمەترێکە، تیایدا ڕۆژی دەرچوونی هەر ژمارەیەکی بە هەر دوو ڕۆژمێری هیجری و ڕۆمی بڵاوکراوەتەوە.

٣- ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی ئاوارە بووە، بۆیە قەد لە شوێنێ بۆ یەکجاری قەراری نەگرتووە، بەڵکو هەر ماوەیە و لە شوێنێك دەرچووە، ئەوەتا لە ژمارە (١ - ٥)ی لە (قاهیرە) دەرچووە، دواتر ژمارەکانی (٦ - ١٩)ی لە (جنێف) دەرچووە، ئینجا جارێکی دیکە ژمارەکانی (٢٠-٢٣)ی دووبارە لە (قاهیرە) دەرکراوە، ژمارە (٢٤)ی لە (لەندەن) چاپکراوە، ژمارەکانی (٢٥-٢٩)ی لە (فۆلکستۆن) و ژمارەکانی (٣٠) و (٣١)یشی دیسانەوە لە (جنێف) چاپکراوە، کە هەموو ئەمەش پشوو درێژی خاوەنەکانی دەردەخات، چونکە مرۆڤی تێکۆشەر بوونە، هەوڵیانداوە ئەو بیروبڕوا ئازادیخوازەی هەیانە، بە هەر نرخ و ماندوبوونێك

بێت، هەر بگەیەنرێتە خوێنەری کورد بۆ وشیارکردنەوەی.

٤- ئەم ڕۆژنامەیە بە کوردییەکی جوانی زاری کرمانجی ژووروو شێوەزاری جزیرە و بۆتان دەهاتە بلاوکردنەوە، جار جارەش لە ژمارە (٤) و بەدواوەی بابەتی بە تورکییش بڵاودەکردەوە، ئەمەشی بۆ ئەوسا، کە نووسەری کورد کەم بووە و کارێکی تا بڵێی زەحمەت بووە، بەڵام دیارە ئومێدگەورەیی سەرنووسەرەکەی ئەو زەحمەتەی ئاسان کردووە.

٥- لە سەرجەم ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە، مانشێتی گەورە لە لاپەڕە یەکی و نە لە هیچ لاپەڕەیەکی دیکەشی نییە، وتارەکانیش زۆریان بێ ناونیشانن، ئەوانەی ناونیشانیشیان هەیە، ناونیشانەکانیان زۆربەی جارەکان لە یەك دوو وشەی کورت پێك هاتوون و تۆزێك گەورەتر لەچاو خەتی بابەتەکان لە سەرووی بابەتەکان دانراون و خراونەتە نێو دوو کەوانە.

٦- ڕۆژنامەکە سەرەتا دوو هەفتە جارێك بڕیاربووە دەرچێت و پێنج ژمارەکانی یەکەمی دوو هەفتە جارێك لە کاتی خۆیان دەرچوونە، بەڵام دوای ئەوە کە لە (قاهیرە) بۆ (جنێف) گوازراوەتەوەو جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە (قاهیرە) و چۆتە وڵاتانی دیکە، وەك لە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئیتر دەرکردن و گەیاندنەوەشی بە کوردستان لەم دوورییەوە ئاسان نەبووە، بۆیە دوو هەفتە جارێك نەکراوە دەربکرێ و بۆتە مانگانە، بەڵام تا ژمارە (٢٤)یشی بە ڕەسمی هەر لەسەری نووسراوە (پازدە ڕۆژ جارێك تێتە نڤیساندن) تا ژمارە (٢٥) و بەدواوەی ئینجا لەسەری نووسراوە (هەیڤی جارەکی دەردەکەڤت).. ئەمەش لەلایێ ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەرنووسەرەکەی هەمیشە لەبیری ئەوەدا بووە، ماوەی نێوان دەرچوونی ژمارەکانی لە (١٥) ڕۆژ جارێك بە هیچ شێوەیەك زیاد نەکرێ، تەنانەت هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو ماوەیە بۆ هەفتانە بدرێت، بەڵام کە دوای هەوڵدانی زۆری ئەوەی لە دەست نەهاتووە، ئیتر ناچاربووە بۆ ئەوەی لەگەڵ خوێنەرەکەشی هەر بە ڕاستگۆیی بمێنێتەوە، هاتووە بڕیاری گۆڕیوە، بەوەی کەوا لەمەولا (مانگانە جارێك دەردەچێت).

٧- ئەو ڕۆژنامەیە، بە نهێنی زمانحاڵی ئەو کۆمەڵە سیاسییە کوردییە دەبێت، کە لە ساڵی (١٨٩٧) میقداد بەگ لەگەڵ کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەستەمبوڵ دایدەمەزرێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئەستەمبوڵ دەرفەتی ئەوە نابێت بەئاشکرا کار بکەن و ئۆرگانەکیان هەبێت تا ئەدەبیاتی کۆمەڵەکە بڵاو بکاتەوە، لەبەر ئەوە (میقداد بەگ) بیر لە دەرەوە دەکاتەوە، بۆ ئەوەش (قاهیرە)ی پایتەختی میسر بە شوێنێکی گونجاو دەزانێت، بە کارەکەیش ئەوە ڕاست دەردەکەوێت، بۆیە یەکەم ژمارەکانی لەوێ دەردەکات، ئەمە ئەگەر شتێك



بگەیەنێت ئەوەبووە، کە ڕۆژنامەکە ڕۆژنامەیەکی سیاسی بووە لە پێناو مافەکانی نەتەوەی کورد دەرکراوە، سیاسەتی ڕۆژنامەکەشی وابووە لە ڕێگەی دەقە ئاینییە پیرۆزەکانی ئیسلام دەست بخرێتە سەر مافەکان و چی داواکارییەکانە لە ڕێگەی ئەو دەقە پیرۆزانەوە جوانتر و گەشاوەتر و کاریگەرتر بخرێتە بەردەست و چاوی خوێنەری کورد، چونکە پێیان وابووە ئیسلامی پیرۆز توانای ئەوەی تیایە ببێتە ئەو بەرنامە و فەلسەفەیەی کوردیش بینای دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی لەسەر بنەماکانی دابمەزرێنێت، بەوەش ڕۆژنامەکە و خاوەنەکەشی زیاتر لە دڵی خوێنەر و ڕۆشنبیرانی ئەوسا و تا ئێستای کوردیش جێی خۆیان کردۆتەوە.

٨- هەر لەسەر وتاری یەکەم ژمارەیدا (کوردستان) جەختی لەسەر ڕۆڵ و گرنگیی زانست و خوێندەواری کردۆتەوە، هانی ئەوەی داوە، کە ڕۆڵەکانی کورد بخوێنن و لە ڕێی بەدەستهێنانی زانستدا خۆیان و میللەتەکەیان بەرەوپێش ببەن، ئەوەش بەهێزیی بیری ژیاری کورد دەخاتە ڕوو، جێی شانازییە.

# میقداد مەدحەت بەدرخان
# پێشەنگی ڕۆژنامەنووسانی کورد

لە دونیای ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ئەوەی زۆر جەختی لەسەر کرابێتەوەو هەمیشە باسی لێوەکرابێت، ڕۆژنامەی (کوردستان)ە، کە لە ٢٢/٤/١٨٩٨دا (میقداد مەدحەت بەدرخان) لە (قاهیرە)ی پایتەختی (میسر) یەکەم ژمارەی لێدەرکرد، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بێت، لە هەموو ڕۆژنامەگەری کوردیدا، هەموو ئەوانەی لەسەر ڕۆژنامەی (کوردستان)یان نووسیوە، هەر هێندەیان ئاماژە کردووە، کە کەسێك بە ناوی (میقداد مەدحەت بەدرخان) دەریکردووە، بێ ئەوەی یەکێك هاتبێت شتێکی لە بارەی ئەو پێشەنگەی ڕۆژنامەگەری کوردی نووسیبێت، ئەوە وای لێکردم بگەڕێمەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی، کە بە پەرش و بڵاوی شتێکیان لە بارەی ئەو بەڕێزەوە نووسیبێت، سەرەنجام ئەوەی دەستم کەوت، لەم چەند دێڕەی خوارەوەی کورت دەکەمەوە.

میقداد بەگ ناوی تەواوی (مەدحەت کوڕی میر بەدرخان)ە، باوکی میری (جزیرەی بۆتان) بووە، کەسێکی بەهێز و بەتواناو زانا بووە، بە لە خۆڕادیوی لە بارەی خۆیەوەی گوتوویەتی: (ئەوە منم، کە فەرمانڕەوای ئەم وڵاتەم، نەك پاشای عوسمانی، ئەگەر بابی عالی لە من بەهێزو تواناتر بێت، بەڵام زۆر لەوی نەجیب و گەورەترم، چونکە باشترو چاکتر بەسەر نەتەوەکەی خۆم ڕائەگەم و ئاگام لێیانە، هیچ کاتێکی زوڵم و ستەمیان لێ ناکەم).[١]

میقداد بەگ لەو خانەوادە میرە کوردە لە دایك بووە، کە چاوی هەڵێناوە بیستوویەتی باوك و برا گەورەکانی لە خەباتی سیاسی و چەکداری دان، بۆیە ئەویش هەر لە سەرەتای تەمەنی گەنجیی ڕێگەی سیاسەت دەگرێتە بەر، سەرەنجام ساڵی ١٨٩٧ لە ئەستەمبۆل لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێکانی کۆمەڵەیەکی سیاسی کوردی بە نهێنی دادەمەزرێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئەستەمبۆل دەرفەتی کاری ئاشکرایان نابێت، کە بیروڕاکانیان بە ئاسانی بگەیننە جەماوەری کوردستان، بۆیە لە ساڵی دواتردا واتە لە ١٨٩٨ دەچێتە قاهیرە، لەوێ لە مێژووی ئاماژە بۆکراودا ڕۆژنامەی (کوردستان) دەردەکات، بۆ ئەوەی لە دوورەوەو بەبێ ناولێنان،



(کوردستان) ببێتە زمانحاڵێکی نائاشکرای کۆمەڵە سیاسییە کوردییەکەیان، بەمەش میقداد بەگ دەبێتە یەکەم ڕۆژنامەنووسی کوردستان.[٢]

بەڵام لە ڕاستیدا میقداد بەگ تەنها پێنج ژمارەکانی یەکەمی ئەو ڕۆژنامەیەی دەرکردووە، بیست و شەش ژمارەکانی دیکە (عەبدولڕەحمان بەگ بەدرخان)ی برای دەری کردوون، چونکە دوای دەرکردنی ئەم پێنج ژمارەیە یەکەمەی (کوردستان)، (میقداد بەگ) گەڕاوەتەوە ئەستەمبۆل، لەوێش ڕێگەی پێنەدراوە درێژە بە دەرکردنی ڕۆژنامەکەی بدات، بۆیە ئەمجارە (عەبدولڕەحمان بەگ)ی برای، خۆی بۆ ئەم خەباتە دیبلۆماسییە تەرخان دەکات و ئەستەمبۆل جێدەهێڵێت، دەچێتە جنێف، لەوێ دەستدەکاتەوە بە دەرکردنەوەی (کوردستان)، سەبارەت بە گەڕانەوەی (میقداد)ی براشی لە (قاهیرە) وە بۆ ئەستەمبۆل، لە وتارێکی ژمارە شەشیدا دەنووسێت: چونکە خوندار (واتە سوڵتان) ڕێگەی لێگرت و ئەویش نەخۆشی سیلی بوو).[٤]

ئەو دوو هۆیەش دیارە بەسن بۆ ئەوەی (میقداد بەگ) ماندوو بێ-ت و چیدیکە بۆی نەکرێت لەسەر کارەکەی بەردەوام بێت.

ئەمەش چونکە کوردستان بە ڕێك و پێکی دەگەیشتەوە میر و ڕۆشنبیرانی کوردی نێو کوردستان و بیروڕای شۆڕشگێڕی نوێی تیابوو، ئەمە وای کرد دەسەڵاتداران هەڵوێستی لێبگرن و پێی نارەحەت بن، ئیتر هاتن گلەیی و لۆمەیان خستە سەر براکانی تری (میقداد بەگ) ئەوانەی لە ئەستەمبۆل بوون، بەوەش میقداد بەگ ناچار بوو گەڕایەوە وڵات و قاهیرەی جێهێشت.

دوای گەڕانەوەی (میقداد بەگ) بۆ وڵات، ئەگەر نەشیتوانیبێت ڕۆژنامەکەی دەربکات، کەچی لەژێرەوە وازی لە خەباتی سیاسی نەهێناوە، ئەوەتا هەر زوو لەگەڵ (ئەمین عالی بەدرخان)ی برای، دەکەونە نامەنووسین بۆ کوردەکان و داوایان لێ دەکەن، خۆیان بۆ شۆڕشی چەکداری ئامادە بکەن، بەمە هێزێکی گەورەی کورد بۆ وەدیهێنانی مەرامە سیاسییەکانیان، لە ساڵی ١٨٩٩ لە (جویزلك) کۆدەبنەوە، ئەوانیش (واتە میقداد بەگ و ئەمین عالی) برای بە دەم شۆڕشگێڕانەوە دێن، بۆ شوێنی دیاریکراو، دوای ئەوەی دەیانەوێت هێزەکانیان بۆ شۆڕشەکە ئامادە بکەن، لە ڕێگە دەکەونە ناو کەمینی هێزەکانی حکوومەت، دوای زنجیرەیەك شەڕی سەخت، هێزە کوردییەکە دەشکێت و (میقداد و ئەمین عالی) برای بە ناچاری خۆیان بە دەست هێزەکانی حکوومەت دەدەن.[٥]

دوای دەستگیرکردنیان بێگومان تووشی ئازار و نارەحەتی دەبنەوە، سەرەنجام لە ساڵی

١٩٠٦ لە ئەستەمبۆل نەفی دەکرێن و بۆ مەنفا دوور دەخرێنەوە، تەنانەت تا ساڵی ١٩٠٨یش هەر لە مەنفا دەمێننەوە.[٦]

دیارە بەر لە ساڵی ١٩١٠ میقداد بەگ دەگەڕێتەوە ئەستەمبۆل، چونکە لەو ساڵەدا ناوبراو لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێکانی لە ئەستەمبۆل، کۆمەڵەیەکی دیکەی سیاسی کوردی لە نوێ درووست دەکەنەوە، کە ئەویش (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی) دەبێت.[٧]

ساڵی ١٩١٢ کاتێك حیزبی ئازادی و ئیئتیلاف دەگەنە دەسەڵات، میقداد بەگ وەکو پارێزگاری شاری دەرسیم دادەمەزرێنرێت، بەڵام نازانرێت، کە: ئایا بە کارەکی چووە بۆ وەرگرتنی ئەم پۆستەی و تیایدا دەوامی کردووە، یان نا.[٨]

میقداد بەگ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە: ژنی هێناوەو سێ منداڵی هەبووە، دووانیان کوڕ بوونە، کوڕی یەکەمی ناوی (ئایەتوڵڵا) بووە، کوڕەکەی دووەمی ناوی (فاروق) بووە، هەرچی سێیەمیشیەتی کچێکی بووە، بەڵام ناوی ئەویان نازانرێت.[٩]

ساڵی لە دونیا دەرچووی میقداد بەگ، هەروەکو ساڵی هاتنە دونیاشی دیار نییە، بەڵام بە پێی ئەم ڕاستییەی سەروو، کە ساڵی ١٩١٢ بۆ پۆستی پارێزگاری دەرسیم هەڵبژێردراوە، ئەوە یانی تا ئەو ساڵە لە ژیاندا مابووە، بە پێی ئەو وتارەش، کە باس لە کوڕانی بەدرخان پاشا دەکات، ئەوانەی تا ساڵی ١٩١٩ لە ژیاندا مابووینە، کە ئاماژە بۆ ئەم نۆیەیان دەکات: (ئەمین عالی بەدرخان، تاهیر بەگ، محەمەد عەلی بەگ، حەسەن بەگ، موراد بەگ، خەلیل بەگ، عەبدولڕەحمان بەگ، زوهێر بەگ، کامیل بەگ)، واتە لە نێویاندا باسی میقداد بەگ نەماوە، کەواتە میقداد بەگ نەگەیشتۆتە ساڵی ١٩١٩.[١٠]

بۆیە دەبێت میقداد بەگ لە نێوان ساڵانی ١٩١٢ و ١٩١٩ لە ژیان دەرچووبێت.

بەم شێوەیەش بۆمان دەردەکەوێت، کە (میقداد مەدحەت بەدرخان) ئەگەرچی یەکەم ڕۆژنامەنووسی کورد بێت، بەڵام تەنها پێنج ژمارە یەکەمەکانی لە ڕۆژنامەی کوردستان دەرکردووە، کەچی بیست و شەش ژمارەکانی تری کوردستان لەلایەن (عەبدولڕەحمان بەگ)ی برای دەرکراون. بەڵام دیسانەوەش هەر پێشەنگی بۆ میقداد بەگ دەنووسرێت، چونکە ئەو بوو ڕێگەی ڕۆژنامەنووسینی بۆ کورد ئاسان کردو بە کارەکی بۆ یەکەمجار هات، خەونەکانی (حاجی قادری کۆیی) هێنایە دی و نەیهێشت چیدیکە کورد بێ ڕۆژنامە بمێننەوە.



## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- کرێس کۆچێرا، مێژووی کورد لە سەدەی ١٩و ٢٠، و: محەمەد ڕەیانی، چاپی ئێران، لا ٤٣.

٢- وتارێکی سورەییا بەدرخان لە ژمارەیەکی قۆناغی سێیەمی ڕۆژنامەی کوردستان بە زمانی تورکی.. بڕوانە: نەوشێروان مستەفا، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی، بەرگی یەکەم، ١٨٩٨- ١٩١٨، سلێمانی ٢٠٠٠، لا ٤٧.

٣- ژمارە (شەش)ی ڕۆژنامەی کوردستان، کە دەکاتە: ژمارە (یەك)ی خولی دووەمی ڕۆژنامەکە لە جنێف.

٤- بدرخانیو جزیرە بوتان، وەرگێڕانی: شکر مستەفا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٨٨، لا ١٠٩.

٥- سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦١.

٦- سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦٢.

٧- سەرچاوەی پێشوو.

٨- سەرچاوەی پێشوو.

٩- جوسێن ئەحمەد جاف، صفحات مشرقە من تاریخ الاسرە البدرخانیە، گۆڤاری کاروان، ژ (٣)، کانوونی یەکەمی ١٩٨٩، لا ١٠١.

١٠- سەرچاوەی پێشوو.

تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٢٤٧٢)، لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٧/٤/٢٢ بڵاوکراوەتەوە.

# سیاسەتمەدار و نووسەر و ڕۆژنامەنووس
# (ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا)
# چەند سەرە قەڵەمێك لەمەڕ فیکر و هەڵوێستەکانی

**پێشەکی:**

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم کاتێك تورك و عەرەب و نەتەوەکانی دیکەی ژێر چەتری دەوڵەتی عوسمانی، کەوتنە خەباتی نەتەوەیی خۆیان، کوردیش هەمان ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان ئەنجامدا، شۆڕش و ڕاپەڕین و خەباتی سیاسییان بەرپاکرد.. ژەنەڕاڵ (ئیحسان نوری پاشا) یەکێکە لەو سیاسەتمەدارانەی کورد، کە لاپەڕەکانی مێژوو گەواهی لێهاتوویی و نیشتمانپەروەری بۆ دەدەن، پیاوێکە نەك هەر سەرکردایەتی شۆڕشێکی چەکداری کردووە، بەڵکو سیاسییێکی زیرەکیش بووە، بە نووسین گوزارشتی لە فیکر و بیروڕای خۆی کردووە، کێشەو گرفت و ئاوات و مەبەستەکانی میللەتەکەی پێکرا خستۆتە ڕوو.. لێرەدا بە خستنەڕووی یەك لەو بابەتە گرنگانەی کە کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) بە سێ ئەڵقە بلاوی کردۆتەوە، خوێندنەوەیەك لەمەڕ فیکری سیاسی و هەڵوێستەکانی ئەو سەرکردە کوردە دەکەین.

## کورتەیەکی ژیانی ئیحسان نوری پاشا

- (ئیحسان نوری پاشا) ساڵی ١٨٩٣ لە بنەماڵەیەکی ناوداری کوردی شاری (بەتلیس) هاتووەتە دنیا.[١]
- ساڵی ١٩١٠ بەپایەی ئەفسەری یەك ئەستێرە لە کۆلیژی سوپا دەرچووەو، دوای ٣٣ مانگ لە یەمەن کرا بە یاوەری فەرماندەی بەتالیۆنی (٩٣) لە سوپای عوسمانیدا.[٢]
- ساڵی (١٩١٨) پەیوەندی لەگەڵ (جەمعییەتی تەعالی کوردستان)دا دەبەستێ.. لە گۆڤاری (ژین)ی ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوەش، وتارێك بە ناونیشانی (پرنسیپەکانی وێڵسن و



کورد) بلاودەکاتەوە، هەروەها دەبێتە ئەندام لە ڕێکخراوی (کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد)، کە لە (ئەرزەڕووم) دادەمەزرێ.[٣]
- ساڵی ١٩٢٤ دەبێتە سەرکردەی ئەو ڕاپەڕینە، کوردییەی کە لە ناوچەی (بەیتوشەباب) بەرپادەکرێ.[٤]
- ساڵی ١٩٢٧ لە کۆنگرەی کوردانی (خۆیبوون) هاوبەشی کردووەو، بووەتە ئەندامێکی کارای سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە.[٥]
- هەر لە ساڵی ١٩٢٧ لە لایەن (خۆیبوون)-ەوە بە فەرماندەی گشتی هێزی شۆڕشگێڕانی شۆڕشی (ئاگری داغ) دادەنرێتو، ساڵی ١٩٣٠ پاش نسکۆی شۆڕش دەچێتە ئێران.
- لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٣١ لەگەڵ (٩٠) لە پێشمەرگەکانی دەچێتە (حەسەکە)ی سووریا و، لەگەڵ فەڕەنسییەکاندا دیدار دەکات.. بەلام فەڕەنسییەکان هیچ یارمەتییەکی سیاسیی نادەن بۆ دەستکردنەوە بە شۆڕشەکەی، بەڵکو پێشمەرگەکانی چەك دەکەن و، لە (دێرزۆر) و (حەلەب) لە ژێر چاودێری خۆیاندا نیشتەجێیان دەکەن، هەرچی (ئیحسان)ی سەرکردەشە لەگەڵ پێنج لە هاوڕێکانیدا بۆ (بەیروت)ی دەنێرن.. بەلام وەکو دەردەکەوێت، (ئیحسان نوری پاشا) زۆر لە لوبنان نامێنێتەوەو دەگەڕێتەوە ئێران، ئەگەرچی لەوێش لە بارودۆخێکی سەخت و ناهەمواردا دەژیێت.[٦]
- ساڵی ١٩٤٥ جارێکی دیکە دێتەوە دەنگ، وتارێك لە گۆڤاری (ڕوناهی) کە لە (بەیروت) دەردەچوو بلاودەکاتەوەو، تیایدا ڕووی ئامۆژگاری دەکاتە لاوان و، داوای یەکڕیزی و پاراستنی یەکێتی نەتەوەییان لێدەکات و، لە ١٢ی تەمووزی هەمان ساڵدا، لەبارەی ستەملێکراوی و بێمافی گەلی کورد، نامەیەك بۆ ڕای گشتی جیهانی ئاراستەدەکات.[٧]
- ساڵی ١٩٦٠ بەشداری کۆنگرەی قوتابیانی کورد دەکات، کە لە (بەرلینی ڕۆژهەلات) قوتابییە کوردەکانی ئەوروپا دەیبەستن.[٨]
- خێزانەکەی ناوی (یەشار خانم) بووەو، منداڵیان نەبووە.
- ساڵی ١٩٧٦ بەکارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەست داوە.[٩]

**دەقی ئەو وتارەی ژەنەڕاڵ (ئیحسان نوری پاشا)**
**کە لە رۆژنامەی (ژیانەوە)دا بلاوی کردۆتەوە:**

**(قیامی میللی کورد و ئەهەمییەی عەسکەرییەی)**

کورد کە لە ناو صەحائفی ئەعصارِی تەئریخی بەشەردا، بێدەنگ و بێ هەرا خۆی شاردبووەوە، قیامێکی میللی خوێنینو، بە نیسبەت خۆیەوە، قیامێکی بە شان و شەرەفی خستە ناو عاداتی ئیجتیماعییەو، وەقایعی سیاسی عەصرِی بیستەمینەوە.

ئەم قەومە نەجیب و قەدیمە کە بە ئازایی و قەهرەمانی، متەوازیعانە ئیشتیراکی حەیاتی حەشرو نەشری ئەعصاری قەدیمەی کردووە، ئەگەر باسی حاکمیەت و سەڵتەنەتی خۆی نەکا، کەوا بە ناوی دراوسێکانییەوەی ئەژمێردرێ، توانین بڵێین: لەگەڵ مەحکومییەتی سیاسیشیدا، هەتا ئەمڕۆ ئیستیقلالیەت و ویجدانییەت و ئیجتیماعییەی خۆی تەسلیمی تەجاوزو تەحەکومی تورکیی نەکردووە.

لەم ساڵانەدا کەوا جەرەیانی میللییەت و قەومییەت، کە بەشەراکەینی بە فیزو فەلاح رەواجی هەیە، کورد ئیتر صەبری نەکرد، کە لە ژێر ئیدارەی زاڵمانەو سیاسەتی ئیمحاکارانەی تورکە بێ رەحم و غەددارەکاندا بمێنێتەوە.

ئەو تورکانە، کە: لەم عەصرەی میللییەتەدا کورد لە حەیاتی وەحشییانەی قرونی ئەووەلیدا بژیێنن.. ئەو تورکانە کە لە مەحکەمەکاندا بە زوبانێکی ئەجنەبی کورد موحاکەمە بکەن.. ئەو تورکانە کە بە ناوی بەدەڵ رێگاوە بە ملیۆن پارە لە کورد ئەسێنن و، نەك رێگەی شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل، بەڵکو رێگاو جادەی عارەبانەی عادیشیان بۆ ناکەن.. ئەو تورکانە کە بە زوبانی خۆی کورد لە خوێندن مەنع دەکەن، کە حقوقی تەبیعی هەموو میللەتێکەو، عاملێکی گەورەیە بۆ تەڕەقی و سەرکەوتنی ئەقوام.. ئەم تورکانە کە بە جیاکردنەوەو بە دەرکردنی روئەساو مونەوویرانی کورد، میللەت بێ فەهم و ئیدراك ئەهێڵنەوە.. ئەو تورکانە کە بۆ دەوامی حاکمییەتی خۆیان تەفرەقە ئەخەنە ناو عەشایرەوەو، لە جیاتی تەئمینی ئیسراحەت و خۆشی، بەم جۆرە وەزیفەی خۆیان بە دەنائەت سوئی ئیستیعمال دەکەن، ئەو تورکانە کە بە خۆیان ئەڵێن عونصری ئەصڵی و حاکم و صاحب ئیمتییازو، ئەفکاری شەنیعە



دەرحەق بە عەناصرِی سائیرە پەروەردە ئەکەن، ئەو تورکە خونخۆرانە کە بە ئاشکرا ئەیانەوێ، کوردیش وەکو ئەرمەن ئیمحا بکەنەوەو، لە ولاتی خۆیان دەریان بکەن، وەك چۆن هەموو وەختێ ئەڵێن: لەو ئەرمەنیانەی کە ئەیان وت: (زرِ) رزگارمان بوو، ئینجا مایەوە لەسەر ئەو کوردانەی کە ئەڵێن: (لۆ).. ئەو تورکانە کە لە غەیری تەعەرووزی حقوق و سەلامەتی میللی تەجاوزی قەناعەت و ئیمانی کوردو ئیسلامیش دەکەن.

کورد ئەوسا حسسی کرد، کە ئەو مەهلەکەو ترسەی لەسەر رێگەی سەرکەوتن و پێگەیشتنیایە، ئەبێ لایبەرێ و، بە نیشاندانی مەوجودییەتی میللیەی خۆی، تورکی دەعوەت کردە سەر رێگەی عەدالەت و ئیعتیدال.

لە حەربی عومومییاو، یا لە دوای ئەوە لە حەربی تورك و یۆنانا، بە نسبەتێکی کەم، مومکین بوو، کورد ئیستقلالییەت و حقوقی میللییەی خۆی بسێنی، بەلاّم لەبەر ئەوەی وەعدی دا بوویێ، کە لە پاش موەافەقەتی تورك ئارەزووی میللیی بەجێبهێنرێ و، لەبەر ئەوەی کە کورد خەنجەری لە نەخۆش و بریندار هەڵکێشانی، لەگەڵ حسسی مەردانەیدا قابیلی تەئلیف نەئەبینی، لەو ئانە هەڵکەوتوو و ئاسانەدا دەنگ و قییامی نەکردو، حەتتا زۆر زۆر یارمەتی تورکیدا.. لەبەر ئەوە کورد حەقی هەبوو، داوای زۆر شت بکا لەم حکوومەتە تازەیە، کەوا بە یاریدەی خۆی بوو بەم حکوومەتەو، نفووس و ئەرازی (زەوییەکانی) خۆی لەوە زیاترە.

(جەمعییەتی کوردستان) کە مەسئولییەت و، موقەددەراتی ئیستیقبالی میللەتی بە دەستەوە بوو، داوای حقوقی خۆی لە حکوومەتی تورك کرد، نەیدایێ، بە حەرەکەتی قییامییەی (بیت الشباب) کە زۆر مەعناو ئەهمییەتی هەبوو، داوای ئەم حەقەی کردەوە، دیسان حکوومەتی تورك بەرامبەر بەم داوا حەقە، سونکی و بۆمبای نیشاندا. [١٠]

کورد کە سەریعول تەئەپوڕەو، لە خولقاندنیا درەنگ قەراری شتێك ئەداو، کە قەراریدا موتڵەقەن ئیجرای دەکا، بۆ فیداکردن، ئەو ئەولادە قەهرەمانانەی کە بۆ سەندنەوەی ئامالی خۆی حازری کردبوو، ئیتر تەڕەدوودی نەکرد.

حکوومەتی تورك کە لەم حەرەکاتانەدا ئاگاداربوو، بۆ کوژاندنەوەی ئەمە، روئەساو مونەویرانی جەمعییەتەکەی گرت.

جەنابی شێخ سەعید کە لەبەر ئەم وەزیفە گەورەیە، کەوتبووە عەهدەی میللیەو دینییە، وە لەبەر ئەوەی کە فەرقی پێکرد حاڵ و ئەحواڵ زۆر خراپە، ئیتر بە عەزمێکی میللی و قەتعیەئة بڕیاریدا، کە دەنگی تۆپ و تفەنگ و بۆمبای تورکی زاڵم، کە لە مەنتیقەی خوستانی دەنگی

ئەدایەوە، بێدەنگی بکا، بۆیە بە زەروری لەم قیامی میللییەدا، لە پێش وەقتی خۆیا، دەستی پێکرد.

ئەو قییام کردنە کە لە سەرچاوەیەکی لاهوتی فەیزیان وەرئەگرت، لەگەڵ ئەو هەمموو مقاوەمەت و مودافەعە قیناویەی لەشکری نۆیەمی (ئەرزرۆم) و، هەشتەمی (ئازەربێجان) و، حەوتەمی (دیاربەکر)دا، هەرچی مەنتیقەیەك کە لە دەوری (ئۆرفە)..(سیوەرەك)..(چیاکانی قوپ) و (سیکوڕ) بوو، گرتیان.

تورکەکان بە سایەی سیاسەتی جیاکردنەوەی کوردەکانەوە، کە زۆر بە صەوتێکی مەکانەو، بە پڕوپاگەندەیێکی سامدارەوە ئیجرایان دەکرد، تەئمینی عەدەم ئیشتیراکی ئەو عەشایەرەی کە نزیك حدودی جنوب و شەرق بوون و، میللەت پەروەرەکان گوێیان نەدابوویێ، کرد.

کوردەکان لێکیان نەدابووەوە، کە فڕانسز کەوا لە ئینقیلابی کەبیردا، بە نەشرکردنی قانوونامەی حقوقی بەشەر، فکری حوڕییەت و نەجاتی بلاوکردەوەو، بە سایەی ئەمەوە بوو بە مەهدی حوڕییەت، لە عەصری بیستەمی ئینسانیەتدا بە زیاد مەزلومان بخنکێنێ و، یاریدەی زاڵمان بداو، بەم نەوعە ئیرتیکابی جینایەت بکات.

حکوومەتی ئەنقەرەش ئەم تەجەلیياتی خودا پەسندانەی، ئەم دەست دانە سیلاحەی میللەتی کورد، کە بە عەشق و ئیمانێکی میللی هاتبووە وجود، واینیشانی عالەمداو، قسمەن ئەفکاری عمومیەی ئەوروپای وا ئیغفال کرد، کە ئەمە حەرەکەتێکی موهلیکی دینییەو، زادەی ووجەهاییێکی بێشعورە.

بەم چەشنە تورك کە قسمەن ئەفکاری عمومیەی ئەوروپای هەڵخەڵەتاندو، خستییە میللەت لە ئەم قیامی میللییەو، کە لە ئاڕای ئەوروپا ئەمین بوو، هەرچی قووەتێکی لە غەرب و شیمال هەبوو (لە ئیستیقامەتی قارص و گەڕبرون و سیواس)ەوە، بە رێگەی ئاسنی فرانسزدا، کتوپڕ رشتییە کوردستان، ئەم قووەتە نزیك (٨٠-١٠٠) هەزار ئەبوو.

کوردەکان هەرچەندە لە داخیلدا، جەمعییەت و پرۆگرامێکی بە ئەساسیان هەبوو، بەلاّم وەکو تورك صاحب هەیئەت و قوماندەو ئەرکان حەربییەکی مونتەزەم نەبوو، لەبەر ئەوە کوردەکان لە ئیبتیدای کاردا لزومیان نەبینیبوو، کە جەناحی قووەتەکەیان بخەنە سەر حدودی دوو دەوڵەتی بێ طەرەفەوەو، لەبەر ئەمە نەیانتوانی بەرامبەر ئەو قووەتە موعەززەم و مونتەزەمەی تورك جەبهە تەشکیل بکەن و، محارەباتی مەوزوعی ئیجرا بکەن و، ئەساسەن بۆ موحارەبەیەکی وەهاش، قودرەتی ئیدارەو ئەو لەوازماتە حەربییەیان نەبوو.



بۆ ئەوەی نەتیجەی چاکی دەعواو حەقەکەیان دەستبکەوێ، کوردەکان مەجبور موحارەباتی چەتەیی بوون، کە ئەساسەن حەرەکاتی تورکیش وای ئیجاب ئەکردو، وا بەم صورەتە جوێ بوونەوە بەرامبەر حەرەکاتی چەند قۆڵی ئوردوویەکی بە قووەتی تورك، کە لەسەر ختوتێکی موتەقارِیبە ئیجرا ئەکرا، قسمێ لە قوواتی میللییە کەوتە ئەسارەتەوە، هەرچەندە نەشریات و تەبلیغاتی تورکیش جێی باوەڕ نییە، بەلاّم بە شایەعەی ئەوان، تەسادوفەن (شێخ سەعید)یش لە پڕێکدا گیرا.

لای ئەوانەی کە لە حەرب ئەزانن، مەعلومە کە موحارەبەتی چەتەیی هەرچۆنێ بێ، وەکو حەربی مونتەزەم نییە، ئەو کەسانەی کە بەم نەوعە حەرەکاتی میللییە ئیدارە ئەکەن، بە خصوص کە هەر چوار لایان گیرابێ، ناتوانن کە لە جێگایەکی وا دانیشن، کە وەکو قەرارگای ئۆردوویەکی رێ--ك و پێك دەنگی تۆپ و تفەنگی نەگاتێ.[١١]

ئەگەر ئیعدامی شێخ سەعیدی موعەززەمی قەهرەمانی میللی یا ئەسیربوونی راستیش بێ، مەعنای غەلەبەی قەتعییەی کوردی لێ ئیستیخراج ناکرێ، هەرچەندە نامەوێ ئیضاعی ئەم قیامە فەوقەئەلعادەی میللی کوردە کە دەنگی لە هەموو ئەفکاری بەشەریەتدا بلاوبۆتەوە، بکەم..، بەلاّم ئەمەوێ کەس لەم قیامی میللییە شتی خراپ لێکنەداتەوە، لە بابەت ئەهەمییەتی عەسکەرییەوە چەند قسەیەك بکەم.

وەکو لە پێشەوە نووسیبووم مەنتیقەی ئیحتیلال بەو سێ قۆڵی ئۆردووە دەورگیرابوو و ئیشغال کرابوو، ئەم سێ قۆڵ ئۆردووە کە لە نۆ فرقە پیادە تەشەکولی ئەکرد، بیستو حەوت ئالای پیادەو نۆی تۆپچیو لە تەشکیلاتی سائیرەی عەسکەرییە عیبارەت بوو، ئەگەر ئەم قووەتە ئەو فرقە سواریانەی لە طەرەف (قارص - جەزیرە - نەصێبین)و ئەو قەطاعاتە پیادەیەیش کە لە ئەیلوولی پاردا بە ناوی تەجاوزی موصڵەوە بۆ حەواڵی (سەعەرد — ماردین - میدیات) هێنرابوو، عەلاوەی بکرێ بە قەدەر ئەو ئۆردووە ئەبوو، کە ئۆردووی یۆنانی بەو هەموو رێکوپێکیو وەسائیطی خارِیقولعادەی حەربییەوە لە زەرفی پازدە رۆژدا لە ئەنادۆڵی غەربی دەرکردو، هاویشتییە ناو بەحرەوە.

ئەو قووەتی تورکە کە ئۆردووی میللی ئەرمەنی لە ساڵی ١٩٢٠ لە طەرەف حکووماتی بەقووەتەوە تەجهیزو تەسلیم کرابوو، تەیارەی باشو ئوتۆمبێلی زرێهدارو وەسائیتی مەتەنەویعەی حەربییەی هەبوو، لە رۆژێکدا لە (صاری قامیش)و لە پاش مانگێ ئیستراحەت بە تەجاوزێکی چوار رۆژی لە (ئەلیکساندرۆ پۆل) بەرێشان و مەجبوری رەجعەتی کرد، لە لیوایەکی سواری زیاتر نەبوو.

بەم نەوعە ئیحتیلال پەروەرانی کورد بە واستەی بەقووەتی تەشکیلاتی ئیحتیلالەوەو بەسایەی ئازایی طەبعی خۆیانەوە کە مەشهوری جیهانە، ئەو قووەتە تورکە کە بەقەدەر سێو چوار ئەوەندەی ئەو قووەتە ئەبوو، کە پەلاماری ئەرمەنستانی داو، بەقەدەر ئەو قووەتە ئەبوو کە ئۆردووی یۆنانی راڕفاندە ناو بەحرەوە، لە مودەتێکی زۆر کەمدا تواندییەوەو، حکوومەتی تورکی مەجبور بە ناردنی قووەتێکی (٨٠-١٠٠) هەزار کەسی کرد.

کورد لەو وەقتەدا لە داخلی موفەتیشییەتی ئۆردووی سمیدا دوانزە ویلایەتی لە تورکەکان گرتبوو، مەعلومە نە تەیارەیەکی هەبوو کە کەشفو ئیخباری سەوقییاتو حەرەکاتی عەسکەرییەی بۆ بکاو، نە هەیئەتێکی باشی ئەرکانی حەربییەو قوماندەی هەبوو، کە پلانی مونتەزەمی بۆ تەرتیب بکا، بەرامبەر بە حەرەکاتی تەعەرروززییەو سەوقییاتی موعەززەمی ئەرکانی حەربییەی تورك، لە پاش چوار مانگ مقاوەمەت بڵاوبوونەوەیەکی جوزئی میللەتی کورد کە ئەمرۆش ئەم میللەتە هەم دیسان لەگەڵ عەینی قووەتدا موجادەلە ئەکات، کە سەراپا جەدەلێکی پڕ لە خاریقەیە، بە نەزەرێکی سەتحیو نوقسانییەتی تەشکیلاتو یا بە ماهییەتی ئیختیلالێکی مەوضعدا ببینن، نیشاندانی ئەم جیدالە لای من وایە گوناهێکە کە ویجدانو ئینصافو ئینسانیەت لە هەموو شتێ زیاتر تەعزیب ئەکا.

بۆ ناو ئەو دیوارە ئەستوورانەی سووری (دیاربەکر)، کە واسیتەی حاضریش لە رووخاندنی عاجیزەو، قەرارگاهو قەتەعاتی قۆڵەکانی ئۆردووی شاربووەوە، کە هەموو لەوازماتێکی هەبوو، لە بە دەستەو خەنجەر هجومو، لە خۆهاوێشتن بۆ ناو پارچەی بۆمبا، بەرامبەر ئاگری شەستیرو ماکینەی هالاوی، بە هجومی مەردانەی ئەو قەهرەمانانەی کە لە حالی ئیستیحضاردا بە نیدای بژی کورد و کوردستان لە موقابەلەکردنیان گەورەتر بورهانێك بۆ ئیسپاتی عولەویەتو قودسیەتی رۆحی میللی حادیسەیەکی ماددی تەسەورِ ناکەم.[١٢]

## فیکر و هەڵوێستی ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا

به وردبوونەوە لەم وتارەدا کە ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا نووسیویەتی، دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە لە بیر و هەڵوێستی ئەو سەرکردەیە بگەین:

١- ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا کە بیردەکاتەوە (کورد چوارەمین گەلی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لە رووی ژمارەوە لە دوای عەرەب و فارس و تورك دێت)[١٣]، بەڵام هەموو ئەو نەتەوانەی دیکە بوونەتە خاوەن قەوارەو پێگەی سیاسی بەرچاو و، بە تەنیا کورد بێ ماف و



پێگەی بەرچاوی خۆیان ماونەتەوە، لێرەدا دێت پەردە لەسەر ئەو ڕاستییانە هەڵدەداتەوە، کە کورد وەنەبێت شۆڕشو قوربانیدانی نەکردبێت، بەڵکو رابوونێکی گەورەو گرنگیشی بۆ داوای مافەکانی بە ئەنجام گەیاند، ئینجا وەسفی میللەتی کورد دەکات، کە گەلێکی چەند پاكو بە ئابڕوون.

٢- ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا دێتە سەر باسی ستەمی ئەو ڕۆژگاری تورکەکان، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کورد دەکەنو، دەڵێت: دەیانەوێت کورد پێشنەکەوێتو، هەر لە ژیانی سەدەکانی پێشوودا بمێنێتەوە، تەنانەت بە زمانی کوردی دادگەیی کوردان ناکەنو، بە زمانێکی دیکە دادگەییان دەکەن، کە کورد هیچ بەو زمانە ئاشنا نییەو، هەر بڕیارێکی بۆ دەربکرێت، یان هەر تاوانێکی بخرێتە پاڵ، مادام لە زمانەکە ناگات، مافی دەسووتێو، ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات، ئینجا باجێکی زۆر بە ناوی دروستکردنی رێگەوبان لە کورد دەستێنن، بەڵام لە بواری کردەییدا لە کوردستان، نەك رێگەی ئۆتۆمبێل، بەڵکو رێگەی گالیسکەشیان بۆ کورد دروست نەکردووە، نایەڵن کورد بە زمانی خۆی بخوێنێ، رووناکبیرانی کورد لە نێو میللەتەکەیان دەردێننو، ئاوارەی وڵاتانیان دەکەن، تا کەس نەمێنێت بیری نەتەوایەتیو خەبات لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە هۆشمەندی رۆڵەکانی ئەو گەلە بورووژێنێت، ئەو تورکانە خۆیان بەئەسڵو ئاغا دەزانن و، هەموو مافێکی ژیان بۆ خۆیان بەرەوا دەبینن، بەڵام بۆ گەلانی خۆیانو، بە تایبەتیش کورد وەکو هاووڵاتی پلە سێ بۆیان دەڕوانن، یەك لەسەر چواری ئەوەش کە بۆ خۆیانی بە ماف دەزانن، بۆ ئەوانی ڕەوا نابینن، نەك هەر دژایەتی کورد، بەڵکو دژایەتی ئایینەکەشی دەکەن، کە ئیسلامەو، زۆرینەی کورد خۆیان بە دڵسۆزی دەزانن.

٣- ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا دێتە سەر باسی ڕاستییەکی مێژوویی، ئەویش ئەوەیە: لە کاتی شەڕی (تورك - یۆنان) دا کە هەڵوێستی تورك زۆر لاوازبوو، کورد دەیتوانی کاری خۆی بکاتو، مافە سیاسییەکانی خۆی دەستەبەربکات، بەڵام لەبەر دوو شت:

أ- دەسەڵاتی تورك لاوازبوو، کوردیش وەك گەلێکی مەردو جوامێر سیفەتی ئەوەی نییە لە کاتی لاوازی لە کەس بدات، بۆیە لەو هەلە زێڕینەدا شۆڕشی وەستاندو، ڕاپەڕینی بۆ سەندنی مافەکانی نەکرد.

ب- دەسەڵاتی تورك وادەی بە کورددا، ئەگەر سەرکەوت، ئەوا دان بە مافی کورد دادەنێت.

لەبەر ئەم دوو هۆیانە کورد لەو شەڕە نەك دژایەتی تورکی نەکرد، بەڵکو پشتگیریشی کردو، یارمەتیشیدا، بۆیە مافی خۆی بوو، دواتر حزب یان ڕێکخراوێکی سیاسی لە بۆ خۆی دابمەزرێنێ‌و، لە ڕێگەیەوە داوای مافەکانی خۆی بکات، بەڵام بەداخەوە وەڵامی ئەو چاکەیەی بە چاکە نەدرایەوە، بەڵکو ستەمیشی لێکرا.

٤- ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا دەڵێت: بۆ ئەو مەبەستەو لەسەر ئەو بنەمایەی، کە لە خاڵی سێیەم ئاماژەمان بۆ کرد، کورد ڕێکخراوی (جەمعییەتی کوردستان)ی دامەزراند، ئەم ڕێکخراوە وەکو سەکۆیەکی دیبلۆماسی بۆ دەنگی کورد دامەزرا، زۆرینەی کورد لە دەوری کۆبوونەوەو، ئومێدی وەرگرتنی مافەکانیان بەو بەستایەوە، (جەمعییەتی کوردستان) یش پشت ئەستوور بە میللەتەکەی داوای مافەکانی کوردی کرد لە حکوومەتی تورك، کە بە یارمەتی کورد ببوو بەو حکوومەتە، خەڵك‌و زەوییەکانی کوردستانیش لە هی ئەو، لەو وڵاتەدا کەمتر نییە، بەڵام ئەوان بە تانك‌و تەیارە وەڵامی داوای ڕەوای کوردیان دایەوە، بۆیە (جەمعییەتی کوردستان) ڕاپەڕینی (بەیتولشەباب)ی بەرپاکرد، بە دوای ئەویشدا چەندین شۆڕش‌و ڕاپەڕینی دیکە بەرپاکران، لەوان شۆڕشی شێخی پیران‌و ڕاپەڕینی ئاگری‌و،.. هتد، بەڵام هەموو ئەو شۆڕشانەی کورد لە لایەن تورکەکانەوە شکێنران، گرنگترین هۆیەکانی شکانی ئەم شۆڕشانەی کوردیش، لە لایەن ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشاوە لەم سێ خاڵە سەرەکییانەی خوارەوە کورتدەکرێتەوە:

أ- کوومەتی تورکی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنەوە بەو هۆزو خێڵە کوردانەی کە کورد نەیانتوانیبوو پەیوەندییان پێوەبکەن، بۆ شۆڕشەکەی خۆیان سوودیان لێوەرگرن، حکوومەتی تورك توانی ئەمانە لە شۆڕش دووربخاتەوەو، بە وادەی جۆراوجۆر وایلێکردن کە بە هیچ شێوەیەك پشتگیری لە شۆڕشگێڕان نەکەن، ئەمەش گورزێکی کوشندەبوو لە ناوەوە بە شۆڕشی کورد کەوت.

ب- لەسەر ئاستی دەرەوەدا، حکوومەتی تورکیا ڕای گشتی ئەوروپای بەوە بۆ خۆی ڕاکێشا، کە شۆڕشی کورد شۆڕشێکی دواکەوتووی لە پێناو گەڕاندنەوەی ئایین و دەسەڵاتی ئایینە، بەمەش توانی سۆزو یارمەتی سیاسی ئەوروپا لە شۆڕشی کورد بپچڕێنێت.

ج – وەکو توانای ماددی و جبەخانەی سەربازیش، توانای شۆڕشگێڕانی کورد لەچاو توانای حکوومەت زۆر بچووك‌و لاوازبوو، لەبەر هەمەوو ئەمانە کورد لە ڕاپەڕین‌و شۆڕشەکانی لەو بەشەی کوردستاندا لە سەرەتای سەدەی بیستەم‌و، یان باشتر بڵێین لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا سەرنەکەوت.



٥- ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا دێتە سەر باسی شێخ سەعیدی پیران‌و بەبڕوایەکی پۆڵاییینەوە دەنووسێت: (ئەگەر ئیعدامی شێخ سەعیدی موعەززەمی قەهرەمانی میللی‌و یا ئەسیربوونی ڕاستیش بێ، مەعنای غەلەبەی قەگعییەی کوردی لێ ئیستیخراج ناکرێ..)، لەمەشدا ڕاستیکرد شۆڕشی شێخی پیران یەك لەو شۆڕشانە بوو کە دوای ئەوەی پەیماننامەی سیڤەر کە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی بە کورد دەداو، بە پەیماننامەی لۆزانی **٢٤ی** تەممووزی **١٩٢٣** گۆڕدرا، بە پێی پەیماننامەی نوێ هاوپەیمانان مافی ئەوەیان بە تورکیادا، مافی هەڵسوکەوتی لە کوردستاندا هەبێت، دوو بەندی خێراو سەرپێیی ئەم لۆزانە کە بەندەکانی (٣٨-٣٩)ن، تیایاندا هاتووە: تورکیا مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاییینەکان بپارێزێت، بەڵام تەنانەت ناوی ئەو کەمایەتیانەشی تیادا نەهاتووە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە کوردستانی باکووردا کۆمەڵێك شۆڕشی بە دوای یەکدا بێن، لەوانە شۆڕشی شێخی پیران لە ساڵی **١٩٢٥**و،..هتد[١٤]، بەڵام ئەم شۆڕشە گەورەیە ئەگەرچی لە ماوەیەکی کورتدا ناوچەیەکی فراوانیشی لە کوردستاندا ڕزگارکردبوو، کە ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا هەر لەو وتارەیدا بە دوانزە ویلایەتی دادەنێت، لە پڕێکدا لەبەر هۆیەکانی لەسەروو ئاماژە بۆ کراو، شۆڕش شکاو شێخ سەعیدو زۆری هاوڕێکانی گیران.

لەو کاتەی ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا ئەم وتارەی نووسیوە، هێشتا دەنگوباسی ئەو ڕابەرانەی شۆڕش یەکلانەبۆتەوە، وەکو ئەو ئاماژەی بۆ دەکاتو، لە نووسینەکەی وادەردەکەوێت، بەڵام ئەو دڵنیایە کە ئەگەر ئەو بەڕێزانە لە سێدارەش دران، ئەوا واتای ئەوە نییە کە دەنگی دلێری کورد ئیتر خامۆش دەبێ، بەڵکو لەو بڕوایەدایە کە شۆڕشی کورد بۆ سەندنی مافەکانی دوای ئەوەش هەر بەردەوام دەبێت، لە پاشتردا ڕاستی ئەو هەڵوێستەی ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا دەرکەوت، ئەوەبوو لە ڕۆژی **٢٨ی** نیسانی **١٩٢٥** حوکمی لە سێدارەدان بەسەر شێخ سەعیدو چل تا تا تاکەسی دیکەدا دراو، لە بەرەبەیانی **٢٩ی** حوزەیرانی ساڵی **١٩٢٥**دا لە گۆڕەپانی نزیك حەلەب لە شاری دیاربەکر جێبەجێکرا[١٦]، بەڵام پاش ئەوە بەتەنیا دوو ساڵ لە ساڵی **١٩٢٧** کۆمەڵە کەسێك کە لە گوندێك خڕبوونەوە ئەنجوومەنێکی کوردییان پێکەوەنا بەناوی (خۆیبوون)-ەوە، ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە هەموان سوێندیان خوارد کە بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان تێکۆشانی خۆیان درێژە پێبدەن[١٧]، ئەمەش مانای ئەوەیە خەباتی سیاسی بەزوویی لە نێو کورددا دەستپێکردەوە، پاشتریش هەر لەناو خۆیبووندا ئیحسان نوری پاشا خۆی دیاریکرا بۆ ئەوەی دەزگایەکی

سەربازی دابمەزرێنیۆ ڕێکیبخا، ئەویش زۆر بە دڵ دەستیکرد بەکارو پەیداکردنی کەلەپووری پێویستو، کێوی ئاراراتی بۆ بنکەی خۆیان دیاریکرد، بەمجۆرە لە سەرەتای بەهاری ١٩٣٠دا کردەوەی شۆڕشگێڕانەی نویێ لە نێو کورددانداا دەستپێکردەوە[١٨].

٦- زیاد لەو سێ هۆیانەی شکانی شۆڕشەکانی کورد، ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا ئاماژە بۆ ڕاستییەکی تر دەکات، ئەویش بێدەنگ بوونو چاوپۆشیکردنی فەڕەنسایە لەو ستەمەی لە کورد کراوە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو فەڕەنسییەکان یارمەتی حکوومەتی تورکیاشیان داوەو، ئاسانکارییان بۆ کردوون، تا لە شۆڕشی کورد بدەنو، ڕیشەکێشی بکەن، کە لە ڕاستیدا کورد چاوەڕوانی ئەوەی لە وڵاتێکی وەکو فەڕەنسا نەدەکرد، چونکە بەلانەی ئازادیو بڵاوکەرەوەو داکۆکیکەر لە بیری ئازادی گەلانی دەزانی، کە بەداخەوە بۆ کورد ئەویش وادەرنەچوو، هەروەکو دەنووسێت:- (کوردەکان لێکیان نەدابووەوە کە فرانسز کەوا لە ئینقلابی کەبیردا بەنەشرکردنی قانووننامەی حقوقی بەشەر فکری حورییەتو نەجاتی بڵاوکردەوەو، بەسایەی ئەمەوە بوو بەمەهدی حورییەت لە عەصری بیستەمی ئینسانیەتدا بەزیاد مەزلومان بخنکێنیۆ، یاریدەی زاڵمانبدا).



## ئەنجام

لەم خوێندنەوە کورتەمان بۆ بابەتی (قیامی میللی کوردو ئەهەمییەی عەسکەریەی) کە ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا سەرکردەی شۆڕشی ئاراراتی ١٩٣٠ نووسیویەتیو، بەسێ ئەڵقە لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) بڵاویکردووەتەوە، دەگەینە ئەم ڕایانەی خوارەوە بەرامبەر بیرو هەڵوێستی ئەو سەرکردە قارەمانە کوردە:-

١- ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا تا سەر ئێسقان کوردی خۆشویستووەو، لە نزیکەوە ئاگەداربووە کە چ ستەمو چەوساندنەوەیەك ڕووبەڕووی تاکەکانی میللەتەکەی دەبێتەوە، لە وڵاتی خۆی و لە نێو ماڵی خۆیدا.

٢- ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا لەو بڕوایەدابووە کە مادام چەوساندنەوە لەسەر خەڵكو خاکی کوردستان بەردەوام بێت، دەیان شۆڕشی ئەو میللەتەش لەلایەن حکوومەتی دژ بەمافەکانی ئەم میللەتە بڕوخێنریۆ، چەندەش ڕابەرو ڕووناکبیرانی ئەو میللەتە لە سێدارەبدرێن، بەڵام بیری نەتەوەییو خەبات لەپێناو وەدەستخستنی مافە نەتەوەییەکان هەر بەردەوام دەبێتو، بەهیچ یەکێك ئەو بیرە لە مێشکی تاکەکانی کورد ناسڕدرێتەوە.

٣- ڕووخانی سەرجەم شۆڕشەکانی کورد بەسێ هۆکار بووە ئەوانیش:

أ- نەبوونی پشتگیری وڵاتانی زلهێز لە کێشەی کورد.

ب- تەبانەبوونی نێوماڵی کوردو، پشتگیریکردنی هەندێ دەستەو تاقمی کورد لە حکوومەت دژ بەشۆڕشی کورد، یان هیچ نەبێت دوورکەوتنەوەی بەشێکی هۆزو خێڵە کوردییەکان لە شۆڕشی کوردو، ساردکردنەوەی شۆڕشگێڕان لە شۆڕشکردن، کە ئەمەش زەبرێکی کوشندە بوو لە ناوەوە بەکورد کەوتووە.

ج- هێزی مرۆیی و قەوارەی چەکو ئەو جبەخانەیەی لای کورد هەبووە، هەمیش زۆر بچووك بووەو، بە هیچ شێوەیەك بەراورد نەکراوە لەگەڵ ئەوەی حکوومەتەکان هەیانبووە.

٤- کورد لە ڕۆڵەکانی خۆی بەولاوەو، لە چیا سەرکەشەکانی خۆی زیاتر، ئیتر دۆستێکی دیکەی نەبووەو، هیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوایی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەداخەوە نەك هەر یارمەتی کوردیان نەداوەو پشتگیری ڕامیارییان لێنەکردووە، بەڵکو یارمەتی ماددیو مەعنەوی ئەو حکوومەتانەشیان داوە کە دژ بەشۆڕشی کورد شەڕیان کردووە.

**٥- دەنگی ڕەوای کورد** بەداخەوە زۆرجار ناحەزانی کورد گەیاندوویەتیانە دنیای دەرەوە، ئەوانیش بۆ قازانجی خۆیان ڕاستییەکانیان شێواندووە، کوردیان بەدواکەوتوو و دوژمن بۆ دەرەوە ناساندووە، ئەوەی کوردی لای هەندێ لە وڵاتان ناشیرین کردووەو، وایکردووە کەسیان پشتگیری نەکەن، بۆیە ژەنەراڵ وای بەباش زانیوە کە کورد خۆی خۆی بەدەرەوە بناسێنێت، بۆ ئەو مەبەستەش لە پێشەکی پەڕتووکەکەی خۆیدا (شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا) دەنووسێت:- بەرامبەر بەم تاوانە گەورەیەی ئەو تاخمە بێ ئابڕووو بێ هەناوانە کە هەموو مەبەستیان لەکەدارکردنی ناوی کوردو ڕەشکردنیەتی لەبەرچاوی گەلانی جیهان، بەپێویستی مرۆڤایەتیو ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی کە بیروڕای گشتیو شەوقی ئامانجو مەبەستی ڕاستەقینەی کوردو کێشەکەیان بخەمە بەرچاوی گەلانی جیهان، تا ڕاستییەکە بزانن‌و بەهەڵە باسەکە وەرنەگرن‌و لەو تاوانانە ئاگەدار ببنەوە، کە دەربارەی گەلی کورد لەکارایە، جا هەروەکو گوتم ئەم ئەرکە پێویستییەکی نەتەوەیی مەزن‌و بەشکۆی ئەستۆمە بۆ خزمەتی گەلەکەم(١٩) بەکارەکیش بەزیاتر لە هەوڵێکی دیبلۆماسی هەڵدەستێت بۆ ئەو مەبەستە، هەروەکو لە ژیاننامەکەیدا لە سەرەتای ئەو باسە ئاماژەمان پێدا کە چۆن لە ساڵی **١٩٣١** دەچێتە سووریا و، لەوێ فەرەنسییەکان دەبینێ‌و بیروڕایان لەگەڵ ئاڵوگۆڕ دەکات، بەڵام ئەوان هیچ پشتگیرییەکی ناکەن، هەروەها لە **١٢**ی تەمموزی **١٩٤٥** لەبارەی ستەملێکراوی کوردو ئەو چەوسانەوانەی ڕووبەڕووی ئەو میللەتە دەبنەوە، نامەیەك ئاراستەی ڕای گشتی جیهانی دەکات.



## سەرچاوەکان و پەراوێزەکان


١- خۆیبوون‌و شۆڕشی ئاگری، ڕۆهات ئالاکۆم، و: شوکر مستەفا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، (٢٠٠٠)، ل٦١.

٢- شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، ئیحسان نوری پاشا، و: جەمیل ڕۆژبەیانی، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٩٣، ل٤.

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

٥- مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستدا، کریس کۆچێرا، و: محەمەد ڕەیانی، چاپخانەی صەدەفی تاران، چاپی دووەم، ٢٦٠٣ی کوردی، ل١٦١.

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

٧- خۆیبوون‌و شۆڕشی ئاگری، ل٦٤.

٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.

٩- کریس کۆچێرا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.

١٠- ڕۆژنامەی ژیانەوە، سلێمانی، ژ (٣٩)، ١٩٢٥، ل١.

١١- ڕۆژنامەی ژیانەوە، سلێمانی، ژ(٤٠)، ١٩٢٥، ل١.

١٢- ڕۆژنامەی ژیانەوە، سلێمانی، ژ(٤١)، ١٩٢٥، ل١.

١٣- کوردستان ودوامە الحرب، محەمەد ئیحسان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەدە، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٩.

١٤- کوردستان نبذە تأریخیە جغرافیە، مەکتەبی دیراسان بحوثی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٦.

١٥- کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، د. وەلید حەمدی، و:محەمەد نوری تۆفیق، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٢٩٦-٢٩٧.

١٦- کوردو کوردستان، واسیلی نیکیتین، و: هێدی، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨، ل٥٧٥-٥٧٦.

١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧٦.

١٨- شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، ل٩-١٠.


تێبینی: سەرجەم ژمارەکانی (ژیانەوە) لە پەڕتووکەکەی ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامەونووسی کوردیدا بلاوکراونەتەوە، کە لەلایەن کاك عەبدوڵلا زەنگەنە ئامادەکراوەو، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٠ چاپی کردووە.

# (ڕووناكی)
# گۆڤاری پێشەنگ و ڕچەشكێنی هەولێرییان

**پێشەكی:**

شاری هەولێر تاكە شاری جیهانە كە زیاتر لە شەش هەزار ساڵەو هەر بە ئاوەدانی ماوەتەوە،[1] هەر لە زووەوە وەكو مەڵبەندێكی گەورەی ژیار و شارستانیەت و زانست ناوی دەركردوە، زاناو داناو قوتابیانی زانست و زانیاری ڕوویان لەو شارە كردوەو مەبەستەكانیان تێیدا هێناوەتە دی.

لە مێژووی ئیسلامیش، لە ڕۆژانی دەسەڵاتداریەتی سوڵتان (موزەفەروددینی گۆگبۆری)ی زاوای (سەلاحەدینی ئەیوبی)ش (كە ناوبراو لە ساڵی ١٢٣٢ ز، كۆچی دوایی كردووە ) دووبارە ناوبانگی هەولێر وەكو ئەستێرەیەكی پرشنگدار بە هەموو جیهانی ئیسلامیدا بڵاو دەبێتەوە، بەمەش (سەدان زاناو شاعیر و مێژوونووس و بەهرەمەند ڕوویان تێ كردو كەوتنە دەرس گووتنەوە لە قوتابخانەو مەڵبەندە زانستییەكانی ئەو شارەدا).[2]

ئەوەتا (ئیبنوخەلەكان) و (ئیبن و مستەوفی) و (جەمالەدینی هەزبانی ئەربیللی) و (حاجری ئەربیللی) و (ئیبنو زوهەیری ئەربیللی) و (حەیدەری) و (مەلا گچكە زادەكان) و دەیان و دەیان كەڵە زانای گەورەی ترو (فانی) و (كانی) و (میهری) و (جاهید) و (موخلس)یش لە بواری شیعر و ئەدەبی بە پێز و بە چێژی خۆیان، كە بە بەرهەمە داهێنەرانەكانیان لاپەڕكانی مێژووی ئەدەب و زانست و مەعریفەی كوردو ناوچەكەیان ڕازاندۆتەوە، چەپكە گوڵی شانازی بەرۆكی هەولێرن.

لە مێژووی نوێشدا بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری هەولێر لە هی شارەكانی دیكەی كوردستان بچووكتر نەبووە، بەڵكو بە پێی ئامارەكان: (بەر لە شەڕی یەكەمی جیهانی، لە عەقرە (٣٠) قوتابی، لە زاخۆ (٤٠) قوتابی، لە عەمادیە (٤٥) و لە ڕەواندزیش ئەوەندەو لە دهۆك (٥٠) و



لە كۆیە (١٢٥) و لە سلێمانی بە شارباژێرەوە (١٤٠) و لە سەلاحییە (١٥٠) و لە هەولێر (١٥٥) قوتابی دەیان خوێند).[3]

كەواش بێت هەولێر كە بزاڤێكی ڕۆشنبیری و زانستی چالاكی تێدا بووە، ئاسایی بووە لە ساڵی ( ١٩٣٦) یەكەم گۆڤاری كوردی تێدا بێتە دەركردن ، كە ئەویش گۆڤاری ( ڕووناكی)یە و ئەم باسەی ئێرە بۆ ئەو گۆڤارە تەرخان دەكەین.. بەو هیوایەی سوودمەند بێت.

**پێناسەی ( ڕووناكی):**

(ڕووناكی) لەسەر بەرگی دەنووسرا: ( گۆوارێكی هەفتەیی عیلمی ئیجتیماعی ئەدەبی كوردییە).[4] بۆ ڕوونكردنەوەی ئەمەش بەرگی دواوەی (ڕووناكی) هەمیشە ئەو پارچە پەخشانەی خوارەوەی لەسەر دەنووسرا:

(ڕووناكی: ڕەوشت و دەستورێكی بەرزی هەیە، ڕابردوو و ئێستا بە ناسین دەدا، بە ڕەهبەرێكی باش.. ڕووناكی بە دڵێكی خاوێن بۆ یەكیەتیی عێراق دەكۆشێ.. ڕووناكی ئەدەبیات و زانستی كورد كۆدەكاتەوە.. ڕووناكی بیرەوەری بۆ كورد دەكات.. ڕووناكی ڕەوشت و خوی كورد تازەدەكاتەوە... ڕووناكی ناوی ناودارانی كورد بەخێو دەكا... گۆڤارێكە لە ژمارەكانیدا، دیوانی ئیستاو ڕابردوو و فەرهەنگ و شێوەی كوردو زانستی ئیجتیماعیات نەشر دەكا.[5]

لەمەشدا بۆمان دەردەكەوێت، كە زیاد لەوەش گۆڤارێكی زانستی – كۆمەڵایەتی – ئەدەبی بێت، هەروەها گۆڤارێكی سیاسیش بووە، چونكە گوتوویەتی ( ڕووناكی بە دڵێكی خاوێن بۆ یەكیەتی عێراق دەكۆشێ)، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو مەبەستەی نەهاتۆتە دی، لە هەموو بابەتەكانی هەر هەموو ژمارەكانی (ڕووناكی) تەنیا بابەتێكی لە بارەی خاكی عێراق و یەك ڕیزی عێراقییەكان و خۆشەویستی عێراقی بەرجەستە نەكردووە، بەڵام وتارەكانی ( وەحی قەومیەت و تەجەددودی ئیجتیماعی – ژ ٢)، (هەی خاك –ژ ٣)، ( كۆمەڵی نەژادو بنەچەكەی كورد – لەهەر سێ ژمارەكانی ١ و ٢ - ٣)دا، هەموویان وشیاری نەتەوەیی لە دڵی ڕۆڵەكانی كورد بە هێز دەكەن، كەواش بێت ڕاستە سیاسیش بووە، بەڵام خزمەتی بە كوردو كوردستان كردووە، نەك بە یەكیەتی عێراق.

دیسانەوە (ڕووناكی) وەكو خۆی نووسیویەتی: (ڕووناكی ڕەوشت و خۆی كورد تازە دەكاتەوە).. ئیتر هەوڵی داوە كودەتاییێك بەسەر هەندێ ڕەوشتی هەڵەدا بكات، ئەوەتا

وتارەکانی: (جەوانی پابەندە – ژ ١٠) و (بۆ کوڕ و کچەکانی خۆمان – ژ ٢) و (تەئسیری تەربیە و ڕەوشت وخوو لەسەر کۆمەڵ – ژ ٤)، (پێویستیاتی ئادەمیزاد چی یە ؟ - ژمارەکانی – ١ و٢)، (سەقیلی و ئیسراف – ژ ١٠)، (کردەو تێکۆشین – ژ ١١) لە هەموو ئەو وتارانەدا، بە فراوانی کار بۆ ئەوە کراوە تێروانینی هەلسوکەوتی گەورەکان بەرامبەر بە کوڕو کچەکانیان و هەلسوکەوت و بیرکردنەوەی خەڵکان بەرامبەر بە خۆیان، لە نەریت و خووە دزێوەکان ڕزگار بکرێت، لەوەشدا (ڕووناکی) تا ڕادەیەکی باش مەبەستی پێکاوە، ئەگەر بەو تەمەنە کورتەش دووچاری داخستن نەبووایە، ئەوا لەوانەیە زیاتریشی دەکرد.

## بەڕێوەبەر و دەستەی نووسەرانی (ڕووناکی):

بەڕێوەبەری بەرپرسی گۆڤاری (ڕووناکی)، پارێزەر (شیت مستەفا) بووە. ئەمەش زیاتر بۆ بەردەمی یاسا، چونکە یاسای چاپەمەنییەکانی ئەو ڕۆژگارەی عێراق، مەرجی ئەوە بووە، ئەوەی گۆڤار دەردەکات، دەبێت دەرچووی کۆلیژی ماف بێت، واتا پارێزەر بێت، دەنا مۆڵەتی فەرمیی دەرکردنی هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێك بە هیچ یەکێك لە وانە نادرێت، کە ئەو مەرجانەیان تێدا نەبێت، (حوسێن حوزنی)ش هەرچەندە نووسەرێکی باش بوو، بەلاّم ئەو مەرجی پارێزەرییەی تێدا نەبوو، بۆیە وەدیهاتنی مەبەستەکەی کە دەرکردنی گۆڤارێك بوو لە هەولێر، وای لێدەخواست بە دوای پارێزەرێکی وشیاری لێهاتووی ڕۆشنبیری وەکو (شیت مستەفا)دا بگەڕێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوەوە، مۆڵەت بۆ دەرکردنی گۆڤارەکەی وەربگرێت، (شیت مستەفا)ش وەکو گەنجێکی هەولێری خوێن گەرم و دڵسۆز بۆ شارەکەی، بەدەم داوای (حوزنی)یەوە هات، ئیتر مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤارەکەیان وەرگرت و بە کارەکی (ڕووناکی) کەوتە چاپ و بلاّوکردنەوە. هەرچی (حوسێن حوزنی موکریانی)شە خۆی سەرنووسەری ڕاستی گۆڤارەکە بوو، پشکی گەورەی بابەتەکان هەر خۆی دەینووسین، یان ئامادەی دەکردن... ئەگەر بۆ لاپەڕکانی گۆڤاری (ڕووناکی) بگەڕێینەوە، دەبینین:

أ- بە ناوی خۆی، واتا (حوسێن حوزنی)، بیست و چوار بابەتی بلاّوکردۆتەوە.

ب- بە کورتەی ناوەکەشی (ح.ح) هەشت بابەتی بلاّوکردۆتەوە.

بەلاّم بەڕێز (شیت مستەفا) لە هەر یازدە ژمارەکانی ڕووناکی بە تەنیا چوار بابەتی بلاّوکردۆتەوە.



## مێژوو و شوێنی دەرچوونی ژمارەکانی (ڕووناکی):

(ڕووناکی) تەمەنی کورت بوو و بە هەمووی (١١) ژمارەی لێ دەرچووە، ئەویش لەبەر کۆمەڵێ گرفت هەرچەند ژمارەیەکی لە شوێنێك دەرچووە، ئەم وێنەی خوارەوە، کە وێنەی ژمارە (١) ە، ئەم ڕاستیەمان بە باشتر دەخاتە بەرچاو:

| ژمارە | ڕۆژی دەرچوون | شوێن |
|---|---|---|
| ١ | ١٩٣٥/١٠/٢٤ | موصل / چاپخانەی (موصل ئەلحدیسە) |
| ٢ | ١٩٣٥/١٠/٣١ | موصل / چاپخانەی (موصل ئەلحدیسە) |
| ٣ | ١٩٣٥/١١/٢٩ | ڕواندز/ چاپخانەی زاری کرمانجی |
| ٤ | ١٩٣٥/١٢/١٩ | ڕواندز/ چاپخانەی زاری کرمانجی |
| ٥ | ١٩٣٦/١/١٦ | ڕواندز/ چاپخانەی زاری کرمانجی |
| ٦ | ١٩٣٦/٢/١٢ | ڕواندز/ چاپخانەی زاری کرمانجی |
| ٧ | ١٩٣٦/٣/٢٨ | هەولێر/ چاپخانەی زاری کرمانجی |
| ٨ | ١٩٣٦/٤/٤ | هەولێر/ چاپخانەی زاری کرمانجی |
| ٩ | ١٩٣٦/٤/١١ | هەولێر/ چاپخانەی زاری کرمانجی |
| ١٠ | ١٩٣٦/٤/٢٥ | هەولێر/ چاپخانەی زاری کرمانجی |
| ١١ | ١٩٣٦/٥/١٦ | هەولێر/ چاپخانەی زاری کرمانجی |

## وێنەی بەرگی(ڕووناکی):

لەسەر بەرگی پێشەوەی (ڕووناکی) هەمیشە (وێنەیەکی قەڵەم کێشی چیای تێدایە، لە نێو لووتکەکانیدا خۆر دیارەو بە هەموو لایەکدا تیشك پەخش دەکات، لەسەر قەڵەم کێشەکە ناوی – ڕووناکی – بە خەتی فارسی نووسراوە[٦]، (ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە بە هۆی دەرچوونی گۆڤاری – ڕووناکی – یەوە، ڕۆژ لە کوردستان هەلاّت و بە هۆی تیشکە زێرینەکانی کوردستانی ڕووناك کردۆتەوە).[٧]

لەژێر ئەم وێنەیەش پێڕستی بابەت و ناوی نووسەرانی ژمارەکە بلاوکراوەتەوە. لەسەر بەرگی دواوەش پارچە پەخشانی (ڕووناکی) بلاوکراوەتەوە، کە لە هەر یازدە ژمارەکەدا ئەو پەخشانە هەر وەکو خۆی و هەر لە هەمان جێ دابەزیوە، بێ ئەوەی گۆڕانکارییەکی بەسەر هاتبێ، یان شتێکی تری لەگەڵ بلاوکرابێتەوە.

## لاپەڕەی یەکەمی(ڕووناکی):

لاپەڕەیەکی (ڕووناکی) هەمیشە بەو شێوەیە بووە:

١- لای سەرووی لاپەڕە کراوەتە دوو بەش، لە دەستە ڕاست دا، هەمیشە (شوێنی دەرچوونی گۆڤارەکە)، ( ئەو ڕۆژەی گۆڤارەکەی تێدا دەرچووە)، ڕۆژو مانگ و ساڵی دەرچوونی گۆڤارەکە، بە هەردوو ڕۆژژمێری زاینی و کۆچی... ئەمانە نووسراون.. لە دەستە چەپیشدا (ساڵی تەمەنی گۆڤارەکە) و (ژمارەی گۆڤارەکە) نووسراون.

٢- لە ژێر ئەوەی، کە لە سەرووودا ئاماژەمان بۆی کرد، هێڵێك بە پانی لاپەڕەکە کێشراوە، پێنج سانتیمەتر لە ژێر ئەو هێڵەش، هێڵێکی تر بە تەریبی هێڵی یەکەم بە پانی لاپەڕەکە، کێشراوە.. ناوی ئەم دوو هێڵە، بە دوو هێڵی بچووکی پێنچ سانتیمەتری، سێ خانەی پێ دروست کراوە، ئەوەی ناوەڕاست بەو هۆیەوە بۆتە لاکێشەیەکی (٥ سم X 6 سم)ی.. دوو خانەکانی دەستە ڕاست و دەستە چەپی ئەو خانەیەش دوو چوارگۆشەی (٥سم X 5سم)ن. لە چوارگۆشەی دەستە ڕاست: ناوی مدیری مەسولی گۆڤارەکە (محەمەد شیت مستەفا) هەروەها ناونیشان و نرخی گۆڤارەکەش نووسراوە. لە چوارگۆشەی دەستە چەپیش نرخی ئابۆنەی ساڵانەی گۆڤارەکەو کرێی بلاوکردنەوەی ئاگادارییەکان نووسراوە. هەرچی لاکێشەکەی ناوەڕاستیشە لە ناویدا بە خەتێکی گەورە ناوی گۆڤارەکە بە کوردی نووسراوەکە (ڕووناکی)یە، ئینجا لەژێر ئەودا بە خەتێکی بچووکترو بە لاتینی ناوی گۆڤارەکە (ROONAKI) دووبارە نووسراوەتەوە لە ژێر ئەوەش ناسنامەی گۆڤارەکە نووسراوە، کە دەڵێت: ( گۆوارێکی هەفتەیی عیلمی — ئیجتیماعی — ئەدەبی — کوردیە).

٣- لە ژێر ئەم تایتڵە هەمیشە بابەتێك بلاوکراوەتەوە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستیانە بڕوانە ئەم وێنەی خوارەوە. کە وێنەی ژمارە (٢) وە:



| | | |
|---|---|---|
| مدیری مەسول | ڕووناکی | بەدەل ئیشتیراك پێشەکییە |
| محامی | ROONAKI | ساڵی بە (٧٥٠) فلسە |
| محەمەد شیت مستەفا | گۆوارێکی هەفتەیی عیلمی — | بۆ دەرەوە ئوجرەتی پۆستەی دێتە سەر |
| بۆ هەموو چتێك موخابەرە بە ناوی | ئیجتیماعی — ئەدەبی — کوردییە | ئوجرەتی ئیعلانات |
| هەولێر خێوی زاری کرمتنجی | | لەگەڵیان ڕێك ئەکەوین |
| (هەموو نوسخەیەك دە فلسە) | | |

## ئەی ڕووناکی:

ناوەکەت جوانە و باش، پیرۆزەو ڕووناك، هیواش هەر ڕووناك... ئەوەندە بەرزی، بە بەرزێکی وا پیرۆزەوەی، گەردی خراپی، تەم و تاریکی نەزانین، یارای گەیشتنی و هەڵنیشتنی نییە پێتان. بە تەماین، بە درەوشینەوەتان ئەوەش نەهێڵن و ئەو ژەنگ و تەمە (کە لە نەزانینەوە) دڵ و دەماغی داگرتووە، بە تیشك و دەرمانی زانست رووماڵ و زاخاوی بدەن، ئیتر لە خاکی سۆران ئەو دەرکەوتنەت پیرۆز بێ و بۆ هەمووان هەر بمێنێ ڕووناکی زانست و ژیان.

دڵسۆزێکی نزیك ئەم وێنەیەی ژمارە (٢)، وێنەی لاپەڕەی (١)ی ژمارە (١)ی گۆڤاری (ڕووناکی)یە.

## نرخ و ئابونەی ساڵانەی ڕووناکی:

هەر دانەیەکی گۆڤاری (ڕووناکی) نرخەکەی (١٠) فلۆس بوو، ئابۆنەی ساڵانەشی ( ٧٥٠) فلۆس بوو، کە ئەم نرخە لە ژمارە (١) تا ژمارە (١١)ی گۆڤارەکە، کە ئیتر دەوەستێت، هەر بە چەسپاوی دەمێنێتەوەو گۆڕانی بەسەردا نایەت.. ئەم نرخانەش لەسەر لاپەڕەی یەکەمی سەرجەم ژمارەکان دانراون، بێ ئەوەی لە تەنیا ژمارەیەکدا وەلا نرابن، بێگومان ئەمەش کارێکی باش بووە، بۆ ئەوەی نرخ دیار بێ و کەس نەتوانێ یاری پێ بکات.

## شوێنی ڕووناکی لە ریز بەندی گۆڤارە کوردییەکاندا:

(ڕووناکی) وەکو گۆڤارێکی کوردی شاری هەولێر، زۆر لە دوای گۆڤارە کوردییەکانی دیکەدا نەهاتووە، بەڵکو لەهەر پێنچ پارچەکانی کوردستاندا، لە پێش ( ڕووناکی) تەنیا یازدە گۆڤاری کوردی دەرکراون، بە واتا (ڕووناکی) لە ڕیز بەندی گۆڤارە کوردییەکاندا ژمارە (١٢)

بۆ خۆی وەدەست دێنێ، ئەمەش لەسەر ئاستی کوردستانی گەورەو دەرەوەی کوردستانیش کە گۆڤاری کوردی لێدەرکرابێت، بەلاّم لەسەر ئاستی کوردستانی عێراقدا (ڕووناکی) دووەمین گۆڤاری کوردییە، کە لە کوردستانی عێراق دەربکرێت پێش ئەوە، بە تەنیا گۆڤاری (زاری کرمانجی) لە (ڕواندز) دەرکراوە، کە خاوەنی ئەویش هەر (حوسێن حوزنی موکریانی)ی نووسەرو چاپکەرو بلاّوکەرەوەی گۆڤاری (ڕووناکی)یە.. لەسەر ئاستی هەولێریش، (ڕووناکی) یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێرە.

## زمانی نووسینی (ڕووناکی):

زمانی نووسین لە گۆڤاری (ڕووناکی)دا زمانی کوردی بووە، بەلاّم کوردییەکی تێکەلّ بە دەیەها وشەی ناکوردی و بە تایبەت وشەی عەرەبی، کە بۆ نموونە: وشەکانی ( ئەدەبی — عیلمی — ئیجتیماعی — کەفیەت — مەحدود - ئیحتاج - میقدار — مۆلّك — دەفع - وەتەن — نەزم — نەصرەت - قانونی — مونەزییم — جەمال — عالەم — خەلەف — لاموتەناهییە - موتەوەحیشەکان - موهیم - ئەهەمیەت — بیلتەبع - وەقت — فیکر— سورەت — بەعزێ — کەلیمات — قاموس -....و تاد) هەموو ئەو وشانەو، دەیان و سەدان وشەی هاوشێوەیان، کە خراونەتە نێو ڕستەی کوردی، لە نووسینەکانی (ڕووناکی)دا بە زۆری بەرچاو دەکەون، هەموویان عەرەبین، ئەمەش بۆ ئەو ڕۆژە ئاسایی بوو، چونکە ڕۆشنبیری شاعیرانی ئەو ڕۆژگارە، یان دەرچووی حوجرەکان وەیان دەرچووی کۆلیژەکانی بەغداد بوونە، لە هەردوو ئەو شوێنانەش زمانی خوێندن عەرەبی بووە، بۆیە ڕۆشنبیری کورد، کە هاتووە بە زمانەکەی خۆی بنووسێت، لەبەر ئەوەی فەرهەنگێکی گەورەی وشەی عەرەبی لە مێشکیدا بە ئامادەیی هەبووە، ئیتر بێ سلّکردنەوەی، ئەو وشانەی بەکارهێناوەتەوە بە خراپیشی نەزانیون، چونکە وایان زانیوە، کە بە کوردی دەدوێن و دەنووسن، ئیتر بەکارهێنانی وشەکانی زمانێکی تر لە نێو ڕستەکانی کوردیدا، نەك هەر زیانی بۆ کوردییەکە نابێت، بەلّکو دەولّەمەندیشی دەکات.

لە پالّ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە گۆشەی ( اعلان) ئاگادارییەکاندا ، زۆر جار ئیعلانی بە زمانەکانی عەرەبی و تورکیش بلاّوکردۆتەوە... هەروەها شیعریشی بە زمانی فارسی بلاّو کردۆتەوە.



## سەرچاوەی بابەتەکانی (ڕووناکی):

بابەتەکانی (ڕووناکی) بە پلە یەك لە لایەن حوسێن حوزنی موکریانییەوە دەنووسران، یان وەردەگێردران و ئامادە دەکران، بەلاّم لە پالّ ئەو بەرێزەش هەندێ لە نووسەرانی (هەولێر و بەغداو ڕواندز و سلێمانی و شەقلاّوەو کفری)شەوە، بابەت بۆ گۆڤارەکە دەهاتن و بلاّودەبوونەوە، جگە لەو قوتابییە کوردە هەولێرییانەش کە لە قوتابخانەکانی هەولێر، یان لە کۆلیژەکانی بەغدا دەیان خوێند و تازە دەستیان قەلّەمی دەگرت، ئەوانەش سەرچاوەیەکی دیکە بوون بۆ دەولّەمەندکردن و ڕازاندنەوەی (ڕووناکی) بە وتاری جۆراوجۆری بە هێز و بە پێز.

## بوارە گرنگەکانی ( ڕووناکی):

ڕووناکی لە گەلێك بوارەوە خزمەتی بە بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردستان کرد، لەوانە گرنگترینیان:

**١- لە بواری کۆمەلاّیەتیدا:**

لەم بوارەدا دە بابەتی گرنگ لە (ڕووناکی)دا بلاّوکراوەتەوە، هەر یەکەی تیشك دەخاتە سەر پەروەردەو پێگەیاندنی لاوان و ڕێ پیشان دانیان و ناشیرینکردنی خووە خراپەکان و بەری کردەوەو تێکۆشین و.... تاد.

**٢- لە بواری ئەدەبیدا:**

لەم بوارەدا چەندین پارچە شیعر و غەزەلی (عەبدوللاّ بەگی میصباح و ددیوان) و (دلّدار) و (کانی) و (هیجری دەدە) و مێژووی ژیان و بەرهەمەکانی (ئەحمەدی خانی و مەولەوی و جەمیل صدقی زەهاوی و عەلی بەردەشانی) تیشکیان خراوەتە سەر...

هەروەها چیرۆك سەربردەی فۆلکلۆری واقیعی و پەخشان و تەنانەت نوکتەو کورتە وتەی بەسوود و کورتە قسەی فشە ئامێزی بلاّو کردۆتەوە، زیاد لە هەموو ئەوانەش سێ بەشی لە ڕۆمانی (نازدار یان ژنی کورد لە لادێ)ی ڕۆماننووس (محمد عەلی کوردی)ی بلاّو کردۆتەوە، کە ئەگەر گۆڤارەکە لە دەرچوون نەوەستابایە، ئەوە ئەو ڕۆمانە دەبووە یەك لەو بەرهەمە زۆر گرنگانەی، کە لەو ڕۆژگارەدا پێشکەشی بە خوێنەواری کوردو مێژووی ڕۆمان لە کوردستان کرد، بەلاّم بەداخەوە داخستنی گۆڤارەکە، یەك لە زیانەکانی بووە هۆی بلاّونەبوونەوەی تەواوی ئەو ڕۆمانە، بەشەکانی تریشی دواتر دیارە هەر ون بوونەو ئێستا شوێنەواریان بەدی ناکرێت.

**٣- لە بەرای مێژووی کوردا:**

لەم بوارەش دوو بابەتی گرنگ بە پێنووسی حوسێن حوزنی موکریانی بڵاوکراوەتەوە، یەکەمیان بە ناونیشانی (کۆمەڵەی نەژادو بنەچەکەکەی کوردان)، کە ئەمە بە سێ ئەڵقە لە ژمارەکانی ( ١و٢و٣) بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ بابەتێکی تر بە ناونیشانی (سەربوردەیەکی تاریخی کورد)، کە لە ژمارە (٧)دا بڵاوکراوەتەوە.

٤- لە بواری کێشەکانی ناوخۆی کوردستان:

لەم بوارەشدا شەش بابەت لەسەر کەم وکورییەکانی شاری هەولێر، لە رووی ئاوی خواردنەوەو مامۆستای قوتابخانە و ڕێگاو بان تیشکیان خراوەتە سەر.

**٥- لە بواری مافی ئافرەت:**

لەم بوارەدا (جەوانی پابەندە) یەکێکە لەو بابەتانەی، کە بە شێوەی سیناریۆیەکی چیرۆك ئامێز، ئاماژە بە هەندێ لەو ستەمانە دەکات، کە خراوەتە سەر ئافرەتی کوردو ڕێگە چارەو هۆی سەرەکی دروست بوونی ئەو چەوساندنەوەیە بە شێوازێکی جوان دەخاتە ڕوو.

**٦- لە بواری ئابووریدا:**

لەم بوارەشدا ئابووری کوردستان پشکی خۆی لە لاپەڕەکانی (ڕووناکی) بەر کەوتووەو (ئیقتیسادیاتی نیشتمانی کورد) بە پێنووسی (حوسێن حوزنی) لە ژمارەکانی (١ و ٢) و (ئیقتیسادیات) لە ژمارە (٣) بە پێنووسی ( س.ح) بابەتی باشن، کە لەم ڕووەدا پێشکەش کران.

**٧- وشیاریی نەتەوەیی:**

لێرەشدا (شیت مستەفا) بە بابەتی (وەحی قەومییەت و تەجەددودی ئیجتیماعی).. ( حسێن حوزنی ) بە باسی ( هەی خاك )... ( س.ح.) بە بابەتی (عەشایری ڕەوەندی کورد ئیسکان بن چاکە ؟ یان بە ڕەوەندی بمێننەوە) لە ژمارەکانی ( ٢و٣و٩)دا، خزمەتیان بە بیری نەتەوەی کورد کردووە.

**٨- ڕۆشنبیریی گشتی:**

لەم بوارەشدا چەند بابەتێکی لەسەر (ئایینی زەرشتی، مەکتەب، زمانانی گێتی، فرۆکە، چاپخانە، پاپۆر، وریابوونەوەی ئەڵمانییەکان ) و... تاد بڵاوکراوەتەوە.



**٩- پڕوپاگەندە بازرگانی و ئیعلاناتی فەرمانگەکانی حکومەت:**

لەم بوارەشدا، دوازدە پڕوپاگەندەی بازرگانی بڵاوکراوەتەوە، ئەوانیش بەم شێوەیە:

أ- دووجار پڕوپاگەندە بۆ چاپخانەی ( موسڵی حەدیسە) کە ئامادەیە بۆ چاکردن و هەموو جۆرە نووسراوو بڵاوکراوەیەك.

ب- پێنج جار پڕوپاگەندە بۆ پارێزەر (شیت مستەفا)، کە لە هەولێر خەریکی کاری پارێزەریە تەماشای هەموو داوایەك دەکات.

ج- چوار جار پڕوپاگەندە بۆ چاپخانەی زاری کرمانجی، کە بە باشترین شێوە ئامادەیە بۆ چاپکردنی هەموو جۆرە کارت و نووسراوو بڵاوکراوەیەك.

د- یەك جار پروپاگەندە بۆ فرۆشتنی سێ یەکی گوندی (سارلۆ)، کە لە سنووری شارەوانی هەولێرە. ئەم پڕوپاگەندانەش بە شێوازێکی سەرنج ڕاکێش خراونەتە ڕوو، بۆ وێنە:

- ( مەتبەعەی موسڵی حەدیسە سازو ئامادەیە بۆ تەبع کردنی کتێب و مجەللە، بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و، ئەوراقی تجارەتی و کارت، بە دەستورێکی باش و شێوەیەکی جوان و خاوێن و قیمەتێکی هەرزان. مخابەرە ڕاستەو ڕاست بۆ موسڵ لەگەڵ فەزیل مەحفوز خێوی مەتبەعە دەکرێ).[8]

- (ئوستاد شیت ئەفەندی مستەفا، محامیەکی ماهیر و قانون شوناسە، محامی لە هەولێر لە نزیك سەرای حکوومەتە، تەماشای هەموو دەعوایەك دەکات... هەر کەس چ جۆرە دەعوایەکی هەبێ، موراجەعە بەو ئوستادە فازیلە بفەرموێت).[9]

- جا لەپاڵ پڕوپاگەندەی بازراگانی، (ڕووناکی) چەندین ئیعلانی فەرمانگە حکومییەکانی هەولێریشی لەسەر لاپەڕەکانی خۆیدا بڵاو کردۆتەوە، لە وانە لە:

- مدیری تاپۆی لیوای اربیل ، (٦) ئیعلان، (بە عەرەبی).
- متصرفی لیوای هەولێر، (٢) ئیعلان (بە کوردی).
- اربیل اجرائی مئموری ، (٤) ئیعلان (بە تورکی).
- اربیل اجرائی دایرەسی، (١) ئیعلان (بە تورکی).

**١٠- لە بواری نوسین لە گرینگیدان بە کوردیدا:**

لەم بوارەش چ بەبابەت نووسین لە بارەی گرنگی نووسین بە زمانی زگماکی کوردی، کە ئەمە لە دوو نامەکانی (جەمشید) بۆ ( م. ع. کوردی ) لە ژمارە (٥) و (حوسێن حوزنی) بۆ (پیرەمێردی شاعیر) بە ناونیشانی (ڕاستەکەی) لە ژمارە (١١)دا وەدەر دەکەوێت، هەروەها لە

خستنە ڕووی چاپکراوە نوێەکانیش کە هاتووە، ئەو کتێبانەی خستۆتە ڕوو، کە لەو ڕۆژگاردا ڕووناکی چاپیان بە خۆە دیوەو کەوتونەتە کتێبخانەکان ئیدی زەینی خوێنەری کوردی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە، کە ئەو کتێبانە بخوێننەوە.

زیاد لە هەموو ئەو بوارانەش ( پەروەردەی منداڵ و دەروونناسی و ڕۆژنامەگەری و وەرزش)یش فەرامۆش نەکراون و ئەگەر چی تەمەنی (ڕووناکی) کورتیش بوو، بەڵام ئەوانیش پشکی خۆیان هەر بەر کەوتووە.

**داخستنی( ڕووناکی):**

ژمارە (١١)ی ڕووناکی لە (١٦ مایسی ١٩٣٦)دا، دوا ژمارەی (ڕووناکی) بوو، ئیتر ئەو گۆڤارە مۆڵەتی ڕەسمی لێسەنرایەوە و چیدیکە دەرنەکەوت، گەرچی ئاواتی (حوسێن حوزنی) و هیوای بە (ڕووناکی)، کە بە ماندوبوونێکی زۆر مۆڵەتی بۆ وەرگرتبوو، زۆر لەوە گەورەتر بوو، حەزی نەدەکرد لەو تەمەنە کورتەیدا ئەم گۆڤارە ئازیزەی لە دەرچوون بوەستێندرێت... هۆیەکانی وەستانی (ڕووناکی)ش لەلایەن نووسەرانی دیکە بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ کراوە..

١- د.کمال مەزهەر دەڵێت: (ڕەخنەیەکی بچوك لە ڕووناکی، لە بارەی نەبوونی پرۆژەی ئاوی خاوێن لە شاری هەولێر، بەس بوو، بۆ ئەوەی ساڵی ١٩٣٦ گۆڤاری ڕووناکی داخرێت).(١٠)

٢- د. مارف خەزنەدار دەڵێت: ( لە مایسی ١٩٣٦ چاپخانەکان — واتە چاپخانەی زاری کرمانجی لە هەولێر — لە لایەن میریەوە دەستی بەسەردا گیراو گوازرایەوە بۆ موسڵ، ئیتر گۆڤارەکە پەکی کەوت و وەستا).[١١]

٣- مستەفا نەریمان دەڵێت: ( هۆی داخستنی گۆڤاری ڕووناکی ئەوە بوو، کە شیت مستەفای بەرێوەبەری لێپسراوی کرایە دادوەر (حاکم) و لە هەولێر دوورکەوتەوە).[١٢]

٤- د. کوردستان موکریانی دێت ئەم هۆیانەی سەرووی هەموویان ، لاواز دەکاتەوەو دەڵێت: ( ئاوی هەولێر هۆ نەبووە، بەڵکو بیانوو بووە).[١٣] هەروەها دەش لێت: هۆی بە دادوەربوونی (شیت مستەفا) و دوور خستنەوەی لە هەولێر، (دیسانەوە ناڕاستە، چونکە (شیت مستەفا) تا ساڵی ١٩٤١ هەر لە هەولێر بووە، بەڵام گۆڤاری ڕووناکیش لە ١٩٣٦ دا داخراوە).[١٤]

ئەدی هۆی داخستنی (ڕووناکی) چی بووە؟ ئەم هۆیە بەلای (د.کوردستان موکریانی)یەوە



کوردایەتی کردنی حوزنی بووە، چونکە کە لە ساڵی ١٩٣١ ڕەشید عالی گەیلانی و یاسین هاشمی حزبی (ئەخا)یان دامەزراندو لە کوردستانیش ئەندام و پشتگیری کەریان بۆ پەیدا بوو، کە ئەوسا (ڕەشید عالی گەیلانی) وەزیری ناوخۆش بوو، (حوزنی) وادەی نەدا ببێتە ئەندام لە حزبی ناوبراودا، چونکە بینی پرەنسیپەکانی حزبەکەی خزمەتی بە کورد نەدەکرد، لەوەشدا متصەرفی هەولێر و هەواداری حزبی (ئەخا) لێی بەڕکدا دەچێ، ئیتر بە دوای بیانوویەکدا دەگەڕێن، بۆ داخستنی گۆڤارەکەی حوزنی، تا لە ١٦ مایسی ١٩٣٦ بە رەسمی گۆڤارەکەی لێدا دەخەن.[١٥]

بەڕای منیش ئەو ڕایەی (د. کوردستان) جوانە و بۆ پشتگیریی ئەو ڕایەی بەڕێزیشیان منیش خاڵێکی دیکە زیاد دەکەم و دەڵێم، هەرچەند یەك لە دروشمەکانی گۆڤارەکە، کە هەموو جارێك لەسەر بەرگی دواوە دەی نووسی بریتی بوو لە: (ڕووناکی بە دڵێکی خاوێن بۆ یەکێتی عێراق دەکۆشێ)، بەڵام لە ڕاستیدا بە کردەوە، هیچی بۆ پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق نەنووسیە، لەولاشەوە هەوڵی هەمووی بۆ شانازی کردن بە مێژوو و کلتووری کوردو تۆخکردنەوەی بیری نەتەوەیی کوردی لای ڕۆشنبیرانی کورد دەخستە کار بۆیە لەو بڕوایە دام ئەم هۆیەش ئەگەرچی ئاماژەشی پێنەکرابێت، بەڵام هۆیەکی گرنگ بوو بێت، بۆ ئەوەی دەسەڵات لە ستافی گۆڤارەکە بەڕقدا بچێت و لەناکاوێکدا دەست بەسەر چاپخانەکەیدا دابگرێت، وەکو (د.مارف خەزنەدار) ئاماژەی بۆ کرد، دواتریش بەمە گۆڤارەکە بوەستێنرێت.

**گرینگترین نووسەرانی (ڕووناکی):**

١- ئومەجی:

- ڕووناکی، وتاری کۆمەڵایەتی، ل ٣، ژ ا، ٢٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

٢- ئیسماعیل عەلی

- تەئسیری تەربیە و ڕەوشت و خوو لەسەر کۆمەڵ، وتاری کۆمەڵایەتی، ل ٧ ، ژ١١، ١٦ ی مایس ١٩٣٦.

٣- بێخود:

- دوکان و بازاڕ، شیعر، ل ١١، ژ: ١٠، ٢٥ ی نیسانی ١٩٣٦.

٤- ب. ج:

- ئاگر پەرست ( لە بارەی ئاینی زەردەشتییەوە ):

بەشی یەکەم: ل ١٣ ، ژ ٥ ، ١٦ ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.

بەشی دووەم: ل١٣ ، ژ٦ ، ١٢ی شوباتی ١٩٣٦.

- زبانانی گێتی، رۆشنبیری گشتی:

بەشی یەکەم: ل١٥، ژ٦ ، ١٢ شوباتی ١٩٣٦.

بەشی دووەم ل٣، ژ٧ ، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

٥- جەمال احمد:

- دەستوری ئەخلاق بۆ نەوجەوانەکان، وتاری کۆمەلایەتی بۆ لاوان، بەشی یەکەم، ل١١، ژ٦، ١٢ شوباتی ١٩٣٦. بەشی دووەم: ل٥ ، ژ ٧ ،٢٨ ئاداری ١٩٣٦.

٦- جمشید:

- شینی منداڵی، منداڵ، ل٩ ، ژ ٣، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.

- بۆ (م.ع.کوردی)، نووسین بە کوردی، ل٧، ژ٥، ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.

٧- حسێن حوزنی:

- ئیقتصادییاتی نیشتمانی کورد، ل٥ ، ژ١، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

- کۆمەڵەی نەژادو بنەچەکەی کورد:

بەشی یەکەم: ل٧ ، ژ١، ٢٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

بەشی دووەم: ل١، ژ٢ ، ٣١ تشرینی یەکەم ١٩٣٥.

بەشی سێیەم: ل١، ژ٣ ، ٢٩ تشرینی دووەمی ١٩٣٥.

- بەرزی و ناو، وتاری ئەدەبی ، ل١٢ ، ژ١، ٢٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

- هەی خاك، وشیاری نەتەوەیی ، ل١١، ژ٣ ، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.

- بەخت و چارە خاوێنی ، وتاری کۆمەلایەتی ، ل١، ژ٤ ، ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٥.

- سەربهوردەو مەتەڵ، عیشقبازیی ناپلیۆن لە میسر:

بەشی یەکەم: ل٤ ، ژ٣، ٢٩ ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.

بەشی دووەم: ل١٥ ، ژ٣ ، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.

بەشی سێیەم: ل٨ ، ژ٤ ، ١٩ ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٥.

- ناپلیۆنی ڕەش ( سەربردەی هیلا سیلاسی )، ل١٩، ژ٤، ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٥.

- مۆسۆلۆنی ، ناودارانی جیهان ، ل١٢ ، ژ٤ ، ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٥.

- ئەدەبیات و ئاساری ئودەبای کوردی ، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل٣ ،ژ٥ ، ١٦ی کانوونی



دووەمی ١٩٣٦.

- ئاغ دڵ رەنجدە نەبێ ، هەقی قسەمە، کێشەکانی ناوخۆی هەولێر، ل٨ ، ژ٥ ، ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.

- مۆسۆلۆنی، بەشی دووەم: ل١٠، ژ٥، ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.

- مەلا عەبدولرەحیم ( مەولەوی )، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل٦، ژ٧، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

- یەزدان دوو خت، سەربوردەی واقعی:

بەشی یەکەم: ل١٢ ، ژ٧، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

بەشی دووەم: ل٢ ، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.

بەشی سێ یەم: ل٧، ژ٩، ١١ی نیسانی ١٩٣٦.

- عەلی بەردەشانیی شایەری کورد، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل١٠ ، ژ٨ ، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.

- یەزدان دوخت:

بەشی چوارەم: ل٥ ، ژ١٠، ٢٥ ی نیسانی ١٩٣٦.

بەشی پێنجەم: ل٣ ، ژ١١، ١٦ ی مایسی ١٩٣٦.

- فەیلەسووفی مەرحوم جمیل صدقی زەهاوی، مێژووی ئەدەبی، ل١، ژ١١، ١٦ ی مایسی ١٩٣٦.

- راستەکەی، نامە بۆ پیرەمێرد، ل١٠، ژ١١، ١٦ی مایسی ١٩٣٦.

٨- ( ح.ج):

- ئاو و کارێز / هەولێر، کێشەی بێ ئاویی هەولێر، ل٦ ، ژ٢، ٣١ تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

- پێویستیاتی ئادەمیزد چییە، وتاری کۆمەلایەتی:

بەشی یەکەم: ل١، ژ٥ ،١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.

بەشی دووەم: ل٣، ژ٦، ١٢ ی شوباتی ١٩٣٦.

- قسەی بەکەڵك، ل٦ ، ژ٦، ١٢ ی شوباتی ١٩٣٦.

- سەربوردەیەکی تەئریخی کورد، ل١، ژ٧، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

- جەوانی پابەندە، ئافرەت، ل١٣، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.

٩- دڵدار:
- ڕووناکی، شیعر، ل١٢ ، ژ٢ ، ٣١ تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.
١٠- دڵسۆزییەکی نزیك:
- ئەی ڕووناکی، پەخشان ، لا، ژ١، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.
١١- رەشۆ:
فاتم چونکی زاڵم بوو، ئاخیری ماڵی کاول بوو، چیرۆك، ل١٤، ژ٣، ٢٩ی تشرینی ١٩٣٥.
١٢- رەنجبەر. ح.ح:
- ئیقتصادییاتی نیشتمان و کۆمەی کوردان ، ئابوری ، ل١٤ ، ژ٢، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.
١٣- رزگار بوو:
- بە ڕووناکی سۆران رووناك بوو، رۆژنامەگەری، ل٨ ، ژ٣، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.
- دووساڵ لە کوردستان،یاداشت، کە پیاتان هەیە،
- ئەوەل زیارەتم بۆ کوردستان، ل١٠، ژ٩ ، ١١ ی نیسانی ١٩٣٦.
١٤- ڕووناکی:
- چاپ، رۆشنبیری گشتی، ل٤ ، ژ٩ ، ١١ی نیسانی ١٩٣٦.
١٥- ( ر. )
- موجەللەی ڕووناکی موتابەعەی زاری کرمانجی، رۆژنامەگەری، ل٢، ژا، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.
- کاسی ئەحمەد چەڵەبی دەباغی زانستی لە شارەکەماندا، وەرزش، ل١٢، ژ٢، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.
- سەربوردەی شاعیری فەیلەسوف ( جەمیل صدقی زەهاوی )، مێژووی ئەدەبی کوردی ، ل١، ژ٨، ٤ ی نیسانی ١٩٣٦.
١٦- س. ح. رەواندز:
- ئیقتصادییاتی، ئابووری ، ل٣ ، ژ٣ ، ٢٩ ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.
- عەشایری رەوەندی کورد ئیسکان بن چاکترە؟ یان بە رەوەندی بمێننەوە؟ وشیاری نەتەوەیی، ل١، ژ٩، ١١ی نیسانی ١٩٣٦.



١٧- س. ناکام.. سلێمانی:
- مەعنای تەئسیرات بۆ برام هەژار، دەروونناسی، ل٢، ژ٣، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.
١٨- شیت مستەفا:
- مشکیلاتی بێ ئیشی لە دنیادا، ل١٠، ژا، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.
- وەحی قەومیەت و تەجدوودی ئیسلامی، وشیاری نەتەوەیی، ل٧، ژ٢، ٣١ تشرینی یەکەم ١٩٣٥.
- ژیانی رەوەندو کرمانجەکان، وتاری کۆمەڵایەتی، ل٨، ژ٢، ٣١ تشرینی ١٩٣٥.
- بۆ کوڕو کچەکانی خۆمان، وتاری کۆمەڵایەتی، لا١، ژ٢، ٣١ی تشرینی یەکەم ١٩٣٥.
١٩- عەبدولڵا بەگی میصباحول دیوان ئەدەب:
- غەزەلێکی پێنجە ( پێنج خشتەکی ) عەبدولڵا بەگی میصباح — ئەدەب:
بەشی یەکەم: ل١٦ ، ژا، ٢٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.
بەشی دووەم: ل١٦ ، ژ٢، ٣١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.
بەشی سێیەم: ل١٦ ، ژ٣ ، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.
بەشی چوارەم: ل٨ ، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.
بەشی پێنچەم: ل١٢، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.
٢٠- ( ع.ع) شەقڵاوە:
- شەری موستەقبەل، وتاری سیاسی:
بەشی یەکەم: ل١٥، ژ٥، ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.
بەشی دووەم: ل٨ ، ژ٦، ١٢ی شوباتی ١٩٣٦.
٢١- فوئاد:
- خاسیەتێك لە خواسی روحداران، رۆشنبیری گشتی، ل٣، ژ٩، ١١ی نیسانی ١٩٣٦.
٢٢- ف.م.: ترسنۆکی منداڵان، دەروونناسی، ل٧، ژ٦، ١٢ی شوباتی ١٩٣٦.
٢٣- ق.م:
- پێکەنین وگریان ، وتاری کۆمەڵایەتی، ل٨ ،ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.
- سەرگوزەشتەیەکی بچووك، سەربوردەی واقعی، ل٩، ژ١١، ١٦ی مایسی ١٩٣٦.
٢٤- کانی:

- هەڵهێن، شیعر، ل١٥، ژ٧، ٢٨ ئاداری ١٩٣٦.
- هەڵهێن شیعر بە فارسی، ل٩، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.
- پێنجەکیی کانی، شیعر، ل١١، ژ١١، ١٦ی مایسی ١٩٣٦.

٢٥- ( ک.ح) اربیل:
- لە قەلبی ئەوروپیدا دەولەتێکی ئیسلام، وتاری سیاسی، ل١١، ژ١، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.
- لە قەسری حەبەشستاندا ژیان، وتاری سیاسی، ل٩، ژ٢، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

٢٦- (گ.م):
- مێژووی ئەدەبیاتی کورد، ل١، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.
- سوڵتان مەحموود، سەربوردەی کوردی، ل٩، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.
- دەڵێت ئەمنیش، سەربوردەی کوردی، ل٩، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.

٢٧- مەحمود فەهمی هەمەوەند:
- ڕۆژو کردەوەی شیرینی، پەخشان، ل٦، ژ٣، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.

٢٨- مەحەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی:
- بۆ هەڵهێنی کانی، شیعر، ل ١٦، ژ ١١، ١٦ی مایسی ١٩٣٦

٢٩- محمد علی کوردی:
- نازدار یان ژنی کورد لە لادێ، ڕۆمان

بەشی یەکەم: ل ٨ ، ژ ٧ ،٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

بەشی دووەم: ل ١٤ ، ژ ٩ ، ١١ی نیسانی ١٩٣٦.

بەشی سێیەم: ل ١٢، ژ١١، ١٦ی مایسی ١٩٣٦.

٣٠- ( م.ع.کوردی )
- بۆ خزمەتی ڕۆناکی، نووسین بە کوردی، ل٩، ژ٥، ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.

٣١- هەوری:
- شەماڵ ، شیعر، ل٦، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.
- مام هۆمەری بارەشهاڕ، شیعر، ل٧، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.

٣٢- هیجری دەدە:
- مەرثیە، شیعر بە فارسی،ل٥ ، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.



٣٣- ه. وریا:
- مەکتەب، ڕۆشنبیری گشتی، ل١١، ژ٥، ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.

٣٤- یونس مستەفا عومەر:
- پادشاهێکی دادپەروەر، سەربردەی کوردی، ل٩، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.
- قیمەتی ناڵێك، سەربوردەی کوردی، ل١٣، ژ٩، ١١ی نیسانی ١٩٣٦.
- لە چەری ( سەقیلّی و ئیسراف )، وتاری کۆمەلاّیەتی، ل١٥، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.

## گرینگترین بابەت و دۆسیەکانی (ڕووناکی):

لێرەدا گرنگترین بابەتەکانی نێو (ڕووناکی)م بە پێی ناوەڕۆکەکانیان دابەش کردۆتە سەر کۆمەڵێك دۆسیە، کە هەندێ لە دۆسیەکان چەند فایلێکیش بەخۆوە دەگرن، ئینجا ناوی بابەت و ناوی نووسەرەکەی و ژمارەی لاپەڕەکە و ژمارەی ئەو ژمارەیەی ڕووناکی کە بابەتەکەی تێدا بلاّوکراوەتەوە، هەروەها مێژووی دەرچوونی ژمارەکەشم، بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ خستۆتە ڕوو.. بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| زنجیره | ناونیشانی دۆسیه | ناونیشانی فایل | ژمارەی بابەتەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەدەب | ١- مێژووی ئەدەب<br>٢- وتاری ئەدەبی<br>٣- شیعر<br>٤- هەڵهێن<br>٥- سەربوردەی فۆلکلۆری کوردی<br>٦- ڕۆمان<br>٧- پەخشان<br>٨- چیرۆك<br>٩- فشە<br>١٠- نوکتە<br>١١- نامە | ٨<br>١<br>٦<br>٣<br>٧<br>١<br>٣<br>١<br>١<br>١<br>١ |
| ٢ | کۆمەڵایەتی | ١- وتاری کۆمەڵایەتی<br>٢- منداڵ<br>٣- لاو<br>٤- ئافرەت | ١٠<br>٢<br>١<br>١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | سیاسی | ١- وتاری سیاسی<br>٢- وشیاری نەتەوەیی | ٣<br>٣ |
| ٤ | مێژوو | ١- مێژووی کورد<br>٢- ناودارانی جیهانی | ٢<br>١ |
| ٥ | ناوەخۆی کوردو کوردستان | ١- کێشەو گرفتەکانی ناوخۆی کوردستان<br>٢- هەواڵی ناوخۆی کورد و کوردستان | ٦<br>٥ |
| ٦ | نووسین بە کوردی | نووسین بە کوردی | ١ |
| ٧ | ڕۆژنامەگەری | ڕۆژنامەگەری | ٢ |
| ٨ | یاداشت | یاداشت | ١ |
| ٩ | ئابووری | ئابووری | ٣ |
| ١٠ | دەروونناسی | دەروونناسی | ١ |
| ١١ | وەرزش | وەرزش | ١ |
| ١٢ | ڕۆشنبیری گشتی | ڕۆشنبیری گشتی | ٨ |
| ١٣ | کورتە قسەی بەسوود | کورتە قسەی بەسوود | ٦ |
| ١٤ | ئاگاداری و پڕوپاگەندە | ١- ئاگاداری فەرمانگەکان<br>٢- پڕوپاگەندەی بازرگانی | ١٤<br>١٣ |
| ١٥ | چاپکراوی نوێ | چاپکراوی نوێ | ٦ |
| کۆی گشتی بابەتەکان | | | ١٢٣ |

**ناواخنی دۆسیه و فایلەکان:**

**یەکەم: دۆسیەی ئەدەب:**

١– فایلی مێژووی ئەدەبی کوردی:

– ئەدەبیات و ئاساری ئودوبای کورد، ( ئەحمەدی خانی )، حوسێن حوزنی، ل٣ ، ژ٥، ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.

–ئەدەبیات و ئاساری ئودەبای کورد، ( عەبدولاّ بەگی ئەدەب میصباح وەلدیوان)، (ح.ح،)، ل٣، ژ٦، ١٢ی شوباتی ١٩٣٦.

– مەلا عەبدولرەحیم ( مەولەوی )، حسێن حوزنی، ل٦، ژ٧، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

– سەربوردەی شاعیری فەیلەسووف ( جەمیل صدقی زەهاوی )، ( ڕ) ل١، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.

– عەلی بەردەشانی شایەری کورد، حسێن حوزنی، ل١٠، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.

– مێژووی ئەدەبیاتی کورد ( گ.م.)، لّ، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.

– فەیلەسوفی مەرحوم جەمیل صدقی زەهاوی، حسێن حوزنی، ل١، ژ١١، ١٦ی مایسی ١٩٣٦.

حاجی قادری کۆیی ، - ، ل٦ ، ژ١١، ١٦ی مایسی ١٩٣٦.

٢- وتاری ئەدەبی:

– بەرزی و ناو، حوسێن حوزنی، ل١٢، ژ١، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

٣- شیعر:

– غەزەلێکی پێنجینی ( پێنچ خشتەکی ) عەبدوللاّ بەگی ئەدەب — میصباحول دیوان:

بەشی یەکەم: ل١٦، ژ٢٤،١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

بەشی دووەم: ل١٦، ژ٢، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

بەشی سێ یەم: ل١٦، ژ٣، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.

بەشی چوارەم: ل٨، ژ٨ ، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.

بەشی پێنجەم:ل١٦،ژ١١، ١٦ی مایسی ١٩٣٦.

– ڕووناکی ، دڵداری، ل١٢، ژ٢، ٣١ی تشرینی یەکەم ١٩٣٥.

– مەرثیە، هیجری دەدا، ل٥، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.

– شەماڵ ، هەوری، ل٦، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.



– مام هۆمەری باراش هات، هەوری، ل٧، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.

– دوکان و بازار، بێخود، ل١١، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.

٤- هەڵهێن (شیعر):

– هەڵهێن، کانی، بە فارسی، ل ٩، ژ١٠، ٢٥/ نیسانی ١٩٣٦

٥- سەربوردەی فۆلکلۆری کوردی:

– بەندی لەشکری ، --------- ، ل ١٠ ژ٣، ٢٩/تشرینی ١٩٣٥.

– پادشاهێکی دادپەروەر، یونس مستەفا عومەر، ل ٩، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.

– قیمەتی ناڵێك، یونس مستەفا عومەر، ل١٣، ژ٩، ١١ی نیسانی ١٩٣٦.

– هەرامە، ( گ.م)، ل٩، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.

– سوڵتان محمود ( گ.ن)، ل٩، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.

– دەڵێت ئەمنیش ( گ.ن) ل٩، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.

– هەرچی دەکەی دوانینینی ڕەچاو کە، ، ل١٠، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.

٦- ڕۆمان:

– نازدار، یان ژنی کورد لە لادێ، محمد عەلی کوردی:

بەشی یەکەم: ل٨، ژ٧، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

بەشی دووەم: ل١٤، ژ٩، ١١ی نیسانی ١٩٣٦.

بەشی سێ یەم: ل١٢، ژ١١، ١٦ی مایسی ١٩٣٦.

٧- پەخشان:

– ئەی ڕووناکی، دڵسۆزێکی نزیك، ل١، ژ١، ٢٤ی تشرینی ١٩٣٥.

– ڕووناکی، لەسەر بەرگی دواوەی هەر یانزە ژمارەکە

– ڕۆژو کردەوەی شیرینی مەحموود فەهمی هەمەوەند، ل٦، ژ٣، ٢٩ی تشرینی ١٩٣٥.

٨- چیرۆك:

– فاتم چونکێ زاڵم بوو، ئاخیری ماڵی کاول بوو، ڕەشۆ، ل١٤، ٣، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.

٩- فشە:

– لەنێوان ڕاستی و کەنیلیدا، بیرەوەری مام چەوەندەر، ل١٣، ژ٢، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

١٠- نوكتە:

- باب و كور، نوكتەیەكی تەعلیق ئامێز لەبەرنامەی خوێندنەی قوتابخانەكان، ل٨ ،ژ٣، ٢٩ی تشرینی ١٩٣٥.

١١- نامە:

- ڕاستەكەی، نامە بۆ پیرەمێرد، حسێن حوزنی، ل١٠، ژ١١، ١٦ی مایسی ١٩٣٦.

**دووەم: دۆسیەی كۆمەلآیەتی**

١- وتاری كۆمەلآیەتی:

- موشكیلاتی بێ ئیشی لە دنیادا، شیت مستەفا، ل١٠، ژ١، ٢٤ی تشرینی ١٩٣٥.
- بزركردنی دڵنیایی، .........، ل١٥ ، ژ١، ٢٤ی تشرینی یەكەم ١٩٣٥.
- ژیانی ڕەوەندو كرمانجەكان، شیت مستەفا، ل١٥، ژ٢، ٣١ی تشرینی یەكەمی ١٩٣٥.
- بۆ كوڕ و كچەكانی خۆمان، شیت، ل١١، ژ٢، ٣١ی تشرینی یەكەمی ١٩٣٥.
- بەخت و چارە خاوێنی، حسێن حوزنی، ل١، ژ٤، ١٩ی كانوونی یەكەمی ١٩٣٥.
- تەئسیری تەربیە و ڕەوشت و خوو لەسەر كۆمەڵ، ئیسماعیل عەلی، ل٥، ژ٤، ٢٩ی كانوونی یەكەمی ١٩٣٥.
- پێویستیاتی ئادەمیزاد چی یە؟ ( ح. ح):

بەشی یەكەم: ل١، ژ٥، ١٦ی كانوونی دووەمی ١٩٣٦.

بەشی دووەم: ل١، ژ٦، ١٢ی شوباتی ١٩٣٦.

- پێكەنین وگریان، ( ق،ج)، ل٨، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.
- لەچەری ( سەقیلی و ئیسرا)، یونس مستەفا عومەر، ل١٥، ژ١٠،٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.
- كردەوەو تێكۆشین، ئیسماعیل عەلی، ل٧، ژ١١، ١٦ی مایسی ١٩٣٦.

٢- منداڵ:

- شینی منداڵی، جەمشید، ل٨، ژ٣، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦.
- ترسنۆكی مندالآن، ( ف.م) ل٧، ژ٦، ١٢ی شوباتی ١٩٣٦.

٣- لاو:

- دەستوری ئەخلاق بۆ نەوجەوانەكان، جەمال ئەحمەد.

بەشی یەكەم: ل١١، ژ٦، ١٢ی شوباتی ١٩٣٦.



بەشی دووەم: ل٥، ژ٧، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

٤- ئافرەت:

- جەوانی پابەندە، بە چیرۆك چەوسانەوەی ئافرەت دەردەخات، ( ح.ح)، ل١٣، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.

**سێیەم: دۆسەی سیاسەت**

١- وتاری سیاسی:

- لە قەلبی ئەوروپادا دەوڵەتێكی ئیسلام، ( ك.ح. ئەربیل) ل١١، ژ١، ٢٤ی تشرینی یەكەمی ١٩٣٥.
- لە قەسری حەبەشستاندا ژیان، ( ك.ح) ل٩، ژ٢،٣١ی تشرینی یەكەمی ١٩٣٥.
- شەڕی موستەقبەل، ( ع.ع).

بەشی یەكەم: ل١٥، ژ٥، ١٦ی كانوونی دووەمی ١٩٣٦.

بەشی دووەم: ل٨، ژ٦، ١٢ی شوباتی ١٩٣٦.

٢- وشیاری نەتەوەیی:

- وەحی قەومیەت و تەجەددودی ئیجتیماعی، شیت مستەفا، ل٧، ژ٢، ٣١ تشرینی یەكەمی ١٩٣٥.
- هەی خاك، حسێن حوزنی، ل١١، ژ٣، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.
- عەشایری ڕەوەندی كورد ئیسكان بن چاكە؟ یان بە ڕەوەندی بمێننەوە ( س.ح)، ل١، ژ٩، ١١ی نیسانی ١٩٣٦.

**چوارەم: دۆسیەی مێژوو**

١- مێژووی كورد:

- كۆمەڵەی نەژادو بنەچەكەی كورد، حوسێن حوزنی:

بەشی یەكەم: ل٧، ژ١، ٢٤ی تشرینی یەكەمی ١٩٣٥.

بەشی دووەم: ل١، ژ٢، ٣١ی تشرینی یەكەمی ١٩٣٥.

بەشی سێیەم: ل١، ژ٣، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.

- سەربوردەیەكی تاریخی كورد، ( ح.ح)، ل١، ژ٧، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

٢- ناوداری جیهان:

- مۆسۆلۆنی، حوسێن حوزنی:

بەشی یەکەم:ل١٢، ژ٤، ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٥.

بەشی دووەم:ل١٠، ژ٥، ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.

**پێنجەم: - دۆسیەی ناوخۆی کوردو کوردستان**

١- کێشەوگرفتەکانی ناوخۆی کوردستان:

- ئاووکارێز/هەولێر،(ح.ح)، ل٤، ژ٣١، ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

- موعللیمێك بۆمەدرەسەی متەوەسیطە،-،ل٤، ژ٢ ،٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

- ئاغا دڵ رەنجی دا نە بێ حەقی قسمە، ل٨، ژ٥، ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.

- دائرەی ئیشغالی هەولێر، ل١٤، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.

- دەشتی قەرەچوغ، ل١٦ ، ژ٨، ٤ ی نیسانی ١٩٣٦.

- چالاوی ئیرتیوازی لە هەولێر، ل١٦ ، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.

٢- هەواڵی ناوخۆی کورد و کودستان:

- رۆژی خزمەتی وەتەن لە هەولێر — لە کۆیسنجق — لە رەواندز،- ، ل١٣ و ١٤، ژ٣، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.

- تەشریف هێنانی وەزیری داخلیە بۆ هەولێر،- ، ل١٥، ژ٤، ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٥.

- یانەی سەلاحەددین لە بەغدا کرایەوە، - ، ل٢، ژ٧، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

- زایعاتیکی گەورە لە هەولێر،- ل١٥، ژ٧، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

- حەجاج ( باس لە گەڕانەوەی حەجاجەکانی هەولێر دەکات )، ل١٦، ژ٧، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

**شەشەم: دۆسیەی نووسین بە کوردی**

- بۆ ( م. ع. کوردی)، جەمشید، ل٧، ژ٥، ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.

**حەوتەم: دۆسیەی رۆژنامەگەری**

- موجەللەی ڕووناکی و مەتبەعەی زاری کرمانجی، ( ر)، ل٢، ژ١، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

- بە (ڕووناکی) سۆران رووناك بوو، رزگاربوو، ل٦، ژ٣، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.



**هەشتەم: دۆسیەی یاداشت**

- دووساڵ لە کوردستان ،١- ئەوەل زیارەتم بۆ هەولێر، کاپیتان های، و: ڕزگاربوو، ل١٠،ژ١١،٩ی نیسانی ١٩٣٦.

**نۆیەم: دۆسیەی ئابووری**

- ئیقتیصادییاتی نیشتیمانی کورد، حوسێن حوزنی، ل٥، ژ٢٤،١ی تشرینی یەکەمی١٩٣٥.

- ئیقتیصادییا تی نیشتیمانی کورد، (رەنجبەر ح.ح)، ل١٤، ژ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

- ئیقتیصادییات، (س.ح)، ل٣، ژ٣، ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥.

**دەیەم: دۆسیەی دەروونناسی**

- مەعنای تەئسیرات بۆ برام هەژار، ( س. ناکام)، سلێمانی، ل٢، ژ٣، ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

**یازدەیەم: وەرزش**

- کاسی ئەحمەد چەلەبی دەباغی زانستی لە شارەکەماندا، ( ر)، ل١٢، ژ٢، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

**دوازدەیەم: رۆشنبیری گشتی**

- مەکتەب، ه، وریا،ل١٦، ژ٥، ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.

- ئاگر پەرست، (لە بارەی ئاینی زەردەشتییە)، ( ب.ج):

بەشی یەکەم: ل١٣، ژ٥، ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.

بەشی دووەم: ل١٣، ژ٦، ١٢ی شوباتی ١٩٣٦.

- فرۆك( تەیارە)، ل٤، ژ٧، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

- خاسیەتێك لە خەواسی روح داران ، فوئاد، ل٣، ژ٩، ١١ی نیسانی ١٩٣٦.

- چاپ، ڕووناکی ، ل٤، ژ٩، ١١ی نیسانی ١٩٣٦.

- گەورەترین پاپۆری جیهان(نۆرماندی )، -- ، ل٦، ژ٩، ١١ی نیسانی ١٩٣٦.
- چەند کەلیمەیەك لە مێژووی ریابوونەوەی ئەڵمان، ل٢، ژ١٠، ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦.

**سێزدەیەم: دۆسیەی کورتەی وتەی بەسوود**

- هەندێك قسمەی وەجیزە، ل١٤، ژ١، ٢٤ی تشرینی ١٩٣٥.
- (سێ وتەی بەنرخ)، ل١٦، ژ١، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.
- قسەی بەکەڵك، ل٦، ژ٥، ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦.
- قسەی بەکەڵك، ( ح.ح)، ل٦، ژ٦، ١٢ی شوباتی ١٩٣٦.
- قسەی دانیشوەر، ل٤، ژ٨، ٤ی نیسانی ١٩٣٦.

**چواردەیەم: دۆسیەی ئاگاداری و پڕوپاگەندە**

١- ئاگاداری فەرمانگەکان:

لەم فایلەدا ئاگاداری ئەم فەرمانگە حکومیانە بلاۆکراوەتەوە:

- موتەسەریفی لیوای هەولێر، دوو ئاگاداری بە کوردی لە ژمارەکانی (١٠ و ١١)ی ڕووناکیدا.
- مودیری تاپۆی لیوای اربیل، شەش ئاگاداری بەزمانی عەرەبی، لە ژمارەکانی ( ٤ و٥ و٦) دا.
- ئەربیل ئیجرائی مەئموری، پێنج ئاگاداری بە زمانی تورکی، لە ژمارەکانی ( ٤،٥،٦) دا.
- ئەربیل ئیجرائی دایرەسی، یەك ئاگاداری بەزمانی تورکی، لە ژمارە (١٠) دا.

٢- پڕوپاگەندەی بازرگانی:

لەم فایلەدا بۆ ئەمانەی خوارەوەدا کراوە:

- دوو پڕوپاگەندە بۆ چاپخانەی مووصڵی حەدیسە، لە ژمارەکانی (١و٢).
- چوار جار پڕوپاگەندە بۆ چاپخانەی زاری کرمانجی، لە ژمارەکانی ( ٧ و ٨ و٩ و١١).
- شەش جار پڕوپاگەندە بۆ پارێزەر شیت مستەفا، لە ژمارەکانی (٧ و ٨ و ٩ و ١٠ و ١١). کە لە ژمارەی (٩) دا دوو پڕوپاگەندە لە لاپەڕەکانی ( ١٢،١٠) دا کراوە.
- پڕوپاگەندە بۆ فرۆشتنی سێیەکی زەوییەکانی گوندی ( سارلوو )، لە ل١٦، ژ٧، ٢٨ ی ئاداری ١٩٣٦.



**پازدەیەم: دۆسیەی چاپکراوی نوێ**

- کوردستان، کتێبێکی مێژوو و جوگرافیای کوردە بە زمانی فارسی، (عەلی ئەصغەر شەمیمی هەمەدانی) نووسیویەتی، لە تەورێز چاپی کردوە و بلاۆی کردۆتەوە، ل٩، ژ١، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.
- میرانی سۆران کتێبێکی حوسێن حوزنی موکریانی — یە، لە چاپخانەی زاری کرمانجی لە هەولێر چاپ بووە، ل٥، ژ٢، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.
- شاکر فتاح کتێبێکی بە کوردی بۆ شاگردانی مەکتەبی ئیبتدائی داناوە و تازە بە چاپی گەیاندووە، ل٥، ژ٢، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.
- ( ئەلف و بای )، سەعید فەهیم، چاپ کراوە، ل٥، ژ٢، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.
- کتێبی حیسابی رەفیق حلمی ، ژ٧، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.
- چل فەرموودەی پێغەمبەر ( درودو سلاۆی خوای لەسەر)، مەلا محەمەدی قزلْچی، ل١٦، ژ٧، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

## پەراوێز و سەرچاوەکان


١- رێبەری دەرچووانی خولی ( ١٦)ی زانکۆ سەلاحەددین، پەیڤێکی وەفاداری بۆ شاری هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، ١٩٩٧ ، ل١٥.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥ ،

٣- تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، د.کمال مەزهەر ئەحمەد، چاپخانەی کوڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل٥٠... ئەویش لە: عەبدولرەزاق ئەلهیلالی، تاریخ التعليم فى العراق في العهد العسماني، لە ( ١٦٣٨-١٩١٧)، بەغداد،١٩٥٩،لاپەرەکانی (١٧٩ -١٨٠).

٤- بۆ ئەمە سەیری بەرگی پێشەوەی هەر ( ١١) ژمارەکانی (ڕووناکی) بکە.

٥- سەیری بەرگی دواوەی هەر (١١) ژمارەکانی ( ڕووناکی) بکە.

٦- رۆژنامەگەری کوردی لە عێراق دا ، فاروق عەلی عومەر، و: تاریق کارێزی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠١، ل١٥٧.

٧- چەند بابەتێکی رۆژنامەنووسی، حەمە سالح فەرهادی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چاپی یەکەم، ل٩٩.

٨- بڕوانە ( ڕووناکی)، ژمارە ( ١)، ل١٧، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥.

٩- بڕوانە (ڕووناکی)، ژمارە ( ٧)، ل١٦، ٢٨ی ئاداری ١٩٣٦.

١٠- تێگەیشتنی راستی، ل٨٦.

١١- چەند بابەتێکی رۆژنامەنووسی، ل١٠٠.

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

١٣- ڕووناکی یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێرە، ئامادەکردن و پێشەکی: د.کوردستان موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٩.

١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، سەیری ل١٩ بکە.


تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارە (٨٢- ٨٣)ی گۆڤاری ڕامان لە ئاداری ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە.

# رۆڵی گۆڤاری رووناکی
# لە بەرەو پێشبردنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا

**پێشەکی:**

ئەگەر بۆ مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بگەڕێینەوە، بڵێین: کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە ژانی لە دایکبوونی یەکەم رۆژنامەی کوردییان بەخۆوە بینی و (کوردستان)ی دایکیان پێشکەشی خوێنەری کورد کرد، ئەوا دەتوانین بڵێین سەدەی بیستەمیش بە هەموو هەڵکشان و داکشان و گورجی و شۆڕییەکیشی سەدەی ڕابوون و خزمەتی رۆژنامەگەری کوردی بووە بە کورد و کوردستان، چونکە هەر لەگەڵ سەرەتای سەدەکە رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بە دوای یەکدا ڕیزیان بەست، شارەکانی وەکو: ئەستەنبۆل و بەغداو شام و ڕواندز و هەولێر و سلێمانی و...هی تر، باوەشیان بۆ دەیان گۆڤار و رۆژنامەی ڕەنگین و بایەخدار کردەوە، رۆشنبیرانی کورد لە ڕێی ئەو کەناڵانەوە کەوتنە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ وەدیهێنانی مافەکانی نەتەوەکەیان، ئەو مافانەی کە بەداخەوە زلهێزەکان و دەسەڵاتدارە شۆڤێنییەکانی ناوچەکە بە کوردیان ڕەوا نەبینی و ڕێگایان نەدا ئەو میللەتەش وەکو میللەتانی دی ئازادو سەربەخۆ لە سایەی کیانی تایبەتی خۆی بژی، بۆیە پرپیان دایە شۆڕشەکانی و یەك لە دوای یەك سەریانبڕین، بەڵام رۆژنامە لەو رۆژە ڕەشانەدا باوەشی بۆ شۆڕشگێڕان و زام و ناسۆرەکانیان کردەوەو هانی دان بۆ شۆڕشی لە جۆرێکی تر و خەباتی بە شێوەیێکی کە، بۆ ئەوەی سەرەتا بەرەی ناوخۆ بەهێز بێت، شۆڕش بەسەر نەزانی و نائاگایی بکرێت و زۆرینەی گەل وشیار بکرێنەوە، بەمە ئایندەیەکی گەش بۆ میللەت دابین بکرێت.

گۆڤاری (رووناکی) یەکێکە لەو گۆڤارە کوردییانەی دەیەی چوارەمی سەدەی بیست، (حوسێن حوزنی موکریانی) و (شێت مستەفا) لە هەولێر دەریانکردووە، ئەم گۆڤارە یەکەم گۆڤاری کوردی شاری هەولێر بووە، ژمارە (١)ی لە ١٩٣٥/١٠/٢٤ و ژمارەی کۆتاییشی کە ژمارە (١١) بووە، لە ١٩٣٦/٥/١٦ دەرچووە.

رووناکی خزمەتێکی گرنگی لەو ماوە کورتەی تەمەنی خۆیدا بەو شارەو بە کاروانی رۆشنبیری و رۆژنامەگەری کوردی پێشکەش کردووە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر بابەتە ئەدەبییەکانی و خزمەتەکانی بە هونەرە ئەدەبییەکان دەخەینە ڕوو.



**بابەتە ئەدەبییەکانی گۆڤاری رووناکی:**

ئەم گۆڤارە بایەخێکی زۆری بە بابەتە ئەدەبییەکان داوە، لەو یانزە ژمارەیەیدا (٣٤) بابەتی ئەدەبی جۆراو جۆری بڵاوکردۆتەوە، ئەگەر بێ-ت و بە شێوەیەکی خێرا بەسەر هونەرە ئەدەبییەکانی دابەش بکەین، دەبینین بەم شێوەیەن:

| هونەرە ئەدەبییەکان | ژمارەی بابەتەکان |
| --- | --- |
| وتاری ئەدەبی | ١ |
| لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەدەب | ٨ |
| شیعر | ٩ |
| مەتەڵ بە شیعر | ٣ |
| رۆمان | ١ |
| سەربردەی فۆلکلۆری کوردی | ٧ |
| (سۆز) پەخشانی ئەدەبی | ٣ |
| چیرۆك | ١ |
| نوکتەو قسەی خۆش | ٢ |
| نامە | ١ |
| ژیاننامە | ١ |

**بابەتە ئەدەبییەکانی رووناکی لە ڕووی شێوازی نووسینیانەوە:**

لەم ڕووەوە بابەتە ئەدەبییەکانی نێو گۆڤاری رووناکی وەکو هەر کۆمەڵە بابەتێکی دیکەی ئەدەبی دابەش دەبنە سەر دوو هونەری سەرەکی، کە ئەوانیش (شیعر) و (پەخشان)ن، سەرەتا دێین تیشك دەخەینە سەر شیعرەکان، کە ئەمانە تەنیا نۆ پارچەن، ئینجا دواتر تیشك دەخەینە سەر ئەو بابەتانەی دیکە، کە بە (پەخشان) نووسراون:

**یەکەم: شیعرەکان:**

گۆڤاری (رووناکی) لە هەر (١١) ژمارەیدا نۆ پارچە شیعری بڵاوکردۆتەوە، ئەوانیش شەشیان هۆنراوەی لیریکی و غەزەلن، بریتینە لە:

١- هۆنراوەیێکی (پێنجین)ی (عەبدوڵڵا بەگی میصباحولدیوان) ناسراو بە (ئەدەب)، بە

ناونیشانی (دوو شەو شەوی شەنبە)، کە ئەمە غەزەلێکی ڕۆمانسی و پڕ لە سۆزی شاعیرە، سەرەتاکەی بەوە دەست پێدەکات:

- دویّ شەو شەوی شەنبە، کە لە شەمع و مەها ئەختەر
ئاراستە بوو سەتحی سەراپەردەی--ی ئەخزەر
منی بەندە لە کاشانەیی تاریك و موحەققەر
دوو دیدەیی عیبرەت بە براو سەقفی موجەددەر
گەه غەرقی خەیالاّن و گەه والەو و موزتەر[1]

ئەم هۆنراوەیە بریتییە لە (٤١) دانە (پێنجین)، کە بە پێنج ئەڵقە بەم شێوەیەی خوارەوە، تەنیا (٢٧) (پێنجین)ی لیّ بڵاوکراوەتەوە:

أ- چوار (پێنجین) لە ژمارە (١)، لاپەڕە (١٦).
ب - شەش (پێنجین) لە ژمارە (٢)، لاپەڕە (١٦).
ج - شەش (پێنجین) لە ژمارە (٣)، لاپەڕە (١٦).
د - شەش (پێنجین) لە ژمارە (٨)، لاپەڕە (٨).
هـ- پێنج (پێنجین) لە ژمارە (١١)، لاپەڕە (١١).

کەواتە: ئەم هۆنراوەیەی (ئەدەب) تەواو نەبووە، ڕاستە لە ژمارە (١١)دا ئیتر گۆڤارەکە دەرنەچووە، بەڵام لەو لاشەوە لە ژمارەکانی (٤و٥و٦و٧و٩و١٠)دا ئەڵقەکانی ئەم هۆنراوەیە پچڕاوەو هیچی لیّ بڵاونەکراوەتەوە.

٢- (هەوری) شاعیر لە (بەغدا) وە بە بۆنەی دەرچوونی ئەم گۆڤارە لە هەولێر، هەستی خۆی بە شیعرێك دەربڕیوە، بە ناونیشانی (شەماڵ)، پێشکەشی بەڕێوەبەرانی گۆڤارەکەی کردووە، تیایدا لە سیّ دێڕەکانی کۆتاییدا دەڵێت:

- هەوری ئەی ناڵاند وێنەی کە بوتەر
زوخاو نۆشی بوو سیپاڵی لەبەر
کاتیّ گەشتە گۆڤاری ڕووناکی
خاڵی بوو لە غەم دڵەی غەمناکی
تکا وا ئەکا لە یەزدانی پاك
گەش بیّ تا مردن وەك ڕۆژی ڕووناك [2]

٣- دیسانەوە (هەوری) شیعرێکی تری لەم گۆڤارە بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمەیان چیرۆکە شیعرە



بە ناونیشانی (مام هۆمەری باراش هاڕ). [3]

٤- (بێخود)ی شاعیر پارچە شیعرێکی بچووکی لە پەسنی (سەید هادی) ناوێك نووسیوە، کە ئەوسا ئەو بەڕێزە مەئموری ئەوقافی شارۆچکەی (کۆیە) بووە، وەکو لە بارەیەوەی هاتووە: (لەلایەن سەید تەهای مەئموری ئەوقافی کۆیە، شێست و چوار دوکان و چایخانەیەك و چوار سەکۆ لەسەر دەستووری تازە، بە چوارسەدو حەفتاو پێنج دینار پێکهێنراوە، لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٥٤ی هیجریدا کۆتایی هاتووە).[4] ئەمەش دیارە دڵی (بێخود)ی خۆشکردووە، بۆیە بەم شیعرەی خوارەوە پێیدا هەڵگوتووە:

بیحەمدیللا کە میعماڕی ئەزەلی کۆی تەماشا کرد
بە سنعی سەرمەدی خۆی دائیرەی ئەوقافی ئاوا کرد
دەمیّ بوو تووشی عیللەت بووبوو ئەوقافی قەزای کۆییّ
قەدەر کردی دوختۆرێکی هێناو و پێی موداوا کرد
خودا وەك بو عەلی سینا کە سەید هادی بۆ نارد
بە قانونی شیفا ئالام و دەردی تەفرو تونا کرد. [5]

٥- (ی. دڵدار) لە هەولێرەوە بە بۆنەی دەرچوونی (ڕووناکی)، شیعرێکی بەپێزی نووسیوەو تیایدا سۆزو خۆشحاڵی خۆی بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی ئەو گۆڤارە دەربڕیوە، تیایدا دەڵێت:

ڕووناکی ناوت چەندە لام خۆشە
عالەم بە سایەت ژیرو بەهۆشە
وا زوڵمەت ڕۆیی دەرکەوت ڕووناکی
بە عیلم و فەن و ڕووخساری پاکی.[6]

٦- لە کەرکووك (هیجری دەدە) بە بۆنەی لە دونیادەرچوونی (ئیسماعیل بەگی ڕواندوز) بە ناونیشانی (مەرسیە)پێنجینێکی نووسیوە بە زمانی فارسی.[7]

٧- (کانی)ی شاعیر لە هەولێرەوە دوو مەتەڵی بە شیعر نووسیوە.[8] (محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی)ش بە ناونیشانی (جەواب بۆ هەڵهێنی کانی) یەکیّ لە مەتەڵەکانی هەر بە شیعر وەڵام داوەتەوە.[9]

سەرجەم ئەم شیعرانە جوانن، جگە لە شیعرە فارسییەکە، ئەوانی دیکە بە زمانێکی تێکەڵ لە وشەی کوردی و عەرەبی نووسراون، بە وردبوونەوە لێیان ئەمانەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

١- گۆڤاری ڕووناکی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووەو جێی ئومێد بووە، بۆیە لە: (موکریان و بەغداو

کەرکووك و سلێمانی و هەولێر) شاعیران شیعریان بۆ نووسیوە.

٢- شیعرەکان بە کێشی جۆراوجۆری عەروزی و خۆماڵی نووسراون.

٣- شیعرەکان بە ژمارە کەمن، بەڵام لە ڕووی بایەخەوە گرنگن، غەزەل و لاواندنەوەو پیاهەڵدان و بۆ زاخاوی مێشك و هەموو ئەو بابەتانەیان بەرجەستەکردووە، ئینجا لە ڕووی فۆڕمەوە (پێنجین)یان تیایە، کە ئەمە لە (پێنجخشتەکی) جیایە، چونکە (پێنجخشتەکی) ئەو هۆنراوەیە، کە شاعیرێك لەسەر هۆنراوەی شاعیرێکی تر دەینووسێت، لە هەر (پێنجخشتەکی)یەکدا سێ دێڕی یەکەم هی شاعیرە تازەکەیەو دوو نیوە دێڕەکەی تر هی ئەو شاعیرەیە، کە شیعرەکەی کراوەتە بناغە بۆ درووستکردنی (پێنجخشتەکی)یەکە. بەڵام (پێنجین) بە بەراورد لەگەڵ (پێنجخشتەکی)دا هونەرێکی نوێیە، بە زۆری لای شاعیرانی موکریان پەنای بۆ براوە، بریتییە لە هۆنراوەیەك، کە دابەش دەبێتە سەر چەند کۆپلەیەکی (پێنج نیوە دێڕی)، تەواوی ئەو نیوە دێڕانە هی خودی شاعیرەکە خۆینەو لێرەدا شاعیر هیچ شیعرێکی تر وەرناگرێت بیکاتە بناغەی هۆنراوە تازەکەی خۆی. هەروەها چیرۆکە شیعریش لە نێو ئەم شیعرانەی ڕووناکی بەدی دەکرێت.

٤- زمانی زۆربەی شیعرەکان کوردییە، کە زمانێکی تێکەڵ و پڕە لە وشەی ناکوردی وەکو وشەی زمانەکانی عەرەبی و فارسی، بە تەنیا یەك (پێنجین)ی بە زمانی فارسی بڵاوکردۆتەوە.

٥- غەزەل هەیە زۆر درێژ بووە، وەکو شیعرەکەی (ئەدەب)، بە شێوەیەك گۆڤارەکە تەمەنی بەسەرچووەو تەواوبووە، هۆنراوەکە هەر بە دوایی نەهاتووە، ئەو لەتبوون و جێمانەش بۆ شیعر خۆش نییە.

**دووەم: پەخشان**

ئەو بابەتانەی لە گۆڤاری ڕووناکی کە بە (پەخشان) نووسراون، ژمارەیان زۆرترە بە بەراورد لەگەڵ شیعرەکان، ئەوانە بیست و چوار بابەتن و بەسەر ئەم هۆنەرانە دابەش دەبن:

١- وتار:

(وتار پارچەیەك پەخشانی ئەدەبییە، بابەتێکی تایبەتی نووسەرەکەی چارەسەر دەکات، لەوەی کە ئەنجامی داوە، یان هاتۆتە بیری، یان وای بۆچووە، یان دایهێناوە).[١٠] لەم گۆڤارەدا لەم ڕووەوە وتارێك هەیە بە ناونیشانی (بەرزی و ناو)، تیایدا باس لە گرنگی بەرهەمی ئەدەبی دەکرێت، کە ئەوەی دەمێنێتەوە هەمیشە هەر بەرهەمی چاك و ناوی خاوەنەکەیەتی، چونکە شاعیرانێکی



زۆرمان هەبوون، لەسەردەمێکدا ژیاون و ڕۆیشتوون، ئەوانە (دەبێ خاکیشیان نەمابێ، بەڵام شوێنەوارەکانیان ماوە).[١١]

هەر لەم وتارەدا تیشك خراوەتە سەر چەندین هۆکار، کە لە پایەی شاعیر بەرزدەکەنەوە، لەوانە بەلای نووسەری بابەتەکە گرنگترینییان شارستانیەتە، بووژانەوەی شارەکانە، وەکو نووسەر دەنووسێت: (ئەگەر بهاتبا شارەکانی ئێمەش وەك لەندەن و ئەسیناو بەڕلین و پاریس زل و پڕ بوونایە، بەبێ گوتەو لێبوردنەوەیە، کە ئەحمەدی خانی لە شکسپیر و حاجی قادر لە هۆمیرۆس جێگەیان بەرزتر دەبوو).[١٢]

بە گشتی ئەم وتارە وتارێکی گرنگەو بە تایبەتیش بۆ ڕۆژگاری بڵاوبوونەوەی بایەخی تایبەتی هەبووە.

**٢- پەخشانی ئەدەبیی سۆزئامێز:**

(ئەمە پارچە سۆزێکی تایبەتە، زیاتر لە بۆنەکان دەنووسرێت، جارانی تریش دەشێت بە هەر هۆیەك بۆ کەسی خۆشەویست بنووسرێت، جا کەسەکە تایبەت بێت وەکو دولبەر، یان دایك، یان دۆستێکی ئازیز، یانیش کەسایەتییەکی مەعنەوی هەبێت، وەکو حزب، یان وڵات، یان دەوڵەت، یان هەر شتێکی تری هاوشێوە. لێرەدا بابەتەکە هەمووی سۆز ئامێزەو خەیاڵیش دەوری باڵا لە داڕشتنیدا دەبینێت، لە ڕووی داڕشتنەوە کورتە، لە ڕووی وشەکانیشی ناسکە، لە ڕووی کاریگەریشی سەرنجڕاکێشە).[١٣]

لە گۆڤاری ڕووناکی لەم هونەرەدا سێ بابەت هەیە، یەکەمیان بە ناونیشانی (ئەی ڕووناکی)، تیایدا هاتووە:

(.. ئەی ڕووناکی، ناوەکەت جوانەو باش، پیرۆزەو ڕوناك، هیواش هەر ڕوناك، ئەوەندە بەرزی، بە بەرزێکی وا پیرۆزەوەی، گەردی خراپی، تەم و تاریکی نەزانین، یارای گەیشتن و هەڵنیشتنی نییە پێتان.

بە تەماین کە بە درەوشینەوەتان ئەوەش نەهێڵن و ئەو ژەنگ و تەمەی، کە لە نەزانینەوە دڵ و دەماغی داگرتووە، بە تیشکی دەرمان و زانست ڕوومالّ و زاخاوی بدەن، ئیتر لە خاکی سۆران ئەم دەرکەوتنەت پیرۆز بێ و بۆ هەمووان بمێنی ئەی ڕووناکی زانست و ژیان).[١٤]

جگە لەو بابەتەی ئاماژەمان بۆ کرد، پەخشانێکی سۆزئامێزی تر بە ناونیشانی (ڕووناکی)یە، کە وەکو دروشمی گۆڤارەکە وایە، لەسەر بەرگی دواوەی هەر یانزە ژمارەکانی ئەو

گۆڤارەدا هاتووە، تیایدا پەیام و بەرنامەی گۆڤارەکە دەناسێنێت، بە زمانێکی شیرینی سەرنجڕاکێش دەنووسێت:

(ڕووناکی ڕەوشت و دەستوورێکی بەرزی هەیە، ئێستا دەناسێنێت بە ڕەهبەرێکی باش، بە دڵێکی خاوێن بۆ یەکیەتی عێراق دەکۆشێ، ئەدەبیات و زانستی کورد کۆ دەکاتەوە، بیرەوەری بۆ کورد دەکات، ڕەوشت و خوی کورد تازە دەکاتەوە، ناوی ناودارانی کورد بەخێر دەکا، گۆوارێکە لە ژمارەکانیدا ئێستاو ڕابردوو و فەرهەنگ و شێوەی کورد و زانستی ئیجتیماعییان نەشر دەکا).[١٥]

پارچەی سێیەمیش ناونیشانەکەی بریتییە لە (ڕۆژ و کردەوەی شیرینی)، ئەوەش پەخشانێکی سۆزئامێزە، بە بۆنەی دەرچوونی گۆڤاری ڕووناکی، هەمووی هەر سۆزە و پیاهەڵدانی ئەو گۆڤارەیە.[١٦]

### ٣- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:

(بریتییە لە کاری پشکنین و لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییە داهێنراوەکان، کە ئەمە بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی جیا جیا دەکرێت، بوارەکانی زۆرن، بە هەموویانەوە خزمەت بە کارە ئەدەبییە داهێنراوەکان دەکەن و بەرەو پێشیان دەبەن).[١٧]

لەو بارەوە هەشت لێکۆڵینەوە لە هەر یانزە ژمارەکانی ڕووناکی بڵاوکراونەتەوە، سەرجەمیان تایبەتن بە مێژووی ئەدەبی کوردی و وەکو بەسەر ئەو لێکۆڵینەوانەدا دیارە، پێنجیان بە پێنووسی (حوسێن حوزنی موکریانی) نووسراون، بۆیە بایەخدانەکانی ئەم گۆڤارە بە مێژووی ئەدەب دیارە بۆ گرنگیدانەکانی ناوبراو بەو بوارە دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو وەکو نووسەرێك پانتاییەکی فراوانی لە نووسینەکانی خۆی بۆ مێژووی کورد و کوردستان تەرخانکردووە، دیارە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیش هەر بەشێکە لە مێژووی نەتەوەی کورد، بۆیە (حوسێن حوزنی) ئەم گرنگییە گەورەیەی بە مێژووی ئەدەب داوەو لەو یانزە ژمارانەدا وەکو گوتمان هەشت لێکۆڵینەوەی بڵاوکردۆتەوە، لەبەر درێژییا لە خوارەوە تەنها تیشك دەخەینە سەر ناونیشان و نووسەرەکانیان، کە بریتینە لە:

- ئەدەبیات و ئاساری ئودەبای کورد (ئەحمەدی خانی)، حوسێن حوزنی.
- ئەدەبیات و ئاساری ئودەبای کورد (عەبدوڵڵا بەگی میسباحوددیوان)، حوسێن حوزنی.
- مەلا عەبدولڕەحیم (مەولەوی)، حوسێن حوزنی.



- سەربردەی شاعیری فەیلەسووف (جەمیل سدقی زەهاوی)، حوسێن حوزنی.
- حاجی قادری کۆیی.
- عەلی بەردەشانی شایەری کورد، حوسێن حوزنی.
- فەیلەسووفی مەرحوم جەمیل سدقی زەهاوی، حوسێن حوزنی.
- مێژووی ئەدەبیاتی کورد، (گ ، م).

لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوانەش لەسەر ئەو بابەتانەی ئاماژەیان بۆ کرا، شت لەسەر ژیانی شاعیران و شیعرەکانیان نووسراوە، لەمەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە ئەو گۆڤارە چەند بە وردی کاری کردووەو هەوڵیداوە کوردستان هەمووی بە یەك ببەستێتەوە، چونکە هەر شاعیرەی هی پارچەیەکی کوردستانە، ئەمەش لە ڕووەکانی ڕۆشنبیری و سیاسیش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

### ٤- ڕۆمان:

ئەمە یەکێکە لە گرنگترین فۆرمەکانی چیرۆکی هونەری، (بە شێوەیەکی گشتی هونەری گێڕانەوەی زیرەکانەیە، نە وەکو شیعر پڕەو نە یەکێتی بابەت و جەختکردنەوەش لەسەری وەکو هی شانۆگەری وایە)[١٨]، لە ڕووی ناوەڕۆك و پێکهاتەوە (ڕۆمان ڕووداوی زۆر و جۆراوجۆر لە خۆی دەگرێت، لە نێوانیان پەیوەندییەکی ڕوون، یان نادیار هەیە، کەسێتییەکی سەرەکی و چەندین کەسێتی لاوەکیی هەیە، یانیش دەشێت چەندین پاڵەوانی هەبێت، بەڵکو دەشێت وێنەی شەقامێکمان بە هەموو کەسایەتی و ڕووداو و سەرەنجامەکانی بۆ بکێشێت، بەڵام هەرچەندەی ڕووداو و کەسێتییەکانیشی زۆر بن، دەبێت هەر ئەو توانایەی بمێنێت، کە بتوانێت مانایەکی گشتی بدات بە دەستەوە، کە خوێنەر بە لێوردبوونەوەی بتوانێت، دەرك بەو واتا گشتییەی بکات).[١٩]

لە ڕووی (مێژوو)ەوەش (ڕۆژگاری سەرهەڵدانی ڕۆمان بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی ڕۆمانسییەت دەگەڕێتەوە، دوای شۆڕشی فەرەنسی و کودەتاکردن بەسەر ڕژێمی پاشایەتی ئەوروپی، ئیتر ڕۆمان بووە ژانرێکی هونەری نوێی چیرۆکی درێژ و بووە جێگرەوەی داستان).[٢٠]

گۆڤاری ڕووناکی هاتووە بە ئەڵقە ڕۆمانێکی (محەمەد عەلی کوردی)ی بڵاوکردۆتەوە، کە بەداخەوە وەکو لە پێشەکی نووسەردا هاتووە، ڕۆمانێکی درێژی سەد لاپەڕەیی بووە، بەڵام تەنیا چەند لاپەڕەیەکی هەلی بڵاوبوونەوەی بۆ ڕەخساوە، کە لە سێ ژمارەی دوای (**٧**)ەوە بڵاوبوونەتەوە، دەنا دوای ئەوە گۆڤارەکە وەستاوەو ئەم ڕۆمانەش بە ناتەواوی ماوەتەوە.

ناونیشانی ئەم ڕۆمانە لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکیان بنچینەیە، بریتییە لە (نازدار)، ئەوی تریان لاوەکییە بریتییە لە (ژنی کورد لە لادێ).. بەسەریەکەوە بەم شێوەیە نووسراوە: (نازدار یان ژنی کورد لە لادێ)، دیارە ئەم ناونیشانەش ڕێك وەکو ناونیشانی ڕۆمانەکەی (ئەحمەد موختار جاف)ە کە لەسەری نووسیوە: (مەسەلەی ویژدان یان چۆن بووم بە خانەدان).. ئەو ناونیشانەش دیارە بە کارتێکراوبوون بە ڕۆمانەکانی ئەوروپای ئەو ڕۆژگارە بووە، کە ئەوانیش ئەوسا دوو ناونیشانی بەم شێوەیان هەڵدەگرت.

ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە کۆمەڵایەتی و چینایەتییە، باس لە سەربردەی کچێك دەکات، کە چۆن دەیەوێت میرایەتی بۆ خۆی ببات، لەبەر ئەوەی پێی وایە، لە هێزی بازوو و هێزی ئەقڵیشدا لەو کوڕە بە تواناترە، کە بووەتە میری کچان و کوڕانی ئاوایی و ناوی (دنیو)ە، بۆیە بە میرایەتی ئەو ڕازی نابێت، بۆ ئەم مەبەستەی دێت زۆرانێی لەگەڵ دەکات، بۆ ئەوەی بەسەریدا سەرکەوێت و میرایەتییەکەی لێبسێنێت، ئەو کچەی کە پاڵەوانی ئەو ڕۆمانەیە ناوی (نازدار)ە، کچی میری گوندەکەیە، بەڵام (دنیو) کوڕێکی لاوە، ڕاستە ئازاو بە توانایە، بەڵام لە تایەفەی میران نییە، بە ڕەچەڵەك کوڕی جووتیارێکی ئازای گوندەکەیە.

ئەم ڕۆمانە دەیەوێت ئەو شتانە بسەلمێنێت:

أ - ژیانی گوندەکانی کوردەواری لە ژیانی شارە گەورەکانی دنیاش خۆشترە، ئەمەش چونکە ڕاستی و پاکی و دڵنیایی و ئاسوودەیی و بەها ژیارییە جوانەکانی تێدایە، خەڵکان لە سای ئەو واتا جوانانە ئاسوودەو شادو بێغەم دەژین.

ب- ڕاستە ئەرکی ژنی کورد زۆر گرانە، ئیشی ماڵیش دەکات و لە هەندێ ئیشی دەرەوەشدا بەشدارەو یارمەتی مێرد و منداڵەکانی دەدات، بەڵام هێمن و دڵئارامە، بەو کارانەی ماندوو و توڕە نابێت.

ج - سەرچاوەی سەرکەوتن هێزی ئەقڵ و بازووە، ئیدی ئەمانە لە هەر کێدا هەبن، شتی چاکن.

د - نەوەی میران دەروونیان وەها دامەزراوە، تەنانەت کچانیشیان ناتوانن بە فەرمانڕەوایی بێجگەی خۆیان، لەوانەی، کە لە خوارە خۆیانیان دەبینن ڕازی بن.

هـ - نووسەر بە ڕاناوی (من) ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بڕوا بە خوێنەر بکات، بەڵام بە داخەوە وەکو گوتمان ڕۆمانەکە تەواو نەبووە، تا بزانین سەرەنجام نووسەر دەیەوێت تیایدا چی بکات.



شایانی باسە جگە لەم سێ ئەڵقانەی ڕووناکی ئیدی ئەم ڕۆمانە لە هیچ شوێنێکی دیکەدا شتی لێ بڵاوناکرێتەوە، بەوەش بووەتە پڕۆژەیەکی گرنگی ڕۆمانی کوردی، لەوانەی کەوا بە نیوە چڵی ماونەتەوەو تەواونەکراون.[٢١]

**٥- چیرۆك:**

لە گۆڤاری (ڕووناکی)دا کورتە چیرۆکێك بڵاوکراوەتەوە، بە ناونیشانی (فاتم چونکە زاڵم بوو، ئاخری ماڵی کاوڵ بوو)، ئەمە کورتە چیرۆکێکەو لەسەر شێواز و تەکنیکێکی هونەری نووسراوە، دیارە مەبەست لە کورتە چیرۆك (فۆرمێکی هونەری هاوچەرخە، لەگەڵ سەدەی ڕۆژنەمەگەری و خێرایی و مەیلکردن بەلای وردبوونەوە لە شتەکان دەگونجێت... یەك ڕووداو لەخۆوە دەگرێت، کەسێتییەکانی لە سێ یان چوار تێناپەڕن، هەندێ جاریش تەنیا یەك کەسە).[٢٢]

ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکەی ڕووناکی، باس لە ستەمی ژنێك دەکات، کە دەسەڵاتدارە، ئەوانەی ژێردەستی خۆی دەچەوسێنێتەوە، ئاگاداری ئەوە نییە، کە خودا ستەم لە کەس قەبول ناکات، دەشێت ڕۆژێك لێی بقەومێت و خۆیشی بەو پەڕی خراپی تێبچێت، ببێتە پەندی دنیاو دوامایی.

لەم چیرۆکەدا مام ڕەمەزان چوار ژنی هەیە، لە هەر یەکێکیان کۆمەڵێك منداڵی هەیە، یەك لە ژنەکانی لەبەر ئەوەی کچی پیاوێکی دەوڵەمەندەو باوکی خاوەن عەشیرەتێکی گەورەیە، بۆیە مام ڕەمەزان هەر سێ ژنەکانی دیکەی، کە هەوێی ئەون، دەیانخاتە ژێر فەرمانی فاتم، ئەویش بێویژدانانە لەگەڵیان دەجولێتەوە، ئەزیەتێکی زۆری سێ هەوێکانی دەدات، سەرەنجام وادەکات مام ڕەمەزان هەر سێکیان لە ماڵدا دەر بکات، بۆ ئەوەی ماڵ و مێرد هەر بۆ خۆی بمێنێتەوە، کە ئەمە ڕوودەدات، فاتم وادەزانێ ئینجا ڕێگەی ئاسوودەیی بۆ تەخت دەبێت و دەتوانێت بە خۆشی بژیت، بەڵام بێئاگایە لەوەی کە دادگری خودای گەورە ستەم قەبوڵناکات و بە زوویی بە هانای ستەملێکراوانەوە دێت، ئیدی لە پڕێکدا ماڵی باوکی فاتم ئاگری تێبەردەبێت و عەشیرەتەکەیان خراپی بەسەر دێت، باوك و عەشیرەتەکەی بەم شێوەیە تێدەچن، بەمە فاتم ئەو پشتەی نامێنێت، کە خۆی پێهەڵدەکێشان، لەبەر ئەوە ناتوانێت چیتر درێژە بە زوڵم و ستەمەکانیشی بدات، واتە چیدی وەکو جاران لەبەری ناڕوات، بۆیە پاش ماوەیەك بە زگ دەدات و دەمرێت.

بەمە دیارە مام ڕەمەزان بە تەنیا دەمێنێتەوە، هەست بە پەشیمانی خۆی دەکات، بۆیە بە دوای سێ ژنەکانی دیکەیدا دەچێتەوە، کە پێشتر بە قسەی فاتمی لوتبەرزو ستەمکاری خێزانی بە ناهەق دەری کردوون، دڵیان چاکدەکاتەوەو دەیانهێنێتەوە ماڵ، بەم شێوەیە هەموو لایەك شاد و

ئاسوودە دەبنەوە، بۆیە هەموویان سوپاسی خوای گەورە دەکەن، کە بە لوتف و بەزەیی خۆی، بە زوویی لە ستەمەکانی فاتمی دەربازکردن و فاتمی بە هۆی تاوانەکانی ڕیسوا کردو ژنەکانی دیکەشی گەڕاندەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان.[٢٣]

ئەم چیرۆکە هونەرەکەی لەوەدایە، کە بە زمانی کەسی سێیەمی تاك نووسراوەتەوە، پاڵەوانەکانی (مام ڕەمەزان) و (فاتم)ن، نەك نووسەر خۆی ئینجا پێکهاتووە لە سەرەتا، دواتر سەرهەڵدانی کێشەو ئاڵۆزبوونی، تا دەبێتە گرێ، لوتکەی تراژیدیاکەش لەوێ دروست دەبێت، پاش ئەوەش گرێیەکە دەبێتەوەو کۆتایی چیرۆکەکە بە یارمەتی خوداوە بە ئاسوودەیی و وەرگرتنەوەی هەقی هەقخوراوان تەواودەبێت.

### ٦- نامە:

ئەمە (بریتییە لە نامەی کەسی، کە یەکێك بۆ ئەوی تری دەنووسێت، لە کۆنەوە لای پاشاو میر و میرزاکان پەنای بۆ براوە، لە داڕشتنیدا هونەرکاری زۆر دەکرێت، وشەی ئەدەبی جوان و کاریگەر و سەرنجڕاکێش بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ فراوانبوونی خوێندن و زۆربوونی خوێندەوارانیش دیارە فراوانتر لە جاران پەنای بۆ دەبرێت).[٢٤]

لە گۆڤاری (ڕووناکی)دا تەنیا نامەیەك هەیە، کە (حوسێن حوزنی) بۆ (پیرەمێرد)ی شاعیری نووسیوە، تیایدا پێشەکییەکی زۆر جوان و سۆزئامێزی نووسیوە، دەڵێت:

(ئوستازی فازل و ئەدیبی عاقل، فەیلەسوفی گەورە پیرەمێردی کامل، ڕەئیسی جەمعییەتی زانست و ڕەهبەری لاوان، خاوەند نان و خوان، هەمشانی ماقوڵی بە عیزەت و شان، تاقانەی سلێمانی عاقڵی زەمان، بە پشت و بە هێز مودیری ژیان، جەنابی حاجی تۆفیق بەگ...).[٢٤]

دوای ئەم پێشەکییە جوانە ئینجا مەبەستی خۆی و گرێی دڵی خۆی بۆ (پیرەمێرد) دەکاتەوە، ئەوەی ئەو نامەیە بە تەواوی بخوێنێتەوە، ئینجا دەزانێ ڕۆشنبیر و ئەدیبانی کورد لە نووسینی نامەدا چەند بەهێزن و سلوکێکی چەند جوانی مامەڵەکردنیان هەیە.

### ٧- ژیاننامە:

هونەرێکە لە هونەرەکانی پەخشانی ئەدەبی، بەم شێوەیە پێناسە کراوە: (ژیاننامە وەرگێڕانی ژیانی مرۆڤێکە، لە میانەی خستنەڕووی وێنەیەکی ڕاستگۆ و پڕشنگداری ژیانی).[٢٥]

ئەو ژیاننامەیە دەشێت نووسەرێك بۆ خۆی بینووسێت، یانیش نووسەر بۆ ژیانی کەسێکی



تری بنووسێت، بەڵام دیارە دەبێت، ئەو کەسەی ژیاننانەی خۆی دەنووسێت، یان ژیاننامەی بۆ دەنووسرێت، کەسێکی دیار بێت و پێویستییەك هەبێت لە نووسینی ژیاننامەکەی.

لە گۆڤاری (ڕووناکی)دا یەك ژیاننامە نووسراوە، ئەویش لە جۆری دووەمیانە، کە نووسەرێك بۆ ناودارێکی نووسیوە، نووسەری ژیاننامەکە (حوسێن حوزنی موکریانی)یە، ئەوەی لە بارەی ژیانییەوەشی نووسراوە، (مۆسۆلۆنی)ی سەرکردەی فاشییەتی ئیتاڵییە، ژیاننامەی ئەو پیاوە بە درێژی و بە دوو ئەڵقە نووسراوە.[٢٦]

### ٨- سەربردەی فۆلکلۆری کوردی:

ئەو سەربردانە هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵی کوردەوای، یان کۆمەڵگاکانی دوور و نزیکی کوردن، بە شێوەیەك لە شێوەکان بە هۆی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەکان لەگەڵ یەکتریدا هاتوونەتە نێو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی، لە دێر زەمانەوە تا ئێستا لێرەو لەوێ ڕوویانداوە، وێنەیەکی بەرجەستەبووی واقیعی فیکری و ڕۆشنبیری و ژیانی کۆمەڵگا لە سەردەمی درووستبوونی سەربردەکە پیشان دەدەن، لە گێڕانەوەیان پەند وەردەگیرێت، زمانیان سادەیە، بە گوێرەی پێویست لە گێڕانەوەیەکدا بۆ یەکێکی تر درێژ و کورت دەکرێنەوە، چونکە بە گوێرەی پێویستی ئەو شوێنەی تیای دەگێڕدرێتەوە، هەر سەربردەیەك دەشێت شتێکی لێ لابرێت، یان شتێکی بۆ زیاد بکرێت، واتە شتی کۆن و زیادیان لێ لادەبرێت و شتی تازەو پێویستیان بۆ زیاد دەکرێت.

فۆلکلۆری کوردی لەو سەربردانەدا زۆر دەوڵەمەندە، ئەگەرچی زۆریشی بە نەمانی حیکایەتخوانەکان لەناوچوونە، بەڵام لەگەڵ داهاتنی چاپ و زۆربوونی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان، هەوڵی تۆمارکردنی ئەو سەربردانەش لە پاڵ سەرجەم بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانی دیکە دراوە، ئێستاکە بەرهەمێکی زۆر لەو بابەتانە چاپ بوونەو لە مەترسی فەوتان ڕزگاریان بووە.

گرنگی ئەو سەربردانە لەوەدایە، کە بەرهەمی ژیان و بیری کوردن و بەشێکی گرنگی سامانی کەلەپووری نەتەوەیین، دیارە هەر لەو سۆنگەیەوەش (حوسێن حوزنی) وەکو نووسەرێکی مێژوو و کلتووری کوردی هاتووە، گرنگی بەم لایەنەش داوە، بۆ ئەو مەبەستە (٥) سەربردەی بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمانەن:

١- بەندی لەشکری. ژ (٣)، لا ١.

٢- پادشاهێکی دادپەروەر، ژ (٨)، لا ٩.

٣- قیمەتی تاکێك، ژ (٩)، لا ١٣.
٤- هەرامە، ژ (١٠)، لا ٩.
٥- هەرچی دەکەی دوامینی ڕەچاو بکە، ژ (١٠)، لا ١٠.

**٩- نوکتەو قسەی خۆش:**

ئەمانە بریتین لە چەند پەڕەگرافێکی کورت، پێکەنین و چەشەیەك بە بەرانبەر دەبەخشن، ناواخنێکی ئاسانیان هەیە، بە زمانێك دادەڕێژرێن، لە زمان و تێگەیشتنی خەڵکی ئاساییەوە نزیکە، بۆیە کاریگەری خۆیان هەیەو لە زۆر باری سیاسی سەخت و دژواردا مرۆڤ پەنا بۆ ئەمجۆرە نوکتەو قسەخۆشانە دەبات، بۆ ئەوەی هەناسەیەك بدات و پەیامێك بگەینێت، بۆ نموونە لەم گۆڤارەدا ئەم وتووێژە هاتووە:

- کوڕ: بابە کتێبێکم دەوێت.
باب: دوێنێ بۆم کڕیت!
کوڕ: هی کوردی نا، هی کلدانی!!
باب: ئەمە چییە؟!!
کوڕ: ئێستا بووەتە مەنهەج لە مەکتەبدا.[27]

بەم نوکتە سەرنجڕاکێشە، گۆڤارەکە هەوڵدەدات، تەعنە لەو بڕیارەی هەندێ لە قوتابخانەکانی ئەو ڕۆژگارە بدات، کە لە وڵاتی موسڵماناندا خەریکە لە بڕی زمانی کوردی زمانی کلدانی دەسەپێنن. نوکتەکەش بە شێوەیەکی وایە، هەڵوێستێك لای خوێنەر درووست دەکات.



## ئەنجام

دوای ئەم لێکۆڵینەوەیەمان لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی هەر یانزە ژمارەکانی گۆڤاری ڕووناکی، ئەو گۆڤارەی کە وەکو یەکەم گۆڤاری هەولێرییەکان، لە ١٩٣٥/١٠/٢٤ لە لایەن (شێت مستەفا) و (حوسێن حوزنی موکریانی) دەرکراوە، گەیشتینە ئەم چەند ئەنجامەی خوارەوە:

١- گۆڤاری ڕووناکی گرنگییەکی زۆری بە هونەرەکانی ئەدەبی کوردی داوەو بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتە ئەدەبییەکان تەرخانکردووە.

٢- ئەو هونەرە ئەدەبیانەی شتی لێ بڵاوکردوونەتەوە (١١) هونەری سەرەکین، بریتینە لە: (وتار، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، شیعر، مەتەڵ، ڕۆمان، سەربوردەی فۆلکلۆری کوردی، پەخشانی ئەدەبی سۆزئامێز، چیرۆك، نوکتە، نامە، ژیاننامە).

٣- نووسەرانی هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و بەغدا و موکریان شتیان بۆ ئەو گۆڤارە ڕەوانکردووەو ئومێدێکی گەورەیان پێی هەبووە، بۆ بەرەوپێشبردنی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی، ئەوەش کەواتە ئەو گۆڤارە لە دەرەوەی هەولێریش خوێنەر و نووسەری هەبووە، با لە هەولێریش دەرچووبن.

٤- شتێکی گرنگ بووە، کە لە ساڵی ١٩٣٥ گۆڤارێك بێت بە ئەڵقە ڕۆمانێك بڵاوبکاتەوە.

٥- بەداخەوە ئەو گۆڤارە زوو گرفتی بۆ دروستکراوەو لە دەرچوون وەستاوە، بەمەش کەلێنێکی دروستکردووەو زیانی لە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی داوە، بۆ نموونە: زیانێك کە باربوو نابێ-ەوە، تەواونەبوونی ڕۆمانی (نازدار یان کچی کورد لە لادێ)یە، کە لەو سێ بەشە بچووکەی کە لەو گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە، ئەم ڕۆمانە چی دیکەی دیارنییەو تا ئێستاش بەشەکانی دیکەی لە هیچ کوێیەکدا نەدۆزراوەتەوە.

٦- ئەو هەموو گرنگیدانەی ئەو گۆڤارە بەو هەموو هونەرە ئەدەبیانە، لە دوو لا سوودی گەیاندووە، لە لایەك بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی سەر بە هەر هونەرێك لەو هونەرانەی شتی بۆ بڵاوکردۆتەوە، بووەتە هۆی بەرەوپێشبردنی هونەرەکەو زیاتر چەسپاندنی لە دنیای ئەدەبی کوردیدا، لەو لاوەش هەلی ڕەخساندووە، کە شاعیر و ئەدیبە داهێنەرەکان بێنە مەیدان و بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە خزمەتی زیاتر بە ئەدەب و نەتەوەکەشیان بکەن.

## پەراوێزەکان

١- گۆڤاری رووناکی، ژ (١)، لا ١٦.

٢- گۆڤاری رووناکی، ژ (٨)، لا ٦.

٣- گۆڤاری رووناکی، ژ (٨)، لا ٧.

٤- گۆڤاری رووناکی، ژ (١٠)، لا ١١.

٥- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

٦- گۆڤاری رووناکی، ژ (٢)، لا ١٢.

٧- گۆڤاری رووناکی، ژ (٨)، لا ٥.

٨- گۆڤاری رووناکی، ژ (٧)، لا ١٥و، ژمارە (١٠)، لا ٩.

٩- گۆڤاری رووناکی، ژ (١١)، لا ١٦.

١٠- د. محمد حسن عبدالله، فنون الادب، دار الكتب الثقافية، كويت، الطبعة الثانية، ١٩٧٨، ص ٢٦١.

١١- حوسێن حوزنی، ئەدەبیات (بەرزی و ناو)، - گۆڤاری رووناکی، ژ (١)، لا ١٢.

١٢- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٣).

١٣- ئیدریس عەبدوڵڵا، پەخشان یەکەمینی دوو شێوەکانی دەربڕین بەش و فۆڕمەکانی، گۆڤاری (نوسەری نوێ)، ژمارە (٢٤و٢٥)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤، لا ١٢٧و١٢٨.

١٤- دڵسۆزێکی نزیك، ئەی رووناکی، گۆڤاری رووناکی، ژ (١)، لا ١.

١٥- بڕوانە: گۆڤاری رووناکی، بەرگی دواوەی هەر یانزە ژمارەکان.

١٦- بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: مەحموود فەهمی هەمەوەند، ڕۆژو کردەوەی شیرینی، گۆڤاری رووناکی، ژ (٣)، لا ٦و٧و٨.

١٧- ئیدریس عەبدوڵڵا، گۆڤاری (نوسەری نوێ)، ژمارە (٢٤و٢٥)، لا ١٣٢.

١٨- د. محمد حسن عبدالله، فنون الادب، ١٩٧٨، ص ١٨٩.

١٩- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

٢٠- ئیدریس عەبدوڵڵا، گۆڤاری (نوسەری نوێ)، ژمارە (٢٤و٢٥)، لا ١٢٦.

٢١- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم ڕۆمانە بگەڕێوە بۆ ژمارەکانی (٧) و (٩) و (١١)ی گۆڤاری رووناکی.



٢٢- بڕوانە: ڕەشۆ، فاتم چونکە زاڵم بوو، ئاخری مالی کاول بوو، گۆڤاری رووناکی.

٢٣- ئیدریس عەبدوڵڵا، گۆڤاری (نوسەری نوێ)، ژمارە (٢٤و٢٥)، لا ١٢٨.

٢٤- حوسێن حوزنی، نامەی (ڕاستەکەی)، - گۆڤاری رووناکی، ژ (١١)، لا ١٠.

٢٥- د. شوکرییە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی التعليم العالي، هەولێر، ١٩٨٩، لا ١٤٢.

٢٦- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حوسێن حوزنی، مۆسۆلۆنی، بەشی یەکەم، لە ژمارە (٤)، لا ١٢و، بەشی دووەم لە ژمارە (٥)، لا ١٠.

٢٧- گۆڤاری رووناکی، باب و کوڕ، ژ (٣)، لا ٨.

## سەرچاوەکان:

١- د. کوردستان موکریانی، رووناکی یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١. کە بۆ هەر یانزە ژمارەکانی رووناکی لەو سەرچاوەیە سوود وەرگیراوە.

٢- د. محمد حسن عبدالله، فنون الادب، دار الكتب الثقافية، كويت، الطبعة الثانية، ١٩٧٨.

٣- د. شوکرییە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی التعليم العالي، هەولێر، ١٩٨٩.

٤- ئیدریس عەبدوڵڵا، پەخشان یەکەمینی دوو شێوەکانی دەربڕین بەش و فۆڕمەکانی، گۆڤاری (نوسەری نوێ)، ژمارە (٢٤و٢٥)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤.

# چەند تیشکێك بۆ سەر گۆڤاری (هەتاو)

**ناو: هەتاو**

پسپۆری: گۆڤارێکی وێژەیی (ئەدەبی) هەفتەیی کوردییە

مێژووی دەرچوونی: یەکەم ژمارەی ساڵی یەکەمی لە ١٥ی مایسی ١٩٥٤ دەرچووە

شوێنی دەرچوون: هەولێر

لایەنی دەرکەر: چاپخانەی کوردستان

خاوەن ئیمتیاز و هەڵسوڕێنەر: گیوی موکریانی

**سەرنووسەر:**

لە ژمارەکانی (١) تا (٣٨) پارێزەر ئیبراهیم عەزیز ئاغا.. لە ژمارە (٣٩) وە تا چەند ژمارەیەك پارێزەر محەمەد شەهاب دەباغ.. لە ژمارەکانی دواتریش: ڕەئیسی موتەقاعید جەلال قادر بووە.

قەوارە: بە نیوە A4 ی (١٤,٣) بە (٢١)سم دەرچووە، بەڵام هەندێکی بەبەر بڕین کەوتووەو تۆزێك لەو قەوارەیە بچووکتر کەوتۆتە بەر دەست.

**دوا ژمارە و مێژووەکەی:**

دوا ژمارەی ئەو گۆڤارە ژمارە ١٨٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠ بووە.

**ئابوونەی ساڵانە:**

ئەگەر بڕوانینە لاپەڕە (٢)ی زۆربەی ژمارەکانی هەتاو، دەبینین لە بارەی نرخ و هاوبەشی ساڵانەیەوەی ئەمەی خوارەوە نووسراوە:

ساڵانە بۆ دەوڵەمەندو مووچە خۆرەکان: ١١٠٠ فلس

بۆ سەوداگەرو کاسب و مووچە خۆرە گچکەکان: ٨٠٠ فلس

بۆ قوتابی و فەقێیان: ٥٠٠ فلس

ساڵانە بە ناوی خاوەنی ئیمتیازەوە دەنێررێت..



**زمانی نووسین:**

١- زمانی نووسینی ئەو گۆڤارە (کوردی و عەرەبی)یە، کە کوردییەکە زمانی بابەتە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانیەتی، عەرەبیش زمانی زۆربەی (اعلان)-اتەکانییەتی.

٢- زمانە کوردییەکە بە زاری کرمانجی خوارووە، هەروەها شتی بە کرمانجی ژوورووش بڵاوکردۆتەوە، بۆ نموونە:

- یەك کرنا زمانی کوردی.. مە لە گەلەك هەژمارێن (هەتاو)دا خواندیە گەلەکا ژ نڤیسەڤانا ل ژێر ڤی ئەدرەسێدا گوتارەك بلاڤ کریە. ب ڕاستی ئەڤ ئەدرەسە زۆر پێدڤیە کو نڤیسەڤانێن کوردی ئێن پاك ل ژێریدا بنڤیسن ئو بکەن بەنگەها کۆم کرنا نکاوان... ژ ٣١، ساڵی دووەم، لا ١.

٣- زمانە کوردییەکەی پڕە لە وشەو دەربڕینی عەرەبی و نا کوردی.. بۆ نموونە:

- دوکتور مردان علی - رئیسی صحەی هەولیر... ژ ٣٦، ساڵی دووەم، لا ٤.
- مەسەلەن (سوو هەزم) و مەعدەپڕی دڵە کوتێی لێ پەیدا دەبێ، کە ئەوان چابوونەوە، ئەویش نامێنێ... ژ ٣٦، ساڵی دووەم، لا ٤.
- ئەی دانیشتوانی بەڕێز.. بەلەدیەی هەولێر و دائیرەکانی تر بە یاریکاری سیادەتی موتەسەڕیف تا ئەندازەیەکی کە بۆی مومکن بووبێ وەڵامی داوەتەوە. لەم چەند مانگەی دوایی بەلەدیە ئیعلانی شۆڕشی ئاوەدانیێ-ی کردو نزیکەی هەزار پالەیەکی وە کار خست... ژمارە ١٥٠، ساڵی چوارەم، لا ٢٤.

**هۆی دەرچوون:**

سەبارەت بە هۆی دەرچوونی ئەو گۆڤارە، مامۆستا گۆران فەیزی لە لاپەڕە (٨١)ی نامەی ماستەرەکەی خۆیدا: (باری ئەدەبی کوردی لە شاری هەولێر لە نێوان ساڵی ١٩٣٥ - ١٩٥٨)، کە ئەویش لە وتارێکی مامۆستا (کەریم شارەزا)ی وەرگرتووە، نووسیویەتی: بە وەستانی ڕۆژنامەی هەولێر بۆشاییەکی گەورە لە ڕووی ڕۆژنامەگەرییەوە لەم شارە دێرینە پەیدا بوو، بەڵام مامۆستای خەمخۆری وشەی کوردی (گیوی موکریانی) قۆڵ و بازووی لێهەڵکردوو گۆڤارێکی دەرکرد بە ناوی (هەتاو)، ئەوەش بە پێی ئەوەی، کە خۆی خاوەنی چاپخانەی کوردستان، واتە چاپخانەی (زاری کرمانجی) پێشوو بوو، هەر لە هەمان چاپخانە ئەم گۆڤارەی بە چاپ گەیاند.

لەمەشدا دەردەکەوێت، کە هۆکاری دەرچوونی گۆڤارەکە هۆکارێکی سیاسی بووەو بە پاڵنەری نەتەوەیی گۆڤارەکە دەرکراوە، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە ڕۆشنبیرییەی لە شاری هەولێر بە هۆی داخرانی ڕۆژنامەی هەولێر دروست ببوو، درێژەنەکێشێ و ڕەوتی ئەدەب و ڕۆشنبیری شارەکە تووشی وەستان نەبێت. ئەمەش دیارە پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئەنجامدانی کارێکی وەها، یان هەر کارێکی تر، مادام غەمێك درووستبووەو ئەو خەمە ویستێکی لە دواوەیە بۆ ئەوەی کۆتایی پێبێنێت.

### ریزبەندی (هەتاو) لە نێو گۆڤارە کوردییەکاندا:

گەربێت و هەموو ئەو گۆڤارە کوردییانە بە گوێرەی بەرواری دەرچوونیان بە دوای یەکدا ریز بکەین، دەبینین گۆڤاری(هەتاو) لە ژمارە (٣٢)ی ئەو زنجیرەیە دێت، واتە بە تەنیا(٣١) گۆڤار بەر لە ئەو لای کورد دەرکراون، ئەو خشتەیەی خوارەوەش ئەو ڕاستییە وەدەر دەخات:

١- (ڕۆژی کورد) و (هەتاوی کورد)، کۆمەڵەی هیڤی کورد، هاوینی ١٩١٣، ئەستەمبۆڵ.
٢- یەکبوون، ------ ، ١٩١٣، ئەستەمبۆڵ.
٣- بانگی کورد، جەمالەدین بابان، شوباتی ١٩١٤، بەغداد.
٤- کوردستان، میسانیرە پرۆتستانییەکان، نیسانی ١٩١٤، مهاباد.
٥- کوردستان، -------------- ، ١٩١٥، حەلەب.
٦- ژین، ئەشرەف حەمزە، کانوونی یەکەمی ١٩١٨، ئەستەمبۆڵ.
٧- کوردستان، سەید حوسێن، کانوونی دووەمی ١٩١٩، ئەستەمبۆڵ.
٨- دیاری کوردستان، ساڵح زەکی ساحیبقڕان، مارتی ١٩٢٥، بەغدا.
٩- زاری کرمانجی، سەید حوسێن موکریانی، مایسی ١٩٢٦، ڕەواندوز.
١٠- پەیژە، مستەفا شەوقی، ١٩٢٧، بەغدا.
١١- هاوار، جەلادەت بەدرخان، مایسی ١٩٣٢، شام.
١٢- رووناکی، شیت مستەفا و حوسێن حوزنی موکریانی، ١٩٣٥، هەولێر.
١٣- زانستی، ساڵح قەفتان، ١٩٣٨، سلێمانی.
١٤- گەلاویژ، ئیبراهیم ئەحمەد، ١٩٣٩، بەغدا.
١٥- روناهی، جەلادەت بەدرخان، جەلادەت بەدرخان، شام.
١٦- نیشتمان، کۆمەڵەی (ژ.ك)، ١٩٤٣، بەغدا.



١٧- دەنگی گێتی تازە، ئینگلیزەکان، ١٩٤٣، بەغدا.
١٨- ڕۆژا نۆ، د. کامەران عالی بەدرخان، مایسی ١٩٤٣، بەیروت.
١٩- ستێر، د. کامەران عالی بەدرخان، کانوونی یەکەمی ١٩٤٣، شام.
٢٠- هاوار، ------------- ، ١٩٤٥، مهاباد.
٢١- کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، کانوونی یەکەمی ١٩٤٥، مهاباد.
٢٢- ئاوات، -------------------- ،١٩٤٥، مهاباد.
٢٣- هەڵاڵە، ---------------------- ، مارتی ١٩٤٦، بۆکان.
٢٤- هاواری نیشتمان، یەکیەتی جەوانانی دیموکرات، مارتی ١٩٤٦، مهاباد.
٢٥- گڕوگاڵی منالآنی کورد، قادری مودەڕیسی، بەهاری ١٩٤٦، مهاباد.
٢٦- ئاگاو ڕووداوی هەفتەیی، کاروباری ئاڵوگۆڕی خوێندەواری ئەمریکی، ١٩٤٦، بەغداد.
٢٧- نزار، عەلائەدین سەجادی، مارتی ١٩٤٨، بەغداد.
٢٨- ئیرە بەغدایە، کارگێڕی گشتی ئاراستەو ئیزگە، ١٩٥٠، بەغداد.
٢٩- خۆرنشین، ------------- ، ١٩٥١، مهاباد.
٣٠- پەیام، کاروباری ئاڵوگۆڕی خوێندەواری ئەمریکی، ١٩٥٢، بەغداد.
٣١- ڕاوێژ، ----------- ، ١٩٥٢، ئێران.
٣٢- هەتاو، گیو موکریانی، ١٩٥٤، هەولێر.

### خاڵە بەهێزەکانی هەتاو:

ئەم گۆڤارە گەلێ خاڵی بەهێزی هەبووە، لەوانە گرنگترینیان:

١- گۆڤارێك بووە بۆ شەش ساڵی بەردەوام مانگانە سێ ژمارە، یانیش دوو ژمارەی کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران و بیست لاپەڕەی لە بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بڵاوکردۆتەوە، ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر بەرەوپێشبردنی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی لە هەولێر.

٢- گەلێ بابەتی پەروەردەیی بڵاوکردۆتەوە، ئەو بابەتانەش کاریگەرییان هەبووە لەسەر پارێزگاری کردن لە داب و نەریت و ڕەوشتی ڕەسەنی کوردەواری.

٣- گرنگی زۆری بە بەرزکردنەوەی ورەو متمانە بەخۆبوونی تاکی کوردی داوەو بە وێنە بەهێزەکانی کورد لە ڕابردوودا، ئومێدی بۆ ئاییندە لە ئەمرۆی نەتەوەدا دروستکردووە، ئەوەتا

بۆ نموونە لە بەرگی دواوەی ژمارە (١٢٧)دا وێنەی دەمانچەیەکی بڵاوکردۆتەوە، لەسەری نووسیوە: تازە ئەو دەمانچەیە دۆزراوەتەوە، کە چەکی لەشکری میر محەمەد پاشای گەورەی ڕواندزی بووە، کە لە ساڵی ١٢٢٠ی هیجریدا هەر لە ڕواندزیٚ لەگەڵ تۆپەکانی دروستکراوە، ئەوە بەڵگەیەکی گەورەیە بۆ ئەوەی، کە کوردیش لە پیشەسازی (صناعە) و شارستانێتیدا لە هەموو دراوسێکانی خۆی پێشکەوتووتربووە، چونکە ئەوسا تورك و عەجەم نەیاندەزانی فیشەکێکیش دروست بکەن!!!

بابەتێکی وەها لە ڕۆژێکدا، کە نەتەوە لە پارچە پارچەییدا لەژێر فەرمانی خەڵکی تردا وای لێهاتووە بڕوای بە ئایندەی لاوازبێت و وابزانێت لە ڕابردووش هەر هیچی نەبووە، ئەمجۆرە بابەتانە متمانەی بۆ دروستدەکەنەوەو بەرەو ژیان کارای دەکەن.

٤- بابەتەکانی هەمەڕەنگن: مێژوو، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، ڕێنووسی زمانی کوردی، سیاسی، ئامۆژگاری پزیشکی، هەواڵ...هی تر.

٥- بابەتەکانی مێژوویەکی باشن بۆ گەلی ڕووداو و باسی مێژووی ئەدەب و ڕۆژنامەگەری و مێژووی سیاسی عێراق و کوردستان، هەروەها سەرچاوەیەکی بە بایەخن بۆ ئاشنا بوون بە باری ژیانی ئەو ڕۆژگارەو گیروگرفت و کێشەکانی ئەوساو نرخی هەندێ لە شتەکانی ئەوساو کرێی کارکەران و مووچەو...هتد، کە ئەمانە ئاوێنەی باری ژیانی کۆمەڵگەی هەولێر و کوردستانی ئەوسان و بایەخی خۆیان هەیە.

٦- گرنگی داوە بە بەرهەمی منداڵان و گەلیٚ بابەتی پەروەردەیی بۆ تۆمار کردوون.

٧- گۆڤارێکی ئەهلی بووەو ئەزموونێکی دیکە بووە لە دوای گۆڤاری زاری کرمانجی، کە هەر ئەو چاپخانەیە زووتر دەریکردبوو.

٨- ژمارەیەکی زۆری نووسەری بەرچاو لە هەولێر و سلێمانی و کۆیە و کەرکووك و بەغداو شوێنانی تر بابەتیان بۆ نووسیوەو خوێنەری گۆڤارەکە بوونە.

٩- گرنگی زۆری بە کێشە کوردییەکان داوە: بۆ نموونە سەبارەت بە گیران و دەرچوونی حوکمی لە سێدارەدان بۆ هەندیٚ کادیری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕووبەرێکی باشی تەرخانکردووەو چەندین بروسکەو ناڕەزایی نامەی ئەم و ئەوی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە:

أ- بروسکەی بێزاری بۆ بالیۆزخانەی ئێران لە بەغدا:

ئێمە کە وێژەوان و هۆنەرو نووسەرانی کوردستانین، بە توندی بێزاری خۆمان دەرئەبڕین بەرانبەر بەو هێرشە ناڕەوایانەی کراونەتە سەر هاونیشتمانانی کوردی کوردستان - ئێران و



دڵگیریمان دەرئەبڕین بەرامبەر ئەو حوکمە ناڕەوایانەی دراوە بەسەر غنی بلوریان و هاوڕێکانی دا وە دەنگمان ئەخەینە سەر دەنگی چەندین ملیۆن کورد وە داوای ئیلغای ئەو حوکمانە دەکەین و ئومێدمان وایە کە ئەدیبانی گێتیش لەو مەبەستە عادیلانەدا بۆ ئیلغای ئەو حوکمە ناڕەوایەی تارانیٚ یاریدەمان بدەن.

کامەران، ئەبوبەکر جەلال (هەوری)، رمزی معروف، شاکر فەتاح، محمدی خال، محرم محمدامین، محمد مصطفی کوردی، احمد هەردی و مصگفی صالح. ژ ١٨٠، لا ٣٣.

ب- بێزاری.. لە ڕووی ئەوەوە، کە کاربەدەستانی گەندەلی تارانی بڕیاری خنکاندنی چەند ڕۆڵەیەکی قارەمانی کوردیان داوە ئێمە کە پێدەرین لەسەر چیا بەرزەکانی کوردستانەوە ئەو پەڕی ناڕەزایی خۆمان بۆ ڕزگاری برایەکانمان دەردەبڕین.. عەلی وەلی و کەمال ئەمین.. ژ: ١٨٠، لا ٣٥.

١٠- لە ڕووی نووسینەوە وردو نیمچە خاڵییە لە هەڵەی چاپ، کە بەداخەوە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ زۆربەیان بە دەستیەوە دەناڵێنن.

١١- گرنگی زۆری بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردی داوە. بۆ نموونە: هاتووە خوێنەری بە ناوی مانگە کوردییەکانی بەهار ئاشناکردووە، نووسیویەتی:.. بەهار سێ مانگە:

- نەورۆز، خاکەلێوە، ئاخەلێوە، ئاخلێف، دارپشکێو، هەرمیٚ پشکوان، ٣٠ ڕۆژە.
- گوڵان، شێستەباران، بانە سەر، هێلانەمە ٣١ ڕۆژە.
- بەختەباران، جۆزەردان، باران بڕان، باران وەشان،٣٠ ڕۆژە.. بڕوانە: ژ: ١٢٧، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوە.

١٢- خوێنەری زۆربووە، بۆیە خەڵك تێبینی و هەڵوێستەکانی خۆی لەویٚ بڵاوکردۆتەوە.. بۆ نموونە: - پاکانە.. هەندیٚ کەس بوختانی شیوعیەت و مەبدەئی خراپیان بە من کردووە، لە ڕووی ئەوەوە کە من شیوعی نیم و بەندیوارێتیم بەسەر هیچ کۆمەڵەیەکی دزی و ئاشکراوە نییە پاکانەی خۆم لە وان و ئیخلاصێتی خۆم بۆ نیشتومان و پادشاو ئایینی پاکی ئیسلام بڵاودەکەمەوە مامەند تاها بەرگدروو - کۆیە ژ ١٢٦.

## خاڵە لاوازەکانی هەتاو:

١- هەر لە یەکەم ژمارەیەوەی تا ژمارە (١٤٢)ی ١٣٧ی پێنج شەممە ٣١ی تمووزی ١٩٥٨یش لەسەر بەرگی پێشەوەی نووسراوە: جاریّ هەر لە ١٠ ڕۆژاندا چەلیکی پەخش دەکرێت، بە داخەوە هەموو ژمارەکانم لەبەر دەست نەبووە بزانم، تا کەی وەها نووسراوە، بەڵام لە ژمارە ١٤٣ی ساڵی پێنجەم هەینی ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨ ئەو ماوەی نێوان دوو ژمارانە زیادکراوەو لە دە ڕۆژ کراوەتە ١٥ ڕۆژو لە هەمان شوێنی سەر بەرگی پێشەوەی نووسراوە: جاریّ هەر لە ١٥ ڕۆژاندا چەلیکی لە هەولێر لە چاپخانەی کوردستان پەخش دەکرێت، هەتا دوا ژمارەکانیشی هەروەهایان لەسەر نووسراوە، کە من تا ژمارە (١٨٠)ی پێنجشەممە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٠م بینیوە، دوای ئەوەش هەل و مەرجی دەرچوونی گۆڤارەکە خراپتر بووە، پێم وانییە کرابێتە هەفتانەو زووتر دەرچووبێت، بە تایبەت کە دوای ئەو ژمارەیەی دەیلێم، هەر هەشت ژمارەی تر دەرچووە.

واتە قەت نەیتوانیوە ببیّ-ە گۆڤارێکی هەفتانە، وەکو لە یەکەم ژمارەیەوەی بەردەوامیش هەر ئەوەی دەنووسی.

٢- لە ڕووی خاڵبەندییەوە لاوازەو زۆر خاڵییە لە هێماکانی خاڵبەندی، بڕگەی دوورو درێژ هەیە، یەك فاریزە، یان خاڵ، یان نیشانەکانی پرس و سەرسوڕمانیشی تیا نییە.

هەندیّ لایەنی زەقی ئەو گۆڤارە:

ئەو گۆڤارە گرنگی بە گەلیّ بواری زەقی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و هی تر داوە، لەوانە تیشك دەخەینە سەر گرنگترینیان:

### یەکەم: بەرهەمە ئەدەبییەکان (شیعر و چیرۆك)

ئەم گۆڤارە گرنگی زۆری بە بەرهەمە ئەدەبییەکان داوە، چ شیعر و چ بابەتەکانی پەخشانیش، بە تایبەت شیعر کە بەشی تایبەتی لە ژمارەکانیدا بۆ باخچەی بوێژان تەرخانکردووەو کورتە چیرۆکێکی ژیانی هەندیّ لە شاعیران و چەند پارچە شیعرێکی شاعیرانی ئێرەو ئەوێی بڵاوکردۆتەوە، بەوەش بەشی ئەدەب لەو گۆڤارەدا زۆر بووە.



### دووەم: بابەتی مێژوویی

لەمڕووەوە گەلیّ بابەتی لەسەر مێژووی کورد و کوردستان بڵاوکردۆتەوە، لەوانە:

- زنجیرە وتارێك لەسەر شاری کەرکووك لە ژمارەکانی سەدو بیستەکان.
- شۆڕشی عێراق و قەزیەی کورد، ژ ١٥٠، لا ١.

### سێیەم: بابەتی کۆمەڵایەتی

لە مڕووەوەش گەلیّ بابەتی لەسەر دەردەکۆمەڵایەتییەکانی نیشتومان و داب و نەریتە ڕەسەنەکان و بەها ژیارییەکان و هی دیکەی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە:

- دەردی ناو نیشتمان، لە ژمارە (١٤٩)، لاپەڕە (٦).. تیایدا تیشك خراوەتە سەر نەخوێندەواری و پیسی و پۆخڵی، تیایدا بە بەڵگەکانی ئاین و فەرموودە تیشك خراوەتە سەر گرنگی خوێندەواری و گرنگی پاکی و خۆ بە دوورگرتن لە پیسی و پۆخڵی.

### چوارەم: بابەتی سیاسی

لەم لایەنەشەوە گەلیّ بابەتی سیاسی لەسەر یەکبوون و کۆبوونەوەی میللەت و یەکیەتی و مەسەلەی نەتەوایەتی ونووسیوە.. لەوانە:

- یەکیەتی قەڵای زۆردار ئەڕووخێنیّ. ژ ١٤٣، لا ٧.
- شۆڕشی ئۆکتۆبەرو مەسەلەی نەتەوایەتی.. (٢)، ژ ١٤٩، لا ١.
- پارێزگاری جەمهوریەت پێویستە.. ژ ١٤٩، لا ١٠.

### پێنجەم: هەواڵ لەو گۆڤارەدا

ئەو گۆڤارە گرنگی زۆری بە هەواڵی ناوخۆیی عێراق و بە تایبەت هەواڵەکانی کوردستان و هەولێر داوە، جگە لەو هەواڵانەش کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەبووە، ئەگەر لە دەرەوەی کوردستانیش بووبێت، یان لە هەر بوارێك بووبێت، بۆ نموونە:

- سەرەڕای وشکە ساڵێتی شەوی پێنجشەمەم و هەشت سەعات بارانێکی خۆش باری.
- تازە چاپخانەیەك بە ناوی کامەران کراوەتەوە، خوا بیپارێزیّ و هاوتای لەناو هەموو شار و دێهاتێکی کوردستاندا زۆر بیّ بۆ خزمەتی زمانی کوردی کلۆڵ و دواکەوتوو.
- کۆمەڵە قوتابییە کوردەکانی ئەوروپا دەستەبەندییەکیان کردووەو گۆڤارێکیان بە ناوی

(کوردستان) بڵاوکردۆتەوە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی بەو نیازە کە کوردی بە نەتەوە پێشکەوتووەکان بە ناسین بدەن پارێزگاری و پێشکەوتنیان لە یەزدان ئاواتەخوازم. لا ٢، ژ ١٢٩.

- لەم ڕۆژانەدا تەمسیلی شەهرەزاد لەسەر شانۆی سانەوی هەولێر بە زمانی کوردی لەژێر چاوەدێری سەعادەتی موتەصەڕیف دا لەلایەن کاك محمد شکر و مامۆستا جەواد ڕسول و هاوڕێ هونەرمەندەکانیانەوە کراو زۆر خۆشبوو قازانجەکەی بۆ قوتابیە هەژارەکانی هەولێرە. ژ ١٢٥، دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوە.

**شەشەم: بەرهەمی منداڵان لەم گۆڤارەدا**

بۆ نموونە لەم شیعرەی خوارەوەیدا، دەیەوێت چەمکی هاوکاریکردن لە منداڵان بگەیەنێت و لە تورەیی و خۆ بە زلزانین و لێکنەگەیشتن لایانبدات، دەنووسێت:

- دوو بزنە کێوی لەسەر پردی تەنگ
بەرانبەر هاتن لە پڕ بەبێ دەنگ
ئەم وتی لادە با من تێپەڕم
ئەوی تر وتی لاچۆ بێ شەرم
ڕۆڵە من لە تۆ ساڵێکی تەواو
گەورەم دووایی ئەتخەمە ناو ئاو
ئەمی تر وتی بەس درۆ بێژە
ڕیشی من بستێ تەواو درێژە
ئەو وتی بە ڕیش نییە بە ئیشە
فەرموو تێپەڕە بیکە بە پیشە
هەردوو بە توندی تەکانیان بۆ دا
ئەمیان بۆ ئەویان ڕێگەی بەر نەدا
شاخیان وا گیربوو لە شاخی یەکتر
هێزیان بەرانبەر یەك لە یەك زیاتر
کەمی چەوتیان کەوتی ئەو وەختە
بەربوونە خوارێ هەردوو بە جووتە
سەرکێشە سەری خۆی ئەدۆڕێنێ
بۆ یەك دوو قسە چاو نا قووچێنێ.. نەریمان، ژ ٣١، لا ١١.



**حەوتەم: گرنگی دان بە لاو و هەرزەکار لەم گۆڤارەدا:**

لەم ڕووەوە ئامۆژگاری زۆری بۆ لاوان و هەرزەکارن پێشکەش کردووە، بۆ ئەوەی بەرەو ئایندەی گەش بیان بات، بۆ ئەو مەبەستەش بە دوو شێوە کاری کردووە، کە بریتینە لە ناشیرنکردنی دژە بەهاکان و جەختکردنەوە لەسەر بەها باشەکان و جوانکردنیان.. لە خوارەوە نموونە بۆ هەردوو لایەن دێنینەوە:

أ - ناشیرن کردنی دژە بەهاکان:

- لەم چیرۆکەی خوارەوە (قومار و عەرەقخۆری و داوێن پیسی) ناشرین دەکات و بە بەڵگەی پڕاکتیکی واقیعە تاڵەکە لە لاوان دەگەیەنێت، بۆ ئەوەی ئاقڵ بن و سوودی لێوەرگرن.. دەنووسێت:

(... پیاوێکی نورانی و بە دین کوڕێکی ئەبێت لە تەمەنی گەنجیدا، باوکە نەخۆش ئەکەوێت وە دێتە حاڵی سەرە مەرگ، بانگی کوڕەکەی ئەکات و پێی ئەڵێ: ڕۆڵە: تاوەکو من مابووم ڕێگەم نە ئەدایت بە کردنی خراپە، بەڵام لە پاش منیش ئەبێت خۆت تووشی هیچ جۆرە خراپەیەك نەکەیت، بەڵام من لێت دڵنیا نیم، لەبەر ئەوە وەسیەتت لە سێ شتی خراپ و خەتەر بۆ ئەکەم.. ڕۆڵە وەسیەتی من بۆ تۆ ئەمەیە:

یەکەم: خۆت دوور بخەیتەوە لە قومار و قومارچی، ئەگەر قوماریشت کرد، وەسیەتم ئەوەیە لەگەڵ زاناترین کەس لە قومارداو مامۆستاترین کەس لە قوماردا بیکە.

دووەم: هیچ شتێك نەخۆیتەوە، کە سەرخۆشت کا، بەڵام کە خواردتەوە بە تەنیا بیخۆرەوە لەگەڵ کەس مەیخۆرەوە.

سێیەم: خۆت بپارێزە لە داوێن پیسی، تووشی شتی وانەبیت، یەعنی نەچیت بۆ جێگەی خراپ و خراپەکاران، بەڵام ئەگەر چوویت بۆ جێگەی خراپە، بۆ خراپەکردن بەیانی زوو بچۆ، سعات دوانزەی عەرەبی سەر لە بەیانی.

باوك وەسیەتی تەواوکردو ئەوەندەی پێنەچوو، مرد.. لە پاش ناشتنی و تەعزیە، کوڕە لە جێی باوکی دانیشت بۆ ماڵ بەخێوکردن، بەڵام دوایی دڵی خراپ کرد، بۆ شکاندنی وەسیەتی باوکی، بەڵام وتی: با بە پێی ئەو ڕێگاو شوێنەی باوکم بۆی داناوم، وەها بڕۆم.

کوڕە ویستی قومار بکات، لە دوای پرسیار کردن و گەڕانێکی زۆر ئەو کەسەی دۆزیەوە، کە تەماشای پیاوەی کرد، وە پێی وت: جەنابتە کە قومار باش ئەزانیت؟ وتی: بەڵێ. کوڕە لێی موڕ بووەوە؟! وە پیای هەڵڕووانی، بەو سەرو سیما ناشیرینەی، جلێکی دڕاوو قۆندەرەیەکی

پینە کراو لە پێیدا، ئیزنی داوە، پێی وت: من قومار ناکەم، ئەمە وەستاکەیە، بەم جۆرە ئەیبینم، ئایا یەکێکی وەکو من، کە نایزانم بە چاکی بیکەم، ژیانم چی لێ دێت؟ باوکی ڕەحمەتیم ڕاستی فەرموو، کە خۆم لە قومار و قومارچی دووربخەمەوە، تاوەکو ژیانم تاڵ نەبێت.

لە پاشان ویستی عەرەق خواردنەوە تاقی بکاتەوە، بەڵام ئەبێت بە تەنیا بیخواتەوە، لەبەر وەسیەتی باوکی، درێژەی نەدەدینێ، قاپێ عەرەقی کڕی، وە شەو لەماڵەوە داینا، کە بیخواتەوە، پێکێکی تێکرد، بەبێ مەزە، چونکە نازانێ چۆن ئەخورێتەوە، کە یەکەم قوومی لێدا، لەبەر تام ناخۆشی، فنجانەکەی فڕێ دا، وە قاپە عەرەقەکەی شکاند.

ئینجا وتی: باوکی ڕەحمەتیم ڕاستی فەرموو، کە خۆم لە عەرەق خواردنەوە بپارێزم، وە بە تەنیا بیخۆمەوە، بۆ ئەوەی کە هاوڕێی خراپ پێم نەڵێن، هەر ئەم پێکەی پیاکە، تاوەکو سەرخۆشم ئەکات، ئاگام لە دین و دونیا ببڕێت.

مایەوە سەر سێهەم شت، کە خراپە کردنە، ویستی ئەمیش تاقی بکاتەوە، بەڵام بە گوێرەی وەسیەتی باوکی، ئەبێ-ت بەیانیان سەعات دوانزەی عەرەبی بچێت.

کە بەیانی بوو بە سەعات دوانزە، هەڵسا چوو بۆ جێگەی خراپەکردن، بەڵام کە چوو بۆ ژوورێك و یەکێك لەو خراپەکارانە هەڵسان، تەماشای کرد، ناشیرین، چاو ڕیقناوی، پرچ تێکچرژاو، بە توی کراسێکی شڕ، ڕوومەت هەڵقرچاو، بەبێ دەنگ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، لەبەر خۆیەوە ئەی وت: باوکی ڕەحمەتیم ڕاستی فەرموو، کە خۆم لە خراپەکاران بپارێزم، وە بەیانیان زوو بچم، هەر ئەو ناشیرنانە بە دەرمان و جلی جوان خۆیان جوان ئەکەن، قژیان دائەهێنن، لێویان وە ڕوومەتیان سوور ئەکەن، بۆ ڕاکێشانی دڵی خەڵك.

ئینجا پێویستە لەسەر ئێمەش هەموومان خۆمان لەو سێ شتە خەتەرە بپارێزین).
عەبدولحەمید ئەحمەد - سلێمانی، ژ: ٣٥، لا ١٣و١٤و١٥.

هەروەها هاتووە لە: ژ ١٤٣، لا ٦١دا دژە بەهای (بوختان)ی ناشرین کردووەو لە بارەیەوەی نووسیویەتی:

- لە هەر شوێنێکی بوختانی لێدەکرێ خۆتی لێ دووربخەوە. (ع)
- بوختان ژەهرێکە لە ناو گیان و مەعنەویاتدا پەرە دەسێنێ خۆزگە وەکو چەك شوێنەواری وی لە لەشدا دیاری کراباێز. (ف - کۆپە)
- بوختان خراپترین چەکێکە کە نامەردان بە دەستیوە دەگرن. (میلتۆن)
- ئەی هاوار لەو دڵە پاکانەی، کە بە پێکانی بوختان بریندارەو هیچ دەرمان و



مەڵحەمێکی لەسەر دانانرێ. (ف.هالم).

- قومار کە هۆکارێکی خراپەیە، جارێکی تر ئەم گۆڤارە ناشیرنی کردووەو زیانەکانی دەرخستووە، لە شیعری پۆکەر (قومار)دا نووسیویەتی:..

خەڵقە عەهدم بێ کە ئیتر تا ئەبەد پۆکەر نەکەم
چی کرا چوو تێپەڕی ئەمما ئیتر خۆ کەر نەکەم
کاری بەدکارانە کاری کەندوقوڵە مل شکێن
سا کە وابی شێتییە گەر بێ-ت و چاری سەر نەکەم
چەند لەسەر مێزی نەدامەت چووینە بن لەیلی نەدەم
سا کەوابێ-ت شێتییە گەر بێت و چارەی سەر نەکەم
چەند وتت ئەو مەبلەغەش قیڕوسیا بۆی دائەنێم
چەندە تۆبەت کرد، کە ئیتر تۆبە بی خۆم کەر نەکەم
چەند بە ڕیستو شفتەکی قەرداری نا بن هەنگڵم
خاوو خێزانم فەنا هێشتاکە تەرکی هەر نەکەم؟
چاکە تەرکی کەم قومار و گێژ و سەرسامی خومار
پشت لە بەدکاری بکەم قەت ڕوو لە جێی پۆکەر نەکەم
کردنی بێ ڕێزییە، بێ دەوڵەتی و بێ هێزییە
بەسیە با تەقلیدی پیشەی پیاوی ئاخر شەڕ نەکەم... شێخ ڕەئوفی خانەقا، ژ ٣١، لا ٩.

- ناشیرنکردنی دەنگ و قڕەو ناخۆشی ناوخۆ:
بە دەردو جەفاو برسیتی و تاڵان
کۆمەڵ نافەوتێ بە درێژی ساڵان
ئەوەی کە ڕیشەی کۆمەڵ ئەپسێنێ
قڕەی ناوخۆیە لە کووچەو ماڵان... محەمەد ئەمین مەنگوڕی، لا ١٢. ژ ٣١.

ب – جوانكردنی چەمكە ژيارييەكان و بەها باڵاكان:

١- هەويا (ئومێد):

– ئەگەر هەويا نەبووايە دايك شيری بە منداڵی نەدەداو كەسيش داری نەدەچەقاند. (م)

– ناهومێد مەبە، چونكە ناهومێدی مەرگە. (ع)

– هيچ كاتێك خۆت بە دەست ناهومێدييەوە مەدە. (رۆتشيلد)

– ناهومێدی هەوەڵين هەنگاوە بەرەو گۆڕ. (بۆناپارت)

– هومێد نانی ڕۆژانەی بێچارانە. (هرشل)

٢- ڕێز گرتن لە گەوران:

تۆ شەرم بكە لە ڕيشی گەوران
كەو ئاسايی بۆ وەك چۆری شێران... محەمەد ئەمين مەنگوڕی، لا ١٢. ژ ٣١.

٣- چاوپۆشی كردن لە هەژار:

تۆ چاو بپۆشە لە عەيبی هەژار
هەر كا كە لێت دی بەدی ئيشوكار
لاتيش وەكو تۆ عەيبە ئەزانی
بەڵام بێ دەستی ئەيكا شەرمەزار... محەمەد ئەمين مەنگوڕی، لا ١٢. ژ ٣١.



## ئەنجام

لەم گەشتە خێرايەدا بە نێو لاپەڕەكانی چەند ژمارەيەكی (هەتاو)دا دەگەينە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١- هەتاو گۆڤاری هەموو نەتەوەی كوردبووە، بۆيە لە تەواوی شارەكانی هەولێر و سلێمانی و كۆيە و بەغداو كەركووك و دهۆك و ڕانيەو ڕواندز و دەرەوەی كوردستان و...هتد لە لايەن ڕۆشنبيرانی كوردەوە بابەتی بۆ هاتووە.

٢- گرنگيپێدانەكانی هەتاو هەمەلايەنە بووە، ئەدەب و سياسەت و كۆمەڵايەتی و مناڵ و لاو و مێژووی نەتەوەو چەندين بواری ديكەی خزمەت كردووە.

٣- هەتاو زۆر بە تەنگ پارێزگاری كردن لە داب و نەريتە ڕەسەنەكانی باب و باپيرانی كورد بووەو هەميشە بە جوانكردنی بەها ژياری و ڕەوشتيە باڵاكان و ناشيرنكردنی دژە بەهاكان بەرهەمەكانی پێشكەش كردووە.

٤- هەتاو بە تەنگ شارستانی بوونی تاكی كوردی بووەو پەنجەی بۆ خستۆتە سەر كەموكوڕيەكان و ڕێگەی دروست و بەرەوپێشچوونيشی لەگەڵدا بۆ كێشاوە.

## سەرچاوەكان

١- ڕابەری ڕۆژنامەنووسی كوردی، ع.ز، ڕەفيق صالح ئەحمەد، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژ: ١١و١٢، لا ١٢٩.

٢- گۆران سۆران فەيزی، باری ئەدەبی كوردی لە شاری هەولێر، هەولێر، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦.

٣- هەموو ئەو ژمارانەی (هەتاو) كە لە نێو بابەتەكەدا ئاماژە بۆ ژمارەكانيان كراوە.

# رۆڵی گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری) لە خزمەتکردنی ئەدەبی کوردیدا

**- پێشەکی:**

کورد میللەتێکی زیندووەو، بە حوکمی واقیعی خۆی بێت، یان بە هەر هۆیەکی تر بزێوەو، حەزی بە خەباتی دیبلۆماسی و شۆڕشی وشەو دونیای نوێی ئەدەب و داهێنانی فرەلایەنە. بۆیە هەر هەلێك بۆ ئەو میللەتە هاتبێتە پێش ڕۆشنبیرەکانی قۆزتوویەتیانەوەو، ئەوەی بۆیان کرابێت لە پێناو هاتنەدی ویست و مەرامەکانی خۆیان ئەنجامیان داوە، (دەفتەری کوردەواری) یەکێکە لەو هەوڵانەو کارێی ئەهلییە، کارێك کە ڕۆشنبیران خۆیان دوور لە سانسۆری حزب و حکوومەت و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە تەسکەکان ئەنجامیان داوە، لەم دەرفەتەدا چاوێك بە ژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا دەگێڕین و، سیمایەکی گشتی ئەو گۆڤارەو، گرنگترین خزمەتەکانی ئەم گۆڤارە بە هونەرە ئەدەبییەکان دەخەینە بەرچاو.

**- ناو:**

(دەفتەری کوردەواری)

**- ناسنامە:**

لە لاپەڕە (١)ی ئەم گۆڤارەدا هەمیشە لەژێر ناوەکەیدا، ئەم چەند ڕستەیە نووسراوە: (کۆمەڵە نووسینێکی ئەدەبی و زانستی و بیری کوردییە، ڕێگەی ئامانجی کوردایەتی ئەمڕۆ و سبەینێمان بە پڕشنگی بیری نوێ ڕووناك ئەکاتەوە، بە ڕووخسارێکی نەتەوەیی و ناوەڕۆکێکی مرۆڤایەتی خۆی ئەنوێنێ).[١]



**- ژمارەکانی ئەم گۆڤارە:**

(جەمال خەزنەدار) کە خاوەنی ئەم گۆڤارەیە، لە ڕابەرەکەی خۆیدا، کە بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی کردوویەتی و، ساڵی ١٩٧٣ بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت: (تا ئێستا سێ ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە چواریشی لەژێر چاپدایە)[٢]، کەچی (وریا جاف) لە کتێبەکەی خۆیدا کە ساڵی ١٩٩٨ بڵاویکردۆتەوە دەڵێت: ((گۆڤارێکی ناو بە ناوە... سێ ژمارەی دەرچووە))[٣]، لە کتێبخانەکانیشدا هەر تەنیا سێ ژمارەی هەیە، بۆیە بۆ ساغکردنەوەی ئەو مەسەلەیە، چوومە دیداری (دکتۆر مارف خەزنەدار) کە سەرنووسەری ئەو گۆڤارە بووە، بەڕێزیان ئەو کێشەی بۆ یەکلاکردمەوەو، گوتی: (ڕاستییەکەی ئەوەیە هەر سێ ژمارەی دەرچووە، ئەگەرچی کار بۆ ژمارە چواریش کرابوو و، ئێستاش فایلێکی بابەتەکانی ژمارە چواری لای من ماوە، بەڵام ژمارە چواری دەرنەچوو).[٤]

**- مێژووی دەرچوون:**

وەکو دەرکەوت ئەم گۆڤارە سێ ژمارەی لێدەرچووە، کە ناوی بەرگ، یان ژمارەشیان لێنراوە، ئەوانیش بەم شێوەیە:

- بەرگی یەکەم لە کانوونی دووەمی ١٩٧٠.
- بەرگی دووەم لە مارت – نیسانی ١٩٧٠.
- بەرگی سێیەم لە مایسی ١٩٧٠ .

**- لایەنی دەرکەر:**

ژمارە (١)ی لەژێر چاودێری و ئامادەکردنی (جەمال خەزنەدار) دەرچووە، ژمارە (٢)یشی بە هەمان شێوە هەر (جەمال خەزنەدار) بە چاپی گەیاندووە، بەڵام دیارە لە پشتی پەردەوە یاریدەدەریشی هەبووە، بۆیە لە ژمارە (٣)دا ئەوە ئاشکراکراوەو، کارەکانی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە بەم شێوەیە دابەشکراوە:

سەرنووسەر: دوکتۆر مارف خەزنەدار

خاوەن و سکرتێری نووسین: جەمال خەزنەدار[٥]

- **سەرچاوەی دارایی:**

وەکو لەو ڕوونکردنەوەیە دەردەکەوێت، کە (جەمال خەزنەدار) لە بەرگی سێیەمی گۆڤارەکە بڵاویکردۆتەوە، دابینکردنی پارەی پێویست بۆ دەرکردنی ئەو گۆڤارە لە ئەستۆی (جەمال خەزنەدار) خۆی بووە، وەکو لەم بارەیەوە نووسیویەتی: (ئامادەی ئەکەم بۆ چاپ، بە نووسین و بە پارەو بە هاتوو چوونا ئەیگەیێنمە بەر دەستی خونەری کورد)[٦]

- **سەرپەرشتیاری چاپ:**

هەر بە پێی هەمان ئەو ڕوونکردنەوەی (جەمال خەزنەدار) لە سەروو، بۆمان دەردەکەوێت، کە سەرپەرشتی چاپی ئەو گۆڤارە دیسانەوە لە ئەستۆی خۆی بووەو، هەر خۆیشی دابەشی کردووە، ئەوەش بە ڕاستی ماندوو بوونێك بووە، ڕەنگبێ بە هەموو کەسێك نەکرێت.

- **شوێنی دەرچوون:**

هەر سێ بەرگەکانی ئەم گۆڤارە لە بەغدا دەرچوونە، بەرگەکانی یەکەم و دووەمی لە چاپخانەی (ئەسعەد)ی ئەو شارەو، بەرگی سێیەمینیشی لە چاپخانەی (زەهرا)ی ئەو شارە چاپکراون.

- **قەوارە:**

هەر سێ بەرگەکانی ئەو گۆڤارە بە قەوارەی (١٤ بە ٢٠ سم) دەرچوونە، بەڵام لە ڕووی ژمارەی لاپەڕەکانەوە: بەرگی یەکەمی بە (١٢٨) لاپەڕەو، بەرگەکانی دووەم و سێیەمی بە (١٦٠) لاپەڕە دەرچوونە.

- **نرخ:**

بەرگی یەکەمی ئەو گۆڤارە نرخەکەی (٢٠٠) فلس بووە، بەڵام لە بەرگەکانی دووەم و سێیەم ئەو نرخەی کەمکراوەتەوەو، کراوەتە (١٥٠) فلس.

- **تیراژ:**

لە هیچ بەرگێك لەو سێ بەرگانە تیراژی ئەم گۆڤارە دیاری نەکراوە.



- **نووسەرانی دەفتەری کوردەواری:**

لەم گۆڤارەدا (٤١) نووسەر شتیان نووسیوە، کە ئەوانیش بریتینە لە: (ئەحمەد خواجە، د. ئیحسان فوئاد، ئیسماعیل ڕەسوڵ، ئەحمەد غەفور، د. ئەحمەد عوسمان، حەمید عوسمان، حوسێن عارف، د. حسێن عەلی مەحفوز، شێرکۆ بێکەس، شێخ محەمەدی خاڵ، شوکور مستەفا، شێرۆ موفتی ، کاکەی فەلاح، کەریم شارەزا، محەمەدی مەلا کەریم، مستەفا سالح کەریم، محەمەد ڕەسوڵ هاوار، محەمەد صاڵح دیلان، مارف بەرزنجی، م.ع، موکەڕەم تاڵەبانی، محەمەد مەولود (مەم)، د. مارف خەزنەدار، مەسعود محەمەد، محەمەد ئەمین عوسمان، مومتاز حەیدەری، نوری عەلی ئەمین، نووری شێخ جەلال، عومەر مارف بەرزنجی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ع.ع.شەونم، عەبدولمەجید عەبدولڕەحمان، عاسم حەیدەری، جەمال بابان، جەمال نوری، جەمال خەزنەدار، د. سەلاحەدین ئەلموجنید، س.ع. شادومان، سادق بەهائەدین ئامێدی، د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، قەناتی کوردۆ).

- **وەرگێڕانی دەفتەری کوردەواری:**

لەم گۆڤارەدا ئەم پێنج وەرگێڕە بابەتیان لە زمانەکانی ترەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی: (دڵزار - کەریمی حوسامی - د. مارف خەزنەدار - مستەفا صاڵح کەریم - د.نوری تاڵەبانی)، کە ئەوانەش شتی نووسەرە ناودارەکانی وەکو (تۆمابوا - مایکۆفسکی...هتد بوونە)..

- **سەروتار لە دەفتەری کوردەواریدا:**

بەرگی یەکەمی ئەو گۆڤارە کە دەرچووە، بە بێ سەروتار بووە، بەڵام لە بەرگی دووەمدا لە بارەی نەورۆزەوە، کە گۆڤارەکە خۆی بە چەند ڕۆژێك لە نزیك ئەو یادەوە دەرچووە، سەروتار بۆ ئەو یادە تەرخانکراوەو، لەژێر سەردێری (دەست لە ناو دەست لەگەڵ نەورۆزدا) ئەم وتارە نووسراوە :

(لەم ڕۆژەدا کە بای وەعدە هەرەسی بە قەڵای ساردو سڕی زستان دێنێ، هێزی ژیان دەروونی شەختەو باڵی ئەستووری کۆیلەیی بەفر هەڵئەدڕێ، گوڵ و گوڵاڵەو ڕێواس و ئالەکوك ڕزگار دەبن و، سەر بەرز ئەکەنەوە، وە بە ڕووی ڕۆژگاری پێئەکەنن، بە بەرگی ڕەنگاو ڕەنگیان مژدەی ساڵی تازە ئەدەن بە کوردستانی نەخشین، بانگمان ئەکەن کە لە مێرگە ڕەنگینەکان، لە

تەختایی شاخەکان، لە دۆڵ و شێوەکان، لە دەشتە بەرین و پڕ پیت و بڕشتەکان.. لە تەك ئەمانەوە دەست بگرین و شایی و زەماوەند دابەستین ..

هەر لەم ڕۆژەشدا لە سەردەمێکی ڕابردوو، کاوەی قارەمان هەرەسی بە هێزی چەوساندنەوەو زۆرداری ئەژدەهاك هێنا، مژدەی ئازادی دا بە گەلە نەبەردەکەمان ..

لەم ڕۆژەدا کە مێژوو لاپەڕەیەکی ڕەشی ساردی لولدا، لاپەڕەیەکی سپی و ڕوونی کردەوە، سروشتیش بە گوڵ و هەڵاڵە ئەو لاپەڕەیەی ڕازاندبووەوە، تاجی نەورۆزو بەهاری لەسەر نا.

لەم ڕۆژەدا لە نەورۆزی پیرۆز و جوان:

نێرگس لە مێرخوزارا ئەزانی بەچی ئەچێ؟

بنوارە ئاسمان لە شەوا.. عەینی ئەوە

بلبل ئەخونی، با لە بەرگی گوڵ ئەدا

خونچە لە جیاتی گوڵ بگری دەم ئەکاتەوە

بە دڵێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی، پیرۆزبایی لە گەلی کوردو هەموو ئادەمزاد ئەکەین و، ئەڵێین:

پێکمانەوە...

با هەموو ڕۆژێکمان نەورۆز بێت

با هەموو ژیانمان پڕ لە گوڵ و گوڵزار بێت و

لە ئاوازی مەل و بلبل

با هەموومان دەست لە ناو دەست بین..

لەگەڵ نەورۆز و تا هەزاران نەورۆزی تریش).. (دەفتەری کوردەواری).[7]

ئەوەی لەو وتارەدا جێی سەرنج بێت، بە زمانێکی پڕ سۆز نووسراوەتەوە، ڕزگاربوونی مرۆڤی کوردی لە ڕۆژگارێکی ڕابردوو بە هۆی شۆڕشی کاوەی قارەمان و، ڕزگاربوونی مرۆڤ و بوونەوەر بە گشتی لە زستانی بە یەك بەستاوەتەوەو، دەڵێت: بە هاتنی نەورۆز کورد و سروشت ئازادی وەردەگرن و، لە خۆشیدا دەکەون.. ئینجا پیرۆزبایی ئەم بۆنە لە کورد و مرۆڤەکان بە گشتی دەکات و، هیوای هەمیشە نەورۆزی بەو مانای باسی لێکردووە بۆ هەمووان دەخوازێت.

هەرچی بەرگی سێیەمیشە ئەویش دیسانەوە وەکو بەرگی یەکەم سەروتاری نییە.



**- هۆی وەستانی:**

ئەم گۆڤارە لە ماوەی پێنج مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠ سێ ژمارەی لێدەرچوو، کەچی دوای ئەوە وەستاو هەواڵی نەما، ئەگەرچی بە گوێرەی ئەو بابەتانەی بڵاویشی کردبوونەوە، کە هەندێکیان بە ئەڵقە بوون و، هێشتا تەواو نەبووبوون، دەبوو ژمارەی تری بەدوادا بێت، بەڵام ئەوە ڕووی نەدا، کەوابێت ئەم وەستانە هۆی تایبەتی خۆی هەبووە، کە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو هۆیانە گەڕام، وەکو لە دکتۆر (مارف خەزنەدار)م بیست، دەرکەوت هۆیەکە سیاسی بووە، ئەو گۆڤارە ئەهلی بووەو، دکتۆر مارف و کاك جەمال خەزنەداری برای ویستوویانە سەربەخۆییەکەی بپارێزن، بەڵام دیارە هەلومەرجەکە وانەبووە بتوانن بەو بێلایەنییە دەریبکەن، ئەوە وای کردووە ئیتر بەبێدەنگی بیوەستێنن و، ژمارەی دیکەی لێ دەرنەکەن .

### - هونەرەکانی ئەدەب لە دەفتەری کوردەواریدا:

لەو گۆڤارەدا ژمارەیەك هونەری ئەدەبی بەرچاو دەکەون، کە بە هەموویان ئەو سێ ژمارەیە پێکدەهێنن، ئەوانیش بریتینە لە: (شیعر - چیرۆك - وتار - ژیاننامە - نامە - لێکۆڵینەوەی ئەدەبی..)، لە خوارەوە تیشك دەهاوێژینە سەر یەکە یەکەیان:

**١- شیعر:**

شیعر پێناسەی زۆری بۆ کراوە، بە گوێرەی بەرەوپێش هاتنی ژیان و ئەدەب پێناسەی تازەی بۆ دروستبووە، سەردەمێك بریتی بوو لە (قسەیەکی کێشراو، کە دەلالەت لە واتایەك دەکات)[8]، دواتر لە سەدەی نوێ ئەو پێناسەیەی نامێنێت و، لە یەك لە پێناسە نوێیەکانی دەگوترێت: (شیعر دەرەنجامی کارتێکردنی جیهانی دەرەکییە لە شاعیرو عەکسبوونەوەی ئەو جیهانە دەرەکییەیە لە خەیاڵی شاعیردا).[9]

لەو گۆڤارەدا لە هەر سێ بەرگەکان سێنزە شیعر بڵاوکراونەتەوە.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئەو شیعرانە خزمەتی چەند مەبەستێك دەکەن، لەوانە:

أ- لاواندنەوە و شین و شەپۆڕ: وەکو د. ئیحسان فوئاد، لەژێر ناونیشانی (لە چڵەی گۆراندا) لە ژمارە (١) دا، شینێك بۆ (گۆران)ی شاعیر دەکات و، تیایدا دەڵێت:

- (لە پێشەوە

بەم زام و دەردو ئێشەوە..

با رووبکەینە نیشتمان،
بلیمەتی (گۆران)ی جوان،
با بسپێرین..
بە دار و بەردی سووتێنراو..
بە دێهاتی وێرانکراو..
بێوەژنی ڕۆڵە کوژراو..
بەو خاکە مەردە ئازایە،
کە بۆ ژیان لە شەڕدایە...)[١٠]

کە لە ڕاستیدا ئەم شیعرە لە هەمانکاتدا بابەتێکی سیاسیش دەوروژێنێ، ئەویش ئاماژەکردنە بۆ خاکی کوردستانی سوتێنراو، کە بە هۆی شۆڕشی کوردەوە، حکوومەتی عێراق هەر جارەی ناوچەیەکی دەسووتێنێت و، وێران دەکات.

ب- سیاسەت: لەمڕووەوە شیعری زۆر بڵاوکراوەتەوە، بۆ نموونە: شیعرەکەی (حەمید عوسمان) بە ناونیشانی (کل و گڵ) کە لە بەرگی (١)دا بڵاویکردۆتەوە، تیایدا بە زمانێکی ڕەمز ئاسا باس لە خەبات و تێکۆشانی خەڵکێك دەکات، خەڵکەکە دەشێت کورد بن، یان هەر یەکێکی تر بن، کە شاعیر مەبەستییەتی و، باس لەو ستەمە دەکات، کە لەو تەیرە دەکرێت، لەو شیعرەدا هاتووە:

- (تەیری لوڕی زۆرلێکراو
لە ناو شاخاندا ڕاونراو
هێلانەکەی لێتێکدراو
لە جیاتی (کل) خۆڵی لە ناو چاوا کراو

* * *

ئەبێ ڕووناکییەك نەبێ؟
ئەبێ دڵپاکییەك نەبێ؟
بۆ دونیا هەر وا شێوا بێ؟
ژینی تەیرەکە هەر وابێ؟
ئەبێ ڕێگاو شونێ نەبێ؟
چۆن نابێ؟ ئەبێ هەر هەبێ !..)[١١]



ج- - ڕەخنە: وەکو شیعرەکەی (شێرکۆ بێکەس) بە ناونیشانی (ملیۆنەهاو بەڵام) لە بەرگی (١)دا، کە تیایدا ڕەخنە لە وانە دەگیرێت، کە بە خەیاڵ ژمارەی نەتەوەکەیان زۆر و زۆرتر دەکەن، بەڵام مشورێك لە بۆ یەك هێنانەوەو ڕزگاری نەتەوەکەیان ناخۆن، ئەم شیعرە شیعرێکی زۆر جوانەو، دوای ئەوەی شاعیر دەیخاتە ڕوو، کە:

- (...هاتن وتیان با بنووسین
خوندەوارانە بنووسین
کورد چەند ئەبێ؟ چەند ملیۆنن؟
ئەویان وتی:
دابەشی کەین، لێشی دەرکەین
هێشتا بیستین!..
ئەوی ترمان شارەزا بوو
مامۆستا بوو
تۆماری گەورەی خوندنی دوای ئەورووپای
لە باخەڵ و لە دەستا بوو
خۆی گرژ کرد.. وتی: چۆن کورد بیست ملیۆنە
ئەگەر نەبین، شەستیش ئەبین..
بۆچی دۆمین ؟! بۆ ئێمە چین؟!

ئینجا شاعیر ڕەخنە لەو جۆرە بیرکردنەوانەی بەبێ کارکردن و تێکۆشان دەگرێت و، دێت واقیعی تاڵی نەتەوە دەخاتەوە بەرچاو و دەڵێت:

- بیست ملیۆنین!
نەێ- مامۆستا وەك دەفەرمووی شەست ملیۆنین
بەڵام داخەکەم نانوێنین
سفر ئەنوێنین
ملیۆنەهاین، بەڵام بەردێ بە یەکەوە نابزوێنین
ملیۆنەهاین، بەڵام وەك ئاردی ناودڕکی بەر ڕەشەباین

بەم شێوەیە شاعیر ڕەخنەکانی درێژ دەکاتەوە، تا لە دواتۆپەڵەدا دەڵێت:

ملیۆنەها.. ملیۆنەها

بەڵام داخەکەم مامۆستا هەتا ئێستا
بێ جێ و ڕێگاین.. لە یەك ونین
ملیۆنەهاین و مژدە بێ
کەچی هیچ نین!)[١٢]

شیعرەکەی (محەمەدی مەلا کەریم)یش، مامەند سەر لە نوێ عومری تازەی بۆ دەنووسرێ، لە ژ ٢، لا ٨٩، دیسانەوە ناوەڕۆکێکی سیاسی هەیە.

شیعرەکەی (ع.ع.شەونم)یش، بە ناونیشانی (٤ی نیسان) لە بەرگی ٣، لا ٢١، هەر ناوەڕۆکی سیاسی هەیە.

شیعرەکەی (کەریم شارەزا)ش، بە ناونیشانی (لە ئەشکەوتێکا)، لە بەرگی سێیەم، دیسانەوە شیعرێکی سیاسی جوانە، هەموو برسیەتی و نالەبارییەکانی ژیانی کورد بە باری سیاسی و پێشێلکردنی ئازادییەکانی ئەو نەتەوەیە دەبەستێتەوە، بەڵام بە ئومێدێکی زۆرەوە بە سەرکەوتن، کە لە نزیکدا دێت، لە کۆتایی ئەو شیعرەیدا دەڵێت:

(بەڵام سبەی
خەباتی خوێنینی دەستەی
دڵسۆزەکانی نیشتمان
بۆ هەمووەمان
ئەبێتە شەفەقی گەشی
سپێدەی سیحراوی بەیان
ڕۆژی ڕووناکی نەورۆزی میللەتی کورد
ڕۆشن ئەکاتەوە دڵی درشت و ورد
ئەوسا هەموو
شارو دێی باو باپیرانمان
دێتەوە کار
کولێنگ و هەوجارو نیرمان
بۆ گوزەران ئەکەینەوە
ڕووپەڕێکی تازەی ژیان



بە سەربەستی و بە ئارەزوو
لەگەڵ هەموو دۆست و خزمان
ئەبینەوە بە یەك خێزان
ئەیکەین بە ئاهەنگ و سەیران
لەبەر ئەکەین
پۆشاکی جوان
خۆشترین نان
دێتە دەستمان
بە ئاسانی
تێکرا ئەژین
بە ئازادی و کامەرانی).[١٣]

ئەم دوو پارچە شیعرەی خوارەوەش دیسانەوە سیاسین، بەڵام لەبەر ئەوەی زیاتر درێژ نەبێ-تەوە، هەر ئاماژە بە ناونیشانەکانیان ئەکەین:

- جەمال نوری، داپیرە گیان، ژ ٣، لا ٤٣.
- مایاکۆفسکی، لینین، و: دلزار، ژ ٣، لا ٩٩.

د- شیعری کۆمەڵایەتی: وەکو شیعرەکەی (کاکەی فەلاح)، بە ناونیشانی (بلقی سەرئاو)، کە لە بەرگی دووەمدا بلاوی کردۆتەوە، تیایدا باس لەو کەسانە دەکات کە سەر مەڕی زگ گورگن، لە بەرچاو خۆیان جوان پیشان دەدەن، بەڵام بە ناوەڕۆك وا نین، لەو شیعرەدا هاتووە:

- (ئەو دەردەی وا کە لێرەدا مەبەستە
ئازاری وا لای دەستەی ماران گەستە
زۆر کەسی وام بەم دوو چاوەی خۆم دیوە
خۆی لە ئێمە سەد قات چاکتر ناسیوە
چییەو چۆنەو ئاخۆ چی لە بەرایە
جەوالی دڵ چییەو چی لە زارایە
بەسەرژمێر خۆی یەکێکە لەبەر چاو
کەچی پەلکەزێرینەیە بە هەناو

به پێی شون و به پێی هەواو بەرژەوەن
گێرە ئەکاو خەرمانەکەی ئەکا شەن
تا لە دوایدا دەڵێت:
بەڵام ژیان، ژیانی ڕاستەقینە
زۆر لەم بلقی سەرئاوانە بەقینە
ڕیاکاری خۆپەسندی ترسنۆك
ئەمرۆ سبەی ئەبێ هەر دابدا چۆك).[١٤]

شیعرەکەی (نوری عەلی ئەمین)یش بە ناونیشانی (یاداشتی جگەرەکێشێ) لە بەرگی دووەمدا، ئەویش باس لە دەردێکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە جگەرەکێشییەو، بە زمانی جگەرەکێشێکەوە بیرەوەریی و گلەییەکانی ئەو جگەرەکێشە لە خۆی بە هۆی ئەو کارەی دەخاتە ڕوو، کە بە دەستی خۆی چۆن ماڵی خۆی کاوڵکردو، تا دەرەنگ نەهات و، هەموو شتێکی وەکو پارەو دروستی و تەمەنی خۆیشی لە دەست نەدا، هەستی نەکرد کارێکی خراپ دەکات، لەو شیعرەدا هاتووە:

- (خۆم خۆم کوشت..
خۆم بە دەستی خۆم ئاگرم بەردایە ماڵی خۆم..
خۆم سەرم لە خۆم و منداڵەکانم شێواند..
زۆریان پێ وتم و کەمم بیست..
ئەوەی منی کوشت..
منداڵەکانمی هەتیو خست..
ملۆزمێکی نالەباری ژەهراوی بوو..
ناوی پیرۆزی (جگەرە) بوو !!

بەم شێوەیە ئەو شیعرە یاداشتەکانی ئەم جگەرەکێشە دەگێڕێتەوە، تا سەرەنجام هەر بە زمانی ئەوەوە بەر لە دوا چاو لێکنان، ئامۆژگاری خەڵکانی تر دەکات و، دەڵێت:

- ها ئێستا نا، تاوێکی تر
بۆ یەکجاری گیان ئەسپێرم
بەڵام دەستم دامێنتان
تا زووە خۆتان لەو هەژدیهایە دوور بخەنەوە



درەنگە چونکە ژیان خۆشە
(بەرەو ڕووناکی بەرن.. نەك بەرەو تاریکی)...).[١٥]

هـ- - غەزەل: غەزەل لەم گۆڤارەدا کەمترین ئاوڕی لێدراوەتەوە، ئەویش لەو سێ دێڕەی (م.ع)ە، کە بە ناونیشانی (دەمودەست)، لە بەرگی سێیەمداو، لە لاپەڕە (١٣٣)دا هاتووە.

هەرچی لە ڕووی فۆڕمەوەیە، زۆربەی ئەو شیعرانە لەسەر کێشی ئازاد هۆنراونەتەوە، کە کێشی شیعری نوێی کوردییەو، بە دەگمەن شیعرێك لەسەر کێشی پەنجە، یان کێشی عەروزی هۆنراوەتەوە.

**٢- چیرۆك:**

لەم گۆڤارەدا چیرۆك گرنگی لە شیعر کەمتر پێدراوە، ئەوەتا بە هەر سێ بەرگەکان ئەم چوار چیرۆکانەی خوارەوەی تیادا بڵاوکراوەتەوە:

- حوسێن عارف، خوویەکی پووچ، ژ ٢، لا ٥١.
- جەمال بابان، ئاهی ئێمە بە کۆتەرە بێت، ژ ٣، لا ٢٦.
- و: کەریمی حوسامی، ١٠ وەزیر، ژ ٣، لا ٧٨.
- مستەفا سالح کەریم، با بلێین خەو بوو، ژ ٢، لا ١٣٤.

ئەوانەش هەموویان لە ڕووی فۆڕمەوە، کورتە چیرۆکن، کە ئەمە (فۆڕمێکی هونەری هاوچەرخە، لەگەڵ سەدەی ڕۆژنامەگەری و خێرایی و مەیلکردن بەلای وردبوونەوە لە شتەکان دەگونجێت (...) یەك ڕووداو لەخۆ دەگرێت، کەسێتیەکانی لە سێ یان چوار تێناپەڕن و، هەندێجاریش تەنیا یەك کەسە).[١٦]

(لە ڕاستیشدا هۆی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە چیرۆکەش، بۆ تێڕوانینی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ کات، کە بە لای خەڵکانی نوێوە کات زۆر گرنگەو، مرۆڤی شار لە سای تەکنەلۆژیاو کاری دینامیکیانەی بەردەوام، ئەو کاتەی نییە وەکو جاران چەند شەو و ڕۆژێك تەرخان بکات، بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانێك یان داستانێکی درێژ، بەڵکو ئێستاکە کاتی مرۆڤەکان لەوانەیە تەنیا ئەوەندە بێت، کە لە ماڵ تا دەگەنە شوێنی کارکردنیان و، بیانەوێت لە نێو پاس یان میترۆ سوود لە خوێندنەوەی بەرهەمێك وەربگرن، کە ئەو ماوەیەش زۆر کورتە، بۆیە لێرەدا کورتە چیرۆك خۆی فەرز کرد، کە بە فراوانی بێتە مەیدان).[١٧]

لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە، ئەو کورتە چیرۆکانە دەکەونە خانەی چیرۆکی واقیعی، بەو پێیەی

(چیرۆکی واقیعی) ئەو چیرۆکەیە، کە تیایدا: (هەموو ڕووداوێکی ژیانی کۆمەڵایەتی دەشێت ببێتە بابەتێکی ئەمجۆرە چیرۆکە) [١٨]، چونکە لە ڕووی ناواخنەوە دوو جۆر چیرۆك هەیە، ئەوانیش (چیرۆکی واقیعی و، چیرۆکی خەیاڵینە)، بەڵام مەبەستیش لەوەدا ئەوە نییە، کە ئەو چیرۆکانەی ئێرە خەیاڵیان تیا نییە، چونکە خەیاڵ ڕەگەزێکی سەرەکی بەرهەمی داهێنراوی ئەدەبیە، جا شیعر بێت، یان چیرۆك، بەڵام مەبەست ئەوەیە، چیرۆکەکان باس لە شتی خەیاڵی ناکەن، دەنا خەیاڵ لە داڕشتنەوەیان دەور دەبینێت، چونکە (چیرۆکی خەیاڵی) شتێکی ترەو، لەوە جیایە کە گوتمان، (ڕووداوەکانی ئەمجۆرە چیرۆکە- واتە چیرۆکی خەیاڵی - لە سەربردەکانی سەرووی توانای مرۆڤ (خوارق)ەکان وەردەگیرێت، لەوانەی کەوا خەڵکان حەز دەکەن، بۆ پاڵەوانەکانیان لە خەیاڵی خۆیاندا دروستی بکەن. لێرەدا هیچ ڕاستییەك نییە لە نێوان واقیعی پاڵەوان و، ئەو وێنەیەی چیرۆکەکە بۆی دەکێشێت). [١٩]

### ٣- وتار:

وتار: (پارچەیەك پەخشانی ئەدەبییە، بابەتێکی تایبەتی نووسەرەکەی چارەسەر دەکات، لەوەی کە ئەنجامی داوە، یان هاتۆتە بیری، یان وای بۆچووە، یان دایهێناوە). [٢٠]

ئەم هونەرە ژانری ڕۆژنامەیە، یەکەم داهێنەریشی (مۆنتیبی)ی ئەدیبی فڕەنسییە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدە، ئەو وەکو تەنیا هەوڵێك ئەمەی کرد، بەڵام بە زوویی لە لایەن نووسەران قۆزترایەوەو، بە فراوانی بابەتەکانیان پێ نووسی، ئەوەی زیاتریش یارمەتی فراوانبوونی دا، زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بووو، کە بەردەوام ڕوو لە زۆربوون بوون، تا ئێستاشی لەگەڵدابێت، دیارە لە ئەدەبی کوردیشمان، یەکەم وتاری هونەری لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی (میقداد مەدحەت بەدرخان) لە ساڵی ١٨٩٨ نووسرا.

مەرجەکانی سەرکەوتنی وتار لەوەدا بەرجەستە دەبێ-ت، کە ناونیشانەکەی سەرنجڕاکێش بێت، ئینجا پەیڕەوی لە ڕەگەزەکانیشی کرابێت، کە بریتینە لە: (پێشەکییەك وەك ڕێگەخۆشکردن بۆ چوونە ناو باسەکە، ئینجا وردە وردە بیرەکە دەخرێ-تە ڕوو، تا لە کۆتاییدا ئەوەی نووسەر مەبەستییەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەیگەیێنێتە بیری خوێنەر). [٢١]

لەم گۆڤارەدا (٢٥) وتار بڵاوکراوەتەوە، ئەوانیش بۆ سێ بەش دابەش دەبن، کە بریتینە لە وتاری تایبەت بە بوارەکانی (ئەدەب و مێژوو و ئابووری).



لە ڕووی ناونیشانەوە، پێموایە ئەو وتارەی (جەماڵ خەزنەدار)، کە بە ناونیشانی (هەولێر کۆنترین شاری جیهانەو دواکەوتووترین شاری ئەم ناوچەیەیە)، لە ناونیشانی هەموو وتارەکانی دیکە سەرنجڕاکێشتر بێت، کە لە ژمارە (٣)دا بڵاوکراوەتەوە، دەنا ئەوانەی تر زۆربەیان لە ڕووی ناونیشانەوە ناونیشانی ئاساییان هەیەو، زۆر جێگەی سەرنج نین.

بەڵام لە ڕووی ڕەگەزەکانی ترەوە، ئەوا زۆربەی ئەو وتارانە وتاری چاکن و، مەرجەکانی وتاری سەرکەوتوویان بە شێوەیەکی گشتی تیایە، لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە وتار هەیە لە ئەوەکەی تر گرنگتر، کە ئەمە لە تەنها یەك ڕوانگەی منەوە دیاری ناکرێ-ت، بەڵام دەشێ وتارێك لە وتارێکی دی خوێنەری زیاتر بێ-ت و، سوودێکی زیاتر بگەیێنێ-ت، کە ئەمەش شتێکی ئاساییە.

### ٤- نامە:

ئەمە (بریتییە لە نامەی کەسی کە یەکێك بۆ ئەوی تری دەنووسێت، لە کۆنەوە لای پاشاو میر و میرزاکان پەنای بۆ براوە، لە داڕشتنی هونەرکاری زۆر دەکرێت، وشەی ئەدەبی جوان و کاریگەرو سەرنجڕاکێش بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ فراوانبوونی خوێندن و زۆربوونی خوێندەوارانیش دیارە فراوانتر لە جاران پەنای بۆ دەبرێت) [٢٢]

لەم گۆڤارەدا ئەم دوو نامەیەی خوارەوە هەنە:

- محەمەد مەولود (مەم)، ئەدەب و هەندێ بیری ساکار، ژ ١، ل ٨٨.
- قەناتی کوردۆ، نامەیەکی کراوە، ژ ٣، ل ١٢٣.

یەکەمیان نامەکەی (مەم)ە، کە ئەمە باس لە هەندێ تێبینی خۆی لە بواری نووسین و ئەدەبدا دەکات و، بۆ خوێنەرانی ئەو گۆڤارە پێشکەشی دەکات، دووەمیان نامەکەی (قەناتی کوردۆ)یە، کە نامەیەکی سیاسییە، تیایدا پیرۆزبایی لە گەلی کوردو گەلانی عێراق دەکات، بە بۆنەی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لە ئازاری ١٩٧٠دا.

### ٥- ژیاننامە:

)ژیاننامە وەرگێڕانی ژیانی مرۆڤێکە لە میانەی خستنەڕووی وێنەیەکی ڕاستگۆو پڕشنگداری ژیانی خۆی) [٢٣]، بەڵام (دەشێت چۆنیەتی خستنەڕووی ژیانەکە لە لایەن خاوەنەکەی لای هەموو نووسەرێك وەکو یەك نەبێتن بۆ نموونە هەیە بە شێوازێکی نزیك لە

ڕۆمانێکی هونەری دەیخاتە ڕوو و، لایەنی ئەدەبی بەسەردا زاڵە، نموونەی ئەمە (چێشتی مجێور)ی (هەژاری موکریانی)یە.. جاری واش هەیە بیرەوەرییەکان زیاتر لایەنی خستنەڕووی بارە سیاسی تێدا ژیاوەکەی نووسەر بەرجەستە دەکەن، نموونەی ئەوەش (گەشتی ژیانم)ی (مەسعود محەمەد)ەو، بەم شێوەیە).[٢٤]

لەو گۆڤارەدا تەنیا ژیاننامەی لینین نووسراوە، لەگەڵ ژیاننامەی شێخ مارفی بەرزنجی، یەکەمیان لە لایەن جەمال خەزنەدارەوە نووسراوە، دووەمیان مارف بەرزنجی خۆی بۆ خۆی نووسیوە.

**٦- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:**

(بریتییە لە کاری پشکنین و لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییە داهێنراوەکان، کە ئەمە بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەو ڕەخنەیی جیا جیا دەکرێت، بوارەکانی زۆرن و، بە هەمووییانەوە خزمەت بە کارە ئەدەبییە داهێنراوەکان دەکەن و، بەرەو پێشیان دەبەن).[٢٥]

لەو گۆڤارەدا یازدە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بڵاوکراوەتەوە تایبەت کراوە بۆ مێژووی ژیان و، شیعرەکانی هەندێ لە شاعیرەکانی وەك شێخ ڕەزای تاڵەبانی و کەیفی جوانرۆیی و بێخودو...هتد، هەروەها لە بارەی ئەدەبی فۆلکلۆری و پەندی پێشینان و..هتدیش لێکۆڵینەوە کراوە.

**- خاڵە بە هێزەکانی دەفتەری کوردەواری:**

١- گرنگترین خاڵی هێزی ئەوە بووە، کە گۆڤارێکی ئەهلی بووەو، سەربەخۆیی خۆی هەبووە.

٢- ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی ناوداری ئەو کاتە شتیان تیا نووسیوە.

٣- بابەتەکانی زۆربەیان نووسینن و، بابەتی وەرگێڕدراوی یەکجار کەمە.

٤- زۆربەی بابەتەکانی بۆ خزمەتی ئەدەب و زمان و مێژووی کورد تەرخانکراوە.

٥- بە قەوارەیەکی خنجیلانە دەرچووە.

٦- لە ڕووی دەرهێنانی هونەرییەوە سەرنجڕاکێش و جوان بووە.

**- خاڵە لاوازەکانی دەفتەری کوردەواری:**

١- پێناسەی ئەو گۆڤارە بەم شێوەیە بووە، (کۆمەڵە نووسینێکی ئەدەبی و زانستی و بیری کوردییە، ڕێگەی ئامانجی کوردایەتی ئەمڕۆ و سبەینێمان بە پڕشنگی بیری نوێ ڕووناك



ئەکاتەوە، بە ڕووخسارێکی نەتەوەیی و ناوەڕۆکێکی مرۆڤایەتی خۆی ئەنوێنێ)، کە ئەمە لە لاپەڕەی یەکەمی هەر سێ بەرگەکانی بە ڕوونی نووسراوە، کەچی زیاتر لە جارێك هاتووە باسی لە سەرکردەیەکی وەکو (لینین) کردووەو، پیای هەڵداوە، کەچی لە تەنیا ژمارەیەکی هەر سێ ژمارەکانیدا شتێکی لەسەر سەرکردەیەکی کورد نەنووسیوە، مەگەر لە پەراوێزی بابەتی تردا شتێك بەر یەك لە سەرکردە کوردەکان کەوتبێت.

٢- ژمارە (١)ی ئەو گۆڤارە کە دەرچووە، بە بێ سەروتار بووە، ئەگەرچی لە نەریتی ڕۆژنامەگەریدا سەروتار بە تایبەت بۆ ژمارە (١) نرخی تایبەتی خۆی هەیەو، خوێنەر حەز دەکات ببینێت، چونکە ئەمە سیاسەتی گۆڤارەکە ڕووندەکاتەوە.

٣- کاتی دەرچوونی دیاریکراو نەبووە، بۆیە بەرگی (١)ی لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٠ دەرچووە، کەچی بەرگی دووەمی لە مارت و نیسان دەرچووە، واتە دوو یان سێ مانگ پاش ژمارەی یەکەمی، ئینجا بەرگی سێیەمی ئەوجارەیان بە زوویی بڵاوبووەتەوەو، مانگێك هاتۆتە پێش بە بەراورد لەگەڵ بەرگی دووەمی، واتە لە مایس و ئەغستۆسی ١٩٧٠ بڵاوبووەتەوە، بەوەش بۆ خوێنەر ڕوون نەبووە، کە هەمیشە کەی دەردەچێت، ئەوەش بە خراپ بە سەر گۆڤارەکەدا شکاوەتەوە، چونکە لە دونیای ڕۆژنامەگەریدا شتی وەها قەبوڵ نییە.

٤- لە زۆربەی ئەو شوێنانەی بە ڕەسمی سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکە نووسینیان کردووە، یان لە بابەتەکانی تریش، لە بڕی زمانی یەکگرتوو وشەی ناوچەییان بەکارهێناوە، لەوانە: (خوندن – ئەخونی)، کە تەنها خەڵکی کۆیە بەو شێوە قسەدەکەن، دەنا لە زمانی نووسیندا ڕاست وایە بەو شێوەیە بنووسرێن (خوێندن – ئەخوێنی..).. لەوەش خراپتر تەنانەت بابەتی نووسەرانی تریشیان بەو شێوەیە گۆڕیوە، کە خۆیان پێیان باش بووە، بۆ نموونە لەو دێرە شیعرەی (شێرکۆ بێکەس) دا: (هاتن وتیان با بنووسین.. خوێندەوارانە بنووسین) دێڕەکە خۆی وایەو، شاعیر وەکو لە شوێنانی تریش بڵاوی کردۆتەوە (خوێندەوارانە)ی نووسیوە، کەچی سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکە بۆیان کردۆتە: (خوندەوارانە بنووسین)!!.

یانیش لە بڕی (د) لەو گۆڤارەدا هەموو وشەیەك، کە بە (د) دەستپێئەکات، یان (د)ی تیایە بە (ئ-)ی گۆڕدراوە، کە ئاشکرایە زمانەوانانی کورد (د)ەکە بە ڕاست دادەنێن لە زمانی نووسیندا، چونکە بە پێچەوانەوە (ئ-)ەکە پیتێکی ناوچەییەو، لە ناوچەی سلێمانیدا زیاتر بەکاردێت، بۆ نموونە نووسیویەتی: (ئەکاتەوە، خۆی ئەنوێنێ.. هەڵئەدرێ، ئەبن، سەر بەرز ئەکەنەوە، پێئەکەنن، ئەدەن، ئەکەن، ئەزانی، ئەچێ، ئەخونی، ئەدا، دەم ئەکاتەوە، ئەکەین،

ئەڵێین..)، کە لە ڕاستیدا دەبوو بەو شێوەیەیان بنووسێت: (دەکاتەوە، خۆی دەنوێنێ.. هەڵدەدڕێ، دەبن، سەر بەرز دەکەنەوە، پێدەکەنن، دەدەن، دەکەن، دەزانی، دەچێ، دەخوێنی، دەدا، دەم دەکاتەوە، دەکەین، دەڵێین)...

## ٥- لەڕووی هەڵەی زمانییەوە، بێ هەڵە نییە:

- تەواوی بابەت و دۆسییەکانی (دەفتەری کوردەواری):

لەم سێ بەرگەدا (٦٦) بابەت بڵاوکراونەتەوە، کە دابەشدەبنە سەر ئەم بوارانەی خوارەوە:

**١- شیعر: (١٣)**

١- د. ئیحسان فوئاد، لە چڵەی گۆراندا، ژ ١، لا ٢٤.

٢- حەمید عوسمان، کل و گڵ، ژ ١، لا ٦٠.

٣- شێرکۆ بێکەس، ملیۆنەهاو بەڵام، ژ ١، لا ٩٤.

٤- شێرکۆ بێکەس، نێرگزی زستان، ژ ٢، لا ١٥.

٥- کاکەی فەلاح، بڵقی سەرئاو، ژ ٢، لا ٧٠.

٦- محەمەدی مەلا کەریم، مامەند سەر لە نوێ عومری تازەی بۆ دەنووسرێ، ژ ٢، لا ٨٩.

٧- نوری عەلی ئەمین، یاداشتی جگەرەکێشێ، ژ ٢، لا ١١٣.

٨- هـ-، مەیگێڕ، ژ ٣، لا ٢٠.

٩- ع.ع.شەونم، ٤ی نیسان، ژ ٣، لا ٢١.

١٠- جەمال نوری، داپیرە گیان، ژ ٣، لا ٤٣.

١١- مایاکۆفسکی، لینین، و: دلزار، ژ ٣، لا ٩٩.

١٢- م.ع، دەمودەست، ژ ٣، لا ١٣٣.

١٣- کەریم شارەزا، لە ئەشکەوتێکا، ژ ٣، لا ١٥٠.

**٢- چیرۆك: (٤)**

١- حوسێن عارف، خوویەکی پووچ، ژ ٢، لا ٥١.

٢- جەمال بابان، ئاهی ئێمە بە کۆتەرە بێت، ژ ٣، لا ٢٦.

٣- و: کەریمی حوسامی، ١٠ وەزیر، ژ ٣، لا ٧٨.

٤- مستەفا سالح کەریم، با بڵێین خەو بوو، ژ ٢، لا ١٣٤.



**٣- وتار:** ئەمە سێ جۆری هەیەو، (٢٣) بابەتی تیا بڵاوکراوەتەوە، بەم شێوەیە:

أ- وتاری ئەدەبی: (١٦)

١- دەفتەری کوردەواری، دەست لە ناو دەست لەگەڵ نەورۆزدا، ژ ٢، لا ٣.

٢- ئیسماعیل ڕەسوڵ، ڕەخنەی بێسوود، ژ ٢، لا ٩٧.

٣- د. ئیحسان فوئاد، هەندێ یادگاری ئەدەبی، ژ ٢، لا ١١٧.

٤- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، نامەیەکی گۆران بۆ پیرەمێرد، ژ ٢، لا ١٢٤.

٥- محەمەد صاڵح دیلان، نامەیەکی کۆن، ژ ٢، لا ١٣٩.

٦- جەمال خەزنەدار، ڕوونکردنەوەیەك، ژ ٣، لا ٣.

٧- موکەڕەم تاڵەبانی، کفری زەوی بەهاداری و شاری کەساسییە، ژ ٣، لا ٤.

٨- محەمەد مەولود (مەم)، هەندێك شتی وردیلە، ژ ٣، لا ١٣.

٩- عەبدولمەجید عەبدولڕەحمان، ڕەخنەی (٣) هۆنراوەی ژمارە (١)ی دەفتەری کوردەواری، ٣ ژ، لا ٣٧.

١٠- ئەحمەد خواجە،گۆشتی بۆ تۆ ئێسقانی بۆ من، ژ ٣، لا ٤٥.

١١- د. مارف خەزنەدار، هەندێ لە شیرازەکانی دەفتەری ڕەخنەم، ژ ٣، لا ٤٩.

١٢- د. سەلاحەدین ئەلمونجید، محەمەد کورد عەلی و فارس ئەلخوری، ژ ٣، لا ٥٨.

١٣- ئەحمەد غەفور، گۆرانی مرۆڤ و تێکۆشەر، ژ ٣، لا ٨٩.

١٤- س.ع. شادومان، وەلی دێوانە، ژ ٣، لا ٩٣.

١٥- عومەر مارف بەرزنجی، دیوانەکەی پیرەمێرد، ژ ٣، لا ١١٦.

١٦- جەمال خەزنەدار، هەولێر کۆنترین شاری جیهانەو دواکەوتووترین شاری ئەم ناوچەیەیە، ژ ٣، لا ١٢٧.

ب - وتاری مێژوویی: (٦)

١- موکەڕەم تاڵەبانی، لاپەڕەیەك لە خەباتی نەتەوەیی کورد لە ساڵی ١٩٢٠ (ئەمەتا میللەت)، ژ ١، لا ١٨

٢- د. ئەحمەد عوسمان، ئایا مێژووی کورد نووسراوەتەوە، ژ ١، لا ٨٥.

٣- د. قەناتی کوردۆ، تێبینی لە لێکدانەوەی زانیارییەکانی کەزنەفۆن لە بارەی کاردۆخەکانەوە، و: د. مارف خەزنەدار، ژ ١، لا ١٢١.

٤- عاسم حەیدەری، لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی شاری هەولێر- بیرەوەری ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٤٦-، ژ ٢، لا ٨.

٥- نووری شێخ جەلال، ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٣٠ لە چەمچەماڵدا، ژ ٢، لا ٨٧.

٦- تۆمابووا، کوردناسین، و: د.نوری تاڵەبانی، ژ ٣، لا ١٤١.

ت - وتاری تایبەت بە ئابووری: ( )

- ئەحمەد خواجە، گەنجینەکانی وڵات، ژ ١، لا ٧.

**٤- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی: (١٢)**

١- شێخ محەمەدی خاڵ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەشی یەکەم، ژ ١، لا ١٢.

- شێخ محەمەدی خاڵ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەشی دووەم، ژ ٢، لا ٨٣.

- شێخ محەمەدی خاڵ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەشی سێیەم، ژ ٣، لا ١١١.

٢- کوڕادۆ ئەلفارۆ، تەنگوچەڵەمەی پاڵەوان لە چیرۆکی ئەم سەردەمەدا، وەرگێڕانی: مستەفا ساڵح کەریم، ژ ١، لا ٤١.

٣- جەمال بابان، قسە هەزارە دووانی بەکارە، لێکۆڵینەوەی پەندی پێشینان، ژ ١، لا ٦٢.

٤- د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، عەلی هەریری، ژ ١، لا ٩٨.

٥- ئیسماعیل ڕەسوڵ، لێکۆڵینەوەیەك لە ئەدەب و ئەدەبی فۆلکلۆری، ژ ١، لا ١١١.

٦- مەسعود محەمەد، کەیفی جوانڕۆیی، ژ ٢، لا ١٩.

٧- شوکور مستەفا، نەورۆز لە ئەدەبی گەلاندا، ژ ٢، لا ٤٢.

٨- محەمەد ئەمین عوسمان، ئەحمەد موخلیس، ژ ٢، لا ٧٢.

٩- شێرۆ موفتی ، لەژێر سێبەری بێخوددا، ژ٢، لا٧٨.

١٠- مومتاز حەیدەری، دڵدار (١٩١٨- ١٩٤٨)، ژ ٢، لا ١٣٠.

١١- د. مارف خەزنەدار، عەلی تەڕەماخی و دەستنووسەکەی، ژ ٢، لا ١٤٢.

١٢- سادق بەهائەدین ئامێدی، عەلی حەریری، ژ ٣، لا ٦١.

**٥- لێکۆڵینەوەی زمانەوانی: (٤)**

١- د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، ڕێزمان و مێژووی زمانی کوردی کورتەی کەشمی یەکەم، ژ ١، لا ٣٣.

٢- د. حسێن عەلی مەحفوز، وشەی (دەفتەر) لە زمان و ئەدەب و کتێبی عارەبی و فارسی و تورکی و کوردیدا، ژ ٢، لا ٥٧.



٣- د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، زانیاری زمان، ژ ٢، لا ١٠٠.

٤- د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، زمانی کوردی، ژ ٣، لا ١٠٤.

**٦- ڕۆژنامەگەری: (١)**

١- جەمال خەزنەدار، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، ژ ١، لا ١٠٧.

**٧- نامە: (٢)**

١- محەمەد مەولود (مەم)، ئەدەب و هەندێ بیری ساکار، ژ ١، لا ٨٨.

٢- قەناتی کوردۆ، نامەیەکی کراوە، ژ ٣، لا ١٢٣.

**٨- ژیاننامە: (٢)**

١- جەمال خەزنەدار، یادی سەدساڵەی لە دایکبوونی لینین، ژ ٢، لا ٤.

٢- مارف بەرزنجی، شێخ مارفی بەرزنجی (مێژووی ژیان)، بەشی یەکەم ، ژ ٢، لا ١٤٦.

- مارف بەرزنجی، مێژووی ژیانی شێخ مارفی بەرزنجی، بەشی دووەم، ژ ٣، لا ١٥٣.

**٩- هەواڵ: (٤)**

لە هەر سێ ژمارەکاندا تەنیا چوار هەواڵ هاتوون، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- ڕۆژی ئاشتی ١١ی مارتی ١٩٧٠، ژ ٢، لا ١٥٤.

٢- ئەکادیمیەی زانستی کوردی، ژ ٢، لا ١٥٤.

٣- زانیاری، ژ ٣، لا ٨٨.

٤- نووسەری کورد، ژ ٣، لا ١١٠.

**١٠- بەڵگەنامە: (١)**

١- لەو گۆڤارەدا لە ژمارە (١)دا، دەقی بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی سەبارەت بە مافە خوندەوارییەکانی نەتەوەی کورد بڵاوکراوەتەوە.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە چەند خاڵێکی گرنگ، لەوانە:

١- دەفتەری کوردەواری گۆڤارێکی ئەهلی سەربەخۆ بووە، کاتێکیش کە زانیویەتی ئاسان نییە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت وەستاوە لە دەرچوون، بەڵام نەبوویتە سەر بە هیچ کەس و لایەنێك.

٢- ئەو گۆڤارە تەنها سێ ژمارەی لێدەرچووە.

٣- لە هەر سێ بەرگدا (٦٦) بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بڵاوکردۆتەوەو، بابەتە ئەدەبییەکانی لە سەرووی هەر بابەتێکی تری ڕۆشنبیری گرنگتر لە بەرچاو گرتووە.

٤- زۆربەی شیعر و چیرۆك و بابەتەکانی تری بە شێوازی نوێی سەردەمانە نووسراون.

٥- بابەتەکانی زۆربەیان نووسراو بوونە، ئەوەش ڕۆڵی گێڕاوە لەوەی باشتر خزمەت بە واقیعی کوردەواری بکەن، بە تایبەت کە بابەتەکانی لە لایەن نووسەرانی ناوداری ئەو ڕۆژگارە نووسراون، تەنانەت بابەتە وەرگێڕدراوەکانیشی هی نووسەری ناودار بوونە، نەك هەر بابەتی ئاسایی بوو بن.

٦- لە ڕووی چاپ و دەرهێنانی هونەری و قەوارەوە گۆڤارێکی خنجیلانە بووەو، باش کەوتۆتە بەردەست.

٧- نرخی هەرزان بووەو، لە دوای ژمارە (١)ی هەرزانتریش کراوە، ئەوەش هۆیەکی دی گرنگە بۆ سەرکەوتنی ئەو گۆڤارەو، هەر گۆڤارێکی تر.



## پەراوێزەکان

١- بڕوانە: لاپەڕە (١)ی هەر سێ بەرگەکانی دەفتەری کوردەواری.

٢- جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی دار الحریه للطباعة، بەغدا، ١٩٧٣، لا ١١٠.

٣- وریا جاف، کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، لا ٨٢.

٤- دکتۆر مارف خەزنەدار، دیدارێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێزیان، ڕۆژی هەینی، ٢٠٠٥/٣/١١، لە هەولێر.

٥- جەمال خەزنەدار.. (ناوی تەواوی: جەمال عەبدولقادر خەزنەدارە)، ساڵی ١٩٣٦ لە هەولێر لە دایك بووە، دەرچووی خوێندنی سانەوییە، کە هەردوو خوێندی سەرەتایی و سانەویی لە هەولێر تەواوکردووە، دوای ئەوە چووەتە بەغداو لەوێ بە فەرمانبەر لە وەزارەتی کشتوکاڵ دامەزراوە.. لە بواری ڕۆژنامەگەری کوردیدا کاری زۆری کردووە، لە گرنگترین کتێبەکانی ئەوانەی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردیی کردوون: (ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی) ییە، لەگەڵ دووبارە چاپکردنەوەو پێشەکی بۆ نووسین بۆ هەردوو گۆڤاری (ڕۆژی کورد) و، (ڕۆژی کوردستان).. ئێستاکە لە هەندەرانەو لە وڵاتی (ئەڵمانیا) دادەنیشێت.(

٦- جەمال خەزنەدار، ڕوونکردنەوەیێك، دەفتەری کوردەواری، بەرگی سێیەم، لا ٣.

٧- بڕوانە: گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی دووەم، لا ٣.

٨- لای عەرەبەکان لە سەردەمی پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلامیش تا سەدەی بیست هەر ئەو پێناسەیەی بۆ دەکرا، کە ئەمە لە ئەدەبی نەتەوە موسڵمانەکانیش هەر وابوو.

٩- حیدوش احمد، التجاه النفسی فی النقد العربی الحدیث، رساله ماجستیر مقدمه الی مجلس کلیه الاداب جامعه بغداد، کانون الاول ١٩٨٣، باشراف الدکتور: جلال الخیاط، ص ٤٧.

١٠- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی (١)، لا ٢٧.

١١- بڕوانە: دەفتەری کوردەواری، ژ ١، لا ٦٠.

١٢- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، ژ ١، لا ٩٦و٩٧.
١٣- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، ژ ٣، لا ١٥٠.
١٤- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، ژ ٢، لا ٧١و٧٢.
١٥- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، ژ ٢، لا ١١٣- ١١٦.
١٦- د. میشال عاصی، الفن والأدب، چاپی دووەم، المکتب التجاری للطباعة والنشر والتوزیع، بیروت،١٩٧٠، لا ٢٤٢.
١٧- ئیدریس عەبدوڵڵا، پەخشان یەکەمینی دوو شێوەکانی دەربڕین بەش و فۆڕمەکانی، گۆڤاری نووسەری نوێ، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤، ژ (٢٤و٢٥)، لا ١٢٧.
١٨- د. میشال عاصی، الفن والأدب، لا ١٥٥.
١٩- سەچاوەی پێشوو، لا ١٥٩.
٢٠- د. محمد حسن عبدالله، فنون الأدب، دار الکتب الثقافیة، الکویت، الطبعة الثانیة، ١٩٧٨، لا ٢٦١ .
٢١- ئیدریس عەبدوڵڵا، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ (٢٤و٢٥)، لا ١٢٥.
٢٢- ئیدریس عەبدوڵڵا، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ (٢٤و٢٥)، لا ١٢٨.
٢٣- د. شوکرییە ڕەسوڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعلیم العالی، هەولێر، ١٩٨٩، لا ١٤٢٥.
٢٤- ئید ئیدریس عەبدوڵڵا، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ (٢٤و٢٥)، لا ١٢٨.
٢٥- سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٠.



## سەرچاوەکان بە گوێرەی مێژووی بڵاوبوونەوەیان:


١- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی یەکەم، کانوونی دووەمی ١٩٧٠.
٢- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی دووەم، مارت و نیسانی ١٩٧٠.
٣- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی سێیەم، مایسی ١٩٧٠.
٤- د. میشال عاصی، الفن والأدب، چاپی دووەم، المکتب التجاری للطباعة والنشر والتوزیع، بیروت،١٩٧٠.
٥- جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی دار الحریە للطباعة، بەغدا، ١٩٧٣.
٦- د. محمد حسن عبدالله، فنون الأدب، دار الکتب الثقافیة، الکویت، الطبعة الثانیة، ١٩٧٨.
٧- حیدوش احمد، التجاه النفسی فی النقد العربی الحدیث، رساله ماجستیر مقدمه الی مجلس کلیه الاداب جامعه بغداد، کانون الاول ١٩٨٣، باشراف الدکتور: جلال الخیاط.
٨- د. شوکرییە ڕەسوڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعلیم العالی، هەولێر، ١٩٨٩.
٩- وریا جاف، کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.
١٠- ئیدریس عەبدوڵڵا، پەخشان یەکەمینی دوو شێوەکانی دەربڕین بەش و فۆڕمەکانی، گۆڤاری نووسەری نوێ، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤، ژ (٢٤و٢٥).
١١- دکتۆر مارف خەزنەدار، دیدارێکی تایبەت لەگەڵ بەرێزیان، ڕۆژی هەینی، ٢٠٠٥/٣/١١، لە هەولێر.

# دەنگی مامۆستا
# دەنگی دلێری مامۆستایانی کوردستان
# (شوباتی ١٩٧١ - کۆتایی ١٩٧٣)

**پێشەکی:**

گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا، میللەتێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیرە، هەر لە زووەوە لە ڕۆژگاری میرنشینە فەرمانڕەواکانی کوردستاندا، حوجرەی مزگەوتەکان سەدان کەڵە ڕۆشنبیری وێنەی (جزیری و خانی و نالی و حاجی و... هتد)ی پێشکەش بە بزاڤی کوردایەتیی ڕەسەن و خزمەت بە ئایین و کورد و کوردستان کردووە.

(خانی) ڕووی دەمی کردە شوان و گاوان و دەسەڵاتدارو بێدەستی کورد و جاڕیدا:

- گەر دێ هەبووا مە ئیتیحادەك
ڤێکرا بکرا مە ئینقییادەك
**تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت**
تەحییل دکر مە عیلم و حیکمەت[1]

(حاجی) ش هەمان بانگی بەگوێی کورداندا دایەوەو گوتی:

**- هەتا وەك ئاگری بن کان لەگەڵ یەك**
ئەگەر تۆفان بن لەشکرتان بە پووشەك[2]

بەوەش نەوەستا، هات ڕێگەی خەباتێکی سیاسی شارستانی مۆدرێرنی بۆ کورد نەخشەکێشاو پێی گوت: ئادەی کوردە سەیری میللەتانی تر بکە:

- بە زوبانی کەچ و خەتی خواری
بە جەریدەو کتێبی خەلواری
چوونە ڕیزی موعەززەماتی میلەل
وەختە خۆیان حیساب بکەن بە دووەل [3]



(حاجی) بەمە بە کوردی گوت، تۆش بەرەو خەباتی ڕۆژنامەگەری و دیپلۆماسی وەرەو زانست و زانیاریت بکە چەکی خەبات.. بەڵێ:

- لە دەشت و دێ و ویلایەت بینە ئەحباب
وەکو شەخسێکی واحید بن لە هەر باب
لە بۆتان تا بەبان و سەرحەدی ڕەی
لە ئەولاتر وەها نۆش بێتە سەر دەی
ببینە یەك لە تەعلیم و لە نووسین
جل و بەرگ و زمان و ڕەسم و ئایین [4]

ئینجا زیاد لەوەش بۆ دووبارەو چەند بارە، (حاجی) هاتەوە سەر نرخی ڕۆژنامەو بە کوردی گوت:

- سەد قائیمەو قەسیدە، کەس نایکڕێ بە پوولێ
ڕۆژنامەو جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان [5]

بەڵام بەداخەوە (حاجی) کۆچی دوایی کردو ڕۆژنامەیەکی کوردی چاوی هەر هەڵنەهێنا، تا زەمەنێك دوای ئەوە، کاتێك بیرە کوردایەتییەکە، ئەو بیرەی لە ڕۆژگاری پێشووتردا (خانی) و (حاجی) کوردیان پی هۆشیار کردەوە، گەیییە چڵە پۆپە، ئەوساکە لە (٢٨ی نیسان ١٨٩٨) لە قاهیرەی پایتەختی میسر، ئەو خەونەی (حاجی) هاتەدی و، (میر میقداد مەدحەت بەدرخان)، ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی پێشکەش بە ڕۆحی (حاجی) کرد.

لەوەش بەدوا، بزاڤی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان چالاك بووەو هەر ڕۆژێك بوار ڕەخسابێت، چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی جۆراوجۆر هێنراونەتە چاپ و بڵاوکردنەوە، (دەنگی مامۆستا)ش یەکێکە لەو گۆڤارە کوردییانە، کە لە دوای ڕێککەوتننامەی (١١ ئادار ١٩٧٠)، لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، کەوتە دەرکردنی، بە بابەتە پەروەردەیی و زانستی و هونەری و ئەدەبییەکانییەوە، خزمەتێکی ناوازەی بە خوێنەوارانی کورد کرد، بەوەش بووە ئەندامێکی ڕەزا سووك و بەسوودی بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان.

ئەمڕۆکەش کە زیاتر لە چارەگە سەدەیەك بەسەر ڕۆژگاری دەرچوونی ئەو گۆڤارەدا تێدەپەڕێت، بزاڤی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستانی ئازاددا یەکجار چالاکەو بەسەدان گۆڤار و ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی جۆراوجۆر لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، لەلایەن دام و دەزگاکانی حکوومەتی هەرێم و، حیزبە کوردستانییەکان و، سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەیی و

گروپە ڕۆشنبیرە سەربەخۆکان دەردەکرێن، بەڵام گۆڤاری (دەنگی مامۆستا) وەکو ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی ڕۆژنامەگەری کوردی و وەکو توحفەیەکی گرنگ لە ئەرشیفی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، نرخی تایبەتی خۆی هەر دەمێنێت، بۆیە لەم هەلەدا، بە باشم زانی ئەو لیکۆڵینەوەیە لەبارەی ئەو گۆڤارە ئازیزەدا بنووسم، بەو هیوایەی سوودمەند بێت.

**(دەنگی مامۆستا) بۆ؟:**

بێگومان هەموو کارێك بۆ وەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو، یان چەند مەبەستێك دەکرێت، گۆڤاری (دەنگی مامۆستا)ش کەوابێت بۆ چەند ئامانجێك دەرکراوە، کە ئەگەر بمانەوێت پەی بەو ئامانجانەی ببەین، وا دەزانم ئەگەر بۆ دەستەی نووسەرانەکەی بگەڕێینەوە، باشتر لە مەبەست نزیك دەبینەوە، چونکە ئەوان خۆیان خاوەنی گۆڤارەکەنە، هەر خۆشیان بەو ئامانجانە شارەزاترن، کە لەدوای دەرکردنی (دەنگی مامۆستا) بوونە.. ئەوەتا ئەوانیش گرنگترینی ئامانجەکان لەم چەند دێڕەی خوارەوە کورت دەکەنەوە، دەڵێن:

(ئەم گۆڤارەمان ئامانجی پەرەپێدانە بە ئەدەب و بە زمانی کوردی.. ئامانجی پاراستنی مافی مامۆستایانە، هەموو مامۆستایان، بێ جیاوازیی زمان و ڕەگەز و بیروباوەڕیان..

ئامانجی ئەوەیە دەست درێژکات بۆ هەموو خاوەن پێنووسێکی پاك و خاوێن، کە ئاواتی ڕاژەی نەتەوەکەی بێ و دڵسۆزانە بییەوێت شەرەفی وشەی خاوێن بپارێزێ).[٦]

**دروشمی (دەنگی مامۆستا):**

(دەنگی مامۆستا) وەکو گۆڤاری توێژێکی ڕۆشنبیر و چاوساغی میللەت، کە مامۆستایانن، هەر لە سەرەتاوە دروشمی ئەوەبوو، کە بەشانازییەوە بانگەشەی بۆ دەکرد و، دەیگوت: (با وشەی بە نرخ و، بەرهەمی خاوێن پێشکەش کەین، بە خوێندەوارانمان) [٧]..

ئەم دروشمەش ئەگەرچی لە تەنیا یەك ڕستەو چەند وشەیەکی کەم پێك دێت، بەڵام مانایەکی گەورە هەڵدەگرێت و، بە کورتی و، بە کوردی لەم دروشمەیدا دەیەوێت، بڵێت: ئادەمیزاد بە نرخە، ئێمەش کە خوێنەوارانمان ئادەمیزادن، با ڕێز لە نرخی ئەو ئادەمیزادە بگرین، وشەیەك بەنرخ نەبێت و، شتێکی تازە لە بیرو هۆشدا، لە سلوك و کردەوەدا، زیاد نەکات، بەرهەمێك بایەخدار نەبێت و، بیرۆکەیەکی جوان، یان ناواخنێکی خزمەت ئامێز بۆ ژیان و گوزەرانی ئەو ئادەمیزادە پێشکەش نەکات، ڕەشکردنەوەی لاپەڕەکان بە تەنیا، نەك هەر



مەبەست نین، بەڵکو زیانبەخش دەبێت و، خوێنەر وەڕس و بێزار دەکات، بە مەبەش گەورەترین زیان لە بزاڤی ڕۆشنبیری و بە مەدەنی بوونی کۆمەڵگەکەمان دەدەین.. بۆیە با ئەوەی دەیکەین، چی زیاترە پێشکەشکردنی وشەی بەنرخ و بەرهەمی ڕەسەن و خاوێن بێت.

**ناسنامەی (دەنگی مامۆستا):**

ئەم گۆڤارە هەمیشە لەسەر بەرگی پێشەوەی و، لەژێر تایتڵە گەورەکەی، ناوونیشانی (دەنگی مامۆستا) دەنووسرا: (ئۆرگانی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان -- لقی سلێمانی)یە[٨]، هەندێ جاری تریش ئەم دەربڕینە کە ناسنامەی گۆڤارەکەیە، گۆڕانێکی بچووکی بەسەردا دەهێنراو، دەکرایە: (گۆڤاری لقی سلێمانیی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی عێراقە [٩]، یان (گۆڤاری یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی عیراقە -- لقی سلێمانی) [١٠]

**شێوەی (دەنگی مامۆستا):**

دەنگی مامۆستا لە لاپەڕەی (٢٥×٢٠سم)دەردەچوو.. ژمارەی لاپەڕەکانی هەموو جار هێندەی یەك نەبوون، هەندێ جار بە (٤٤) لاپەڕە دەرچووە[١١]، هەندێ جاری تر بە (٦٦) لاپەڕە دەرچووە[١٢]، جاری واش هەبووە ژمارەی لاپەڕەکانی بۆتە (٧٣)لاپەڕە.[١٣]

بەڵام دواتر دیسان چەند لاپەڕەیەکی کەم بۆتەوەو، بە (٦٦) لاپەڕە دەرچووە. [١٤]

**ریزبەندی (دەنگی مامۆستا) لە نێو گۆڤارە کوردییەکاندا:**

گەربێت و هەموو ئەو گۆڤارە کوردییانە بە گوێرەی بەرواری دەرچوونیان بە دوای یەکدا ریز بکەین، دەبینین گۆڤاری (دەنگی مامۆستا) لە ژمارە (٧٣)ی ئەو زنجیرەیە دێت، واتە بە تەنیا(٧٢) گۆڤار بەر لە ئەو لای کورد دەرکراون، ئەو خشتەیەی خوارەوەش ئەو ڕاستییە وەدەر دەخات:

١- (ڕۆژی کورد) و (هەتاوی کورد)، کۆمەڵەی هیڤی کورد، هاوینی ١٩١٣، ئەستەمبوڵ.

٢- یەکبوون، ------ ، ١٩١٣، ئەستەمبوڵ.

٣- بانگی کورد، جەمالەدین بابان، شوباتی ١٩١٤، بەغداد.

٤- کوردستان، میسانیرە پرۆتستانییەکان، نیسانی ١٩١٤، مهاباد.

٥- كوردستان، -------------- ، ١٩١٥، حەلەب.
٦- ژين، ئەشرەف حەمزە، كانوونى يەكەمى ١٩١٨، ئەستەمبۆڵ.
٧- كوردستان، سەيد حوسەين، كانوونى دووەمى ١٩١٩، ئەستەمبوڵ.
٨- ديارى كوردستان، ساڵح زەكى ساحيبقڕان، مارتى ١٩٢٥، بەغدا.
٩- زارى كرمانجى، سەيد حوسەين موكريانى، مايسى ١٩٢٦، ڕەواندوز.
١٠- پەيژە، مستەفا شەوقى، ١٩٢٧، بەغدا.
١١- هاوار، جەلادەت بەدرخان، مايسى ١٩٣٢، شام.
١٢- روناكى، شيت مستەفا و حوسێن حوزنى موكريانى، ١٩٣٥، هەولێر.
١٣- زانستى، ساڵح قەفتان، ١٩٣٨، سليمانى.
١٤- گەلاوێژ، ئيبراهيم ئەحمەد، ١٩٣٩، بەغدا.
١٥- روناهى، جەلادەت بەدرخان، جەلادەت بەدرخان، شام.
١٦- نيشتمان، كۆمەڵەى (ژ.ك)، ١٩٤٣، بەغدا.
١٧- دەنگى گێتى تازە، ئينگليزەكان، ١٩٤٣، بەغدا.
١٨- ڕۆژا نۆ، د. كامەران عەلى بەدرخان، مايسى ١٩٤٣، بەيروت.
١٩- ستێر، د. كامەران عەلى بەدرخان، كانونى يەكەمى ١٩٤٣، شام.
٢٠- هاوار، ------------- ، ١٩٤٥، مهاباد.
٢١- كوردستان، حزبى ديموكراتى كوردستانى ئيران، كانونى يەكەمى ١٩٤٥، مهاباد.
٢٢- ئاوات، ------------------ ،١٩٤٥، مهاباد.
٢٣- هەڵاڵە، -------------------- ، مارتى ١٩٤٦، بۆكان.
٢٤- هاوارى نيشتمان، يەكيەتى جەوانانى ديوكرات، مارتى ١٩٤٦، مهاباد.
٢٥- گروگاڵى منالآنى كورد، قادرى مودەڕيسى، بەهارى ١٩٤٦، مهاباد.
٢٦- ئاگاو ڕووداوى هەفتەيى، كاروبارى ئاڵوگۆڕى خوێندەوارى ئەمريكى، ١٩٤٦، بەغداد.
٢٧- نزار، عەلائەدين سەجادى، مارتى ١٩٤٨، بەغداد.
٢٨- ئيرە بەغدايە، كارگێڕى گشتى ئاراستەو ئيزگە، ١٩٥٠، بەغداد.
٢٩- خۆرنشين، ------------- ، ١٩٥١، مهاباد.
٣٠- پەيام، كاروبارى ئاڵوگۆڕى خوێندەوارى ئەمريكى، ١٩٥٢، بەغداد.
٣١- راوێژ، ----------- ، ١٩٥٢، ئێران.



٣٢- هەتاو، گيو موكريانى، ١٩٥٤، هەولێر.
٣٣- هيوا، يانەى سەركەوتن، ١٩٥٧، بەغداد.
٣٤- شەفەق (بەيان)، عەبدولقادر بەرزنجى، كانوونى دووەمى ١٩٥٨، كەركوك.
٣٥- پێشكەوتن، ------------------ ، شوباتى ١٩٥٨، بەغداد.
٣٦- كوردستان، كۆمەڵەى خويندكارانى كورد لە ئەوروپا، مارتى ١٩٥٨، ئينگلتەڕا.
٣٧- نيشتمان، خانەى مامۆستايانى سلێمانى، مارتى ١٩٥٩، سلێمانى.
٣٨- ڕزگارى، پارتى ديموكراتى كوردستان -- عێراق، ١٩٥٩، بەغداد.
٣٩- نەورۆز، كەمال ميرزا كەريم، ١٩٥٩، سلێمانى.
٤٠- ئافرەت، يەكيەتى ئافرەتانى عێراق، ١٩٥٩، بەغداد.
٤١- بڵێسە، نەقابەى مامۆستايان -- لقى سلێمانى، ئابى ١٩٥٩، سلێمانى.
٤٢- هيواى كوردستان، يەكيەتى قوتابيانى كوردستان -- سلێمانى، ١٩٥٩، سلێمانى.
٤٣- دەنگى قوتابييان، يەكيەتى قوتابيانى گشتى عێراق، ١٩٥٩، بەغداد.
٤٤- دەنگى قوتابيان، يەكيەتى قوتابيانى عيراق -- لقى كەركووك، ١٩٥٩، كەركووك.
٤٥- هونەر، قوتابخانەى ناوەندى هونەرى ناوماڵ، ١٩٥٩، سلێمانى.
٤٦- ڕۆژى نوێ، جەمال شاڵى، مارتى ١٩٦٠، سلێمانى.
٤٧- چارەسەركردنى كشتوكاڵ، وەزارەتى چارەسەركردنى كشتوكاڵ، تەمووزى ١٩٦٠، بەغداد.
٤٨- عێراقى نوێ، وەزارەتى ئيرشاد، تشرينى يەكەمى ١٩٦٠، بەغداد.
٤٩- ژيان، يەكيەتى قوتابيانى گشتى عێراق -- لقى هەولێر، تشرينى دووەمى ١٩٦٠، هەولێر.
٥٠- ئەديبى عێراقى، يەكيەتى ئەديبانى عێراق، تەمووزى ١٩٦١، بەغداد.
٥١- هەولێر، شارەوانى هەولێر، شوباتى ١٩٦٢، هەولێر.
٥٢- دەنگ، ---------------------------- ، نيسانى ١٩٦٣، ئەستەمبۆڵ.
٥٣- توتن، عادل موختار و محەمەدى مەلا كەريم، تشرينى دووەمى ١٩٦٣، بەغداد.
٥٤- The kurdish Jaurnal، ------------------------- ، ١٩٦٣، ئەمريكا.
٥٥- دەنگى تازە، ------------------------- ، ١٩٦٦، ئەستەمبۆل.
٥٦- پڕشنگ، كۆمەڵەى خويندكارانى كورد لە ئەوروپا، ١٩٦٦، ئەوروپا.

٥٧- رابەر، قوتابخانەی مەڵکەندی، نیسانی ١٩٦٦، سلێمانی.

٥٨- Yeni Akish، چەپەکان، ١٩٦٦، ئەنقەرە.

٥٩- گزنگ، قوتابخانەی مەناری کوڕان، ١٩٦٧، سلێمانی.

٦٠- سلێمانی، شارەوانی سلێمانی، تەمووزی ١٩٦٨، سلێمانی.

٦١- کاری میللی، وەزارەتی ئیرشاد، تشرینی دووەمی ١٩٦٨، بەغداد.

٦٢- رزگاری، نەوشیروان مستەفا، نیسانی ١٩٦٩، سلێمانی.

٦٣- بەیان، د. ئەکرەم فازڵ، تشرینی دووەمی ١٩٦٩، بەغداد.

٦٤- تیشك، قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی کوڕان، ١٩٦٩، هەولێر.

٦٥- دەفتەری کوردەواری، جەمال خەزنەدار، کانوونی دووەمی ١٩٧٠، بەغداد.

٦٦- هەولێر، شارەوانی هەولێر، مایسی ١٩٧٠، هەولێر.

٦٧- برایەتی، سەعید ناکام و، دواتر ڕەفیق چالاك، حوزەیران ١٩٧٠، بەغداد.

٦٨- شۆڕشی کشتوکاڵی، وەزارەتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ، تەمووزی ١٩٧٠، بەغداد.

٦٩- زانیاری، د. عەزیز ئەمین و تەلعەت نادر، تشرینی دووەمی ١٩٧٠، بەغداد.

٧٠- چیا، بەدرخان سندی، تشرینی دووەمی ١٩٧٠، بەغداد.

٧١- گێتی پول، کۆمەڵەی پوڵخوازان، کانوونی یەکەمی ١٩٧٠، بەغداد.

٧٢- خەباتی قوتابیان، یەکیەتی قوتابیانی کوردستان، ١٩٧٠، بەغداد.

٧٣- دەنگی مامۆستا، یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان لقی سلێمانی، ١٩٧١، سلێمانی.

## زمان لە (دەنگی مامۆستا)دا:

(دەنگی مامۆستا) لە ڕۆژگارێکدا دەرچوو، کە بزاڤی کوردایەتی لە کوردستانی عێراق گەیشتبووە چڵە پۆپەو، لەو پارچە بچووکەی وڵات، کە کوردستانی عێراقە، کورد بە مافی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی خۆی شادببوو، بۆیە تیکڕای ڕۆشنبیرانی میللەتەکەمان و، دەستەی نووسەرانی (دەنگی مامۆستا)ش بە لێبڕاوی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی کورد دەکۆشان و، هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەبوو، لەو هەلە زێڕینەی بۆیان هاتۆتە پێش، سوود وەربگرن و، چی زیاترە بیری ڕەسەنی کوردایەتی و، ئاسایشی نەتەوەیی بپارێزن، جا (زمان)یش بێگومان یەکێکە لەو دەروازە گرنگانەی لە ڕێگەیەوە خزمەت بەو مەبەستانە دەکرێ، بۆیە بایەخی



زۆریان بەوە دەدا، کە بەرهەمەکانیان بە کوردییەکی پەتی و خۆش بنووسن، چونکە لەو بڕوایەدابوون، کە: (دەرهێنان و بڵاوکردنەوەی هەر بەرهەمێکی بیر، بە زمای کوردی خۆی لەخۆیدا پاراستنی گرنگترین مەرجی نەتەوایەتی کورد دەگەیەنێت)[١٦]، هەربۆیەش دەبینین، بەرهەمەکانی (دەنگی مامۆستا) بە کوردییەکی پەتی، زاری کرمانجی خواروو و، شێوەزاری قوتابخانەکەی شیعری (نالی) نووسراون و، بڵاوکراونەتەوە.

## ژمارەکانی (دەنگی مامۆستا) و بەرواری دەرچوونیان:

(دەنگی مامۆستا) بۆ سی ساڵی لەسەر یەك (١٠) ژمارەی لێ دەرچووە، لە ساڵی یەکەمیدا (٤) ژمارە، لە هەردوو ساڵی دووەم و سێیەمیشدا (٦) ژمارە. ئەم خشتەیەی خوارەوە ئەم ڕاستیە بە جوانی ڕوون دەکاتەوە:

| ژمارە | ساڵ | مێژووی دەرچوون |
|---|---|---|
| ١ | یەکەم | شوباتی ١٩٧١ |
| ٢ | یەکەم | مایسی ١٩٧١ |
| ٣ | یەکەم | تەمووزی ١٩٧١ |
| ٤ | یەکەم | تشیرینی یەکەمی ١٩٧١ |
| ٥ | دووەم | کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٧٢ |
| ٦ (١) | دووەم | حوزەیران و تەمووزی ١٩٧٢ |
| ٧ (٢) | دووەم | ئاب و ئەیلوولی ١٩٧٢ |
| ٨ | سێیەم | شوباتی ١٩٧٣ |
| ٩ | سێیەم | ئابی ١٩٧٣ |
| ١٠ | سێیەم | ١٩٧٣ (مانگەکەی لەسەر دیار نەکراوە) |

شایانی باسە ژمارەی ئەو گۆڤارە بە زنجیرەیەکی ڕێك بە دوای یەکدا نەهێنراوە.. وەکو سەیری ژمارەکان دەکەین، دەبینین، سەرەتا ژمارەکانی (١، ٢، ٣ ٤) لە ساڵی یەکەمدا

بڵاوبوونەتەوە، ئینجا کە ساڵی دووەم هاتووە ئەو ژمارەی کە دەرکراوە، ژمارە (٥) ی پێدراوە، کە ئەوە لە (کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٧٢ دەرچووە)..

واتە دەستەی نووسەران ویستوویەتی بەگۆڕانی ساڵەکان دیسانەوە لە ژمارە (١)دەست پێ نەکاتەوە، بەڵام کە دواتر لە (حوزەیران و تەمووزی) ١٩٧٢، ژمارەیەکی دیکەیان دەرکردووە، ژمارە(١)ی ساڵی دووەمیان پێداوە، دوای ئەوەش لە (ئاب و ئەیلوولی ١٩٧٢) ژمارەیەکی تریان دەکردووە، ئەویشیان کردۆتە (ژمارە(٢)ی ساڵی دووەم)، بەڵام کە لە ساڵی سێیەم و لە (شوباتی ١٩٧٣) ژمارەیەکی دیکەیان بڵاوکردۆتەوە، ئەمجارە ڕای دەستەی نووسەران گۆڕاوە، دوو ژمارەکانی(١) و (٢)ی ساڵی دووەمیان، لە ڕیزبەندییە گشتییەکە داناوە، بینیویانە ئەوانە دەبنە ژمارەکانی (٦) و (٧)ی زنجیرەکە، چونکە لە پێشتردا وەکو ئاماژەمان بۆ کرد، ژمارە (٥) دەرکرابو، لەسەر ئەو بنەمایەش دێن ئەو ژمارەی لە (شوباتی ١٩٧٣) دەریدەکەن، ژمارە (٨)ی پێ دەدەن، پاش ئەوەش دوو ژمارەی تر وەکو ژمارەکانی (٩و١٠) دەردەکەن، ئیتر گۆڤارەکە دەوەستێ و، چیدیکەی لێ دەرناچێت. ئەوەی ئەو ڕاستیەشمان بۆ وەدەردەخات خشتەی کاتی دەرچوونی ژمارەکانە، بۆ نموونە ژمارە (٥)ی ساڵی دووەم لە (کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٧٢( دەرچووە، کە ئەمانە مانگەکانی یەکەم و دووەمی ساڵن و، تەنیا ئەو ژمارەیان لی دەرچووە، ئەدی چوار ژمارەکانی دیکەی ساڵی دووەم دەبێ لە کویی ساڵی دووەم دەرچووبن، کە بەر لەمانگی یەك و دوو ئاشکرایە مانگی زووتر نییە لەو ساڵی؟! هەروەها ئەگەر سەیری ژمارە (١)ی ساڵی دووەم بکەین دەبینین لە (حوزەیران و تەمووزی ١٩٧٢) دەرکراوە، دەی چۆن دەبێت ژمارە (٥)ی ساڵی دووەم، بە پێنج مانگ لەپێش ژمارە(١)ی ساڵی دووەم دەرکرابێت؟!

## شوێنی دەرچوونی (دەنگی مامۆستا):

(دەنگی مامۆستا وەکو زانیمان گۆڤاری لقی سلێمانیی، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بووە، ئەو ساڵانەش کە ئەو گۆڤارەیان تێدا دەرچووە کۆمەڵێك چاپخانەی باش لە شاری سلێمانی هەبوونە، بۆیە سەرجەم ژمارەکانی (دەنگی مامۆستا) هەر لە سلێمانی چاپکراوە، بەڵام ئەوەندە هەیە، هەرچەند ژمارەیەك لە چاپخانەیەکدا چاپکراون، نەك چاپخانەیەکی دیاریکراو، بە ئەرکی چاپکردنی سەرجەم ژمارەکانی هەڵسابێت.. خشتەی ژمارە (٣) ئەم ڕاستییە، باشتر ڕوون دەکاتەوە:



| ژ | ساڵ | شوێنی دەرچوون و، ناوی چاپخانەکە |
|---|---|---|
| ١ | یەکەم | چاپخانەی(کامەرانی/ سلێمانی) |
| ٢ | یەکەم | چاپخانەی (ژین / سلێمانی) |
| ٣ | یەکەم | چاپخانەی (ژین / سلێمانی) |
| ٤ | یەکەم | چاپخانەی (ژین / سلێمانی) |
| ٥ | دووەم | چاپخانەی(ڕاپەڕین / سلێمانی) |
| ٦ (١) | دووەم | چاپخانەی (ڕاپەڕین / سلێمانی) |
| ٧ (٢) | دووەم | چاپخانەی(کامەرانی /سلێمانی) |
| ٨ | سێیەم | چاپخانەی (ڕاپەڕین / سلێمانی) |
| ٩ | سێیەم | چاپخانەی (ڕاپەڕین / سلێمانی) |
| ١٠ | سێیەم | چاپخانەی (ڕاپەڕین / سلێمانی) |

## دەستەی نووسەرانی (دەنگی مامۆستا):

ژمارەکانی(١) و (٢) و (٣)ی ساڵی یەکەم، ناوی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەی لەسەر نییە، ئەوەندە هەیە لەسەر بەرگەکەیان نووسراوە ئۆرگانی (یەکیتی مامۆستایانی کوردستانە - لقی سلیمانی)، بەڵام لە ژمارە (٤)ی ساڵی یەکەم، کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٧١ دەرکراوە، لەلاپەیە (٣)یدا ناوی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بۆ یەکەم جار ئاشکرا کراوەو، بەم شیوەیە هاتووە:

دەستەی نووسەران:

- مستەفا ساڵح کەریم
- محەمەد نوری تۆفیق

- جەمال عەبدول
- رەئوف بیگەرد
- عەبدوڵڵا ئاگرین
- محەمەد فەریق حەسەن[١٧]

بەڵام لێرەشدا دیسانەوە سەرنووسەر دیار نییەو، ئەوانەی ناویان هاتووە، هەموویان هەر وەکو یەك لەژێر ناوی دەستەی نووسەران ریزکراون.

پاش ئەمە لە ژمارە (٥)، دەستەی نووسەران فراوانکراوەو، کارەکانی بەم شێوەیە دابەشکراوە:

د. کەمال خۆشناو: سەرنووسەر

مستەفا ساڵح کەریم: سکرتێری نووسین

دەستەی نووسەران:

- جەمال عەبدول
- محەمەد نوری تۆفیق
- رەئوف بێگەرد
- محەمەد فەریق حەسەن
- عەبدوڵڵا ئاگرین

**دەرهێنانی هونەری: ئیسماعیل خەیات**[١٨]

لە ژمارە (٦)یش، کە ژمارە (١)ی ساڵی دووەمە، ناوی دەستەی نووسەرانی لەسەر نییە، بەڵام لە ژمارە (٧)دا، کە ژمارە (٢)ی ساڵی دووەمە، ناوی (دەستەی نووسەران) گۆڕاوە بە: (لیژنەی نووسین و راگەیاندن) و، بەم شێوەیەی خوارەوە ئەو دەستەیە فراوانکراوەو، گۆڕان بەسەر ئەرکی ئەندامانیدا هاتووە:

محەمەد نوری تۆفیق- لێپرسراو

رەئوف محەمەد زوهدی- ئەندام

مەحمود مەلا عیززەت - ئەندام

مستەفا ساڵح کەریم- ئەندام

محەمەد ساڵح سەعید- ئەندام

رەئوف بێگەرد- ئەندام



ساجد ئاوارە- ئەندام

محەمەد فەریق حەسەن- ئەندام

عەبدوڵڵا ئاگرین- ئەندام

ئیسماعیل خەیات- دەرهێنەری هونەری[١٩]

ژمارە(٨)یش هەمان (لیژنەی نوسین و راگەیاندن) دەریانکردووە، هیچ گۆڕانیك بەسەر لیژنەی ناوبراودا نەهاتووە[٢٠]، بەڵام لە ژمارە (٩) وە دەستەی نووسەران فراوانکراوەتەوە، پۆستی (سکرتێری نووسین) گەڕیندراوەتەوە لەگەڵ پۆستی لێپرسراو یەکخراوەو، بۆ یەکەمجار دەستەیەکی ڕاویژکاریش کە لە دوو دکتۆری زانکۆی پسپۆڕ پیکهاتوون، بۆ گۆڤارەکە زیادکراوە..

ناوی ئەم دەستەیەش بەم شێوەیە هاتووە:

محەمەد نوری تۆفیق- سکرتێری نووسین و لێپرسراوی گۆڤار

مەحمود مەلا عیززەت- ئەندامی دەستەی نووسەران

کامل حەسەن بەسیر- ئەندامی دەستەی نووسەران

مستەفا ساڵح کەریم- ئەندامی دەستەی نووسەران

محەمەد ساڵح سەعید- ئەندامی دەستەی نووسەران

محەمەد فەریق حەسەن - ئەندامی دەستەی نووسەران

رەئوف بێگەرد- ئەندامی دەستەی نووسەران

ساجید ئاوارە- ئەندامی دەستەی نووسەران

عەبدوڵڵا عەزیز ئاگرین- ئەندامی دەستەی نووسەران

بەدیعە مەحوی- ئەندامی دەستەی نووسەران

پەخشان عەبدوڵڵا زەنگەنە - ئەندامی دەستەی نووسەران

**راوێژکارانی گۆڤار:**

د.کەمال فوئاد.

د. زەنون محەمەد بیریادی.

دەرهێنانی هونەری: ئیسماعیل خەیات[٢١]

لە ژمارە (١٠)ش هەر ئەوەندە نووسراوە:

دەستەی نووسەران: لیژنەی بڵاوکردنەوەو راگەیاندن.

سکرتێری نووسین: محەمەد نوری تۆفیق.

دەرهێنەری هونەری: ئیسماعیل خەیات[22]

**قەوارە:**

هەر (١٠)ژمارەکانی(دەنگی مامۆستا) بە قەوارەی (٢٠×٢٨سم) دەرکراوە.. بەڵام لە رووی ژمارەو لاپەڕەکانیەوە، ئەوا لە ژمارەکانی سەرەتایدا بە لاپەڕەی کەمتر و دواتر لاپەڕەی تری بۆ زیادکراوە، خشتەی ژمارە (٤) ئەم ڕاستییەمان بۆ دەخاتەڕوو:

| ژمارەی لاپەڕەکانی | ژمارەی گۆڤار |
|---|---|
| ٤٤ | ١ |
| ٦٢ | ٢ |
| ٥٨ | ٣ |
| ٦٤ | ٤ |
| ٧٣ | ٥ |
| ٦٦ | ٦ (١ی ساڵی دووەم) |
| ٦٦ | ٧ (٢ی ساڵی دووەم) |
| ٦٦ | ٨ |
| ٦٣ | ٩ |
| ٦٤ | ١٠ |

**نرخ:**

بێگومان نرخ خاڵێکی گرنگی فرۆشران و زیاتر بڵاوبوونەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانە، چەندەی هەرزان بێت، کێرڤی فرۆشتنی بەرەو سەروو دەکشێ، چەندەش بەپێچەوانەوەبێت، بێگومان بەپێچەوانەوە، لەم رووەوە (دەنگی مامۆستا)ش کەمتەرخەمی نەکردووە، هەمیشە بەشێکی نرخەکەی داشکاندووە، خستوویەتیە سەر لایەنی دەرکەری، بۆ ئەوەی تا بکرێت بە هەرزانتر گۆڤارەکە بگاتە بەردەستی خوێنەرانی، کە زۆربەیان مامۆستاو رۆشنبیری خاوەن دەرامەتی دیاریکراو بوون.. خشتەی ژمارە (٥) نرخی سەرجەم ژمارەکانی ئەو گۆڤارە رووندەکاتەوە:



| نرخ | ژمارە |
|---|---|
| (٧٠) فلس | ١ |
| (٩٠) فلس | ٢ |
| (٩٠) فلس | ٣ |
| (١٠٠) فلس | ٤ |
| (١٠٠) فلس | ٥ |
| (١٠٠) فلس بۆ مامۆستایان | ٦ (١ی ساڵی دووەم) |
| (١٢٠) فلس بۆ خوینەرانی تر | |
| (١٢٠) فلس | ٧ (٢ی ساڵی دووەم) |
| (١٢٠) فلس | ٨ |
| (١٢٠) فلس | ٩ |
| (١٢٠) فلس | ١٠ |

خشتەی ژمارە (٥) نرخی ژمارەکانی (دەنگی مامۆستا) ڕووندەکاتەوە.

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە لەگەڵ هەوڵی گۆڤارەکەش بۆ ئەوەی بە نرخێکی هەرزان بفرۆشرێت، بەڵام نرخەکەی بەردەوام بەرەو زیادی هاتووە، تا گۆڤارەکە ڕاوەستاوەو ئیتر دەرنەچووە.

**تیراژ:**

(دەنگی مامۆستا) بە شێوەیەکی گشتی دیارنییە، کە هەر ژمارەیەك چەند دانەی لێ دەرچووە، چونکە لەسەر بەرگ و رووپەڕەکانی ئاماژە بۆ ئەوە نەکراوە، تەنیا لە ژمارە (٦)ی نەبێت، کە ئەمە ژمارە (١ی ساڵی دووەمە)، تیایدا ئاماژە بۆ ئەوەکراوە، کە (لەم ژمارەیەدا ٢٠٠٠ دوو هەزار دانە چاپ کراوە).

بۆیە بە شێوەیەکی ورد ناتوانین دەستنیشانی دانە چاپکراوەکانی یەکەیەکەی نۆ ژمارەکانی دیکەی ئەو گۆڤارە بکەین، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، بە بەرچاوگرتنی تیراژی ژمارەی (٦)ی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد دەتوانین بڵێین، ئەم گۆڤارە بە تیراژێکی گەورە دەرچووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر چەندێتی کاریگەرییەکەی و چەندێتی هۆگربوونی خوێنەرانی پێی.

**گرنگترین گۆشەکانی (دەنگی مامۆستا):**

لە ماوەی ئەو (١٠) ژمارەیەی کە دەرچووە، (دەنگی مامۆستا) گەلێ گۆشەی گرنگی بۆ خوێنەرانی کردۆتەوە، لەوانە:

**١- سەروتار:**

سەروتار یەك لە گۆشە بەردەوامەکانی (دەنگی مامۆستا) بووە، لەلایەن دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەوە نووسراوە، لە ژمارە (١)ی ساڵی یەکەمیدا بەناوونیشانی (ئامانجمان) خراوەتەڕوو.. بەڵام لە ژمارە (٢)ی ساڵی یەکەم و بەدواوە کراوەتە (وتەی ژمارە).. جێی تێبینییە ئەم گۆشەیە لە ژمارەکانی (٥) و (٩) و (١٠)یدا لەلایەن دەستەی بەڕێوەبردنی لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانەوە نووسراوە، گرنگترین بابەتەکانی ئەم گۆشەیەش ئەمانەی خوارەوەن:

- ژمارە (١) ئامانجمان.
- ژمارە (٢) لە بارەی نرخی قەڵەم.
- ژمارە (٣) لە بارەی حوزەیرانی خوێناوی.
- ژمارە (٤) لە بارەی ١٦/ ئابی/١٩٤٦.
- ژمارە (٥)، ماڵئاوایی.
- ژمارە (٧)، بژی سەرکەوتنی گەل بەسەر کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکاندا.
- ژمارە (٧)، ڕێبازی نوێی خەباتی میللەتی کورد لە ئاب و ئەیلوولدا.
- ژمارە (٨)، بەبۆنەی ساڵێك بەسەر تیپەڕبوونی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیماندا.
- ژمارە (٩) بەبۆنەی کۆڕی یەکەمی کتێبی قوتابخانەکان بە زمانی کورد.
- ژمارە (١٠)، ماڵئاوایی و چەند ڕوونکردنەوەیەك.

**٢- کاروانی شەهیدانمان:**

ئەمەش گۆشەیەکی دیکەی (دەنگی مامۆستا) بووە.. تیایدا هەر جارەی ڕۆشنایی خراوەتە سەر ژیان و تیکۆشانی مامۆستایەك، یان چەند مامۆستایەکی شەهید.. ناوی ئەو گۆشەیە لە ژمارە (٦)یدا (ژمارە (١)ی ساڵی دووەمدا، کراوەتە (کاروانی شەهیدان) و، تیایدا باسی ئەم مامۆستایانە کراوە:



- ژمارە (١) مامۆستا (حەسیب محەمەد ئەمین).
- ژمارە (٣) مامۆستا (ئەنوەر سەعید دارتاش).
- ژمارە (٤) مامۆستا (یاسین محەمەد ساڵح).
- ژمارە (٥) مامۆستا (محەمەد حاجی ساڵح حەمەبۆر) و (ئیسماعیل ئیبراهیم) و (محەمەد ئەمینو خان).
- ژمارە (٦) کە دەکاتە (١)ی ساڵی دووەم (مامۆستا حاجی باقی).
- ژمارە (٧) کە دەکاتە (٢) ی ساڵی دووەم مامۆستایان (محەمەد کەریم) و (جەلال عەلی).
- ژمارە (٨) مامۆستا (جەزا عەبدولقادر).
- ژمارە (٩) مامۆستا (کەمال رەشید قادر).

**٣- لە مامۆستا نەمرەکانمان:**

ئەمە گۆشەیەکی تر بووە، بۆ ڕۆشنایی خستنەسەر ژیان و خەباتی ئەو مامۆستا بەڕێزانەی، کە بەرەو باوەشی زەوی چوونەتەوە، بەڵام ناچنە خانەی شەهیدی، شایانی باسە لە ژمارە (١)ی ساڵی یەکەمیدا ناوەکەی (لە مامۆستا بە نرخەکانمان) بووە، بەڵام لە ژمارەی دواتردا کە ژمارە (٢)ی ساڵی یەکەمە ئیتر ناوەکەی بەم شێوەیە گۆڕاوە.

ئەم گۆشەیە هەندێ جار نووسەرێك نووسیویەتی و، هەندێ جاری تریش لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە نووسراوە، تیایدا باس لە ژیانی ئەم مامۆستایانە کراوە:

- ژمارە (١) مامۆستا (مەحموود محەمەد) بە پێنووسی (محەمەد فەریق حەسەن).
- ژمارە (٢) مامۆستا (خواجە ئەفەندی) بەپێنووسی دەستەی نووسەران.
- ژمارە (٣) مامۆستا(سەعید کابان) بەپێنووسی دەستەی نووسەران.
- ژمارە (٤) مامۆستا (عەبدولواحید نوری) بەپێنووسی دەستەی نووسەران.
- ژمارە (٨) مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) بەپێنووسی (مستەفا ساڵح کەریم).
- ژمارە (٧) مامۆستا (فایەق بێکەس) ناوی نووسەری لەسەر نییە.

**٤- زمانەوانی:**

هەر لە ژمارە (١)ی ساڵی یەکەمدا گۆشەیەك بە ناوی (بەشی زمانەوانی)یەوە هەبووە، تیایدا ئەم ناونیشانانە بە پێنووسی ئەو نووسەرانەی کە لە بەرامبەر ناو و نیشانەکان دانراون، نووسراون:

- ژمارە (١) (ئاوڕدانەوەیەك) بە پێنووسی (ئالانی).
- ژمارە (٤) (کورتە باسیك دەربارەی زمان و ئەدەبی کوردی- بەشی دووەم) بە پێنووسی (ئاوارە).
- ژمارە (٥) (کورتە باسێك دەربارەی زمان و ئەدەبی کوردی- بەشی سێیەم) بە پێنووسی (ئاوارە).
- ژمارە (١)ی ساڵی دووەم (بەرنامەی کوردی قوتابخانەکان) بە پێنووسی (محەمەد ساڵح سەعید).
- ژمارە (٢)ی ساڵی دووەم (بەکارهێنانی- دا) بە پێنووسی (محەمەد ساڵح سەعید).
- ژمارە (٧)ی ساڵی دووەم (دەربارەی وشەی زانیار) بە پێنووسی ڕەئوف ئەحمەد ئالانی.
- ژمارە (٨) (پرسیارێك دەربارەی نووسراوی کۆڕی زانیاری کورد) بەدواداچوونی زاراوەسازی.
- ژمارە (٩) (هەندێك دەنگی تر) (بەپێنووسی (م. ئارام).
- ژمارە (١٠) (چەند لایەنێك لە زمانی کوردیدا) بە پێنووسی (محەمەد ساڵح سەعید).
- ژمارە (١٢) (ناو بچووککردنەوە) بە پێنووسی (تاهیر سادق).

**٥- فەرهەنگی وشە:**

لەم گۆشەیەدا لە زۆربەی ئەو ژمارانەی دەنگی مامۆستا فەرهەنگێك هەیە، هەندێ جار وشەکانی کوردی و عەرەبی و، هەندێ جاری تریش کوردی و ئینگلیزینە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ژمارە (١) فەرهەنگی وشە ئاوێتەکان(کوردی- عەرەبی( رەشید مەلا عەلی.
- ژمارە (٢) فەرهەنگی مامۆستا (کوردی- عەرەبی) کەمال جەلال غەریب.
- ژمارە (٣) فەرهەنگی مامۆستا (کوردی- ئینگلیزی) محەمەد رەشید مەحمود.
- ژمارە (٦) کە دەکاتە (١)ی ساڵی دووەم (فەرهەنگی مامۆستا).. (بایۆلۆجی فوئاد



عیززەت، جەمال عەبدول).
- ژمارە (٩) فەرهەنگی مامۆستا (کوردی- عەرەبی) فوئاد عیززەت، محەمەد ساڵح.

**٦- چیرۆکی ژمارە:**

هەر لە ژمارە (١)ی ساڵی یەکەمیدا (دەنگی مامۆستا) بایەخی زۆری بە بواری ئەدەبیداوە، بۆیە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی فۆرمە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکانیش هاتووە گۆشەیەکی بەناوی (چیرۆکی ژمارە) کردۆتەوە، هەر جارەی چیرۆکێکی خۆماڵی بە پێنووسی نووسەرێك تێدا بڵاوکراوەتەوە، بۆ نموونە:

- ژمارە (١) (دیاری بۆ ئاغا) عەبدوڵڵا ئاگرین.
- ژمارە (٢) (لەژێر سێبەری درەختیکا) تاهیر ساڵح سەعید.
- ژمارە (٣) (قەشەو مرۆڤایەتی)( جیهان عومەر).
- ژمارە (٤) (ئەم چاڵە گۆڕتە) ( محەمەد فەریق حەسەن).
- ژمارە (٥) (ورگیش هەموو کەس ئەیزانی بۆ کێیەتی (نوری سەعید قادر).
- ژمارە (٦) کە دەکاتە (١)ی ساڵی دووەم (دەمەتەقەی مامۆستاو پێناسەکەی) خۆشناو.
- ژمارە (٨) (ئەستێرەیەك لە رۆژی روونا) محەمەد فەریق حەسەن.
- ژمارە (٩) (شانۆگەرییەکی تەواونەکراو) حسێن نێرگسەجاری.

**٧- ژیانی ئەدەبیمان:**

لەم گۆشەیە هەواڵەکانی ئەدەبی کوردی لە کوردستان و شارەکانی تری عێراق بەتایبەتی(بەغداد) و، هەروەها دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەو کتێبە کوردییەکان.. هەموو ئەوانە رۆشناییان خراوەتە سەرو، هەواڵەکەیان بڵاوکراوەتەوە.. ئەم گۆشەیەش لە ژمارەکانی (٢و٣و٤و٥و٩)دا هەیە.

**٨- زانیاری:**

زانستیش بەشی خۆی هەبووە لە (دەنگی مامۆستا)دا، ئەوەتا هەر لە ژمارە (٢)ی ساڵی یەکەم گۆشەیەك بە ناوی گۆشەی زانیاری کراوەتەوەو، ئەم بابەتانەی تیادا هاتووە:

- ژمارە (٢) (هاوزێکان ((التوائم))..).. و: کەمال جەلال.

- ژماره (٣) (فرمانی هەندێ لە بێگەردەکان ((العناير)) لە لەشی زیندەوەردا).. و: کەمال جەلال.
- ژماره (٤) (فرۆکەکانی دوارۆژ لە مەیدانی بەربەرەکانی دەوڵەتە گەورەکاندا).
- ژماره (٥) ) ناوکە کەرتبوون و ناوکە لکان، گەردیلە بۆمب و هایدرۆجینە بۆمب).. ئیبراهیم فەرەج تۆفیق.
- ژماره (٦) کە دەکاتە (١)ی ساڵی دووەم (مرۆڤ و زانیاری) ساجید ئاوارە.
- ژماره (٨) (پەیدابوونی ژیان لە جیهاندا) د.زەنون پیریادی.
- ژماره (٩) (کۆمەڵەکانی خوێن) ئەکرەم قەرەداغی.
- ژماره (١٠) (پەیدابوونی وزە لە کلۆکۆز لە شانەکانی لەشی زیندەوەردا).. ئیسماعیل غەریب شەریف.

**٩- وانەی نموونەیی:**

یەك لە گۆشە هەرە گرنگەکانی (دەنگی مامۆستا) گۆشەی وانە نموونەییەکانە، کە هەر جارەی مامۆستایەکی بەڕیز و بە ئەزموون، لە بارەی یەك لەو مادانەی کە لە قوتابخانەکان دەخوێنرێت، وانەیەکی پراکتیکی نووسیوە، لەوانە:
- ژماره (٤) (وانەیەکی نموونەیی ئینگلیزی).. مەحموود محەمەد وەهبی.
- ژماره (٥) وانەیەکی ئەلف و بێ لە پۆلی یەکەما).. عوسمان هەورامی.
- ژماره (٦) کە دەکاتە (١)ی ساڵی دووەم (وانەیەکی نموونەیی لە ژمێرەدا)... ئەمجەد مەلا کاکە حەمە رەباتی.
- ژماره (٨) (دوانزە ساڵ لەگەڵ پۆلی یەکەمدا( حەمە سالح فەتحوڵڵا هەورامی.
- ژماره (٩) (وانەیەکی نموونەیی ماتماتیك) عەلی ئەحمەد ئەمین.
- ژماره (١٠) (وانەیەکی راهینانی ئەلف و بیی نوی لە پۆلی یەکەمدا) عەلی عومەر محەمەد.

– دیسانەوە – ژماره (٥) ئەو بابەتەشی تیا هاتووە: (وانەیەکی نموونەیی لە جوگرافیادا) رەئوف محەمەد سیتەکی.



**١٠- (دەنگی مامۆستا) و خوێنەرانی:**

ئەم گۆشەیە لە ژماه (٢) ساڵی یەکەم داهێنراوە، تیایدا وەڵامی خوێنەران و ئەو بەڕیزانە دراوەتەوە، کە بابەتیان لە بۆ گۆڤارەکە رەوانەکردووە.
- ژماره (٢)... دەنگی مامۆستا و خوێنەرانی (ل٥٥ )... دەستەی نووسەران.
- ژماره (٣)... دەنگی مامۆستا و خوێنەرانی (ل٥٠ )... دەستەی نووسەران.
- ژماره (٩)... دەنگی مامۆستا و خوێنەرانی(ل٥٥)... دەستەی نووسەران.
- ژماره (١٠)... دەنگی مامۆستا و خوێنەرانی(ل٦٢ ).. دەستەی نووسەران.

**١١- ژمارەی پێشووم خوێندەوە:**

ئەمەش گۆشەیەکی دیکەی گرنگە، دوای دەرچوونی ژماره (١)ی گۆڤارەکە، لە ژماره (٢) لەسەر ژماره (١)دا نووسراوەو، لە زۆربەی ژمارەکانی دواتریش، لە ژمارەکانی پێشوودا کۆڵدراوەتەوە، ئەمەش بۆ بەهێزکردنی گۆڤارەکە بووە، دیارە مامۆستایان پەیوەندییان بە گۆڤارەکە باش بووەو، حەزیان کردووە، هەمیشە بەرەو پێشتر بچێت، بۆیە هەر جارەی مامۆستایەکی بەڕیز هاتووە لەسەر ژمارە پێشووی نووسیوەو، بەم شێوەیە:
- ژماره (٢)... ژمارەی پێشووم خوێندەوە، موحەرەم محەمەد ئەمین.
- ژماره (٤)... ژمارەی پێشووم خوێندەوە، فەرەیدون عەلی ئەمین.
- ژماره (٧) کە دەکاتە (٢)ی ساڵی دووەم.. ژمارەی پێشووم خوێندەوە، د.کەمال فوئاد.
- ژماره (٨)... ژمارەی پێشووم خوێندەوە. شیرکۆ بێکەس.
- ژماره (٥)... ژمارەی پێشووم خوێندەوە، عەبدولعەزیز خانەقاه.
- ژماره (٦) کە دەکاتە (١)ی ساڵی دووەم... ژمارەی پێشووم خوێندەوە، محەمەد سالح دیلان.

**١٢- لە ئەدەبی بێگانەوە:**

وەکو گوتمان (دەنگی مامۆستا) خوێنەرەکانی وا راهێنابوو، کە لە زۆربەی ژمارەکانیدا چیرۆکێکی کورتی کوردیی خۆماڵییان پێشکەش بکات، بەڵام لەبەر بایەخدانی زۆری ئەو گۆڤارە بە ئەدەب، جگە لەو چیرۆکانە، گۆشەیەکی دیکەش بەناوونیشانی (لە ئەدەبی بێگانەوە) بۆ خوێنەران زیاد دەکات و، هەر جارەی لەو گۆشەیەدا چیرۆکێکی یەك لە میللەتانی

دیکەو، لە زمانێکی دیکە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، ئەوەی لەو گۆشەدا پێشکەشکراوە.

- ژمارە (٣)... (هەزار دۆلار)... (ن/ ئو. هەنری ئەمریکی)، و:محەمەد فەریق حەسەن.
- ژمارە (٤)... (تەقە لە دارستاندا) (ن/ئەلیکساندەر چیڤلقی روسی)، و:م.م. ئارام.
- ژمارە (٥)... (پەنجەرە) (ن/بیرلوییی فەرەنسی)، و: محەمەد رەشید فەتاح.
- ژمارە (٨)... (مردنی مووچەخۆریك) (ن/م. پ.چیخۆڤی ڕووسی)، و: جەلال تەقی.
- ژمارە (١٠)... (نەوت) (ن/دیین بی میینی بۆرمی)، و: رەئوف بێگەرد.

**١٣- گۆشەیەکی سەربەست:**

قسەکردن بە راشکاوی، یان خستنەڕووی رایە جۆراوجۆرەکان، کە ئەمە هۆیەکە بۆ بەرەو پێشچوونی فیکر و، بەهۆی ئەوەش بەرەوپێشچوونی ژیان بە گشتی.

(دەنگی مامۆستا) لە زووەوە لەم لایەنەش ڕچەشکێن بووە، لە ژمارە (دە)یدا گۆشەیەکی بەم ناوە کردۆتەوە، تیایدا بابەتێك هاتووە، بەناوونیشانی (قوتابخانەی نیمچە دەرەبەگی)، کە کەوتۆتە لاپەڕە (٢٦) و، لەلایەن (فوئاد قەرەداغی)یەوە نووسراوە.

بەڵام بەداخەوە دواتر گۆڤارەکە وەستاوەو، ژمارەی تری بەدوادا نەهاتووە.

شایانی باسە پێشتر لە ژمارە (٩)شدا کورتە بابەتێکی (جەربەزە) بە ناونیشانی (بیری سەربەست)، لە لاپەرە (٣٤)دا بلاوبۆتەوە، بەڵام ناوی گۆشەی لێنەنراوە.

**١٤- لە باخچەی شاعیران (لە سامانی نەتەوەییمان):**

لەم گۆشەیەدا هەر جارەو چەند پارچە شیعرێك بلاوکراوەتەوە، ناوی گۆشەکەش چەند جاریك گۆڕاوە، بۆ نموونە:

- لە ژمارە (١) ناوی گۆشەکە (هەڵبژاردەی دەنگی مامۆستا)، لاپەڕەکانی (١٣و١٤) ئەم دوو شیعرەیان تێدا هاتووە:

ا- من، (ی.ب)، ل١٣-١٤.

ب- مامۆستا، (رەشید مەلا عەلی)، ل١٤.

- لە ژمارە (٢)دا ناوی گۆشەکە بووەتە (لە باخچەی شاعیران)، لاپەڕەکانی (٣٣ تا٣٩) دەگرێتەوە، ئەم شیعرانەی خوارەوەی تیادا هاتووە:



ا- کەشکۆڵی کون، بێسارانی، ل ٣٣--٣٤.

ب- من کە رۆڵەی کوردستانم، مەجید ئاسنگەر، ل٣٥-٣٦.

ج-- ئامۆژگاری بۆ دایکان، دایکی سۆلاڤ، ل٣٧.

د - نەورۆزنامەی مەلا برایم، مەلا برایم، ل٣٨-٣٩.

- لە ژمارە (٣)دا ناوی گۆشەکە هەر (لە باخچەی شاعیران)ە. لاپەڕەکانی (١٥تا١٩)ی گرتۆتەوە، ئەم شیعرانەی تێدا هاتووە:

١- زولف، میرزا شەفیعی جامەریزی، ل١٥.

٢- چەپکە گوڵێك بۆ ست فاتیمە، هەردی، ل١٦.

٣- بۆ مامۆستا، حەسیب قەرەداغی، ل١٧.

٤- مژدەی ئازادی، دایکی سۆلاڤ، ل١٨.

٥- تارمایی مەرگ، عوسمان هەورامی، ل١٩.

- ژمارە (٤) ناوی گۆشەکە وەکو خۆیەتی (لەباخچەی شاعیران). ئەم شیعرانەی تێدا هاتووە:

١- خاکی دەرگاکەت، ناری، ل٢٣.

٢- بۆ سەرۆك، ی.ب، ل٢٤.

٣- گیان، ئەژی گۆران، ل٢٥.

- ژمارە (٥) ناوی گۆشەکە دانەنراوە، بەڵام بە گۆشەکە هەرماوەو، ئەم شیعرانەی تێدا هاتووە:

١- بەکوڵ گریان، گۆران، ل٣٨.

٢- گەڕانەوەیەك بەرەو منالّی، شێرکۆ بێکەس، ل٣٩.

ژمارەکانی (٦و (٧و (٨و (٩) گۆشەکە هەر نەماوەو، ئیتر شیعر بە پەرش و بلاوی لەو ژمارانەدا بلاوکراوەتەوە، لەوانە:

- مەفتون، شیعرێکی مەفتون، ژ (٦) ، ل١٥.
- ئاواتی پیشمەرگەیەکی بیوا پۆلا، حەمە سەعید حەسەن، ژ (٦)، ل٢٧.
- کوردستانا من، عەبدولحافیز ئەنوەر مائی، ژ (٦)، ل٣٠.
- بەهار هات، چوارینێکی بابا تاهیری هەمەدانی، ژ (٦)، ل٥٣.
- بە عەبدالّ نەکەم، مەولانا خالیدی نەقشەبەندی، ژ (٧)، ل٢٩.
- ئازاری زام و لەیەکچوون، ئەحمەد رێبوار، ژ (٧)، ل٤١.

- ئازادی، جەلال دەباغ، ژ (٧)، ل٥١.
- گۆرانییەك، ئەحمەد سەلام، ژ (٨)، ل٧.
- چوار یادی مەزن، جەمیل رەنجبەر، ژ (٨)، ل٢١.
- کوردم، عەلی وریا، ژ (٨)، ل٣٤.
- عومرێکی درێژ، ع.ح.ب، ژ (٩)، ل٢٥.
- خۆری شادی، حەمەسەعید حەسەن، ژ (١٠)، ل٤٢.

بەڵام لە ژمارە (١٠)، ناوی گۆشەکە بووەتە (لە سامانی ئەدەبیمان) و تەنیا شیعرێکی (سەید یەعقوب)ی تیدا بڵاوکراوەتەوە بەناوونیشانی (شۆری بەسەرم کەفتووە).. پێشتریش لە لاپەڕە (٣٠)دا، شیعرێك بەناوونیشانی (بڕیار لە ناخی هۆنراوەدا) بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ناوی شاعیری لەسەر نییە.

### ١٥- هونەر:

ئەم گۆشەیە لە ژمارە(٩)دا کراوەتەوە، تێیدا (عوسمان خاڵ) بەشی یەکەمی بابەتێکی بە ناوونیشانی (پەروەردەی هونەری)ی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لە ژمارە (١٠) و هەر لەم گۆشەی (هونەر)ەدا، بەشی دووەمی ئەو بابەتەی (عوسمان خاڵ) بڵاونەکراوەتەوە، بەڵکو لە بڕی ئەمە، ئەو دوو هەواڵە هونەرییە بڵاوکراونەتە:

ا- چوارەم پیشانگای هونەرمەندانی سلێمانی، ئا: ئیسماعیل خەیات، ل٥٧.
ب - پیشانگەی مەڵبەندی ڕاهێنانی پیشەیی، مهین عەبدولحەمید محەمەد عەلی، ل٥٧.

### ١٦- پەندی کوردی:

لەم گۆشەیەدا کە لە هەندێ ژمارەی (دەنگی مامۆستا)دا هاتووە، بە دوو شێوە ئاماژە بۆ پەندی پێشینان کراوە، یان ئەوەتە چەند پەندێکی پێشینان بە سەریەکەوە هاتوونە، وەکو لە لاپەڕە ((٣٣ی ژمارە (١)دا ئەم پەندانە هاتوون:

- تاقە سوار تۆزناکا.
- شێر لە لان دەرچوو، چ نێر و، چ مێ.
- قەدری ددان وا بە لێوەوە.



- بەرخی نێر بۆ سەربڕینە.
- دار هۆڕەی لە خۆی نەبی ناقڵێشی.

یانیش شتێك وەرگیراوە، ئینجا چەند پەندێکی لەسەر ئەو شتە لە پەندەکانی پێشینانی کورد وەرگیراوە، کە هەموو باس لەو شتە دەکەن، بۆ وێنە هەر لە ژمارە (١)دا لەلاپەڕە (٤)دا ئەو ناوونیشانە هاتووە: (شوان) تیایدا ئەو پەندانە هاتووە:

- خوا بزن بگری نانی شوان ئەخوا.
- شوان بە شوانیی عار نییە.
- هەموو کەس نانی خۆش ئەوێ، بەڵام کەس وەکو شوان نایگرێ بە سینگییەوە.
- دیاری شوان هەڵەکوکە.

بەم شێوەیە لەو ژمارانەش هەمان شت هاتووە:

- لە ژمارە (٣) لە ژێر ناوونیشانی (پەندی پێشینان) لە لاپەڕە (٢٦)دا (١٠) دانە پەندی کوردی بڵاوکراونەتەوە.
- لە ژمارە (٦)یش کە ژمارە (١)ی ساڵی دووەمە) ناوی ئەم گۆشەیە بووەتە (کورد ئەڵێ) و، خراوەتە لاپەڕە (٢٤)، کە چەند پەندێکی تیادا هاتووە.

لەوە بەدواش ئیتر شتێك لە ژمارەکانی دواتردا وەکو پەندی پێشینان و، لەژێر ئەو ناوونیشانانەی سەرەوەدا بڵاو نەکراوەتەوە.

### ١٧- وتەی بەجێ:

ئەم گۆشەیە تەنیا لە هەردوو ژمارەکانی (١و ٢)ی ساڵی دووەم بڵاوکراوەتەوە، هەر جارەی چەند وتەیەکی گرنگی تیدا بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەوە شوێنەواری نەماوە.

### ١٨- لاپەڕەی دوایی:

ئەمەش گۆشەیەکی گرنگی (دەنگی مامۆستا)بووە، خراوەتە دوابەشی گۆڤارەکە، هەر جارەی نووسەرێك باسێکی تیا بڵاوکردۆتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ژمارە (١) یادی ٢٣ ساڵی ڕاپەڕینەکەی کانوونی دووەمی ١٩٤٨، ل٤٣، مستەفا ساڵح کەریم.
- ژمارە (٢) نەتەوەی کورد و جەژنی نەورۆز، ل٦١، مستەفا ساڵح کەریم.

- ژمارە (٣) لە حوزەیراندا یادی نەمرەکانمان، ل٥٥، رەئوف بێگەرد.
- ژمارە (٤) ناوونیشانی نییە (تایبەتە بە خەڵکی نیمچە خوێندەوار)، ل٦٢، محەمەد فەریق حەسەن.
- ژمارە (٥) بێستم.. خوێندمەوە.. بینیم.. پێکەنینم هات، ل٧، مستەفا ساڵح کەریم.
- ژمارە (١)ی ساڵی دووەم ئاکاری سەرمایەدار و چەوسێنەرەکان، ل٦٥، مەحموود مەلا عیززەت.
- ژمارە (٢)ی ساڵی دووەم بیرکردنەوە لەسەر بنچینەی زانستی، ل٦٥، ساجید ئاوارە.
- ژمارە (٨) خۆزگەو تافی بیرکردنەوەیەك، ل٦٦، عەبدوڵڵا ئاگرین.
- ژمارە (٩) گەشتیکی خیر، ل٦٣، محەمەد ساڵح سەعید.
- ژمارە (١٠) بێ ناوونیشانە، نووسەرەکەی (بەدیعە مەحوی)یە.

### ١٩- چالاکیەکانی یەکیتی مامۆستایانی کوردستان:

ئەمەش گۆشەیەکی دیکە بووە، لە زۆربەی ژمارەکانی (دەنگی مامۆستا)دا هەیە، تیایدا هەواڵەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و لقەکانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و بە تایبەت لقی سلێمانی و، کەرت و نوێنەرایەتییەکانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، لە شارو شارۆچکەکان بلاوکراوەتەوە.

زیاد لە هەموو ئەو گۆشانەش دەیان بابەتی دیکەی پەروەردەیی و ئەدەبی و هونەری و دەروونی و زانیاری گشتی و.. هتد، لەو دە ژمارانەی (دەنگی مامۆستا) پێشکەشی خوێنەرانی کورد کراون.

## چەند تێبینییەك لەسەر (دەنگی مامۆستا):

وەکو ڕۆشناییمان خستە سەر، گۆڤاری (دەنگی مامۆستا) گۆڤارێکی گرنگ بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ تێبینیش هەر هەڵدەگریت، چونکە تەواوی هەر بۆ خودایە، لە گرنگترینی ئەو تێبینییانەش ئەمانەی خوارەوەن:

١- بە یەك زنجیرە ژمارە بۆ دە ژمارەکانی (دەنگی مامۆستا) دانەنراوە، ئەوەتا دابەشکراوەتە سەر ساڵی یەکەم و دووەم و سێیەم، لە ساڵی یەکەم چوار ژمارە دەرکراوە، دواتر کە پێی ناوەتە ساڵی دووەم و ژمارەیەکیان لە (کانوونی دووەم و شوباتی( ١٩٧٢ دەرکردووە،



ژمارە (٥)یان لەسەر داناوە، کەچی دواتر لە (حوزەیران و تەمووزی) **١٩٧٢** ژمارەکی تریان دەرکردووە ناویان ناوە ژمارە (١)ی ساڵی دووەم، دوای ئەویش لە (ئاب و ئەیلوولی)هەمان ساڵدا ژمارەیەکی دیکەیان دەرکردووە، ناویان ناوە ژمارە (٢)ی ساڵی دووەم، ئەمەش خوێنەری بێزار کردووە، چونکە چۆن دەبێت ژمارە (٥)ی ساڵی دووەم لە (کانوونی دووەم و شوبات) دەربچێ، دواتر پێنج مانگ دوای ئەوە لە مانگەکانی (حوزەیران و تەمموز) ئینجا ژمارە(١)ی ساڵی دووەم دەربکرێت.. سەرەڕای ئەوەش لە ساڵی سێیەمدا، جارێکی تر هاتوون ژمارەیان گۆڕیوەو، ژمارەکانی(١) و (٢)ی ساڵی دووەمیان خستۆتە نێو زنجیرە گشتییەکەو، بە ژمارەکانی(٦ و ٧)یان ژماردوون، ئینجا ئەو ژمارەی لە شوباتی ساڵی **١٩٧٣** دەریان کردووە، ناویان ناوە ژمارە (٨)ی ساڵی سێیەم و، ئیدی بەم شێوەیە ژمارەکانی (٩) و (١٠)ەش دەرکراون، دوای ئەوە گۆڤارەکە وەستاوە، ئەمەش لە رووی هونەرییەوە هەڵەیەکە، زۆر گۆڤار و ڕۆژنامە تێی کەوتوون.

٢- وەکو لە گۆشەکان بۆمان دەرکەوت، زۆر گۆشە هەن سەرەتا ناوێکیان هەبووە، لە پاشان ناوەکە گۆڕاوە، یان لە ژمارەیەك لە ژمارەکان گۆشەکە ناوی لەسەر دانەنراوە، یانیش هەندێ جار گۆشەکە هەر نەماوە، چەند ژمارەیەك نەبووە، خوێنەر وایزانیوە نەماوە، کەچی لەپڕ دوای سێ چوار ژمارە سەری هەڵداوەتەو. ئەمەش لە باسی گۆشەکاندا بە درێژی ئاماژەم بۆ کردووە، بۆیە لێرەدا پێویست ناکات دووبارە بکرێتەوە.

٣- قەوارەی گۆڤارەکە بەردەوام زیاد و کەمی کردووەو، چەسپاو نەبووە، بۆ نموونە ژمارە (١)، چل و چوار لاپەڕە بووە، کەچی ژمارە (٢) بۆتە (٦٢) لاپەڕە، ژمارە (٣) لاپەڕەکانی کەم بۆتەوە بووەتە (٥٨) لاپەڕە، ژمارە (٤) بۆتە (٦٤) و، ژمارە (٥) بۆتە (٧٣) لاپەڕە، ئینجا دیسان ژمارەی لاپەڕەکان دەستیان بە کەم و بوونەوە کردۆتەوە، ژمارەکانی(٦) و (٧) و (٨) بە (٦٦) لاپەڕە دەرچوونە، ژمارە (٩) بە (٦٣) لاپەڕەو، ژمارە (١٠) ش بە (٦٤) لاپەڕە دەرچووە.

٤- زۆر بابەت هەن ناوی نووسەرەکەیان لەسەر نییە، کە ئەوەی بۆ گۆڤارەکە بگەڕێتەوە، ئەم ڕاستییە بە زەقی دەبینێت.

٥- زۆر جار لاپەڕەیەك بە بەتاڵی ماوەتەوە، وەکو بۆ نموونە ژمارە (٤) هەردوو لاپەڕەکانی (٦٥) و (٦٦)ی بەتاڵن و، هیچیان تیادا بلاونەکراوەتەوە.

٦- زۆرجار هەیە بابەتێك دابەزیوە، بەبێ ناوونیشان، بۆ وێنە بابەتەکەی (بەدیعە مەحوی)

لە گۆشەی لاپەڕەی دوایی ژمارە (١٠) و، بابەتەکەی (محەمەد فەریق حەسەن)، کە لە هەمان گۆشەی ژمارە (٤)دا نووسیویەتی و..هتد.

هەروەها زۆر بابەتیش هەن ناوی نووسەرەکەیان لەسەر نییە، لەوانەش بۆ نموونە:

- کۆماری مهاباد، ژ (٥)، ل ١٧.
- کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ژ (٨)، ل ٥٥.
- پیێ مەکەنە، ژ(٣)، ل ٣٤.
- پلەی زانیاری و بەڕێوەبەرایەتی لە دانیشگادا، ژ(٤)، ل ١٥.
- شوان (لە پەندی کوردیدا)، ژ (١)، ل ٤٢.

٧- ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و وەرگێڕ و ئامادەکەر شتیان بۆ نووسیوە، کە ژمارەیان زیاترە لە سەد، ئەوەش بابەتەکانی هەمەڕەنگ و زانیارییەکانی دەوڵەمەند کردووە.

٨- دوای ئەو دە ژمارانەی ئاماژەی بۆ کرا، دیارە ژمارەیەکی تریش کاری بۆ کراوەو پیتچنین کراوە، بەڵام بارەکە ئەوە نەبووە، دەربچێت، بەوەش لە واقیعدا ژمارەکانی ئەو گۆڤارە لەسەر دە کورتدەکاتەوە.

**هۆیەکانی وەستانی (دەنگی مامۆستا):**

وەکو ئاماژەمان پێدا، دوای دەرچوونی (١٠) ژمارەو، بە درێژایی سێ ساڵی تەواو و لەسەر یەك، ئینجا (دەنگی مامۆستا) لە دەرچوون وەستاو، وەکو جاران نەکەوتەوە بەردەستی خوێنەرانی، بێگومان ئەمەش هۆی خۆی هەبووە، کە بەڕای ئێمە گرنگترینی ئەو هۆیانە، ئەمانەی خوارەوە بوونە:

١- نەبوونی دەرامەتی پێویست بۆ درێژەدان بە دەرچوونی ئەو گۆڤارە، چونکە گۆڤارەکە بە قەوارەیەکی گەورە دەردەکراو، تیراژێکی زۆری هەبوو، ئەمەش وایدەکرد، بودجەیەکی باشی بووێت، بەڵام ئەو بودجەیە وەکو پێویست نەبوو، ئینجا ئەو ژمارانەیش کە دەفرۆشران بە کەمتر لە نرخی تێچوونی گۆڤارەکە دەدران بە خوێنەران، ئەوەش وایدەکرد، هەموو جارێك گۆڤارەکە لە ڕووی مادییەوە زیان بکات، بودجەی لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانیش ئەوە نەبووە، بەرگەی ئەو زیانە بەردەوامە بگریت، بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەبینین، ئەگەرچی تا ژمارە (٤) هیچی لەسەر نەنووسراوە کە ماوەی نێوان ژمارەیەك و ژمارەیەکی تری چەند دەبێت، بەڵام لە ژمارە (٤)یشدا کە نووسراوە (دوو مانگ جارێك دەردەچێت)، لەگەڵ ئەوەشدا



نەتوانراوە دوو مانگ جارێك دەربچێت، بەڵکو ژمارە (٥)، کە لەسەری نووسراوە لە (کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٧٢) دەرچووە، لە (شوبات) کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران، گەر بزانین ژمارە (٤)یش لە (تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧١) دەرچووبێت، کەوابێت ژمارەی دوای ئەو بە چوار مانگ دەرکراوە، ماوەی نیوان ژمارەکانی (٥) و (٦)یش دیسانەوە چوار مانگە، ماوەی نێوان ژمارەکانی(٨) و (٩)ش حەوت مانگە، چونکە ژمارە (٨) لە شوباتی ١٩٧٣و، ژمارە (٩)ش لە ئابی ١٩٧٣ دەرچوونە.

٢- ژمارە (١٠) ئەگەرچی مانگی تیادەرچوونی لەسەر نییە، بەڵام لە کۆتایی ١٩٧٣ دەرچووە، وەکو ئەو ساڵەی لەسەرە، دوای ئەوەش بە چەند مانگێك، کە ڕێککەوتنامەی ئادار هەڵوەشێنراوەتەوەو، شۆڕش دەستی پێکردۆتەوە، ئیتر ئەمە هۆیەکی ڕاستەوخۆ بووە بۆ وەستانی گۆڤارەکە لە دەرچوون، ئیتر چ ژمارەیەکی دیکەی لی دەرنەچووە، هەروەکو (د. عەبدوڵڵا ئاگرین)ی ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارەش، لە چاوپێکەوتنیکم لەگەڵیدا ئەو ڕاستییەی بۆ ئاشکرا کردم.[٢٣]

## سەرەنجام

دوای ئەو لیکۆڵینەوە درێژەمان بە نێو (١٠) ژمارەکانی گۆڤاری (دەنگی مامۆستا)دا، ئەو گۆڤارەی دەنگی دلێری مامۆستایانی کوردستان بووە، لە سالآنی (١٩٧١و ١٩٧٢و ١٩٧٣)دا، کە لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەریانکردووە، گەیشتینە ئەم راستیيانەی خوارەوە:

١- ئەم گۆڤارە لە سێ ساڵی تەواوی (١٩٧١و ١٩٧٢و ١٩٧٣)دا تەنیا١٠ ژمارەی لێ دەرچووە.

٢- دەستەیەکی مامۆستای رۆشنبیر و نووسەری لێهاتوو ئەرکی دەرکردنیان گرتۆتە ئەستۆ.

٣- کەم دەرامەتی و زیانی بەردەوامی گۆڤارەکە دوو هۆکاری لاوەکی و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشیش لە ساڵی (١٩٧٤)دا هۆی ڕاستەوخۆی ڕاوەستان و چیدیکە دەرنەچوونی ئەو گۆڤارە بوونە.

٤- ئەو گۆڤارە لەو تەنیا١٠ ژمارەی کە دەرچووە، نزیکەی ٢٠ گۆشەی فیکری و پەروەردەیی و ئەدەبی و سیاسی و مێژوویی و هونەری و فۆلکلۆر و.. هتدی هەبووەو، بە هۆیانەوە بووەتە گۆڤارێکی کاریگەر و سەکۆیەکی گرنگی رۆشنبیرکردنی مامۆستایانی کوردستان.

٥- زیاتر لە ١٠٠نووسەر بە قەڵەمەکانیان بەشدارییان لە دەرکردنی ئەو ١٠ ژمارەیەی (دەنگی مامۆستا)دا کردووەو، لەبەر جیاوازیی بۆچوون و بیروڕای لە یەك جیایان، گۆڤارەکە ئەزموونی جۆراوجۆر و دەوڵەمەندی پێشکەش کردووە.



## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- مەم و زین، ئەحمەدی خانی، ئامادەکردن و پەراوێز نووسین: هەژار، چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٨٩، ل٢٣.

٢- دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکدانەوەو لیکۆڵینەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٦، ل٧١.

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

٦- گۆڤاری (دەنگی مامۆستا)، ژ -- ١، ساڵی ١، شوباتی ١٩٧١، ئامانجمان، دەستەی نووسەران، ل٣.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٨- سەیری ژمارەکانی (١) و(٢) و(٣)ی ساڵی یەکەمی (دەنگی مامۆستا) بکە.

٩- سەیری ژمارە(٤)ی ساڵی یەکەمی (دەنگی مامۆستا)بکە.

١٠- سەیری ژمارە (٥)ی ساڵی دووەمی (دەنگی مامۆستا)بکە.

١١- بڕوانە (دەنگی مامۆستا)، ژمارە(١)ی ساڵی یەکەم.

١٢- بڕوانە (دەنگی مامۆستا)، ژمارە (١)ی ساڵی دووەم.

١٣- بڕوانە (دەنگی مامۆستا)، ژمارە (٥)ی ساڵی دووەم.

١٤- بڕوانە (دەنگی مامۆستا)، ژمارە (٨)ی ساڵی دووەم.

١٥- بۆ ئەم خشتەیە سوود لە: (تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، لاپەڕەکانی ٢٣١ تا ٢٥٣ وەرگیراوە.

١٦- رووناکی، یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێر، ئامادەکردن و پێشەکی: د کوردستان موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە -- هەولێر--، ٢٠٠١، ل١٨.

١٧- دەنگی مامۆستا، ژ ٤.

١٨- دەنگی مامۆستا، ژ ٥، لا ١.

١٩- دەنگی مامۆستا، ژ ٦و٧، ل١، لە هەر دوو ژمارەدا.

٢٠- دەنگی مامۆستا، ژ ٨، ل١.

٢١- دەنگی مامۆستا، ژ ٩، ل ١.

٢٢- دەنگی مامۆستا، ژ ١٠، ل١.

٢٣- چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (د. عەبدوڵڵا ئاگرین)، ئەندامی ئەوسای دەستەی نووسەرانی (دەنگی مامۆستا)، شوێن: هەولێر، بەشی کوردی کۆلیژی ئاداب، لە رۆژی یەکشەممە: ٢٠٠٢/١٠/١٣.

# رۆڵی (شاکر فەتاح)
# لە پاککردنەوەی زمانی پەخشانی کوردیدا
## لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی (خوڕماڵ - باسەرە - چەمچەماڵ) وەکو نموونە

**پێشەکی:**

پاککردنەوەی زمانی نووسین لە (شیعر) و (پەخشان)ی کوردیدا پرۆسەیەکی درێژخایەن بووە، لە (شیعر)دا (نالی) گەورە شاعیری کورد (١٨٠٠- ١٨٧٣ز) ڕەنگبێت یەکەم شاعیر بووبێت، کە لە دوا (شیعر)ەکانیدا بە ئاشکرا هەوڵی پاککردنەوەی زمانەکەی لە وشە عەرەبی و فارسی و تورکییەکان پێوە دیار بێت، ئەوەتا ئەگەر بەراوردی نێوان دوو قەسیدەی دوادواییەکانی بکەین، ئەوەمان بە زەقی بۆ دەردەکەوێت.. قەسیدەی:

- ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا هەتاکەی حیرصی وێرانە

لەگەڵ ئەم عیشق بازانە بڕۆ ئازانە بازانە

ئەم قەسیدەیەی وا پێدەچێت دوا قەسیدەی بێت، کە لە کوردستان نووسیبێتی، لەو کاتەی ویستویەتی سەفەری یەکەمی حەجی بکات، تێیدا کە ٣٥ دێڕە ١٨٤ وشەی بێگانەی تێدایە، واتە: بە تێکڕای ٥ وشە بۆ ٢٦ دێڕ و ٦ وشەش بۆ ٩ دێڕەکەی دیی.

کەچی قەسیدەی:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور

وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

کە لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان لە ساڵی ١٨٥١زایینی نووسیویەتی، ئەو کاتەی لە شام دەبێت، ٤٣ دێڕە، تەنیا ١٥٧ وشەی بێگانەی تێدایە، واتە: بە تێکڕای ٣ وشە بۆ ١٥ دێڕ و ٤ وشەش بۆ ٢٨ دێڕەکەی دیی.

واتە: ئەم قەسیدەی دووەمەی (نالی) کە لە شام نووسیویەتی، بە بەراورد لەگەڵ ئەم دوایین



قەسیدەیەی، کە لە کوردستان چەند ساڵێك بەر لەوەی دووەم نووسیویەتی، لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی بێگانەوە زۆر خاڵیترەو بە ڕێژەیەکی باش خۆی لە بەکارهێنانی وشەی ناکوردی دەربازکردووە.

بەڵام لە (پەخشان)دا، کە (پەخشان) بە بەراورد لەگەڵ (شیعر) لە ئەدەبی کوردیدا زۆر دوادەکەوێت، بە دەرکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان) و دواتر دامەزراندنی چاپخانە و دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دیکە ئینجا لای لێدەکرێتەوەو بەرەوپێش دەچێت، دیارە ئەمیش سەرەتا زمانەکەی تێکەڵ دەبێت لە وشەی کوردی و وشەی بێگانە، بە تایبەتی وشەکانی زمانی عەرەبی بە فراوانی لە بابەتەکانیدا دەردەکەون، بۆیە دیسانەوە لە (پەخشان)یش پرۆسەی پاککردنەوەی زمان لە وشەی ناکوردی هەر لە بیست و سییەکانی سەدەی بیستەم دەست پێدەکات، یەك لەو نووسەرانەی کە لەو بوارەدا خزمەتێکی بە زمان و فەرهەنگی زمانی کوردی کرد (شاکر فەتاح) بوو، لەم بابەتەدا تیشك دەخەینە سەر هەندێ لە هەوڵەکانی ئەو بەرێزە لەم بوارەدا.

### (شاکر فەتاح) و (ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسی):

(شاکر فەتاح)ی یاساناس و ئەفسەر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس (١٩١٤- ١٩٨٨)، وەکو ڕۆشنبیرێکی کورد لە ماوەی ژیانی خۆیدا گەلێ وتار و نووسین و ڕۆژنامەو کتێبی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردووە، لە هەموو ئەو نووسینانەیدا هەمیشە بە تەنگ زمانەوە بووەو حەزی کردووە، ئەو زمانەی بەرهەمەکانی پێدەنووسێت، زمانێکی کوردی پەتی بێت و خاڵی بێت لە وشەو دەستەواژەی ناکوردی، بۆیە ئەگەر بە هەموو بەرهەمەکانیدا بێینەوە، ئەو کارەی سەرنج ڕادەکێشێت و بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێت، دەبینرێت زۆر بە دەگمەن نەبێت وشەیەکی ناکوردیی بەکارنەهێناوە، کاتێکیش ئەوە لەبەرچاودەگیرێت، کە (شاکر فەتاح) وەکو بەڕێوەبەری ناحیەو قائیمقام و کەسێکی پۆستداری وەها کاری کردووە، ئەمە وا دەکات خوێنەر زیاتر بە توانای ئەو ڕۆژنامەنووس و نووسەرە سەرسام بێت، چونکە وشەو زاراوەکانی فەرمانگەکانی میری تا دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە کوردستانی باشور هەر بە زمانی عەرەبی بووە، واتە: بۆ زمانی نووسراوە فەرمییەکان، جگە لە زمانی عەرەبی قەبوڵنەکراوە، ئەدی چۆن (شاکر فەتاح) لەم نێوەندەدا کاری کردووەو زمانی نووسینیشی کوردییەکی پەتییە؟! ئەگەر ئەمە جێگەی سەرنج نەبێت و گوزارشت لە توانای ئەم بەرێزە نەکات لە دەربڕین، ئەدی چییە؟!

لەم وتارەدا هەر سێ کۆمەڵە ڕۆژنامەی (خوڕماڵ) و (باسەرە) و (چەمچەماڵ)م کردۆتە سەرچاوە، کە یەکەمیان لە ساڵی ١٩٤٠ لە شارۆچکەی (خوڕماڵ) دەری کردووە، ئەوکاتەی بەڕێوەبەری ناحیەی ئەوێ بووە.. دووەمیان لە ساڵی ١٩٤١ دەری دەکات لە شارۆچکەی (قادر کەرەم) کە دیسانەوە لەوێش لەو ماوەیەدا بەڕێوەبەری ناحیە بووە.. سێیەمیشیان لە ساڵی ١٩٤٦ دەریکردووە لە شارۆچکەی (چەمچەماڵ)، کە ئەوسا قائیمقامی ئەو قەزایە بووە.

(شاکر فەتاح) لەم ڕۆژنامانەدا مەبەستی ئەوە دەبێت، خەڵکی ئەم ناوچانە لە ڕووەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ڕووەکانی دیکەوە بەرەوپێش ببات، بۆیە دێت بە زمانێکی کوردی خۆش وتارو چیرۆك و شیعر و بابەتی فۆلکلۆری و پەندی پێشینان و...هی دی بڵاودەکاتەوە، زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکانی نێو ئەم ڕۆژنامانەش هی خودی خۆی دەبن.

## زمانی ئەو نووسینانەی (شاکر فەتاح):

زمانی ئەو نووسینانەی (شاکر فەتاح) کە لە تەواوی ئەو ڕۆژنامانە پەیڕەوی لێکردووەو بابەتەکانی بە هۆیەوەی نووسیوەتەوە، کە لێیان ورد دەبینەوە، دەبینین بە تەواوەتی کوردین و زۆر بە دەگمەن دەنا وشەی زمانانی تریان تێ ناکەوێت، زۆرجار بۆ ئەو دەستەواژەو زاراوە کارگێڕی و سیاسییانەش کە ناکوردینەو ناچارە بەکاریان دەهێنێت، دێت وەریاندەگێڕێتە سەر کوردی و کوردییەکە دەنووسێت، نەك زمانە بنجییەکە، بۆیە زۆرێك لەو وشەو دەستەواژەو زاراوانەی کە تازەنە، خەڵك زۆریان پێ ئاشنا نییە، زۆرێکیان جێش ناگرن و لە دوای ئەو کەسی تر بەکاریان ناهێنێت، بەڵکو وشەی دیکەیان لە شوێندا بەکاردەهێنرێت، وەکو لە خشتەی وشە کوردییەکان لە دواییدا لەم بابەتەدا ئاماژەمان بۆی کردووە.

## ئەو هۆکارانەی وایان کردووە (شاکر فەتاح) بە کوردی پەتی بنووسێت:

دیارە کۆمەڵێك هۆکار هەن، بە هەموویان وایان کردووە، کە (شاکر فەتاح) لە نووسیندا بەم ئاراستەیە بێت و بەم شێوەیە زمانەکەی لە وشەو دەستەواژەی ناکوردی پاك بکاتەوە، گرنگترینی ئەو هۆکارانە:

١- زیرەکی (شاکر فەتاح) و شارەزابوونی زۆر باشی لە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، کە ئەمە توانای وەرگێڕانی وشەو دەستەواژە عەرەبییەکانی بۆ درووستکردووەو ئەم کارەی لا ئاسان کردووە.



٢- ویستی (شاکر فەتاح) وەکو ڕۆشنبیرێکی کورد، لەوەی کەوا دەبێ بە زمانی کوردی بنووسێت و بڕوای تەواویشی بەوەی، کە زمانی کوردی دەوڵەمەندەو دەشێت بە خزمەت پێکردنی دەوڵەمەندتریش بکرێت.

٣- زۆربەی نووسینەکانی (شاکر فەتاح) بۆ لادێییە ڕەش و ڕووتەکان و خەڵکە کەم خوێندەوار و کەم ڕۆشنبیرەکان بووە، ئەوەش هاندەرێکی گرنگ بووە، کە تا دەتوانێت بە زمانێکی کوردی پوخت بۆیان بنووسێت.

٤- مەبەستی (شاکر فەتاح) لە ڕاهێنانی قوتابی و لاو و نووسەرانی کورد بۆ ئەوەی دڵنیابن لە دەوڵەمەندی زمانەکەیان و ئەوانیش هەریەکەیان لە شوێنی خۆیان لەم ڕووەوە خزمەت بە زمانەکەیان بکەن.

لەبەر هەموو ئەو هۆیانەو ڕەنگبێ لەبەر بوونی هۆی دیکەش، (شاکر فەتاح) هاتووە زمانی نووسینەکانی بەرەو زمانێکی کوردی پەتی هێناوەو هەوڵی داوە خاڵی بکات، لە وشەو دەستەواژەی ناکوردی، بۆیە ئەوەی پێشکەشی کردووە، بە زمانێکی کوردی ڕوون و سادەو ئاشکرای نووسیوە.

## لیستی ئەو وشە و دەستەواژانەی (شاکر فەتاح) لە بری وشە و دەستەواژەی ناکوردی بەکاری هێنان:

لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر گرنگترین ئەو وشەو دەستەواژانەی (شاکر فەتاح) لە هەر سێ کۆمەڵە ڕۆژنامەی (خوڕماڵ) و (باسەرە) و (چەمچەماڵ) بەکاری هێناون، بۆ ئەوەی گەشەکردن و پێشکەوتنی زمانی نووسینی (پەخشان)ی کوردیمان بۆ دەربکەوێت، کە ئەم زمانە چۆن بەرەوپێش هاتووە، لە کۆندا چۆن بووەو چۆن بەوە گەیشتووە کە ئەمڕۆ هەیە، هەروەها بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئەو نووسەرە بەڕێزەش لە پاککردنەوەی زمانی (پەخشان)ی کوردی بنرخێنرێ و ماندووبوونەکەی لەبەرچاو بگیرێت.. وشەو دەستەواژەکان بریتینە لە:

١- لادێ: لە بری (ناحیە)
٢- باخچەی گشت لایی: لە بری (الحديقه العامه).. ئێستا دەگوترێت: (باخچەی گشتی)
٣- خانوو دروستکەر: لە بری (البناو)
٤- وردیلە: لە بری (دقيقه)
٥- سات: لە بری (ساعه).. دەنووسێت: (لە ساتی ٦/٣٠ی وردیلەدا).

٦- فەرمانڕەوایی: لە بڕی (الحکوومە)

٧- هاتوو: لە بڕی (القادم).. بۆ نموونە دەنووسێت: ((لە ژمارەی هاتوودا ئەم باسەتان بۆ تەواو دەکەم).. ئێستاکە دەگوترێت: لە ژمارەی داهاتوودا.

٨- خوێندنگا: لە بڕی (المدرسە)

٩- شاگرد: لە بڕی (طالب)

١٠- یەکدگیر: لە بڕی (متحد).. دەنووسێت: ئەمریکای یەکدگیر.. واتە: ئەمریکای یەکگرتوو.

١١- خوێندنەکانیان لێ پرسرایەوە: لە بڕی (امتحانیان کرد)ی بەکارهێناوە.. ئێستاکە دەگوترێت: قوتابیان (تاقیکردنەوە)یان ئەنجام دا.

١٢- ڕاستەو ڕاست: لە بڕی (مباشر).. ئێستا دەگوترێت: ڕاستەوخۆ.

١٣- فڕۆك و فڕۆکە: لە بڕی (طائرة).. ئێستا (فڕۆکە)کە بەکار دەهێنرێت.

١٤- کوشتیار: لە بڕی (قصاب)

١٥- سنووق پارێز: لە بڕی (أمین صندوق)

١٦- نووسیار: لە بڕی (کاتب).. ئێستاکە وشەی (نووسەر) بەکاردێت

١٧- هورژوم: لە بڕی (هجوم).. ئێستاکە (هێرش) بەکاردەهێنرێت

١٨- وردەکار: لە بڕی (مدقق).. ئێستاکە (وردبین) بەکاردەهێنرێت

١٩- خودا ڕاگیراویان بکات: لە بڕی خودا مۆفەقیان بکات

٢٠- سەرشۆرك: لە بڕی (حمام)

٢١- ئەرد: لە بڕی (أرض).. ئێستاکە (زەوی) بەکاردەهێنرێت

٢٢- وام: لە بڕی (قرض)

٢٣- لە شخۆشی: لەبڕی (صحە).. ئێستاکە (تەندروستی) بەکاردەهێنرێت

٢٤- ناوەند: لە بڕی (ما بین).. ئێستاکە (نێوان) بەکاردەهێنرێت

٢٥- یاریدە: لە بڕی (مساعدە).. ئێستاکە (یارمەتی) بەکاردەهێنرێت

٢٦- ئاواگە: لە بڕی (مستعمرە)

٢٧- لە کانی دڵەوە: لە بڕی (من أعماق القلب).. ئێستاکە (لە قوڵایی دڵەوە) بەکاردەهێنرێت

٢٨- بەرەڵڵاکران: لە بڕی (افرج عنهم).. ئێستاکە (ئازاد کران) بەکاردەهێنرێت

٢٩- نووسراو: لە بڕی (کتاب)ی فەرمانگەکان

٣٠- نووسراودان: لە بڕی (مکتبە)ی ماڵ



٣١- جێ نووشین: لە بڕی (قائیمقام).. ئێستاکە هەر (قائیمقام)ەکە بەکاردەهێنرێت

٣٢- زانستی گشت لایی: لە بڕی (معلومات عامە).. ئێستاکە (زانیاری گشتی) بەکاردەهێنرێت

٣٣- زێ: لە بڕی (بحر)

٣٤- زێی فراوان: لە بڕی (محیط).. ئێستاکە (ئۆقیانۆس) بەکاردەهێنرێت

٣٥- ژمێر: لە بڕی (حساب)

٣٦- لە کاو و ناکاودا: لە بڕی (لە وەخت و نا وەختدا)

٣٧- فرمانبەر: لە بڕی (مستخدم)

٣٨- فەرمانبەر: لە بڕی (موظف)

٣٩- فرمانگە: لە بڕی (دائرە)

٤٠- مامناوەندی: لە بڕی (واسطة)

٤١- ڕێڕەو: لە بڕی (مذهب)

٤٢- جێ نووشینی: لە بڕی (القائمقامیە).. ئێستاکە (فەرمانگەی قائیمقامی) بەکاردەهێنرێت

٤٣- کەوانچە: لە بڕی (کەمانچە)

٤٤- هاوبەشییەکی ئەمریکایی: لە بڕی (شرکە امریکیە)

٤٥- چێشتکەر: لە بڕی (الطباخ)

٤٦- ئاوبەند: لە بڕی (سدە)

٤٧- کاربەدەست: لە بڕی (وزیر)

٤٨- کۆڕی کاربەدەستان: لە بڕی (مجلس الوزراو)

٤٩- کۆڕی نێرراوان: لە بڕی (مجلس النواب)

٥٠- خۆرە: لە بڕی (میکرۆب)

٥١- باڵباز: لە بڕی (شرطة)

٥٢- بازرگانی کۆمەڵە: لە بڕی (تاجر الجملە)

٥٣- دەسگای دەسندە: لە بڕی (مؤسسة التموین)

تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە: لە ژمارە (١٠٢)ی گۆڤاری ڕامان، ٢٠٠٥/١١/٥ لە هەولێر بلاوکراوەتەوە.

# گوڵبژێرێك لە ڕۆژنامەگەریی زانکۆی سەلاحەدین

## - پێشەکی:

زانکۆی سەلاحەددین وەکو ناوەندێکی گرنگی زانست و ڕۆشنبیری لە کوردستان، ژمارەیەکی زۆر کۆلێژ و بەشی زانستی جۆراوجۆر بەخۆوە دەگرێت، ئەمە وا دەکات ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی واقیعێك بۆ خۆی دروست بکات و، پێویستی بەوە بێت، کۆمەڵێك گۆڤار و بڵاوکراوەی پسپۆڕی و ڕۆشنبیری گشتی جۆراوجۆری هەبێت، بۆ گوزارشت کردن لە هزری قوتابیان و مامۆستایان و، بۆ بەرەوپێشبردنی کاروانی زانست و ڕۆشنبیری لە کوردستان، لەبەر ئەوە چەندین بڵاوکراوەو گۆڤاری جۆراو جۆر لە بەش و کۆلێژە لێکجیاکان دەردەکرێن، لەو لێکۆڵینەوەیە تیشکێکی خێرا دەخەینە سەر هەندێکیان لەوانە، کە دابەشدەبنە سەر دوو بەشی سەرەکی:

١- گۆڤارەکان.

٢- بڵاوکراوەکان.

**یەکەم: گۆڤارەکان:**

لە کۆلێژ و بەشە زانستییەکانی زانکۆی سەلاحەددین دا ژمارەیەك گۆڤار دەرچوونە، لەوانە هەندێکیان بریتینە لە:

**١- ژارەبا**

- ناسنامە:

گۆڤارێکی ئەدەبی و رۆشنبیرییە، ئەگەرچی (بڵاوکراوە)ی لەسەر نووسراوە، بەڵام وەکو گۆڤار دەرچووە.



- لایەنی دەرکەر:

هۆڵی ڕۆشنبیری کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەددین.

- مێژووی دەرچوون:

ژمارە (١)ی لە بەهاری ١٩٩٢ و بە تایبەتیش لە ١٦/٣/ ١٩٩٢ دەرچووە، چونکە ئەو گۆڤارە تایبەت بووە بە کارەساتی هەڵەبجەو، بڕیار بووە ساڵانە لەو یادەدا ژمارەیەکی لێ دەربکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەر یەك ژمارەی لێدەرکراوەو، دوای ئەوە چ ژمارەی دیکەی بە دوادا نەهاتووە.

- قەوارە:

بە ٣٦ لاپەڕەی قەوارە (٢١ بە ٢٩ سم) دەرچووە.

- گرنگترین بابەتەکانی ژمارە (١):
- سەروتار، لا ٣.
- چەکی کیمیاوی، ئا: بەختیار ئیبراهیم، لا ٥.
- هەڵەبجەو شەڕی عێراق - ئێران، چیا، لا ١١.
- هەڵەبجە لە سێ هەناسە شیعردا، حەمە عەباس، لا ١٥.
- هیرۆشیما، شیعری شاعیری تورك: ئومێد یەشار ئوغوزمان، و: خدر ئیبراهیم خدر، لا ١٧.
- بەراورد، شیعری چواس، لا ٢٠.
- بەزەیی، شیعری جەوهەر شێخانی، لا ٢٠.
- بەیانی.. ویژدانی مرۆڤ لە خاچ دەدرێ، حەسەن عەبدوڵڵا، لا ٢١.
- خەونی چیا، ڕێباز، لا ٢٥.
- من أحاديث هيروشيما الجديدة، محدث، لا ٢٨.
- لە هیرۆشیماوە، لا ٣٢.
- لاوکی هەلەبجە، شیعری ڕەفیق صابیر، لا ٣٣.

- مەبەستی ئەو گۆڤارە:

مەبەستی ئەو گۆڤارە تیشك خستنە سەر ترسناکی شەڕو ئاسەواری خراپی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بووە، کە لە ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەم لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراقییەوە لە گەلێ شوێنی کوردستان دراو، دواترین و قورسترینی ئەوە بوو، کە لە ١٦/٣/١٩٨٨ لە هەڵەبجە درا، بە هۆیەوەی لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا پێنج هەزار ژن و

منداڵ و پیاوو مێرمنداڵی شارستان و بێ گوناهی کوردی ئەو شارە لەناوبران، ئەوەش کارەساتێك بوو ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاندو، جێی خۆیبوو، هەموو جیهان بە خۆیاندا بچنەوەو داوا بکەن سنوور بۆ بەکارهێنان و دروستکردنی ئەو چەکە بە کۆمەڵکوژانە دابنرێت.

**۲- تیشکی زانکۆ:**

- ناسنامە:

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری وەرزییە

- لایەنی دەرکەر:

بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.

- دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤار:
- خاوەن ئیمتیاز: د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان
- سەرنووسەر: فەرەیدون ئەحمەد دەربەندی
- دەستەی نووسەران: وەنەوشە خدر حاجی - حەیدەر حاجی خدر - شێروان خدر عومەر - تاهیر حاجی میرخان - یادگار ڕەسوڵ حەمەدئەمین - سازان ئەحمەد سیڤۆ.
- دەستەی ڕاوێژکاران: د. شوکرییە ڕەسوڵ - د. ئیبراهیم قادر - د. عەبدوڵڵا حوسێن - م.ی. پەخشان سابیر.

- مێژووی دەرچوون:

ژمارە (۱)ی لە کانوونی دووەمی ۱۹۹۹.

- قەوارە:

لە بەرگەوە بۆ بەرگ حەفتاو دوو لاپەڕەی قەوارە (۲۰ بە ۲۸ سم)ە.

- چاپخانە:

لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین هەولێر لە چاپدراوە.

- زمانی نووسین:

زمانی کوردی، زاری کرمانجی خواروو.

- گرنگترین بابەتەکانی:

بابەتەکانی ئەم گۆڤارە بەسەر ئەم فایلانەی خوارەوەدا دابەش دەبن:



۱- وتار:

- سەرەتا، دەستەی نووسەران، لاپەڕەی پێش لاپەڕە یەك.
- چەند سەرنجێك سەبارەت بە ئاستی زانستی، خالید خورشید، لا ٦١.
- ژینە نیگاری یا (یەڵماز گۆنای)، فەهمی مزوری، لا ٦٢.
- بەهای گۆڤاری تیشکی زانکۆ، پەیدابوونی؟!فەرەیدون ئەحمەد دەربەندی، بەرگی دواوە، دیوی ناوەوە.

۲- پەخشان:

- قەرەج، بەهرۆز،
- گەڵاڕێزان،...

۳- شیعر:

- شاخی ڕاستی، ی. باڵەکی، لا ٥٥.
- حەزێکی خنکێنراو، قوتابی (پ)، لا ٥٥.
- وەك نێرگز قەدت کرد دەترسم، ئازاد عومەر حەمەد، لا ٥٦.
- ئەبەدیەت، جەواد عیسا حوسێن، لا ٥٦.
- بەندا ساری، ئەسەد شێخۆ، لا ٥٧.
- ڕۆژهەڵات و مەرگی گەڵاکان، بێکەس حەمەد قادر، لا ٥٨.
- نامەی پەشیمانی، دەریا عەبدوڵڵا قەرەچەوغی، لا ٥٩.

٤- چیرۆك:

- بارین، سەباح مەجید محەمەد، لا ٤٨.
- ساتە ئاورینگییەکانی تەنیایی، محەمەد عەلی گعێتلی، لا ٥٠.
- پەڕاوگەی (ش)، سیروان، لا ٥٢.

٥- چاوپێکەوتن:

- د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان و وەڵامی چوار پرسیار، ئا: عەلی مستەفا، لا ٤٢.

**٦- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:**

- کورتەیەك لە بابەت چەمکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ڕێڕەوە مێژووییەکەی، ئا: ح. گرتکی، لا ١.
- فرۆید لە نێوان جنس و گرێی ئۆدێبدا، یادگار رەسوڵ باڵەکی، لا ٥.
- ئەفسانەی کوردایەتی، دیالۆگێ لەگەڵ ڕۆمانی (تەونی جاڵجۆڵەکە)ی حەکیم کاکە وەیس، عەبدولموتتەلیب عەبدوڵڵا، لا ٨.
- ئەفسانەو شیعر، بەهمەن تاهیر نەریمان، لا ١٦.
- ژینا لۆژیای (ڕەخنە - ئافراندن) لە (ڕۆمانسییەت - تەسەوف)دا، سابیر حوسێن، لا ٢٤.
- تازەگەری لە شیعردا یان ونبوونی شیعر لە تازەگەریدا، فەرمان حەسە، لا ٣٠.
- شیعرو بوون، بەشی یەکەم، عیرفان مستەفا، لا ٣٣.

**٣- ئاڵا:**

- لایەنی دەرکەر:

دەستەیەك لە قوتابیانی کۆلێژی یاساو ڕامیاری.

- دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤار:
- خاوەن ئیمتیاز: محەمەد نەورۆزی
- سەرنووسەر: موەفەق قەرەنی
- بەڕێوەبەری نووسین: شوان سەید کاکە
- دەستەی نووسەران: محەمەد ئیسماعیل محەمەد - هاژە سمکۆ
- مێژووی دەرچوون:

ژمارە (١و٢)ی لە سەرماوەزو بەفرانباری ٢٦٩٩ی کوردی، بەرامبەر بە تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ی زاینی دەرچووە.

- قەوارە:

لە بەرگەوە بۆ بەرگ بیست و هەشت لاپەڕەی قەوارە (٢١ بە ٣٠سم)ە.

- ناسنامە:

گۆڤارێکی قوتابیانی مانگانەیە.

- زمانی نووسین:



بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە، سەرجەم بابەتەکانی ئەو دوو ژمارەی سەروو، ئەمانەی خوارەوەن:

أ - بابەتە کوردییەکان:

- پێناسەو پەیکەری کۆلێژ، ئا: ڕاگەیاندنی کۆلێژ.
- ڕێزدار بارزانی و کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی نووسەران.
- قوتابیان سەری ڕمن لە گشت شۆڕشێکدا، م.کەمال سەعدی.
- ئاڵا، شوان سەید کاکە.
- سیستمی نوێی جیهانی (ڕێپۆرتاژ)، ئا: محەمەد ئیسماعیل محەمەد.
- بەرەو ئایندەیەکی ڕووناك، محەمەد نەورۆزی.
- فرمێسکی مێژوو، محەمەد گەردی.
- تاوان و کاریگەری ژینگە، و: نەوزاد میر عەلی.
- نەفرەت لە شەڕ، فەرسەت سۆفی.
- کارو چالاکییەکانی کۆلێژ، دەستەی نووسەران.
- تازەگەری یان سەرلێشێواوی خوێنەر، ڕێبوار هادی.
- سەراب، کاوە یاسین.
- لە خۆشەویستیت بەردەوام دەبم، یوسف بەرزنجی.
- ڕەنگاو ڕەنگ، دەستەی نووسەران.
- وەرزش، ئا: یەکەی وەرزشی کۆلێژ.

ب - بابەتە عەرەبییەکان:

- القضية الكورديه من النافذة السياسيه، صادق جەعفەر.
- ماذا تعرف عن مهنه المحاماه، کامەران جەلیل.
- أستشارات قانونية، فەیسەل تەقیەدین عەقراوی.
- الحب الذي لا يموت، ئالان بەهائەدین.
- انت منى، هاژە سمکۆ.

**٤- قەڵا:**

- ناسنامە:

گۆڤارێکی ئەندازیارییە

- لایەنی دەرکەر:

دەستەیەك لە قوتابییانی بەشی بیناسازی کۆلێژی ئەندازەی زانکۆی سەلاحەدین.

- دەستەی نووسەران:

عومەر حەمە ئەمین، ڕەنج قادر، هیوا قادر.

- مێژووی دەرچوون:

ژمارە (سفر)ی ئەزموونیی لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٣.

- قەوارە:

بیست لاپەڕەی قەوارە (٢١ بە ٢٩ سم)

- ماوەی نێوان ژمارەو ژمارە:

مانگانەیە

- زمانی نووسین:

زمانی کوردی

- نرخ:

پێنج دینارە.

**٥- مجلة زانكو للعلوم الطبية**

- ناسنامە:

گۆڤارێکی تایبەت بە لێکۆلینەوە پزیشکییەکان.

- لایەنی دەرکەر:

کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سەلاحەددین

- مێژووی دەرچوون:

ژمارە (٢) لە ساڵی ١٩٩٤.

- قەوارە:

٥٢ لاپەڕەی (٢٢بە ٢٩ سم).

- زمانی نووسین:

ئەم گۆڤارە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوەو، کورتەی لێکۆلینەوەکان بە زمانی عەرەبی خراونەتە ڕوو.



**٦- مەشخەڵ:**

- ناسنامە:

بڵاوکراوەیەکی ساڵانەیە.

- لایەنی دەرکەر:

کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین

- دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤار:
- دەستەی نووسەران: د. ڕەشاد میران - م. ئیدریس محەمەد تاهیر - ئاڵان قادر ڕەسوڵ
- هونەرکاری بەرگ:

شکار

- مێژووی دەرچوون:

ژمارە (١)ی لە نیسانی ١٩٩٩ دەرچووە.

- قەوارە:
- لە بەرگەوە بۆ بەرگ، بیست و چوار لاپەڕەی قەوارە (٢٠ بە ٢٩ سم)ە.
- چاپخانە:
- چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

ماوەی نێوان ژمارەو ژمارە:

ساڵێك، چونکە وەکو لە سەری نووسراوە بڵاوکراوەیەکی ساڵانەیە.

- زمانی نووسین:

زمانی نووسینی ئەو گۆڤارە کوردییە.

- بابەتەکانی ئەو گۆڤارە:

بابەتەکانی ژمارە (١)ی ئەو گۆڤارە ئەمانەی خوارەوەن:

- سەروتار، مەشخەڵ.
- کۆمەڵگا، وەرزش و وەرزشوان، د. ڕەشاد میران.
- کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی بۆچی، م.ئیدریس محەمەد تاهیر.
- یاساکانی تۆپی باڵەی سەر کەناری دەریا، م. ئازاد حەسەن قادر.
- وروژێنەرە وەرزشییەکان، د. زوهێر نەجار.

- هۆکاری دەروونی و کاریگەری لەسەر وەرزشوان، م. جەمیل خضر عەلی.
- مانای ئامادەکاری لەش، م. شاخەوان مەجید.
- سەرەتایەك دەربارەی جومناستیك، سەعدوڵڵا عەباس ڕەشید.
- چۆنیەتی دەستنیشانکردنی یاریزانی تۆپی دەست، م. حامد مستەفا.
- هێزی کێشکردنی زەوی و کاریگەری لەسەر هاوسەنگی لەش، م. ئیدریس محەمەد تاهیر.
- وەرزش چییە، قوتابی سەلاح کاکل.
- ڕۆڵی ڕاهێنەر لە تۆپی سەبەتی نوێدا، یاسین عومەر.
- ئەو مشکەی مەنزەعەی کچانی هەژاند، ژیلوان محەمەد تاهیر.
- هەڵسەنگاندنێکی یاریەکانی گۆڕەپان و مەیدان، م. سیروان کەریم عەبدوڵڵا.
- ئینتەرنێت و وەرزش، م. دلێر صالح حەسەن.
- هاوکاری یاریزانان و سەرکەوتنی تیپ، ئالآن قادر ڕەسوڵ.

**۷- ئاژێر:**

- ناسنامە:

گۆڤارێکی کلتووری گشتییە

- لایەنی دەرکەر:

کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین

- مێژووی دەرچوون:

ژ (۱)ی لە ساڵی ۱۹۹٦

- قەوارە:

بێجگە لە بەرگەکانی پێشەوەو پاشەوە، ۲۸ لاپەڕەی قەوارە (۱٥ بە ۲۰ سم)ە.

- دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤار:

سەرنووسەر:

زانا خەلیل

- دەستەی نووسەران:

ئەسکەندەر جەلال - سوعاد ئەوڕەحمان - عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا - لەیلا عەبدوڵڵا - عەبدولڕەحمان مەعروف - ڤیان حەمەد ئەمین.



- چاپخانە:

بە ڕۆنیۆ چاپکراوە، لە نووسینگەی هێرش بۆ چاپ و ڕۆنیۆو وەرگێڕان لە هەولێر.

- گرنگترین بابەتەکان:

- ئاژێری وەرگێڕان، لا ۱.
- ئاسۆی زانکۆ، هیوا، لا ۲.
- لادان، نەهلە جەوهەر، لا ٦.
- با پرسیارەکان بە دوای ڕێگەچارەدا بگەڕێن، دیداری: عەبدولڕەحمان مەعروف، لا ۱۰.
- ئاویلکە، دەقی لەیلا عەبدوڵڵا، هەڵسەنگاندنی زانا خەلیل، لا ۱٥.
- گۆڕان، ئیدریس شەیداهۆ، لا ۱۹.
- شەقامە نووستووەکان، عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا، لا ۲۰.
- جۆگەکان کیژی کانین، بێکەس حەمەد قادر، لا ۲۱.
- بەرەو...، ئەسکەندەر جەلال، لا ۲۳.
- ئەونا، ئاڤان و سازان، لا ۲٥.
- گیبو ئەپۆلینێر، د. فەرهاد پیرباڵ، لا ۲۷.

- زمانی نووسین:

زمانی کوردییە، زاری کرمانجی خواروو.

**۸- سابات:**

لایەنی دەرکەر:

- بەشی کوردی کۆلێژی (زمان)ی زانکۆی سەلاحەددین

خاوەن ئیمتیاز:

د. پەخشان سابیر

سەرنووسەر:

هێمن عومەر خۆشناو

ستافی نووسین:

جەمال نەجارى
دەوران محەمەد
تایپ:
هونەر مەولود بەحرکەیی
نەخشەسازی:
هاورێ محەمەد زادە
بەرگ:
شکار نەقشبەندی

- پێناسە:
وەرزە گۆڤارێکی ئەدەبی زمانەوانی ڕۆشنبیرییە
- قەوارە:
ئەم گۆڤارە ژمارە (١)ی بە (٩٦) لاپەڕەی قەوارە (٢١ بە ١٤/٨سم) دەرچووە.
- ماوەی دەرچوون:
بە پێناسەکەی کە دەڵێت (وەرزە گۆڤارێکی ئەدەبی زمانەوانی ڕۆشنبیرییە)، دەبێت لە سەرەتای هەر چوار وەرزەکانی ساڵ دەربچێت، کەچی لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٥دا ژمارە (١)ی دەرچووە، تا ٢٠٠٦/١/٧ کە ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەنجامدراوە، هەر ئەو ژمارەیە بووەو، ژمارە (٢) دەرنەچووە.
- گرنگیدانەکانی سابات:
سابات گۆڤارێکی تایبەت بە زمان و ئەدەبە، لە ژمارە (١)یدا کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەو وتار و شیعر و چیرۆك بە پێنووسی مامۆستاو قوتابیانی بەشەکە بلاوکراونەتەوە، کە بریتینە لە:
- بەهەشتی ونبووی جۆن میلتۆن و چەند سەرنجێك، فەرهاد عەزیز، لا ٣.
- سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕۆمانی کۆندا، و: هەژار ئەحمەد، لا ١٣.
- دیمانەیەك لەگەڵ د. مارف خەزنەدار، لا ٢٣.
جیاوازی نێوان گوتن و نووسین لای دیسۆسێر، م. ئەکرەم عەنەبی، لا ٢٠.
ئەرکەکانی مۆرفیمی (ە) لە زمانی کوردیدا، د. عبداللە حسین، لا ٣٨.



- چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەدی ڕۆستەم زادە (م: نامۆ)، ئا: جەمال نەجارى، لا ٤١.
- پیتاندنی یۆرانیۆمەکانی ڕق، شیعری عەبدولستار ئەحمەد، لا ٤٨.
- بەشێك لە شیعرەکانی نەنووسراو، شیعری جەمال نەجارى، لا ٥٢.
- سێ کچ بە دار ئەرخەوانێکەوە ئالابوون، شیعری شاهۆ عوسمان، لا ٥٨.
- نمایشی پاڵەوانێکی دۆڕاو، دلشاد کاوانی، لا ٦٥.
- کورتیلە چیرۆك، هێمن عومەر، لا ٦٩.
- دوو کورتیلە چیرۆك، بەهار ڕەشید، لا ٦٩.
- مەرگی نووسراو، چیرۆك، و: هومەن، لا ٧١.
- پاراستنی زمانی نەتەوەیی بەشێکە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، د. ڕەفیق شوانی، لا ٧٦.
- دیموکراتیزمی هونەری، و: وریا بوداغی، لا ٨٤.
- خودی مرۆڤ و دوو لایەنی، دەوران محەمەد صالح، لا ٩٣.
- نامەیەکی محەمەد صالح دیلان، لا ٩٦.

بەم شێوەیە دەبینین گۆڤارەکە بە تەواوی بۆ شیعر و چیرۆك و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەب و زمان تەرخان کراوە، بەوەش گۆڤارەکە تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووەو، لە زۆرێکی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی دیکە جیابۆتەوە.

**٩- زانکۆی نوێ:**
پێناسە:
گۆڤارێکی ڕۆشنبیری مانگانەیە
- لایەنی دەرکەر:
ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر
- دەستەی نووسەران:
ژمارە (٩)ی ئەم گۆڤارە کە لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ دەرچووە، ئەم ناوانەی بەسەرەوەیە:
خاوەن ئیمتیاز:
د. محەمەد صدیق خۆشناو
سەرنووسەر:

حەیدەر جەوهەر

جێگری سەرنووسەر:

محەمەد عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین:

عەبدولستار پیرداود

- مێژووی دەرچوون:

ئەم گۆڤارە یەکەمین ژمارەی لە (٢٠٠٤) دەرچوو، تا تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، ٩ ژمارەی لێدەرچووە.

- قەوارە:

قەوارەی ئەم گۆڤارە بە لاپەڕەی گەورەی (٢١ بە ٢٩/٧ سم) دەردەچێت و، ژمارەی لاپەڕەکانیشی دەگەنە (٧٠) لاپەڕە.

- پەیامی ئەو گۆڤارە:

ئەو گۆڤارە تایبەتە بۆ چالاکییەکانی زانکۆی سەلاحددین و کۆلێژ و بەشە زانستییەکانی ئەو زانکۆیە، لەگەڵ هەندێ وتار و بابەتی دیکەی ڕۆشنبیری جۆراوجۆر.

## دووەم: بڵاوکراوەکان:

**١- پەیامی عەرعەر**

- ناسنامە:

بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە جینۆسایدو ئەنفاڵ.

- لایەنی دەرکەر:

کۆمەڵێك لە فێرخوازانی زانکۆی سەلاحەدین.

- مێژووی دەرچوون:

ژمارە (١)ی لە ساڵڕۆژی جینۆسایدو ئەنفالی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٩ دەرچووە.

- قەوارە:

بە لاپەڕەی (٢٠ بە ٣١ سم) دەرچووە.

- ناسنامە:



بڵاوکەرەوەیەکی ساڵانەیە تایبەتە بە ئەنفاڵ و جینۆسایدکردنی کوردستان، سەرجەم بابەتەکانی هەر لە بارەی جینۆسایدی کوردستان مەترسی و ئاسەوارە خراپەکانی ئەو پڕۆسەیە بۆ سەر دەروونی تاکی کورد و ئاگادارکردنەوەی لە سەختی ئەو پڕۆسە ترسناکە تەرخان کراوە.

**٢- پەیام:**

- لایەنی دەرکەر:

ئەم بڵاوکراوەیە هەرچەندە هیچ ناوێکی لەسەر نەنووسراوە، کە کێ دەری کردووە، بەڵام وەك ئەوەی لە دوای لێکۆڵینەوەکانم بۆم دەرکەوت، لە لایەن قوتابیانی بەشی عەرەبی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین دەرکراوە.

- مێژووی دەرچوون:

ژمارە (١)ی ئەم بڵاوکراوەیە، لە مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٤٢٤ی هیجری دەرچووە، کە بەرامبەر بووە بە مانگی ٢٠٠٣ی زاینی.

- قەوارە:

هەشت لاپەڕەی قەوارە (١٤ بە ٢١ سم)ە.

- ناسنامە:

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری ئیسلامییە.

- ماوەی نێوان ژمارەو ژمارە:

وەکو لە لاپەڕە (١)ی نووسراوە: (لە سەرە مانگەکانی ئیسلامی دەردەچێت).

- زمانی نووسین:

زمانی نووسینی ئەو بڵاوکراوەیە کوردی و عەرەبییە.

**٣- گوڵستان:**

- ناسنامە:

بڵاوکراوەیەکی زانستی ڕۆشنبیری گشتییە.

- لایەنی دەرکەر:
کۆمەڵێك لە قوتابیانی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەدین.

- مێژووی دەرچوون:
ژمارە (٠)ی ئەزموونیی لە حوزەیرانی ٢٠٠٣ی زاینی، جۆزەردانی ٢٧٠٣ی کوردی دەرچووە.

- قەوارە:
١٢ لاپەڕەی قەوارە (٢٤ بە ٣٣ سم)ە.
- دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤار:
- سەرنووسەر: محەمەد حەسۆ محەمەد
- بەڕێوەبەری نووسین: کاروان سەلاح مستەفا

- زمانی نووسین:
زمانی کوردییە، زاری کرمانجی خواروو.

- گرنگترین بابەتەکانی:
- سەروتار، لا ١.
- پرۆسەی خوێندن، لا ١.
- مووچەی مانگی چواری مامۆستایانی زانکۆ سەرفکرا، لا ١.
- مامۆستا فارۆق ڕەفیق پیرۆزبایی لە کوردستان دەکات، لا ١.
- نامەی ماستەری عەبدولڕەحمان عومەر لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەدین وتوویژکرا، لا ١.
- تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ پێشخرا، لا ١.
- کۆلێژی کشتوکاڵ لە چەند دێرێکدا، د. فەرهاد حەسەن، لا ٢.
- زانکۆ لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا، کاروان سەلاح مستەفا، لا ٢.
- زانکۆکانی کوردستان لە ئایندەی عێراقی دیموکراتدا، چاوپێکەوتنە لەگەڵ د. فەرهاد



حەسەن، ڕاگری کۆلێژی کشتوکاڵ، لا ٣.
- قەرەبووکردنەوەی خوێندن و گەرمای بەشە ناوخۆییەکان، سۆران محەمەد، لا ٣.
- ئاهەنگی دەرچووانی قوتابیانی کۆلێژی کشتوکاڵ لە ٢ی ٥ی ٢٠٠٣ بەڕێوەچوو، لا ٣.
- مامۆستایەکی کورد داهێنانێکی نوێی داهێنا، لا ٤.
- ئالیکی نیوەی شەو جۆری قەپێڵکی هێلکەی مریشك باش دەکا، بێستون ساڵح، لا ٤.
- پەینە نەناسراوەکە، د. ئەکرەم عوسمان ئیسماعیل، لا ٤.
- ئامێری NSS -1 بۆ پاسەوانی کەنارەکان، لا ٥.
- ئەڤزایم، لا ٥.
- ئەم نەخۆشیانەی لە تێکچوونی خۆراك دروست دەبن، ئاهەنگ حەسەن مەولود، لا ٥.
- نوێترین ئامێری ئاشکراکردنی منداڵی کوڕ یان کچ لە تەمەنی یەك هەفتەییدا، لا ٥.
- ئایا SARS هەڕەشەیەکی ڕاستە؟ م. سامی حەمەدئەمین، لا ٥.
- کاردانەوەی داگیرکردن لەسەر کەسی داگیرکراو، سابیر وەسمان، لا ٦.
- لەبەرچی و تاکەی؟ ئەسعەد محەمەد، لا ٦.
- کەسایەتی قوتابی زانکۆ لە غیبابی ڕووناکبیریدا، هێمن عەبدولخالق، لا ٦.
- کامیان پێشمەرگە بوون، شیوەن نووژدار، لا ٦.
- ئافرەت لە ناو کۆمەڵگەدا، شیلان ئارام، لا ٧.
- تەلەفزیۆن منداڵ دەکا بە پیرێکی بچکۆڵانە، سنوور حەیدەر کاوانی، لا ٧.
- بە تەمەن بچووك بە بەهرە گەورە، ئا: زین نانەکەلی، - دیدارە لەگەڵ منداڵ زینە عەبدولکەریم -، لا ٧.
- ماسکی بەسوود بۆ دەم و چاوو پێست، لا ٧.
- مێشوولەو کاریان لە دۆزینەوەی تاوانی کوشتن، د. عادل عومران عەبدولواحید، وەرگێڕانی لە عەرەبی: هێمن کاکەخان شێخانی، لا ٨.
- نووسین لە چارەسەرەوە بۆ قەیران، عەلی کەریم، لا ٨.
- هەنگاوانانی دیموکراتی لە عێراقی نوێدا، نەوزاد محەمەد عەزیز، لا ٩.
- دیموکراسی (ئایینی سەردەم) و، خێزانی دیموکراسی، ڕەنج ڕەسوڵ، لا ٩.
- چەمکی شەرم لە نێوان هەندێ خێزاندا، ڕابەر فەتاح، لا ٩.
- ئەم وێنەیەی دنیای هەژاند، لا ١٠.

- نان بۆ نانەوا، دۆلاریش بۆ دەرماڵە، لا ١٠.
- نەبوونی لۆکەر و دیاردەی دزێوی، لا ١٠.
- ئابووری کوردستان و پرۆسەی گەشەپێدانی، ئەحمەد عەبدولڕەحمان، لا ١٠.
- ژیانی هونەری عەدنان کەریم، لا ١٠.
- شنەبای غوربەت، فریا، لا ١٠.
- ساتێك لە جوودایی، کاردۆ، لا ١١.
- مەم و زینە تێکشکاوەکانی زانکۆ، لا ١٢.
- سوپاس و پێزانین، لا ١٢.
- دەمەتەقێی گوڵستان، لا ١٢.
- ڕەفزی ئاوا، شاخەوان عومەر، لا ١٢.

**٤- البلاغ:**

- ناسنامە:

بڵاوکراوەیەکی ئیسلامییە

- لایەنی دەرکەر:

کۆمەڵێك لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین، کە ئەمانە وەك خۆم لە نزیکەوە ئاگاداریان بووم، قوتابی بەشی خوێندنی ئیسلامی کۆلێژی ئاداب بوون.

- مێژووی دەرچوون:

ساڵی **١٤١٨**ك - **١٩٩٧**ز، ژمارە نۆی لە کانوونی یەکەمی ساڵی **١٩٩٨** دەرچووە.

- قەوارە:

هەشت لاپەڕەی قەوارە (١٤,٥ بە ٢١ سم).

- ماوەی نێوان ژمارەو ژمارە:

دوو هەفتە جارێك



- زمانی نووسین:

بە عەرەبی بڵاوبۆتەوە

- گرنگیدانەکانی:

گرنگیداوە بە بڵاوکردنەوەی بابەتە ئایینییەکان.

**٥- النور:**

- ناسنامە:

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری ئایینییە

- لایەنی دەرکەر:

قوتابیانی کۆلێژی ئاداب، کە ناوی کەسیانی لەسەر نییە.

- مێژووی دەرچوون:

ساڵی خوێندنی **١٩٩٩- ٢٠٠٠**

- قەوارە:

دە لاپەڕەی قەوارە (١٤,٥ بە ٢١ سم).

- ماوەی نێوان ژمارەو ژمارە:

دیارینەکراوە.

- زمانی نووسین:

کوردی و عەرەبی

- گرنگیدانەکانی:

گرنگی داوە بە بیرو ڕۆشنبیری ئایینی.

**٦- ڕوانگە:**

- ناسنامە:

بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆیە، لە لایەن کۆمەڵێك لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین مانگی دووجار دەردەچێت.

- سەرنووسەر:
محەمەد ئەمین عەبدولقادر

- بەڕێوەبەری نووسین:
سەلام عەبدولقادر عەبدولڕەحمان

- دەستەی نووسەران:
محەمەد بەکر، ئاکۆ محەمەد، هێمن سەعید.

- مێژووی دەرچوون:
ژمارە (١)ی لە ١٧- ٣- ٢٠٠٤.

- قەوارە:
هەشت لاپەڕەی قەوارە (٣٢× ٤٥سم).

- ماوەی نێوان ژمارەو ژمارە:
دوو هەفتە جارێك.

- زمانی نووسین:
چوار لاپەڕەی یەکەمی بە زمانی کوردی و، چوار لاپەڕەی دووەمی بە زمانی ئینگلیزی بڵاوبۆتەوە.

**٧- هێڤارا ئاراس:**
- ناسنامە:
بڵاوکراوەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتی مانگانەیە.
- لایەنی دەرکەر:
کۆمەڵێك لە قوتابییانی زانستە ڕامیاریییەکان



- مێژووی دەرچوون:
ژمارە (١)ی لە ئازاری ٢٠٠٥ دەرچووە.
- قەوارە:
چوار لاپەڕەی قەوارە (٣٢× ٤٥سم).

- زمانی نووسین:
بە زمانی کوردی دەرچووە.
- تایبەتمەندییەکانی:
گرنگی داوە بە هەندێ بابەتی سیاسی، لە پاڵ ئەوەشدا گەلێ هەواڵ و بابەتی هونەری و شیعر و هەواڵی تایبەت بە زانکۆو وردە بابەتی ڕۆشنبیری گشتیی بڵاوکردۆتەوە.

**- چەند تێبینییەکی گشتی لەسەر واقیعی ڕۆژنامەگەریی زانکۆی سەلاحەددین:**

وێڕای دەستخۆشیمان لە هەموو ئەو بەڕێزانەی خامەی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی چالاکی ڕۆژنامەگەری لەو زانکۆیە نەوەستێت و بەردەوامییەکی هەبێت، بەڵام ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی دەرچوونە بە دەست چەندین گرفتەوە دەناڵێنن، چەندین تێبینی هەڵدەگرن، دەتوانین ئەو تێبینییانە لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- زۆربەی گۆڤار و بڵاوکراوەکان بە کۆششی کەسی قوتابیان دەردەکرێن و، لە لایەن بەشە زانستییەکان بودجەیەکی تایبەتیان بۆ دانەنراوە، بۆیە زۆربەیان بە ژمارەیەك و دووان پەکیان کەوتووەو، چی دیکەیان بە دوادا نایێت.
٢- لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زۆرێکی ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانە لە ئاستی پێویست نین و، بە دەست لاوازییەوە دەناڵێنن.
٣- کاتی دەرچوونی زۆربەیان دیار نییەو، لە ناکاو دەکەونە بەردەستی خوێنەران.
٤- زۆرێکیان پارێزگاری لە پسپۆڕی کۆلێژ و بەشە زانستییە تیا دەرچووەکانی خۆیان ناکەن، بەڵکو شتی لاوەکی دوور لە پسپۆڕییەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە.
٥- لە پەرش و بڵاوی ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانە وا دەردەکەوێت، کە پلانی سەرکەوتوو لە بەشە زانستییەکان بۆ دەرچوونی ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانە نییەو، ئەرکی دەرچوونی زۆربەیان کەوتۆتە سەر قوتابیانی بەشەکانەوە.

**- چەند پێشنیار و راسپاردەیەک بۆ بەرەو پێشبردنی ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی (سەلاحەددین)دا:**

بۆ ئەوەی بزاڤی ڕۆژنامەگەری بزاڤێکی بەهێزو لە ئاستی پێویستییەکانی سەردەم بێت، ئەو چەند خاڵانەی خوارەوە وەکو پێشنیار پێشکەش دەکەم، بەو هیوایەی جێی سوودبن و، بە هۆیانەوە ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری مامۆستایان و قوتابیانیش بەرزببێتەوە، لە گرنگترینی پێشنیارەکانیشم:

١- سەرجەم کۆلێژ و بەشە زانستییە لە یەك نزیکەکان پێویستە گۆڤاری تایبەت بە خۆیان هەبێت و، لە ئاستێکی بەرزی زانستیشەوە نووسینییان تێدا بڵاوبکرێتەوە.

٢- دەبێت هەر گۆڤارەی پارێزگاری لە ناسنامەی تایبەتی خۆی بکات و، نابێت هەر لاپەڕە ڕەشبکەنەوە، بەڵکو دەبێت شتی پسپۆڕی تایبەت بە بوارەکانی خۆیان لەخۆ بگرن.

٣- دەرکردنی هەر گۆڤار، یان بڵاوکراوەیەك بە بەرچاوگرتنی پلانێکی سەرکەوتووی ڕێك و پێك بێت و، بە پێچەوانەوە بێ بوونی پلان و بەرنامەیەکی گرنگ پەنا بۆ دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوە نەبرێت.

٤- بودجەی تایبەت بۆ هەر جۆڤارێك لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆ دابین بکرێت، کە ئەمە شتێکی زۆر ناکات، بەڵام گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو بێ بوونی ئەمە ئاسان نییە گۆڤار، یان بڵاوکراوەیەك بە سەرکەوتوویی و بەردەوامی دەربچێت.

٥- مامۆستایان داوالێکراوبن، کە بەشێکی لێکۆڵینەوە زانستییەکانیان لەو گۆڤارانە بڵاوبکەنەوە، ڕێگە بە بەرهەمی قوتابیانیش بدرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش پێبگەن و، شتی جوان و بە نرخ پێشکەش بکەن.

# (هەواڵ) مەبەستی ژمارە (یەك)ی ڕۆژنامەوانی

### پێشەكی:

یەك لە گرنگترین ئەو نەریتانەی هەر لە كۆنەوە لەلایەن ئادەمیزادەوە پەیڕەوی لێ كراوە، گێڕانەوەو گەیاندنی (هەواڵ)ە ، ئەمە لەبەر گەلێ هۆ لەوانە:

١- پێگەیاندنی ئادەمیزاد بە ڕاستییەكان، ئەو ڕاستیانەی كە پەنهان و بڕوابوون یان نەبوون پێیان، ڕۆڵ دەبینن لە دواڕۆژی ئادەمیزادەكان، بۆیە هەر لەو ڕۆژەی باوكە(ئادەم) لەگەڵ دایكە(حەوا) دا هاتوونەتە سەرپەرشتی ئەو زەویە و ، تا ئەمڕۆش، پەیتا پەیتا پێغەمبەران(درودی خوایان لەسەر بێ) هاتوون، كۆمەڵ و نەتەوەیەكی خۆیان بە نهێنی و پەنهانییەكان(غەیبیات) ئاگادار كردۆتەوە و لە بارەیانە هەوڵیان پێ داون، بە زمانێكە ڕوون پێیان گوتوون: ئەو گەردوون و خەڵك و گیاندار و بێگانە گەورە و بچووك و بەرچاوو لە ئێوە شاراوەش، لەلایەن خودای تەنیا خولقێنراون، بەرنامەیان هەر لەلای خودا بۆ دانراوە، لە سەرەنجامیش هەمووان هەر بۆ بەر رەحمی خودای تەنیا دەگەڕێنەوە، باشەكان پاداشتی بە باشتر و كەللە شەق و خراپەكانیش سزای سەخت لەسەر كارە دزێو خراپەكانیان دەسەنن.

٢- ڕێگە نیشاندان بە یەكتر: ئەو ئادەمیزادەی بە گەشتێك دەرچووەو لە دوور یان نزیك شوێن و شتانێكی دیووە، كە هاتوتەوە،و هەواڵی بە خەڵكانیتر داوەو بۆ ئەوەی ڕێگەیەكی دروست و پڕ لە ئاسایش بۆ بێجگەی خۆی، كە ئەو ڕێگەیە دەگرنە بەر زامن بكات.

٣- ئاگاداركردنەوە لە هەڕەشە: ئەو ئادەمیزادەی بە گەشتێك دەرچوو لە شەوی تار یان ڕۆژی ڕووناكدا، هەستی كردووە یان بینیویەتی دەعبایەكی ترسناك لە فلانە شوێندا پەلاماری ماڵەكەی، یان ماڵاتەكەی داوە، هاتووە ئەم راستییەی كردۆتە هەواڵ و خزم و دۆست و ناسیاوەكانی ئاگاداركردۆتەوە، لە مەترسییەكی بەم شێوەیە.

٤- بۆ خۆشكردنی ژیان: كەسێك لە ناوچەكەی خۆی، لەبەر وشكە ساڵی و كەم بژێوی چۆتە



هەرێمێكی تر، بینیویەتی زۆر بووژاوەتەوەو پڕ لە بەروبوومە، ئاوو ڕۆزیەكی زۆری لێیە، بە زووی هەواڵی بۆ خێڵەكەی هێناوەتەوەو لە مەبەستی خۆ دەربازكردن لە برسییەتی و هەڕەشەی كەم بژێوی، بۆ ئەوێیان كرچ كردووە.

٥- بۆ دروستكردنی پەیوەندی: ئەو كەسەی دوور لە خێڵەكەی خۆی لە شوێنێكیتر، خێڵ‌و خەڵكێكیتر، خێڵ‌و خەڵكێكی دیكەی دیوە، هەواڵیانی بۆ كەسوكارەكەی هێناوەتەوە، بۆ ئەوەی خانەی پەیوەندییەكانیان فروانتربكەن و بۆ سوودی هاوبەش تێكەڵاوی ئەو خەڵكانەی تریش ببن.

٦- بۆ خۆشی بەسەربردن: یەكێك لە شتێكی دیوە. كە شتەكە ئاسایی نەبووە، سەیری پێ هاتووەو زۆری پێ دڵخۆشبووە، ئەگەر ئەوشتە مایەی دڵخۆشی، یان پێكەنین بەخش بووبێ، بۆیە گەڕاوەتەوە نێو هۆبەكەی و ئەوەی بینویەتی ئەو هەواڵەی بۆ گێڕاوەتەوە.

٧- بۆ چەواشە نەبوون: زۆر جار بووە، لەڕێگەی كەسانێك و بۆ مەبەستانێكی دیاریكراو چ لە كۆنەوەو تا ئەمڕۆیش هەندێ زانیاری نادروست بڵاوكراونەتەوە، بۆیە خەڵكیتر، هەبووە كە ئەم باسانەی بەلاوە نەبووە، بەدوای سەرچاوەی باسەكەدا رۆیشتووەو لەوێدا راستی چۆنە، ئەوەی وەكو هەواڵ بۆ دەوروبەرەكەی هێناوەتەوە.

بەم هۆیانەو گەلێ هۆی دیكەش، لە كۆبوونە بەر لە رۆژگاری نووسین و چاپەمەنی(هەواڵ) نەریتێكی زۆر گرنگی پێدراو بووە، دوای بڵاوبوونەوەی نووسین و چاپەمەنە و داهاتنی گۆڤارو زۆرتر دەبێ‌و داهێنانی جۆراوجۆر دەكرێ لە گەیاندنی.

لەبەر هەموو ئەو گرنگیانەشی ئەم باسە تەرخان كراوە بۆ (هەواڵ)، بەوهیوایەی سەركەوتوو بێ لە تیشك خستنە سەر گرنگترین پێناسەو جۆر و توخمەكانی، مەبەستەكانی‌و لایەنی باشی‌و لایەنی خراپی‌و... هتد، بەو ئومێدەی سوود بەخشت بێت.

### پێناسە:

لەبەر گرنگی(هەواڵ) زیاتر لە كەس و لایەنێكی رۆشنبیری، یان فیكری، پێناسەیان كردووە، گرنگترینی ئەو پێناسانە:

– هەواڵ هەموو ئەو شتانەیە كە لەلایەن زۆرینەی جەماوەرەوە سەرنج راكێشەو گرنگی پێ دەدرێت.. (تشارلس دانا)[١]

– هەواڵ بریتییە لە راپۆرتێك لە بارەی رووداوێك، كە خوێنەر دەتوانێ تێی بگات.. ( تشیلتون بۆش -- مامۆستای زانكۆی ستانورد) [٢].

-هەواڵ بریتییە لە راپۆرت لە بارەی رووداوێك، كە رۆژنامەنووسی زۆر باش دەزانێ ئەمە شیاوە بۆ بڵاوكردنەوە.. (كیرتیس ماكدوجال)[٣]

- یەك لە گرنگترین تایبەتمەندییەكانی هەواڵ ئەوەیە، تەواو بەبێ لایەنی نووسرابێ و لە دارشتنەوەیدا رەچاوی خۆویستنی هیچ لایەنێك نەكرابێ.. (سام باكلی، سەرنووسەری زی دیلی كرانت) كە ئەمە یەكەم رۆژنامەی ئینگلیزی بوو لە ساڵی ١٧٠٢ز بڵاوكراوەتەوە)[٤].

- هەواڵ وروژاندن و لادانە لە ژیانی ئاسایی، ئەگەر سەگێك پربداتە پیاوێك هەواڵ نییە، بەڵام ئەگەر پیاوێك پری دایە سەگێك ئەوەیان هەواڵە... (نۆرتكلیف).[٥]

- هەواڵ كۆمەڵەیەكی بەهێزی پیشەی رۆژنامەنووسییە، كاریگەری و توانایەكی گەورە لە رووبەرێكی بچووكدا دەبەخشێت، ئەركی خستنە روو نمایشكردنی ئەو زانستیانە، كە لە بابەتەكاندا بەدی دەكرێت و ئامانجی پێشكەشكردن و گەیاندنی زانیارییەكانە لە قاڵبی دارشتنێكی جان و بە شێوازێكی روون و ئاشكرا و ئاسان.. (رەمزییە صابر).[٦]

-هەواڵ بریتییە لە راپۆرت لە بارەی رووداوێكی دیاریكراو ، ئۆرگانەكە وای دەبینێ، بە بڵاوكردنەوەی قازانجێكی پوولەكی بۆ زامن دەبێت.. (سەرمایەدارەكان)[٧].

- هەواڵ ئەوەیە كە بەبێ گومانی سوود بۆ حیزب و كۆمەڵ دەستەبەر بكات.. (كۆمۆنیستەكان)[٨].

- هەواڵ ئەو باسەیە كە بەراستی روویدابێت، بە گێرانەوەی سوود بگەیەنێو پروپاگەندە نەبێت بۆ سلوك و كارە دزێوو و ناشایستەكان، لەوانەی كەوا زیان بە جەماوەر دەگەیەنن (ئیسلامییەكان)[٩].

لەبەر رۆشنایی هەموو ئەو پێناسانەی سەرووش، دەتوانین پێناسەی چڕ و پڕی (هەواڵ) لەم چەند رستەیەی خوارەوە.

- هەواڵ ئەو زانیارییە كە بۆ ئێستا، یان ئایندەی ئادەمیزاد بە گشتی پێویستە، بەرژەوەندییان بۆ زامن بكات، لە مەترسییەكان وشیاریان دەكاتەوە، لەبەر دڵی كەس و لە دژایەتی كەس نانووسرێ، جا ئەگەر لە ئۆرگانێكی ناوخۆیی سنووردار، یان لە ئۆرگانێكی بەربڵاودا بڵاوبكرێتەوە،، دەبێ راست بێ.. نەك خەیاڵ و دروستكراو وشەو رستەكانی بە وریایی بەكارهێنرابن، خوێندنەوەی تر هەڵنەگرێت، زمانەكەی روونو ئاشكرابێ، رەچاوی هەستی سەرجەم پێكهاتەی كۆمەڵی تیا بكرێ، نابێت بە ئاشكرا، یان بە نهێنی، هەستی هیچ كەس و لایەنێك لەبەر جیاوازی رەگەز، یان خوێن، یان ئاین، یان مەزهەب و ئایدۆلۆژیای سیاسی



بریندار بكات، بەپێچەوانەوە دەبێ هەوڵێك بێ بۆ لەیەك نزیكخستنەوەی هەمووان، و دروستكردنی خۆشەویستی لە نێوان هەمووان.. بەكورتی هەواڵ دەبێ پەیامدار بێت، و بەبێ هودەیی، یان بۆ پڕكردنەوەی بۆشایی نەنووسرێت.

## مێژووی هەواڵی نووسراو( تۆماركراو):

هەرچەند مێژووی سەرهەڵدانی یەكەم رۆژنامە بە دڵنیاییەوە دەستنیشانكردنی كارێكی ئاسان نییە، بەڵام وەكو پسپۆرانی ئەو بارە گووتویانە: (كاروبارە رەسمییەكان) یان(وەقائیعە رەسمییەكان) یەكەم رۆژنامەیە كە لە ساڵی (٥٨ پ.ز) لەلایەن(یۆلیۆس)ی ئیمپراتۆری رۆمانی دامەزراوە، ئەوەش ئەوكاتەی كە ناوبراو فەرمانی بە گەورە كارمەندانی دەڵەتەكەی كرد، سەرجەم كاروبارەكانی رۆژانەیان لە لەوحێكدا تۆمار بكەن و لە گۆڕەپان و گشتیەكاندا هەڵیبواسن)[١٠].

هەر لە (رۆما) رۆژنامەیەكی دیكەی ئەهلی دەرچوو زۆر بە فراوانی بڵاوبوویەوە، سێ بواری سەرەكی هەبوو یەكەم: باری سیاسی و كاروبارەكانی دەوڵەت و هەرێمەكان و گۆڕەپانەكانی شەڕ.. دووەم: هەواڵی دیوانەكان و دادگاكان و حیزبەكان. سێیەم: هەواڵە گشتییەكان، وەكو هەواڵەكانی:( ژنهێنان و مردن و تەڵاق و..) ئەو بابەتانە ) هەندێ لە گرنگترین هەواڵەكانی ئەوانەی خوارەوەن:

- (ئەمڕۆكە ژمارەیەكی زۆری دادوەرەكان لە ماڵی سینسینیوسی باڵۆیزی كۆبوونەوە).
- (دوێنێكە ژمارەیەك قەساب سزادران، چونكە هەندێ گۆشتیان فرۆشتبوو هێشتا، نەپشكنرابوون، ئەو پارانەی وەكو سزاش لێیان وەرگیراوە، تەرخان دەكرێت، بۆ دروستكرنی پەرستگایەك).
- (ئەمڕۆكە شتگەلێك گەیشت، كە لە كەنارەكانی ئاسیاوە هاتبوون).[١١]

ئەگەر بێت و لە هەر هەواڵانەی سەروو وردبینەوە ، دەبینین، هەموویان بە رستەیەكی واتادار خراونەتەڕوو.. ناونیشانیان نییە.. گوزارشت لە بوارەكانی دادوەری و كۆمەڵایەتی و بازرگانی دەكەن.

دوای ئەوەش لەو سەدانەی پێشوو كە چاپەمەنی داهاتووەو رۆژنامەوانی خۆی لە قۆناغێكی پێشكەوتووتردا دۆزیوەتەوە، هەواڵ گرنگی زیاتری پێ دراوە، ئەوەتا لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، چ لە بواری رۆژنامەگەری خوێنراوو چ لە بواری رۆژنامەگەری بینراویشدا، ئۆرگان و كەناڵی

تایبەت بۆ هەواڵ هەیە، ئەوە چ جای بوونی چەندین ئاژانسی گەورەو فراوانی هەواڵ، وەکو ئاژانسەکانی:

١- ئەسیۆشێیت پرێس / ئەمریکا.
٢- یونایتد پرێس /ئەمریکا.
٣- رۆیتەرز / بەریتانیا.
٤- ئەگانس فرانس پرێس / فەرەنسا.
٥- تاس / رووسیا.

## جۆرەکانی هەواڵ:

هەواڵ بە شێوەیەکی گشتی، گوزارشت لە بارەتەکانی ئەمرۆ دەکات، ئەگەرچی هەواڵیش هەیە رابردووە، یان ئاینده دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە:

- رووسیا سەرۆکێکی گەنجی بۆ حکوومەتەکەی هەڵبژارد[١٢] ئەم هەواڵە کاتێك خراوەتە ڕوو لە هەڵبژاردنی سەرۆك بۆ رووسیا لە وڵاتەدا بە ئەنجام گەیشتووەو تێپەڕیوە، واتە: هەواڵە بە ڕابردوو.

- ئەمریکا نیگەرانە سەبارەت بەوەی عێراق زانیاری لەمەڕ چەکە میکرۆبییەکان بەدەستەوە نادات[١٣].

- ئەمرۆ ئێران مانۆڕێکی دەریایی ئەنجام دەدات.[١٤]

ئەم دوو هەواڵانەی سەرەوە دەبینین هەردووکیان گوزراشت لەو زەمەنە، یان ئەو رۆژە دەکەن کە رۆژنامەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە، واتە هەواڵی گەرم گەرمی رۆژان، تایبەتن بە ئێستا.

- پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە(١١)ی خولی یەکەمی ساڵی (١٨٩٨)ی خۆی ساز دەدات. [١٥]

ئەم هەواڵەش گوزارشت لە ئاینده دەکا، کە تیایدا دانیشتنی ژمارە بۆکراوی پەرلەمانی کوردستانی تیا ئەنجام دەدرێت.



## زمانی خستەڕووی هەواڵ:

زمانی خستنە ڕووی هەواڵ چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە دیارترینیان.

١- بە وشەی سادە و باو هەواڵ دەخرێتە ڕوو.

٢- لە رۆژنامەگەریدا بە شێوەیەکی گشتی و بۆ سەرنج ڕاکێشانی زیاتر، ئەو فرمانەی کە لە هەواڵدا بەکاردێت، بەتایبەت لە ناونیشانەکەیدا فرمانێکی رانەبردووە، گوزارشت لە ئاینده دەکات، بەڵام ناوەڕۆکەکەی باس لە ڕابردوو دەکات، واتە مەرج نییە ئەو ناونیشانەی بە ڕانەبردوو دەخرێتە ڕوو لە ڕاستیدا ڕووی نەدابێ، بەڵکو زۆربەی جارەکان ڕوویداوە.

٣- ە رستە بەدوا یەکداهاتووەکاندا، تابکرێ، دەبێ ئامرازەکانی لێکدەر کەم بەکاربهێنرێت، و بە هێماکانی خاڵبەندی ڕستەکان لێك جیابکرێنەوە، نەوەك ڕستەکان ببنە ڕستەی لێکدراوی درێژ و قورس.

٤- وشەو ڕستەکان نابێ تەماوی و فرە واتابن، بەڵکو دەبێ ڕوونو ئاشکرا و گوزارشت لە واتای ڕاست و ڕەوان بکات.

## شێوازی گەیاندنی هەواڵ:

لەگەڵ زۆربوونی دەزگاکانی راگەیاندنو، کەناڵە جۆراوجۆرەکانی رۆژنامەوانی، ئەمرۆکە وەك جاران هەواڵ، تەقلیدییانە ناخرێتە ڕوو بەڵکو هونەر دەنوێنرێت لە گەیاندنی، بۆیە لە رۆژی ئەمرۆماندا دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی ئەم شێوازەی خوارەوە بۆ گەیاندنی هەواڵ بخەینە ڕوو:

١- **شێوازی ئاسایی:** ئەمە شێوازە تەقلیدییەکەیە، کەتیایدا هەواڵ وەکو خۆی، و بەو هێندەی پێویستە بە سادەیی دەخرێتە ڕوو بۆ نموونە:

(ڕۆژی چوارشەممە ١٩٩٨/٦/١٧، پاش نەخۆشییەکی درێژخایەن، زاناو بانگخوازی گەورەی ئیسلامی شێخ (محەمەد متوەلی شەعراوی) لە شاری قاهیرە لە تەمەنی ٨٧ ساڵی، کۆچی دوایی کرد). [١٦]

٢- **شێوازی ئاگاداری (ئیعلانات):** ئەم شێوازەش هەر لە زووەوە پەیڕەوی لێ کراوە، لێرەدا لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی بەرامبەر، هەواڵی ئەوەشی پێ دەدرێت، کە ئەگەری شتێکی وا لە ئارادایە، کە ئەم شتە بەپێی ناواخنی هەواڵەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە:

سەبارەت بە دەوام نەکردنت لە ١٩٩٨/٣/٩ تا ئێستا، داوات لێ دەکەین دەست بەکاربیت لە ماوەی (٧) رۆژ ئەگەر لەناو هەرێم بێتو، (٣٠) رۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بێت، لە

بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە، بە پێچەوانەوە کۆتایی بەراژەکەت دەهێنین...
بەڕێوەبەری کارگە).[17]

لەم ئاگارییەدا دا کەسێکی دابڕاو لە کارەکەی ئاگاداردەکرێتەوە کە بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، لە هەمان کاتدا هەواڵی ئەوەشی پێ دەدرێت، ئەگەر لە ماوەی دیاریکراو نەگەڕێتەوە بە پێچەوانەوە دواتر وەرناگیرێتەوەو وەدەردەنرێت.

**٣- بە پڕوپاگەندە:** بۆ ئەم مەبەستە کە پڕوپاگەندەکردنە بۆ شتێکی دیارکراو لەولاوە هەواڵی شتەکەش دەخرێتە ڕوو کە لە چ بارودۆخێکدایە، بۆ نموونە:

(مەتبەعەی ژیانەوە موستەعید و حازرە، بۆ تەبعی هەموو نەوعە جەداول و ئەوراقی مەحکومی و هەموو نەوعە ئەوراقی ئیجاری و سەری کاغەز و زەرف و کارت و بزیت و سائیرە لەسەر تەرزی تازە، وە بەدیققەتی کامیلەوە ، وە بە قیاسێکی هەرزان.. موراجەعەی بفەرموون پەشیمان نابنەوە.. بۆ ئەمە تەجروبە و دەلیلمان هەیە).[18]

**٤- بە ڕاپۆرتە هەواڵ:** ئەمەش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ شێوازێکی زۆر گرنگ و باوە، زۆربەی کەناڵەکانی بینراو بیسراوو خوێنراو بۆ هەندێ لە باسە گەرماو گەرم و زیندووەکان، پەنا دەبەنە بەر ئەم راپۆرتانە، تیایدا ئامادەکەری راپۆرتەکە وێڕای ئەو زانیارییانەی خۆی لە بارەی بابەتی راپۆرتەکە دەکات و بەمە شتێك دەخاتە سەر زۆربەی گۆشەکانی بابەتەکەی، بەوەش تینویەتی خوێنەر، یان بینەر و بیسەر دەشکێنێت.. نموونەش زۆرە و ڕۆژانە هەموومان چەندەها لەو ڕاپۆرتانە دەبیسین و دەبینین، یان دەیانخوێنینەوە، بۆیە و لە ترسی درێژبوونەوەش نموونەیەکی دیاریکراوی لێرەدا ناخەینە ڕوو.

## ناواخنی هەواڵ:

هەواڵ بۆ ئەوەی دروست دەبێ و شایان بێ بە بڵاوکردنەوەی، لە یەك لە ئۆرگانەکان، دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

(کێ: واتە کێ ئەوەی کردووە
چی: واتە چی کردووە
کەی: واتە کەی ئەمە ڕوویدا
بۆچی: واتە بۆچی ئەمە ڕویداوە)[19]



## ئەو هۆکارانەی لە نرخی هەواڵ کەم دەکەنەوە:

کۆمەڵێ هۆکار لەنرخی هەواڵ کەم دەکەنەوە. لەوانە:

١- درەنگ دەرچوونی: لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆرن، هەریەکە و هەوڵ دەدات، بە زووی هەواڵ بگەیەنێت، بۆیە ئەو کەناڵەی لە پەخشکردنی هەواڵ دوا دەکەوێت، سەرەنجام هەواڵەکەی ئەو نرخەی نابێت، کە مەبەستە.

٢- هەڵەی هەواڵەکە: هەڵەکرد لە پەخشکردنی هەواڵ هۆکارێکی دیکەی بێ نرخ بوونی هەواڵە، ئەم هەڵانە دەشێ هەڵەی چاپ بن، هەروەها دەشێ هەڵەی بێژەرەکان بن، کە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا دەیانخوێننە، هەروەها دەشێ هەڵەکە هەڵەی نووسەری هەواڵەکە بێت، کە بەداخەوە زۆر جار ڕەچاوی ڕاناوەکان ناکرێ، بۆ نموونە: بکەر کۆیە، کەچی ڕاناوی لکاوی بکەر بەتاك دەهێنرێت وێنەی ئەمە: (تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوو)[20]. ئەم هەواڵە لەڕستیدا بە هەڵە داڕێژراوە، چونکە (تاقیکردنەوەکان) کۆیە، بکەرە، دەبوو وەکو ڕاناوی لکاویش بە (کۆ) بهێنەوەو بخرێتە کۆتایی فرمان (بەڕێوەچوو)، بەڵام دەبینین داڕێژەری هەواڵ واینەکردووە، بۆیە ڕستەکەی ناخۆش کەوتۆتە بەر گوێ.

جاری وا هەیە هەڵەکە لە وەرگێڕانی هەواڵەکە دێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.. ئیتر یان ژمارەکە گەورە، یان بچووکتر دەخرێتە ڕوو یان هەندێ لە وشەکانی بە هەڵە وەردەگێڕدرێت، نموونەی ئەمەش ئەوەی بەراورد لە نێوان هەواڵی کەناڵە ئاسمانییەکان و هەواڵی کەناڵی ناوخۆ بکات، کە هەواڵەکانیا لەوانەی یەکەم وەردەگرن، بە ڕوونی هەستی پێ دەکات.

٣- درێژی ناونیشان: (ناونیشان یان مانشێت لە هەواڵدا بە کورترین ڕستە، یان فرێز دەردەبڕدرێ و کەمتر خۆی بە فرێزی کارییەوە دەبەستێتەوە ، یان ڕەنگە خۆی لە دوو وشەی کورتدا بدۆزێتەوە)[21] کەچی زۆرێکی ناونیشانەکان هەر خۆیان بوونەتە هەواڵەکە بۆ وێنە: (لە کوردستاندا ئامێری شکاندنی بەردی گورچیلە بە سەرکەوتووی بەکار دەهێنرێت).[22]

٤- کردنی هەموو ڕووداوێك بە هەواڵ، کە ئەمەش لە ڕاستیدا پەسند نییەو ، بەرامبەر بێزار دەکات.

٥- (زەقکردنەوە و گەورە نیشاندانی هەندێ دیاردەو ڕووداو کە جێگەی سەرنجی ڕای گشتی نییەو کارگەری ئەوتۆی لەسەر نییە، ئەوەش لە پێناو حەشاردان و تارمایی خستنەسەر ئەو شتانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕای گشتی خەڵکەوە هەیە).[23]

٦- وەرگرتنی هەواڵ لە سەرچاوەی دروستی خۆی نا، بەڵکو لە ئاژانسێك کە بە هەزارەها

میل لە شوێنی ڕوودانی هەواڵەکە بەدوورە، ئەوەتا بەپێی ڕاپۆرتێکی (یونسکۆ): (لە ٨٠٪ ی ئەو هەواڵە بیانیانەی ڕۆژنامەکان و بەتایبەتیش لە (یونایتد پرێس و ئەسیوشییت پرێس) ی ئەمریکی وەرگیران)[٢٤]. لە لای خۆشمان هەواڵەکان هەموویان هەر لە کەناڵە ئاسمانییەکان و رادیۆ جیهانییەکان وەردەگیرێن، کە ئەوەی لەم ڕووەوە زۆر ناخۆشیش بێت، زۆرجار کەناڵەکانی خۆمان، هەواڵەکانی ناو ئەو شارانەی خۆیان لە سەرچاوەکانی دەرەوە وەردەگرن و خۆیان نەیانتوانیوە ڕاستەوخۆ هەواڵەکە لە سەرچاوە دوو ڕستەکەی وەربگرن، کە ڕەنگ بێ لە نووسینگەکانی خۆیان زۆر نزیکیش بێت.

٧- وردنەبوونەوە لە ڕاستی هەواڵو، بە هەڵە گەیاندنی.

### مەرجەکانی هەواڵهێن:

کەسی هەواڵ هێن دەبێ کۆمەڵێك مەرجی تیا بێت، لەوانە گرنگترینیان:

١- دەبێ ڕاستگۆبێ.

٢- پەیامداربێ و بزانێت چ هەواڵێك دەکەیەنێ، چونکە وەکو ئاماژەمان بۆ کرد، هەموو ڕووداوێك بۆ هەواڵ ناشێ.

٣- چالاك بێ‌و، ئامادەی شوێنی ڕووداوەکان بێ، لە کەسەیەکەمەکان شایەدحاڵی ڕووداوەکان هەواڵ وەربگرێ، نەك لە قسەی خەڵکیتر.

٤- لە گەیاندنی هەواڵەکەدا، بە تەعلیقی خۆ هیچ کەس و لایەنێك ناشیرین نەکات.

٥- زمانی دارشتنی ڕەوان و ئاشکرابێ و هەواڵەکانی بە ڕوونی بخاتە ڕوو.

٦- لە توانایدا بێت ناونیشانی سەرنج ڕاکێش بۆ سەردێری هەواڵەکە دابنێت.

### مەبەست لە گەیاندنی هەواڵ:

بۆ گەیاندنی هەواڵ کۆمەڵێ مەبەست هەن، لەوانە:

١- وشیارکردنەوەی جەماوەر لەو ڕووداوو باسانەی کە لە دەوروبەریان ڕوودەدەن.

٢- بۆ سوودی بازرگانی: بۆ نموونە تەنها لە پروپاگەندەدا کەوەکو گوتمان شێوەیەکە لە شێوەکانی خستنە ڕووی هەواڵ، لە ساڵی (١٩٥٠) دا سوودەکانی تەلەفزیۆنی ئەمریکی گەیشتە (١٧٠) ملیۆن دۆلار و لە ساڵی(١٩٧٠)ش گەیشتە (٣٦٠٠) ملیۆن دۆلار. (٢٥)

٣- بۆ ڕەتکردنەوەی پرۆپاگەندە.



٤- بۆ بەرزکردنەوەی وورەی جەماوەر، دەشێ بکرێتە هۆکارێك بۆ باشی یان خراپییەکان بۆ وێنە:

١- وشیاربوونەوەی خەڵك:

٢- رزگاربوونی جەماوەر لە گەڕان بەدوای ئەوشتانەی لێرەو لەوێ ڕوودەدەن.

٣- چەشە بەخشین بە جەماوەر، بە زانینی ڕاستی ڕووداوەکان.

### خراپییەکانی هەواڵ:

١- چەواشەکردنی ڕاستییەکان.

٢- پڕوپاگەندەکردن بۆ دیاردەی نابەجێ.

٣- وروژاندنی هەستەکان ، دروستکردنی فیتنە.

### سزای هەواڵ بەدرۆ:

لە بەندی (١٢)ی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی ئادەمیزاد هاتووە: (نابێت ژیانی تایبەتی و خێزان و ماڵ و نامەگۆڕینەوەکانی هیچ کەسێك دوچاری دژایەتی و دەستتێوەردان ببێ، هەروەها نابێ ئابڕوو و نێوبانگیشی وەبەر پەلامار بکەوێت‌و، هەموو کەسیش مافی خۆپاراستنی قانوونی لەو جۆرە دەستێوەردان و پەلاماردانە هەیە).[٢٦]

کەواش بێ ناشیرین کردن‌و، تاوان خستنە پاڵ هەر کەس و لایەنێك بەهۆی هەواڵی بەدرۆ پێچەوانەی بەندەکانی مافی ئادەمیزادەو سزای یاسایی دەکەوێتە سەر، بۆیە لە وڵاتان ئەمە وردتریش کراوەتەوە، هاتوون بە بەندێك لە یاساکانی خۆیان سزای ئەوانەیان دەستنیشان کردووە، کە هەواڵی بەدرۆ دەگەیەنن، بۆ نموونە لە یاسای (میسر) دا هاتووە: (هەر کەسەی هەواڵێکی بەدرۆ، یان دروستکراو یان تەزویر، یان بوختانێك بخاتە پاڵ کەسێکیتر، (...) ئەو کەسە بەند دەکرێت بۆ ماوەیەك لە دوو ساڵ زیاتر نەبێ و سزاش دەدرێت بە بڕە پارەیەك لە بیست جونەیە کەمتر نەبێ‌و، لە سەد جونەیە زیاتر نەبێ، یانیش بە یەك لەو دوو سزایانە سزا دەدرێت). [٢٧]

## ئەنجام

دوای ئەم چەند پەرەگرافە لە بارەی پێناسەو رەگەز و جۆرو مەبەستەکانی هەواڵ، بە کورتی گرنگی (هەواڵ)مان بۆ دەرکەوت، بینیمان چۆن بە فراوانی لە ئۆرگانەکان و کەناڵەکانی رۆژنامەو راگەیاندندا بەکاردەهێنرێت، بۆشمان روون بووەوە کە گرنگە هەواڵ راست بێ و خزمەت بگەیەنێ، نەوەك زیان.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


١- (د. ابراهیم امام)، (دراسات فی الفن الصحفی) قاهیرە ، چاپی یەکەم، ل٩٥.
٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.
٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.
٥- (رەمزیە صابر محەمەد) (حوزنی موکریانی نووسەر و رۆژنامەنووس (نامەی ماستەری بلاونەکرایەوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی ١٩٩٣، ل١٢٧.
٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.
٧- دراسات فی الفن الصحفی، ل٩٥.
٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.
٩- ئەم پێناسەیە لە ژێر تیشکی ئایەتی پیرۆزی ﴿یاأیها الذین آمنوا ان جاءكم فاسق بنباء فتبینوا﴾ و ، فەرموودەی پێغەمبەر[٣]: (کفی بالمرء کذبا ان یحدث بکل ما سمع) و دەقە پیرۆزەکانی تری هاوشێوەیان کراوە.
١٠- عبداللە حسێن ، الصحافە والصحف، بەبێ ساڵ و شوێنی چاپ، ل١١.
١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.
١٢- رۆژنامەی (هەرێمی کوردستان)، ژمارە (١٦٦٦) لە ١٩٩٨/٤/٢٤، ل١
١٣- رۆژنامەی (برایەتی) ، ژمارە (٢٥٦٢)، لە ١٩٩٨/٤/٢٧، ل١
١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١.
١٥- رۆژنامەی (هەرێمی کوردستان)، ژ(١٦٦)، ل١.





١٦- رۆژنامەی (یەکگرتووە)، ژ(١٩٢)، لە ١٩٩٨/٦/٩، ل١
١٧- رۆژنامەی (برایەتی)، ژ (٢٥٦٢)، ل٧.
١٨- عبداللە زەنگەنە، (ژیانەوەو شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردستان)، هەولێر، ٢٠٠٠، لە نێو ئەو کتێبەش، سەیری(ك) ی، ژ(٥٦) ی (ژیانەوە) بکە.
١٩- رەمزییە صابر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.
٢٠- رۆژنامەی (خەباتی قوتابیان)، ژ(٢٩) ١٩٩٨/٦/١٦.
٢١- هیمدادی حوسێن، زمانی رۆژنامەنووسی کوردی دوای راپەڕین لە (١٩٩١--١٩٩٩)، گۆڤاری (رۆژنامەڤانی)، ژمارەکانی(٦-٧)، ساڵی دووەم، (٢٠٠١ -- ٢٠٠٢) ل؟.
٢٢- گۆڤاری (تەندروستی) ژ(٢)، خولی دووەم، حوزەیرانی (٢٠٠١)، ل ؟.
٢٣- مەغدید صدیق هورمزی، رۆژنامەی (یەکگرتوو)، (٢٧٢) لە ٢٠٠٠/١/٢١، ل٥.
٢٤- محمد حوسێن علیَوي، الاعلام المثربالي اثره علی اعلام الدول النامیة، ژمارەکانی (١١-١٢)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٦ی گۆڤاری (الفكر الجدید)ی لەندەنی.
٢٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.
٢٦- جاری گەردوونی مافی ئادەمیزاد ، بەندی (١٢)، ل٥٩.
٢٧- د. محەمد عبدالقادر حاتم، الاعلام والدعایە نظریات وتجارب، قاهیر، ١٩٧٢، ل٤١٣.

# (ئیعلانات) لە رۆژنامەی (ژیانەوە)دا

## تیشکێك بۆ سەر رۆژنامەی (ژیانەوە):

ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی حکومی بووە، ((ژمارە (یەك)ی لە ڕۆژی دووشەممە ١٧/ی موحەڕەمی ١٣٤٣ی هیجری ١٨/ی ئابی ١٩٢٤ لە سلێمانی دەرچووە)).[١]

کە لە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە ورد دەبینەوە ((دەبینین لەسەر ڕووی هیچ کام لە ژمارەکانی ناوی کەسێ وەکو سەرنووسەر نەنووسراوە))[٢]، ئەمەش ئەوەمان ۆ دەردەخات، کە ئەم ڕۆژنامەی (ژیانەوە)یە، ((سەرەتا کەس وەکو لێپرسراو سەرپەرشتی نەکردووە، بەڵکو کۆمەڵێك لایەنگری حوکمی ئینگلیز و (عێراقچی) سەرپەرشتییان کردووە))[٣]، هۆی ئەمەش ڕەنگبێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە ((ژیانەوە بە شان و باهۆی ئینگلیزیدا هەڵدەدا))[٤]، لەبەر ئەوەش ئینگلیز هەر زوو لەو گفت و پەیمانانەیان پەشیمان بوونەوە، کە بە (شێخ مەحموود)یان دابوو، بە توندی لە هەموو بەرەکانی پڕوپاگەندەو تا شەڕی گەورەو بۆردوومانی فڕۆکەشی بۆ سلێمانی لە دژی ئازادیخوازانی ئەو کاتەی کوردستان، کە خۆیان لە سەنگەرەکەی (شێخ مەحموود) دەدۆزیەوە، دریغییان نەدەکرد، بۆیە شۆڕشگێڕانیش کەمێکیان نەبن، دەنا ئەوەی تری و زۆرینەی جەماوەری کوردستانیش حەزیان بە چارەی ئینگلیز نەدەکرد لە وڵاتەکەیان بێت، بە تایبەتتریش کە بە هێزێکی داگیرکەری دژەدینیان دەزانین، لەبەر ئەمە وای بۆ دەچم بەرپرسانی ئەو ڕۆژنامەیە و دەستەی نووسەرانەکەی خۆیان لەوە پاراستووە، کە ناویان بکەوێتە سەر پەڕەی ڕۆژنامەکەو بەوە بەر تانەو توانجی گۆڕەپانی ئەوسای کوردە دژ بە ئینگلیزەکان بکەون، ئەگینا ئاشکرایە کە لە ڕۆژگاری دەرچوونی (ژیانەوە)دا، لە هەموو دنیادا ((خەڵکان بەر لە هەر شتێك پرسیاری ئەوەیان دەکرد، کێ سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیەو؟ سەرنووسەرەکەی بە هەموو شانازییەکەوە دەیتوانی بڵێت: منم)).[٥]

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە (ژیانەوە) بایەخی بە گەلێ مەسەلە داوە، لەوانە (هەوڵیداوە ئەوە لە گوێی کورد بسەپێنێت، کە مەحاڵە کورد و تورك بتوانن پێکەوە بژین)، (خوێندەواری)،



(کێشەی ویلایەتی موصڵ)، (هەواڵە گەرمەکانی ئەو ڕۆژگارەی تایبەت بە کورد) و... شتانی دیکە. لە پاڵ ئەمانەش (ئیعلانات) قەوارەیەکی بەرچاوی لەسەر ڕووپەڕی ئەو ڕۆژنامەیە بۆ تەرخانکراوەو گرنگی تایبەتی پێ دراوە، کە لێرەدا دێین تیشك دەخەینە سەر ئەو گرنگی پێدانەی بە (ئیعلانات) و جۆری (ئیعلانات)ەکان و ئەو کەس و دەزگا ڕەسمی و ناڕەسمییانەی (ئیعلانات)یان لەسەر ڕووپەڕی ئەو ڕۆژنامەیە بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ بوارەکانی تری تایبەت بەو (ئیعلانات)انە.

دوا ژمارەی (ژیانەوە)ش ژمارە (٥٦)یەتی[٦]، کە لە (١٤/کانوونی دووەمی/ ١٩٢٦) لە دەرچوون وەستاو (ژیان) جێگەی گرتەوە.[٧]

## مەبەست لە (ئیعلانات):

(ئیعلانات) زاراوەیەکی عەرەبییە، کۆی (ئیعلان)ە، کە لە کوردیدا لە بری ئەو وشەیە (ئاگاداریەکان) و (ئاگاداری) لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەکاردەهێنرێت. مەبەست لێی ئاگادارکردنەوەو سەرنج ڕاکێشانی جەماوەرە بۆ هەریەکە لەو باسانەی لایەنی ئاگادارکەرەوە دەیخاتە ڕوو، جا ناواخنی ئاگادارییەکە بڕیارێکی میری بێت، یان هەلێکی خوێندن بێت، یان خستنەڕووی هەر کەل و پەلێکی بازرگانی بێت، یان هەر شتێکی تر. کە لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە لە ڕاستیدا چ لە (ژیانەوە) و تەنانەت تا ڕۆژی ئەمڕۆش تێکەڵی لە نێوان (ئیعلانات) ئاگاداری و پڕوپاگەندە بۆ کەل و پەلە بازرگانییەکان هەیەو وەکو پێویست لێك جیا نەکراونەتەوە.

## گرنگیدانی (ژیانەوە) بە (ئیعلانات):

(ژیانەوە) هەر لە یەکەم ژمارەیدا گرنگی (ئیعلانات)ی زانیوەو سەرنجی خوێنەرانی بۆ ڕاکێشاوە، ئەوەتا لە سەرووی ڕووپەڕی یەکەمی ژمارە (١)یدا نووسراوە: ((ئیعلانات بە دێڕێك سێ ئانە دەستێنرێت))[٨]، ئەم پڕوپاگەندەیەش بۆ بڵاوکردنەوەی (ئیعلانات) لە هەموو ژمارەکانی دواتریشیدا لە هەمان شوێنی ڕووپەڕی یەکەمی ڕۆژنامەکە هەر بڵاوکراوەتەوە، نەك هەر ئەمەش بەڵکو لە ژمارە (٣٦)یدا تا ژمارە (٥٢) نرخی (ئیعلانات) بڵاوکردنەوەکە زیادکراوەو لەژێر (ئیعلانات)ەکەدا نووسراوە: ((بە دێڕێك چوار ئانە دەستێنرێت)).[٩]

له ژماره (٥٣) و بۆ دوا ژمارەیشی کە ژمارە (٥٦)یەتی دیسانەوە نرخی بڵاوکردنەوەی (ئیعلانات)ەکە لەسەر لاپەڕەکانی زیادکراوەو لە هەمان شوێنی ڕووپەڕێ یەکەمی ئەو ژمارانەی لە ژێر (ئیعلانات)ەکە نووسراوە: ((بە دێرێك شەش ئانە دەستێنرێت)).[١٠]

ئەو گرنگیدانەی (ژیانەوە)ش بە بڵاوکردنەوەی (ئیعلانات) بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە، لەوانە گرنگترینیان:

١- پشتگیری پەیداکردن بۆ بڕیارەکانی حکوومەت و چەسپاندنیان لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵ، لە ڕێگەی ئیعلانکردنی ئەو بڕیارانە، بەمەش یەك لە ئامانجەکانی ئەو ڕۆژنامەیە دەهاتە دی، چونکە وەکو ئاماژەمان بۆ کردبوو: ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی حکومی بوو.

٢- بە هۆی بڵاوکردنەوەی (ئیعلانات)ەوە، ڕۆژنامەکە جەماوەرێکی فراوانتری بۆ دروست دەبوو، چونکە تەنانەت بازرگان و خەڵکانی دیکەش بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەهاتن (ئیعلانات) بۆ کەلوپەل و بەرهەمەکانیان لە ڕێگەی ئەو ڕۆژنامەیەوە بکەن.

٣- لە بڵاوکردنەوەی هەر (ئیعلانات)ێك، بڕێکی (پارە)، کە ئەمە کرێی بڵاوکردنەوەی (ئیعلانات)ەکە بوو، بۆ ڕۆژنامەکە مسۆگەر دەبوو، وەکو دەشزانرێت: (پارە) گرنگی خۆی هەیە، لە درێژەدان بە بەردەوامی هەموو کارو پرۆژەیەك.

### شێوازی (ئیعلانات)ی (ژیانەوە):

گەر سەرنجی ئەو (ئیعلانات)ە بدەین، کە لەو ڕۆژنامەیە دابەزیون، دەبینین مامەڵەی (ژیانەوە) لەگەڵ ئەو (ئیعلانات)ەو بڵاوکردنەوەیان بە شێوەیەکی وردو لێزانانە کراوەو بە چەند ئەدگارێك دەناسرێتەوە، کە هەر هەموویان بەڵگەن لەسەر زیرەکی و لێزانی دەستەی نووسەرانەکەی، لە گرنگترین ئەدگارەکانی (ئیعلانات)یش لە (ژیانەوە)دا:

١- لە (ئیعلانات)دا ژیانەوە وشەو دەستەواژەو ڕستەی کورت و سەرنجڕاکێشی بەکارهێناوە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر خوێنەر هەیە، چونکە درێژ نییە بێزاری بکات، لە هەمانکاتیشدا ئەو دەستەواژەو ڕستانە ئاسان و خۆشن، جۆرە سیحرێکی ڕەوانبێژیانە



لە پەراوێزیاندا دروست دەبێت، خوێنەر وا لێدەکات، بە دەنگ (ئیعلانات)ەکەوە بێت، بۆ نموونە با سەیری ئەو نموونەیەی خوارەوە بکەین:

((... دیوانی مەحوی بەگی بە ڕووپییەیەك دەفرۆشین، ئەم فرسەتە لە دەست نەدرێ چاکە، نوسخەکان تەواو بوون، ئیتر دەست ناکەوێتەوە.. لەسەر هەموو کوردێکی خوێندەوار لازمە کە نوسخەیەکی ببێ، بە هەرزان ئەیفرۆشین، بیکڕن، چاکە)).[١١]

گەر سەیری ئەم ئیعلانەی سەروو بکەین، زۆر بە ڕوونی ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن دەردەکەون، سەرەتا مەبەست دەخرێتە ڕوو، کە دەنووسرێت: (دیوانی مەحوی بەگی بە ڕووپییەیەك دەفرۆشین). ئینجا دوا بە دوای ئەوە چاپبوونی ئەم دیوانە بە هەل دەزانرێ و دەنووسرێت: (ئەم فرسەتە لە دەست نەدرێ چاکە).. باشە بۆ؟ چونکە ئیعلانەکە دەڵێ: تیراژی ئەم دیوانە کەمە، (نوسخەکان تەواو بوون، ئیتر دەست ناکەوێتەوە).

بەم شێوەیە (ژیانەوە) سەرنجی خوێنەر بۆ گرنگی دیوانەکە و فرسەتی چاپبوونی ڕادەکێشێ و بەوە دەیترسێنێ، کە ئەگەر دانەکانی ئەم دیوانە تەواوبوون، ئیتر جارێکی دی کێ چاپی دەکاتەوەو لە کوێ بەدەست دەکەوێتەوە؟! ئەمەش بۆ ئەوەی خوێنەر بە زوویی بەرەو شوێنی فرۆشتنی دیوانەکە بێ و دانەیەکی بکڕێت.

زیاد لەمەش (ژیانەوە) لەسەر هاندانی خوێنەر بەردەوام دەبێت، ئەمجارە بە بیانووی ئەوەی (لەسەر هەموو کوردێکی خوێندەوار لازمە نوسخەکی ببێ)، ڕۆشنبیر و خوێنەواری کورد دەخاتە بەر پرسیارەوە، ئایا تۆ خۆت بە ڕۆشنبیرێکی میللەتەکەت دەزانی؟ ئەدی ئەگەر وا بیردەکەیتەوە؟ چۆن دەبێت کتێبخانەکەت دانەیەکی ئەو دیوانە بەنرخەی تیانەبێت؟! پاش ئەمەش بۆ زیاتر هاندان دیسانەوە ڕوو لە خوێنەر دەکات و دەنووسێت: (بە هەرزان ئەیفرۆشین؟ بیکڕن چاکە).

٢- لە ڕووی دەرهێنانی هونەرییەوەش بەردەوام ئەم (ئیعلانات)انە خراونەتە لاپەڕە (٤)، کە ئەمە دوالاپەڕەی ڕۆژنامەکەیە، شت لەسەر ئەم ڕووپەڕە بە زەقی دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەران.

ئەم دوو ئەدگارەش تا ئەمڕۆش هەر لەلایەن گۆڤار و ڕۆژنامەکان بۆ (ئیعلانات)ە گرنگەکان بەکاردەهێنرێت، کەس ناتوانێت گرنگییان فەرامۆش بکات.

**ئیعلانبلاوكەرەوەكان:**

ئەوانەی (ئیعلان)یان لە (ژیانەوە) بڵاوكردۆتەوە ئەمانەن:

**یەكەم: بازرگان و كەسانی دیكە:**

لەم بارەیەوە دوو (ئیعلان) لە (ژیانەوە) دەخەینە ڕوو، ئەوانیش:

أ - ئیعلانێكی (عەتتار: حەمە ئاغا)یە، كە ناوبراو دووكاندارێكی ئەوسای (قەیسەری نەقیب) بووە، لە (سلێمانی) و لە (ئیعلان)ەكەیدا دەنووسێت:

((پولی مالییە، كاغەزی عەرز و حاڵ، وە غەزەتەی ژیانەوە ئەفرۆشم، لە قەیسەریەی نەقیب)).[12]

ب- ئیعلانی دووەم هی (شێخ ئەحمەد ئەفەندی زادە)ی ناسراو بە (السید عمر عرفان)ە، تیایدا دەنووسێت:

((مۆری زاتیم كە - السید عمر عرفان - نووسراوە، لەگەڵ كیسەیێ پارەم زایع بووە، لە ئیعتیباری ئەم تەئریخەوە، هەر كاغەزێك بەو مۆرە دەركەوێ موعتەبەر نییە)).[13]

**دووەم: دەزگا نارەسمییەكان:**

نموونەی ئەمەش بریتییە لە:

أ - ئیعلانكردن بۆ ڕۆژنامەی (نەجمە)ی كەركووكی، كە دوو جار لە ژمارەكانی (٤) و (٢٠)یدا ئیعلان بۆ ئەو ڕۆژنامەیە كراوە، بۆ نموونە:

((بۆ ئابوونەی غەزەتەی نەجمە هەر كەسێك تالبە، موراجەعەت بە ئیدارەی غەزەتەی ژیانەوە بكات)).[14]

ب - ئیعلانكردن بۆ چاپخانەی (ژیانەوە)

((مەتبەعەی ژیانەوە موستەعید و حازرە بۆ تەبعی هەموو نەوعە ئەوراقی تیجارێ و سەری كاغەز و زەرف و كارت و بزیت و سائیرە لەسەر تەرزی تازە، وە بە دیققەتی كامیلە، وە بە قیاسێكی هەرزان.. موراجەعەت بفەرموون پەشیمان نابنەوە.. بۆ ئەمە تەجروبە دەلیلمانە)).[15]



**سێیەم: ئیعلانی دامودەزگانی حكومەت:**

ئیعلانی ئەم دامودەزگا ڕەسمیانەی حكوومەت لە هەموو ئیعلانەكانی دیكە زۆرترن، بۆیە لە خوارەوە تەنیا ناوی ئەو دەزگایانەی حكوومەت دەنووسین، كە ئیعلانیان بڵاوكردۆتەوە، ئەوانیش بریتینە لە:

١- موتەسەڕیفی سلێمانی
٢- مودیری پۆستەی سلێمانی
٣- ئامری مەنتیقەی شەرقیەی (عەسكەری)
٤- بەلەدیەی سلێمانی
٥- مەحكەمەی شەرعییەی سلێمانی
٦- نافیعەی سلێمانی
٧- حاكمی مونفەریدی لیوای سلێمانی
٨- موحاسیبی لیوای سلێمانی
٩- دائیرەی پۆلیس
١٠- مەحكەمەی بیدایەی سلێمانی

**گرنگی (ئیعلانات)ی (ژیانەوە):**

لە ڕووی گرنگییەوە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، وەكو سەرچاوەو بەڵگەنامەی مێژوویی تایبەت بە ماوەی دەرچوونی (ژیانەوە) لە (١٨/ئاب/١٩٢٤) بۆ (١٤/كانوونی دووەم/١٩٢٦) ئەو ئیعلاناتانە سوودمەندن و زۆر لایەنی ژیانی ڕۆشنبیری و سیاسی و كێشەكانی ئەو ڕۆژگارەو لایەنی خوێندەواری و ئەقڵییەتی حكوومەتی ئەوكاتەو...هتدیان لێ بەرجەستە دەبێت، كە ئەمانەش بۆ دیراساتی مێژوویی ئەو ڕۆژگارە گرنگن، بۆیە پێموایە گرنگ بوون، پرۆفیسۆری بەڕێز (د. كەمال مەزهەر) لە پێشەكیەكەیدا بۆ كتێبەكەی كاك (عەبدوڵڵا زەنگەنە) كە لە زۆربەی ڕووەكان بایەخی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)ی خستۆتەڕوو، ئاماژەی بە گرنگی ئەو (ئیعلانات)ەش بكردبووایە، بەڵام بە هەر حاڵ وامن، كە خۆم بە قوتابیەكی ئەو بەڕێزە دەزانم، تیشكم خستە سەر ئەو لایەنەش، بەو هیوایەی سوودمەند بێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، لا ٢٢.
٢- عەبدوڵڵا زەنگەنە، ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٠، لا ٣١.
٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤.
٤- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.
٥- د. قيس الياسري، د. سوئدد القادري، الفنون الصحفيه، دار الحكمة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٩١، ص ١٩.
٦- تێگەیشتنی ڕاستی، لا ٢٢١.
٧- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.
٨- بڕوانە: ژمارەکانی (١) تا (٣٥) ی (ژیانەوە).
٩- بڕوانە: ژمارەکانی (٣٦) تا (٥٢) ی (ژیانەوە).
١٠- بڕوانە: ژمارەکانی (٥٣) تا (٥٦) ی (ژیانەوە).
١١- بڕوانە: لاپەڕە (٤)ی ژمارەکانی: (٣٠و٣٨و٤٤و٤٧و٤٩)ی (ژیانەوە).
١٢- بڕوانە: ژمارە (٣)ی (ژیانەوە)، لا ٤.
١٣ - بڕوانە: ژمارە (٥٣)ی (ژیانەوە)، لا ٤.
١٤ - بڕوانە: ژمارە (٢٠)ی (ژیانەوە)، لا ٤.
١٥ - بڕوانە: ژمارە (٥٦)ی (ژیانەوە)، لا ٤.

**دوو تێبینی:**

**أ - سەرجەم ژمارەکانی (ژیانەوە) لە کتێبی** (ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا) بڵاوکراوەتەوەو خوێنەر لە ڕێگەی ئەو کتێبەوە بە ئاسانی هەر ژمارەیەکی ئەو ڕۆژنامەیەی بووێ، دەستی دەکەوێت.

ب- حوسێن حوزنی موکریانی لەسەر لاپەڕەکانی (زاری کرمانجی)دا زاراوەی (جاڕ) یان (جاڕدان)ی لە بری (ئیعلان) بەکارهێناوە.

# سەمەرەکانی رۆژنامەگەریی کوردی

## لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییە لە لایەنێکی نێگەتیفی رۆژنامەگەریی کوردی

**پێشەکی:**

دوا بە دوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١و پاش ئەوەی هەلێکی زێرین بۆ ئازادییەکان هاتە پێش، یەك لەو دامەزراوانەی بووژانەوەیەکی گەورەی بەخۆوە بینی، بووژانەوەیەك کە لە هەموو مێژووی نەتەوەکەدا شتی وەها نەبووبێت، بووژانەوەی دامەزراوەی راگەیاندن بوو بە هەموو جۆرەکانی (بیسراو- بینراو- خوێنراو).. ئیدی تا ئەمڕۆی لەگەڵدابێت، سەرژمێری کردنی تەواوی ئەو بڵاوکراوەو گۆڤارو رۆژنامەو رادیۆ و تەلەفزیۆنانەی لەو پارچەیەی کوردستانەوە بە شێوەی رۆژانە، یان هەفتانەو مانگانەو وەرزییانە دەردەچن، کارێکی هێندە زەحمەتە، لە توانای کەسدا نییە ژمارەیەکی درووستیان بۆ تۆماربکات، چونکە بەردەوام و رۆژانە لە زیادبووندان و لە هەموو شارو شارۆچکەو تەنانەت رەنگبێ لە هەر گوندێکیش کە قوتابخانەیەکی ناوەندی یان ئامادەیی تیابێت هیچ نەبێت بڵاوکراوەیەکی سادەی تیا دەربکرێت.

ئەم دیاردەیە دیارە دڵخۆشکەرانەیەو ئەگەر کەناڵەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە بە شێوەیەکی پلانرێژ کاربکەن، بێگومان خزمەتێکی گەورە بە کۆمەڵی کوردی پێشکەش دەکەن، بەڵام لەولاشەوە ئەو بەرفراوانییە لە پەخش و بڵاوکردنەوە وای کردووە سەمەرەی سەیر سەیر بکەوێتە سەر رووپەڕی رۆژنامەو گۆڤارەکان و لە کەناڵەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنیش ئەوا شتی زۆر سەیر دەبیسرێت، کە جاری وا هەیە خوێنەر یان بیسەر دەبێت شارەزاییەکی باشی هەبێت ئینجا دەتوانێت هەڵەیەکی راگەیاندن چاپکاتەوە، دەنا زۆر خراپ تێدەکەوێت و بە هۆیانەوە دەبێتە خاوەنی زانیاری هێندە عەجایب، ئەمانە وای لێدەکەن لە پێکەنینی خۆیشی بە زانیارییەکانی خۆی دەربازی نەبێت، چ جای پێکەنینی خەڵکانی تر.



دیارە لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە هەموو کەناڵێکی پەخش و هەموو رۆژنامەو گۆڤارێك وەکو یەك نین لە دروستکردنی سەمەرەکاندا، بەڵکو هەیانە زۆر پێشکەوتوون و بە دەگمەن هەڵەیەکیان لێ ڕوودەدات، بەڵام هەشیانە شتی سەیر دەڵێن و دەنووسن، کە بە هۆیانەوە سەمەرەکان دروست دەبن، لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە پشت بەستن بە سەرچاوەکان، کە بڵاوکراوەکان و کەناڵەکانی پەخشی بیسراو و بینراو و خوێنراون، تیشك دەخەینە سەر هەندێ نموونەی ئەو سەمەرانە، هەروەها هۆکارەکانی سەرهەڵدان و مەترسی و چارەسەرییەکانی ئەو دیاردەیە ڕوون دەکەینەوە، بەو هیوایەی بە هۆیەوەی بتوانین خزمەتێك بە دنیای رۆژنامەگەری کوردی پێشکەش بکەین.

**چوونە ناو باس:**

ماوەیەکی درێژە بە دەست سەمەرەی رۆژنامەگەرییەوە ئازار دەچێژین، جگە لە هەڵەکانی نێو ستۆدیۆو تەلەفزیۆنەکان، کە هەندێك جار لە پڕ گرفتێك پەیدا دەبێت، ئیدی یەکڕاست بێژەرەکە هاوار دەکاتە سەر دەرهێنەر: (ئەوە دەنگ ناڕوات)؟ یان نۆرە دێتە سەری شتەکانی خۆی بخوێنێتەوە ئەو خەریکی قسەکردن لەگەڵ هاوڕێکەی، یان خوراندنی شوێنێکی خۆی، یان قژداهێنان و...هتدەو ئاگای لە دەرهێنەر نییە!! بیسەریش هەموو ئەو شتانە دەبینێ و دەبیسێت، ئیدی وەرە ئۆقرەی ئەوەی بمێنێت بەردەوام بێت لە تەماشاکردن و گوێگرتن لەو کەناڵە کە بەو شێوەیە میزاجی تێکدەدات.

وا هەست دەکەم یەکەم بێزاربوونی زۆر زەقم لە سەمەرەکانی رۆژنامەگەری بۆ ئێوارەیەکی ساڵی ١٩٩٦ یان ئەو دەوروبەرە بگەڕێتەوە، کە بەداخەوە ئەو مێژووەم لای خۆم تۆمار نەکردووەو لە بیرم چۆتەوە، بەڵام ئەوەی هەمیشە لە یادم بێت ئەو سەمەرەیەیە، کە لە راپۆرتە هەواڵەکانی یەك لە رادیۆکانی ناوخۆم بیست، تیایدا بێژەری بەڕێز باسی لە ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزبی بەعسی سووری دەکرد، دەیگوت: (شایانی باسە ناوبراو ئەندامی سەرکردایەتی (قەتەڕ)ی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستە لە (سووریا)...)!! زۆرم سەیر پێهات باشە سەرکردایەتی قەتەڕی حیزبی بەعس بۆ لە سووریایە؟! کەوتمە بیرکردنەوە، هیچی تێنەگەیشتم، ناچاربووم ڕستەکە بکەمەوە عەرەبی، چونکە هەواڵەکانی ئەو کەناڵانە بە زۆری هەر لە تەلەفزیۆن و رادیۆ عەرەبییەکان

وەردەگیرێن، لەوێدا بۆم دەرکەوت هەڵەکە چییەو چۆن دروستبووە!! ڕاستییەکە ئەوە بوو: (والجدير بالذكر.. أنه عضو فى القياده القطرية للحزب البعث العربى الاشتراكي في سوريا...).. واتە: (قطر) کە (هەرێم)ەو وەکو (قطر) کە ناوی وڵاتێکی کەنداوە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی ڕێنووسەوە لە عەرەبیدا وەکو یەك دەنووسرێن، ئەوە وای کردووە ئەو بەڕێزەی هەواڵەکەی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، ئەو دوو شتەی لێتێکەڵ بێت و لە بڕی وشەی سەرکردایەتی هەرێمایەتی، بنووسێت سەرکردایەتی قەتەڕی؟! کاکی بێژەریش بێ بیر لێکردنەوە، چونکە دەرفەتی ئەوەی نییە!! پێشتر هەواڵەکانی خۆی جارێك بخوێنێتەوە تا بزانێت کەموکوڕییەکانی چین! یەکسەر هەواڵەکە وەك داڕێژراوە دەخوێنێتەوەو بەمە خزمەتێك پێشکەشی بیسەرانی شارەکەی دەکات!!

ڕستە بێ (فرمان)ەکانیش ئەوە هەر مەپرسە چەند لە چەشەی بیسەرو بینەر دەشێوێنن، کە جاری وەها هەیە هەندێ لە بێژەرە بەڕێزەکان، یان هەندێ لە نووسەرو وەرگێڕ و ئامادەکارەکان ڕستەیەکی ئاوێتەی دوورو درێژی پێکهاتوو لە چەند لا ڕستە پێشکەش دەکەن، بەڵام لە ئەنجامدا (فرمان)ە، سەرەکییەکەی ڕستەی مەبەست لەبیر دەکەن، ئیدی بیسەر یان خوێنەری ئازیز ئەوە هیچ نییە!! ئازابەو بۆشایی فرمانەکە بە زیرەکی خۆت پڕ بکەوە، چونکە ئەوە لەوانەیە بۆ ئەوە وا کرابێت، کە زیرەکی تۆ تاقیبکەنەوە!!!

بە هەر حاڵ ئەوەی باس دەکرێت زۆرێکی خوێنەرو بیسەرانی ئەو وڵاتە ئازار دەدات، ئێستا کاتی ئەوە نییە بۆ پێکەنین باس لەو مەسەلەیە بکەین، بەڵکو کاتی ئەوەیە بە پەلە بچینە بنج و بناوانی ئەو دیاردەیە، بە شێوەیەکی زانستی لێی بکۆڵینەوەو بگەینە ئەنجامانێکی پەسند، تا ڕۆژنامەگەریمان لەو بارە دەربێنین و ئەوانەی بەشێکیان بەردەکەوێت لە دروستکردنی سەمەرەکان بە خۆیاندا بچنەوەو خۆیان چاك بکەن.

## هۆکارەکان:

١- زۆری کەناڵەکانی هەر سێ بەشی ڕاگەیاندنی بینراو و بیسراو و خوێنراو، بەبێ هەبوونی داڕێژەرەوەو پسپۆڕی زمانین، ئەگەر کەسێکیشیان هەبێت بۆیان بە دەقەکاندا بچێتەوە، بە زۆری بە سەلیقە خۆیان فێرکردووە، نەك کەسانی پسپۆڕی زمانی کوردی بن، بۆیە سەرەنجام ئەو دیاردانە ڕوودەدات.



٢- هەندێ جار کەم شارەزایی هەندێ لەو بەڕێزانەی تایپ دەکەن، ئەوان دەشێ زۆرجار پیتەکانی وشەیەك پاش و پێش بکەن، یان بڕگەیەك کە لە شوێنێکەوە دەگوازنەوە شوێنێکی تر بە تەواوی نەیگوازنەوەو بەشێکیان لەبیر بچێت، بەوەش سەمەرە دروست دەبێت.

## مەترسییەکان:

١- هەبوونی ئەو دیاردەیە زەوقی خوێنەر تێکدەدات و وەڕسی لە خوێندنەوە لای خوێنەر دروست دەکات.

٢- بەم شێوەیە بابەتەکان ناتوانن پەیامی خۆیان وەکو پێویستە بگەینن.

## چارەسەرییەکان:

١- دانانی پسپۆڕی زمانی بۆ چاودێریکردن و پێداچوونەوەی چاپکراوەکان.

٢- وردبوونەوەی زیاتری تایپیستەکان لە کارەکانی خۆیان.

٣- هەبوونی چاودێری پێویست لەسەر ئەو ترێسانەی، کە بۆ چاپ دەبرێن.

## چەند نموونەیەک لە سەمەرەکان:

١- دەنگی هەولێری ڕادیۆی مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان شەممە ٢٠٠٦/٨/٥ لە هەواڵەکانی کاتژمێر (سێ)دا بێژەر گوتی: (ئەمڕۆ تاڕیق عەزیز!! بۆ پرسی چەکدارانی پەکەکە گەیشتە تورکیا...).

لە ڕاستیدا بیسەر کە ئەمە دەبیسێت باشە بەرگە دەگرێت و ئۆقرەی ناچێت!! باشە (تاریق عەزیز) کێیە؟! ئێ ئەگەر خوانەخواستە (تاریق عەزیز) بەرپرس بێت؟!! کەوابێت دەبێت دنیا تێکچووبێتەوە!! پەنا بەخوا لەوە!! دەنا چۆن (تاریق عەزیز) بووەوە بەرپرسێکی حکوومەت و بۆ چاری مەسەلەکان سەردانی وڵاتێکی دەرەوە دەکات؟! ئەدی باشە ئەو یەك لە (٥٥) داواکراوەکان نییەو لە زیندان نییە؟! ئەدی چی بەریداو کردییەوە بەرپرس؟! بە درێژایی ڕاپۆرتە هەواڵەکەش بێژەری بەڕێز هەستی نەکرد، کە هەڵەیەکی وەها زەقی کردووە؟! یان نەیویست خۆی بە هەڵە پیشان بدات، بۆیە هەر داوای

لێبوردنیشی نەکرد و زۆر ئازایانە دوای تەواوکردنی دوابڕگەی هەواڵەکانی، کۆتایی بە ڕاپۆرتە هەواڵەکەی هێنا!!

دوای ئەوە هەواڵەکانی کاتژمێر (پێنج) هاتەوە، واتە دوای ئەوەی دوو کاتژمێر بەسەر هەواڵەکەی پێشوودا تێپەڕیبوو، ئەمجارە وەك ئەوەی زۆر بێ کێشە بێت، بێژەری بەڕێز بێ ئەوەی گوایە بیەڵێت کەس هەستی پێ بکات، گوتی: (ئەمڕۆ تاریق هاشمی جێگری سەرکۆماری عێراق بۆ پرسی چەکدارانی پەکەکە گەیشتە تورکیا...).

ئێ باشە (تاریق هاشمی) لە کوێ؟ (تاریق عەزیز) لە کوێ؟ تخوا بێژەری زیرەك هەڵەی وەها دەکات؟!

دوو: ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (٢٢١٨)، شەممە ٢٠٠٦/٧/٢٨، لا ٧.

(کۆلاندا فێری هیچ نابن جگە لە کاری خراپ) ئەمە وەکو مانشێتێکی لاوەکی لە ناو بابەتێك بە ناونیشانی (خولی مۆسیقاو کۆمپیوتەر...)دا هاتووە: خوێنەر چەندی دەیخوێنێتەوە هیچی لێتێناگات، ئەوە نەبێت پێویستە خۆی وشەی بۆ زیاد بکات و بۆشاییەکانی پڕ بکاتەوە، بە هەموو پێوەرێك دەبێت مانشێتەکە بەو جۆرە بێت: (منداڵان لە کۆلاندا فێری هیچ نابن جگە لە کاری خراپ).. بەڵام وشەکانی (منداڵان) و (لە) پەڕیون!! ئەوە دیارە بۆ ئەوەیە، کە خوێنەر تاقیبکەنەوە بزانن ڕۆشنبیری ئەوەیان هەیە لە هەڵەیەکی وەها تێبگەن، یان نا!

سێ: ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ژ ٢٢٢، شەممە ١٦ی ڕەبیعولسانیی ١٤٢٧ی هیجری بەرانبەر ٢٠٠٦/٥/١٣، لا ٩.

کچەکەی دکتۆرە نەوال سەعداوی بڕیاریدا نەسەبی خۆی بگەڕێنێتەوە بۆ دایکی... ئەمە ناونیشانی بابەتێکە، تیایدا هاتووە: مونا حیلمی کچی دکتۆرە نەوال سەعداوی... ئەوەی ڕاگەیاند کە نەسەبی خۆی گەڕاندەوە بۆ دایکی، لە یەکێك لە گۆڤارە میسرییەکاندا نووسینێکی لەژێر ناوی (من الیوم سأحمل أمی).. واتە: (لەو ڕۆژەوەی کە ناوی دایکم هەڵگرد.

دیارە ئەو بابەتە سەمەرەی زۆری تیایە، لەوانە:

١- لە کوردیدا بۆ ژن و پیاو هەر وشەی (دکتۆر) بەکاردەهێنرێت، نەك (دکتۆرە)، مەگەر نووسەر هەر دەربڕینە عەرەبییەکە بگوازێتەوە، کە ئەوە لە هەندێ شوێن و بۆ هەندێ مەبەست، دەشێ گونجاو بێت.



٢- ڕستەکەی: لە یەکێك لە گۆڤارە میسرییەکاندا نووسینێکی لەژێر ناوی (من الیوم سأحمل أمی)..فرمانی تێدانییە، کە دەبوو فرمانی (بڵاوکردەوە)ی بخستبووایە دوا دێڕی و بەم شێوەی بینووسیبووایە: (لە یەکێك لە گۆڤارە میسرییەکاندا نووسینێکی لەژێر ناوی (من الیوم سأحمل أمی) بڵاوکردەوە).

٣- وەرگێڕانی تاقە ڕستە عەرەبییەکەی ناو بابەتەکە: (من الیوم سأحمل أمی).. کە گۆڕیویەتی بە: (لەو ڕۆژەوەی کە ناوی دایکم هەڵگرد).. هەڵەیە، دروستەکەی بریتییە لە: (لەم ڕۆوە ناوی دایکم هەڵدەگرم)، بەڵام لەوەش باشتر ڕاست وایە وەرگێڕان وەرگێڕان واتا بێت، واتە: کە خوێنەر وەرگێڕاوە کوردییەکە دەخوێنێتەوە وا بزانێ-ت بابەتەکە بە کوردی نووسراوە نەك هەست بکات بەوەی وەرگێڕدراوە، بۆیە جوانترو پەسندتر وابوو، ڕستەکە بەو شێوەیە بکرێتە کوردی: (لەم ڕۆوە خۆم بە ناوی دایکم هەڵدەدەم)، چونکە کورد وەها قسە دەکات.

٤- وشەی (هەڵگرد) هەرچەندە لە شوێنی خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵام ئەگەر لە شوێنی خۆیشی بەکاربهاتبووایە، لە ڕووی ڕێزمانییەوە هەڵەیە، چونکە: ئەم وشەیە فرمانی ڕابردووی ڕووتی چاوگی (هەڵگرتن)ە، کە ئەویش (هەڵگرت)ە، نەك (هەڵگرد)!!

٥- (لەو ڕۆژەوە) هەڵەیە، (لەم ڕۆژەوە) یان (لەم ڕۆوە) دروستەکەیە، چونکە: (لەو....ە) ئاوەڵناوی نیشانەیە بۆ دوور، بەڵام (لەم....ە) ئاوەڵناوی نیشانەیە بۆ نزیك، (من الیوم)یش نزیکە، نەك دوور.

چوار: ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ: ٢٩٩، چوارشەممە، ٢٠٠٦/١١/٨، لا ١٢، وتاری: بەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیات..

لەم وتارەدا لە بارەی پێشکەشکردنی قوتابیان بۆ بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئادابدا هاتووە: (جەنابی مەریوان نەقشبەندیش یەکێکە لەوانەی داوای وەرگێڕانی لەو بەشە کردووە...)!!

باشە کاك مەریوان بۆ داوای وەرگێڕان دەکات؟! خۆ مرۆڤ خوا خوایەتی وەرنەگەڕێ!! بەڵام نا ئەوە هیچ نییە هەڵە چاپە، مەبەست ئەوەیە: جەنابی مەریوان نەقشبەندیش یەکێکە لەوانەی داوای وەرگیرانی لەو بەشە کردووە!

ئاخەر تخوا خەڵکینە (وەرگێڕان) و (وەرگیران) چ پەیوەندییەکی واتاییان لە نێواندا

هەیە؟!! بەس قەیناکات خوێنەر زیرەکن تێدەگەن!

پێنج: شریتی هەواڵی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو، کەناڵی هەولێر، کاتژمێر ٩/٣٨ دەقیقە، شەوی ٢٠٠٦/٧/٣٠.

تاکەی گرفتی سووتەمەنی کۆتایی دێت؟

ئەم ڕستەیەی سەروو هەڵەیە، ڕاستییەکەی دەبێت یەك لەمانەی خوارەوە بێت:

١- کەی گرفتی سووتەمەنی کۆتایی دێت؟

٢- تاکەی گرفتی سووتەمەنی کۆتایی نایێت؟

بەڵام ئەوەی نووسرابوو، بە خودای چ مانای نییەو چ مەبەستی ئامادەکەری ڕستەکەش ئەوە نەبوو، کە خستبوویە بەرچاو!!

شەش: ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (٢٢١٩)، یەکشەمە ٢٠٠٦/٧/٢٩، لا ١٢.

(کۆنترین خێزان لە جیهاندا) ئەمە ناونیشانی بابەتێکە، کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە بیری بۆ یەکەم خێزانی سەر پشتی زەوی دەچێت، کە خێزانەکەی (باوکە ئادەم و دایکە حەوا)یە، بەڵام کە ناواخنەکە دەخوێنیتەوە دەبینیت مەبەست (بەتەمەنترین) خێزانە، نەك (کۆنترین) خێزان، کە ئەم دوو وشەیەش زۆر لە یەکدیکە جیاوازن، ئاخەر (کۆن) ڕەگی مێژوویی هەیە، (تەمەن)یش بەشێك لە مێژوو بۆ خۆی دەبات، دەشێت لە هەر سەردەمێکی کۆن، یان نوێدا بەسەر ببرێت، ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەوە: ئەو خێزانەی باسکراوە، کە ئاهەنگی (هەشتاو پێنج ساڵەی ئەڵقەگۆڕینەوە)یان گێڕاوە، (هەشتا و پێنج) ساڵ بۆ سەردەمی ئێستا تەمەنێکی هاوسەری درێژە، دەنا بۆ سەردەمەکانی پێشوو بۆ نموونە نەتەوەکەی (نوح) درودو سڵاوی خوای لەسەر تەمەنیان نزیکەی هەزار ساڵ یان زیاتر بووە، ئەوەش واتە: تەمەنی هاوسەرییان بە لانی کەم هەشتسەد نۆسەد ساڵ بووە، کەوابێ بەو پێوەرەش ئەو خێزانەی باسی لێوە کراوە، هەر بە تەمەنترین خێزان نینە.

لەوە سەیر تر لە یەکەم دێڕی ئەو بابەتە نووسراوە: (هەردوو ژن و مێردی تایوانی لیێۆ یۆنگ و یانگ وان ئاهەنگی هەشتاو پێنج ساڵەی ئەڵقەگۆڕینەوەی نێوانیان گێڕا).. دەستەواژەی (هەردوو) کە چۆتە سەر (ژن و مێرد) ئالۆزییەکی ڕێزمانی دروستکردووە، چونکە (هەر دوو) ئاماژەیە بۆ (دوو)، بەڵام (ژن و مێرد) بەسەر یەکەوە (یەك)ن، نەك دوو، واتە: ڕاستە دوو کەسن، بەڵام بە هەردووکیان (ژن و مێرد)ەکە دروست دەکەن، کە



ئەمە بەرانبەرە بە (خێزان) ئەویش (یەك)ە، کەوابوو دەبوو بنووسرێت: (ژن و مێردی تایوانی لیێۆ یۆنگ و یانگ وان ئاهەنگی هەشتا و پێنج ساڵەی ئەڵقەگۆڕینەوەی نێوانیان گێڕا)، نەك دەستەواژەی (هەردوو)ی بخرێتە سەر، کە ئەمە ئالۆزییەکی واتا دروست دەکات، بیری خوێنەر بۆ ئەوە دەبات: بابەتەکە باس لە دوو ژن و دوو مێرد دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا باس لە یەك ژن و مێرد دەکات، وەکو ئاماژە بە ناوەکانیشیان دەکات، ئەگینا (دایك و کچ)یش وەکو (ژن و مێرد) وەهان، تۆ کە باس لە (دایك و کچ)ێك دەکەیت، دەبێت بڵێیت: (دایك و کچەکە)، نەك (هەردوو دایك و کچەکە) واتە (دوو دایك و دوو کچ).

حەوت: بەرنامەکەی نایف ئاسوودە، ئێوارەی شەممە ٢٠٠٦/٧/٢٩، تەلەفزیۆنی کۆمەڵ، کەناڵێ هەولێر، کاتژمێر، ٥٦/ ٨ دەقیقە.

کچێکی ڤێتنامی ١١٩ بزمار دەخوات.. لەژێر ئەو ناونیشانە لە بڕگەیەکدا هاتبوو: د. ڤان تیم گوتی: دوای ئەوەی پشکنینمان بۆ ئەو ئافرەتە کرد، دەرکەوت چەند (تەنێك)ی بزمار لە نێو گەدەیدایە؟!

ئەم ناوەڕۆکە دەبێت چەند سەیر بێت؟! ئاخەر (تەن) هەزار کیلۆیە، ئێ باشە زگی ئەو ئافرەتە دەبێ-ت چەند بێت، کە چەند (تەن)ێك بزماری تێدا دۆزرابێتەوە؟! بەڵام ڕاستییەکەی چەند (تەلێك)ە، کە بەداخەوە بە هۆی هەڵەیەکی بچووکەوە دروستبووە، ئەویش ئەوە بووە، کە پیتی (ل)ی وشەکە کراوەتە (ن)، بەوەش ئەو سەمەرەیە دروستبووە، کە ئەقڵ پەسندی ناکات!!

هەشت: ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (٢٢٢٠)، دووشەمە ٢٠٠٦/٧/٣٠، لا ١٠.

(گرنگی و پێویستی دراوە قوڕسەکان لە کوردستاندا).. ئەمە ناونیشانی بابەتە، کەچی لە یەکەم دەستپێکیدا نووسەر نووسیویەتی: (دراوە گرانبەهاکان...)، کە ئەمەی دووەم زۆر لەوەی ناو ناونیشانەکە گونجاوتر و جوانترە، ئاخەر (دراوی قوڕس) یانی چی؟! خوێنەر (چەکی قوڕس) و (ساواری قوڕس) و (خەوی قوڕس) و (ڕەزای قوڕس)ی بیستووە، بەڵام (دراوی قوڕس) چ واتایەك دەبەخشێ؟ خۆ ئەگەر وەرگێڕدراوی زاراوە عەرەبییەکەش بێت: (العملات الصعبە)، هەر بەو مانایە نییە، کوردیش بۆ پارە (گرانبەها) و (بەبەها) و (بەنرخ)ەکان بەکاردێنێت، نەك (قوڕسەکان)؟!!

نۆ: ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ژ ٢٢٢، شەممە ١٦ی ڕەبیعولسانیی ١٤٢٧ی هیجری بەرانبەر ٢٠٠٦/٥/١٣، دوالاپەڕە.

ناوی بوو بە درێژترین بورج.. ئەمە ناونیشانی بابەتێکە، کە تیایدا باس لە (ئیڤل)ی ئەنداندازیار دەکرێت، کە لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدە بیرۆکەی دروستکردنی تاوەر (بورج)ێکی جوان و بڵندی بۆ پایتەختی وڵاتەکەی پێشکەشکردو لە ماوەی بیست و دوو مانگدا ئەو بورجەی ویستی بە بڵندی ٩٨٤ مەتر دروستی کرد..

لەم کورتە ناونیشانەی سەروودا ئەم هەڵانە هەیە:

١- (درێژترین) هەڵەیە، (بڵندترین)ڕاستە، چونکە بورجەکە بە شێوەیەکی ستوونی دروستکراوە، وشەی (درێژترین) بۆ درێژییەك بەکاردەهێنرێت، کە بە شێوەیەکی ئاسۆیی دروستکرابێت، بەڵام وشەی (بڵندترین) بۆ شتێك دروست دەکرێت، کە بە شێوەیەکی (ستوونی) دروستکرابێت، ئەو بورجەش بە ستوونی دروستکراوە، نەك بە ئاسۆیی، وەك لە بابەتەکەش هاتووە بڵندییەکەی ٩٨٤ مەترە!

٢- ناونیشانەکە هەڵەیە، دەبوو بریتی بێت لە: (ناوی بوو بە ناوی بڵندترین بورج).. چونکە (ناوی کەس) نابیٚ-تە بورج، بەڵکو دەبێتەوە ناو بۆ بورج!!

دە: هۆنراوەو گۆرانییەکانی زیاد ئەسعەد، ئا: عەبدولغەفار عەبدوڵڵا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠٠٦، لا ٤٤.

تاکە خەونێکم نەهاتۆتە دی سۆسێر

سەدان خەونی دی سۆسێر وا بەڕێوەیە

ئەوەی گومانی تیا نەبیٚ-ت ڕاستییەکەی ئەو دێڕە هۆنراوەیە دەبێت ئەمەی خوارەوە بێت:

- تاکە خەونێکم نەهاتۆتە دی

سەدان خەونی دی وا بەڕێوەیە

بەڵام سەیرەکەی لەوەدایە، هەردوو (دی)یەکان، کە لە نیوە دێڕی یەکەمدا بەشێکە لە فرمانی (نەهاتۆتە دی)ی لێکدراو، لە نیوە دێڕی دووەمیشدا ڕاناوی نادیاری تەواوکەری وشەکەی پێشە خۆیەتی، کە (خەون)ە، کراونەتە (دی سۆسێر) کە ناوبراو زانایەکی زمانەوانی نەمساوییەو چ پەیوەندییەکی بە ناو ئەو شیعرە غەڕامییەوە نییە، باشە تۆ بڵێی چی وای کردبێت ئەو (دی)یانەی خوێندمانەوە ببن بە (دی سۆسێر)؟!



ئەم دیاردەیەش دیارە لە ڕۆژنامەگەری کوردی نویٚ نییە، ئەوەتا (د.مارف خەزنەدار)نزیکەی چڵ ساڵ پێش ئێستا لە سەمەرەی لەو شێوەیەی ئاگادارکردووینەتەوە، لە وتارێکی بە ناونیشانی بۆ پێکەنین، لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارەکانی: ٤٥ و ٤٦، ئازار و نیسانی ١٩٧٧، لا ٣٦دا دەڵێت: لە ڕۆژنامەیەکی کوردی نووسرابوو (زانای ئەرمەنی باوکی ڤیان لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە کورد سوارچاك و لاوچاکی ڕۆژهەڵاتن...)، سەیرە!! کابرای نووسەر بە عەرەبی ناوەکەی خوێندۆتەوە، ڕەنگە لە (الاکراد)ەکەی ساڵی ١٩٥٩ی (شاکر خەسباك)ی وەرگرتبێت، کە بەم شێوەیە ناوی ئەو زانایە نووسراوە (ابو فیان)! ئیتر دیارە ئەو نووسەرە ئاگای لە هیچیش نییە، چونکە ئەگەر سەرەداوێکی لە سکا بووایە، وشەکەی نەدەکرد بە دووکەوتەوە و بەشی یەکەمی وشەکەی کە (أبو)ە نەیدەکرد بە عەرەبی و لە عەرەبیش تەرجەمەی کوردیی نەدەکرد!! یەکێك ئەگەر نەزانیٚ زانایەکی ئەرمەنی کورد دۆست لە سەدەی نۆزدەمدا هەبووە، ناوی (خاچاتۆر) و لەقەبی (ئابۆ ڤیان) بووە، هەق وانییە دەست بداتە قەڵەم!

هەر (د. مارف) لە هەمان وتاردا سەمەرەیەکی دیکەش دەخاتە بەرچاو و دەنووسێت: (دەسگاییێکی تری کوردیش کە (مەجمەعی عیلمی)یە، هەرچەندە ناوی زانای کوردی سۆڤیەت (حاجی جندی)ی هێنابێت، لە چاپەمەنییەکانیدا نووسیویەتی (حاجیی جوندی)، وا دەزانیٚ وشەی (جند)ی کوردی هەمان وشەی (جوندی)ی عەرەبییە، واتە: (عەسکەر و سەرباز)!! ئەم دەسگایە هەرچەندە پسپۆڕی شێوەی کرمانجیی سەرووی زمانی کوردیشی تێدایە، بەڵام دیارە نازانیٚ، کە وشەی (جندی) لە کوردیدا بە واتای (ئازاو قارەمان) هاتووە!

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەو کورتە لێکۆڵینەوەیە دەرکەوت، زۆربەی کەناڵە بیسراو و بینراوو خوێنراوەکان هەڵەی سەیریان لێ ڕوودەدات، ئەو هەڵانە جێی داخن، بە زۆریش خۆیان لە هەڵەی چاپ و هەڵەی خوێندنەوەدا دەبیننەوە، بەوهیوایەی تەواوی کەناڵەکان وردتر کارەکانیان بە ئەنجام بگەینن، بۆ ئەوەی بە هەموو لایەك خزمەتی گەورەتر بە گەل و وڵاتەکە پێشکەش بکەن.

لە کۆتاییشدا دەستخۆشیم بۆ سەرجەم ڕۆژنامەنووسان و هیوای سەرکەوتن و پێشڤەچوونم بۆ هەموویان، بەوهیوایەی کاتێکی خۆش و هەروەها بەسوودیشیان لەگەڵ بابەتەکە بردبێتەسەر.

# واقیعی ڕۆژنامەگەریی کوردی
# دوای سەدو نۆ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامە

٢٢ی نیسانی ٢٠٠٧ یادی ساڵوەگەڕی سەدو نۆیەمی ڕۆژنامەگەری کوردی بوو، کە وەکو پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە، لە ڕۆژێکی وەکو ئەو ڕۆژەی ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرەی پایتەختی میسر یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی (کوردستان) دەرچوو.

دوای ئەو مێژووە دوورو درێژە، ئێستاکە ڕۆژنامەگەری کوردی لە چ بارێکدایە؟ واقیعی ئەمڕۆی چییە؟ فاکتەرەکانی هێز و لاوازیی چینە؟ ئایا ڕۆژنامەی کوردی توانیویەتی ببێتە زمانحاڵی میللەت و هۆکاری بەرەوپێشچوونی؟ ئایا ڕۆژنامەگەری کوردی توانیویەتی کێشەکانی ئەو میللەتە بخاتە بەرچاوو ڕووی گەشی ژیارو شارستانیەتی کوردی بە دیاربخات؟ لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دراوە تیشك بخرێتە سەر هەموو ئەو تەوەرانە.

## یەکەم: لە ڕووی بوونەوە

لەمڕووەوە ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژی ئەمڕۆیدا ئەم واقیعەی خوارەوەی هەیە:

١- ژمارەیەکی یەکجار زۆر، کە خۆی لە زیاتر لە سەدان دەدات، ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوەی ڕۆژانەو هەفتانەو مانگانەو دوو مانگ جارێك و وەرزیانەو ساڵی دوو جارو...بەم شێوەیە هەیە، کە ئەمانە هەر لە ناوەوەی باشووری کوردستان دەردەچن.

٢- لە دەرەوەی کوردستانی باشووریش لە پارچەکانی تر بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات و لە وڵاتانی دوورو نزیکیش جموجۆلی ڕۆژنامەگەری بە شێوەیەکی فراوان و بەرچاو لە ئارادایە.

٣- خاوەنی ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوەکان یان حکوومەت و یان حزبەکان و سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان و یان ڕێکخراوەکانی کارکەر لە بوارە جۆراوجۆرەکان و یانیش چاپخانەو دەزگا ئەهلییەکانن، کە لە ڕاستیدا لەناو هەموو ئەو کەناڵانەش پشکی حزبەکان لە هی تەواوی ئەو لایەنانەی تر گەورەترە، ئەوان بە تەنیا زیاتر لە ٩٠٪ی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤار و



بڵاوکراوانە هی خۆیانەو بۆ تەواوی ئۆرگانە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان و یەکە یەکەی ڕێکخراوە پیشەییەکانیان گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەتیان هەیە، کە جاری وەها هەیە، هەر یەکە لەو ئۆرگانانەیان زیاتر لە دانەیەکیشی هەیە. هەرچی حکوومەت و دەزگا ئەهلییەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەشن، ئەوا بە هەموویان هەر ١٠٪یەکەیان بۆ دەمێنێتەوە.

٤- ئەمڕۆکە کورد نەك هەر بە زمانی کوردی بەڵکو بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و زمانانی تریش گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەکات.

٥- زۆربەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە سیاسین، یانیش ڕۆشنبیری گشتین، گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەت بە هەندێ پسپۆڕی وەکو ئەدەب و زانست و کۆمپیوتەر و تەندروستی و منداڵ و..هی تریش هەن، بەڵام کەمترن.

٦- چاپخانەی زۆر لە شارە کوردییەکان هەن و بە توانای باشەوە کار دەکەن، ئەمەش وای کردووە بەو بەربڵاوییەی سەروو، گۆڤار و ڕۆژنامەی جۆراوجۆر دەربچن.

٧ - ژمارەی نووسەران و وەرگێڕان و ئامادەکاران بە هەزارانە.

٨- ئیعلانات و ڕیکلام خەریکە ماوەیەکی فراوان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان داگیر دەکات.

٩- گۆڤار و ڕۆژنامەی زۆر باش هەیە، کە لە زۆربەی ڕووەکان پێشکەوتوونە، هی لاواز و وەکو پێویست نەبووش لە ژمار نایەن.

## دووەم: لە ڕووی (کەموکورییەکان)ەوە

دیارە ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژی ئەمڕۆیدا لەگەڵ هەموو ئەو واقیعە گەورەیەش کە هەیەتی، هێشتا کەموکوڕی زۆری هەیە، لەوانە:

١- ڕۆژنامەو گۆڤارە ڕۆشنبیرییە گشتییەکان زۆرترن، لە پسپۆڕەکان، ئەمەش لە لایەکەوە وایکردووە گەلێکیان لە زیادی دەربچن، چونکە دووبارەی ئەوەکانی ترن، لەولاشەوە وایکردووە بوارە پپسپۆڕییەکان لاوازبن و وەکو پێویست گرنگییان پێ نەدرێت.

٢- زۆربەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە لە کاتی خۆیان دەرناچن، هی وا هەیە، ئەگەر مانگانا بێت جاری وا هەیە هەفتەیەك یان دە ڕۆژ دوا دەکەوێ-ت، ئەگەریش وەرزییانە بێت،

ئەوا ماوەی نێوان وەرزێك و وەرزێكی دیكەی، كە دەبێت تیایدا دەربچێت زۆر زۆرتر دەبێت و جاری وا هەیە خوێنەر لە بیری دەچێتەوە ژمارەی نوێی ئەو گۆڤارە دەرچووە، یان نا.

٣- زۆربەی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە لە هەڵەكانی چاپ رزگاریان نەبووە.

٤- زۆربەیان پسپۆڕی زمانییان نییە، بۆیە (گۆڵ) دەكەنە (گوڵ) و (سەر) دەكەنە (شەڕ) و بەم شێوەیە، وەكو لە كۆتایی ئەم كتێبە لێكۆڵینەوەیەك بەو دیاردەیە بە ناونیشانی (سەمەرەكانی رۆژنامەگەری كوردی) دەخوێنییەوە.

٥- زۆربەیان بەرنامەیەكی پەروەردەیی دروستیان نییە بۆ ئاراستەكردنی جەماوەر، بۆیە نەیانتوانیوە ببنە پێشەنگ و ئەگەر دەربچن یان نا، لای خوێنەر وەكو یەكە.

٦- لایەنی دەربڕین و چێژی ئەدەبی لە زۆربەیاندا لاوازە، چونكە خەڵكێكی زۆر بە هەق و ناهەق دەنووسن، ئەوەش سەلیقەو چێژی خوێنەر تێكدەدات.

٧- زۆربەیان سەرمایەی سەربەخۆیان نییەو هەمیشە سەرمایەیان لێ خەرج دەكرێت، كە بە ئامادەیی وەریدەگرن، خۆ ئەگەر مانگێك یەكێكیان پارەی خەرجییەكانی لێبگیرێتەوە، ئەوا شپرز دەبێت و توانای دەرچوونی نامێنێت.

٨- زۆرێكیان بەرپرسی دۆسیەو لاپەڕەكانیان لەسەر بنەمای حیزبی دەستنیشان دەكرێن نەك لەسەر بنەمای لێهاتوویی، ئەوەش لە لاوازی بەو لاوە هیچی تر بە باڵای رۆژنامە، یان گۆڤارەكە نابڕێت.

٩- زۆربەی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە زۆرجار باس و بابەتی وەها دەخەنە ڕوو، چ پەیوەندییەكیان بە كۆمەڵگای كوردی و پرسە گرنگەكانی كوردەوە نییە.

١٠- هەیانە زوو زوو دەستەی نووسەران و بە دوای ئەوانیش شێوەو قەبارەو شتەكانی تریان دەگۆڕێت، بە شێوەیێك جاری وەها هەیە سەرنووسەری نوێ، بە ئارەزووی خۆی تەواوی سیاسەتی رۆژنامە یان گۆڤارەكە دەگۆڕێت و لە ڕۆشنبیری گشتییەوە دەیكاتە سیاسی، یان شتێكی تر، كە خۆی لێی شارەزایە، بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بكات، كە ئەم بڵاوكراوەیە هی چ كەناڵێكە؟ ئایا هەڵدەگرێت سیاسەتەكەی بگۆڕدرێت بە شتنێكی تر، یان نا؟!

١١- لاپەڕەو بابەتی سیاسی لە زۆربەی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەدا لە بابەتەكانی دیكە



زاڵترە.

١٢- لە لاپەڕە كۆمەڵایەتییەكان و لە بێجگەی ئەوانیش بە شێوەیەكی گشتی لە زۆرێكی ئەو گۆڤار و رۆژنامانە، ئەوەندەی گرنگی بە وێنەی ڕووت و نەشیاو بە ئاین و بیر و دابونەریتی كۆمەڵگەی كوردەواری دەدرێت، چارەگی ئەوە گرنگی بە بابەتە پێویستەكان و ئەزموونە گرنگە ژیارییەكان و ڕەسەنایەتی كۆمەڵ نادرێت.

١٣- رۆژنامە بە زۆری هەوڵ دەدات بە بابەتی ئاگرین خوێنەر بۆ خۆی ڕابكێشێت، نەك مەبەستی بەرقەراركردنی ئارامی كۆمەڵگا بێت.

١٤- تا ئێستا بابەتی نووسراو كەمترە لە بابەتی وەرگێڕدراو، كە ئەمەش كاریگەری ئەو گۆڤار و رۆژنامانە كەم دەكاتەوە.

١٥- رۆژنامە نەیتوانیوە ڕای گشتی دروست بكات، چونكە بەداخەوە لە زۆریان گەلێ شتی گرنگ فەرامۆش كراوە.

١٦- زۆربەی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە ناتوانن ڕەچاوی باری دەروونی و هەست و فیكری كۆمەڵگای كوردەواری بكەن، بۆیە لەم ڕووەوە كەلێنی گەورە لە نێوان رۆژنامەو خەڵك دروست بووە.

١٧- سەرەڕای هەموو ئەو كەموكوڕیانە، كە وایان كردووە خوێنەر توانای خوێندنەوەی هەموو گۆڤار و رۆژنامەیێكی نەمێنێت، وەكو دیاردەیەك گلەیی ئاراستەی خوێنەری كورد دەكرێت، كەوا كەمن و ناخوێننەوە.

دیارە زۆرجار لە بێئومێدبوونی كەسێك لە بارێكی دیاریكراو، بڕیارێك لەسەر بارەكە دەردەكرێت، كە مەرج نییە دروست بێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە دروستبوونەوەی هەمان بێئومێدی لە لایەن كەسانێكی دیكەی هاوپیشە، بەرانبەر بە هەمان بار، بڕیاری كەسە یەكەمەكە تۆختر دەكرێتەوەو زیاتر دەكەوێتە سەرزاران، بەوەش كاتێكت زانی دیاردەیەك دروست دەبێت.

دیاردەی (گلەییكردن لە كەمی خوێنەر)یش، كە ئەمە لەو چەند ساڵەی دوایی بە شێوەیەكی ئاشكرا هەستی پێدەكرێت، بە هەق و ناهەق ئەم تۆمەتە لەلایەن هەندێ لە دەزگاكانی چاپ و هەندێ گۆڤار و رۆژنامەوە ئاراستەی خوێنەری كورد دەكرێت، گوایە خوێنەر كەمەو خوێندنەوە لە ئاستێكی نزم دایە!! هەر لێرەوە سەرچاوەی گرتووە.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەم گلەییە لە جێ نییە، چونکە: لە لایەك ڕێژەی خوێندەواری لە کوردستانی باشور لە زۆربەی وڵاتانی دوور و نزیك گەورەتر نەبێت بچووکتر نییە، لەولاشەوە ئەگەر ڕێژەی خوێندەواری لە کوردستاندا ئەوەندە بەرز بێت، ئەدی چۆن دەبێت (خوێندنەوە) لە ئاستێکی لاواز و نزم دا بێت؟!

بۆیە (خوێنەر) ئەم گلەییانەی سەریان ڕەتدەکەنەوە، ئەوان دەڵێن: ئەم گلەییەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەو دەزگایانەی چاپ کە ئاراستەمان دەکرێت، تەنیا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە: لە چەند کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیەك بەولاوە، ئەوانەی تریان زۆربەیان لە کتێبخانەکاندا نافرۆشرێن و بەسەر خاوەنەکانیاندا دەدرێنەوە، ئەوەش وایان لێدەکات بڵێن: (بابە خوێنەرمان نییە)!!

بەڵام باشە ئەوانە بۆ بیر لەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانە ناکەنەوە، کە بە ژمارەی گەورەش دەردەچن و هیچیان نامێننەوە؟! ئەدی بۆچی ئەوان خوێنەریان هەیە؟! بۆیە ئەوانەی گلەیی دەکەن، با گلەییەکانیان لەسەر خوێنەر لابەن و ئاراستەی خۆیانی بکەن، با بزانن خۆیان چ پێشکەشی خوێنەر دەکەن، کە خوێنەر بەم شێوەیە لێیان دووردەکەوێتەوەو لا لە بەرهەمەکانیان ناکاتەوە؟!

خوێنەر دەڵێن: بەڕێزان ئەوانەی گلەییتان هەیە، ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن و کەسمان گلەییمان لێك نامێنێت:

- تکایە چیتر بە باس و بابەتانێك هەستمان بریندار مەکەن، داب و نەریتە ڕەسەنەکانمان ناشرین مەکەن، ڕێز لە (کات) و لە (بیر)مان بگرن.
- لە بری بیرکردنەوە لە تەنیا پڕکردنەوەی لاپەڕەکانتان بە هەر بابەت و وێنەیەکی بێ سوود، بیر لە پڕکردنەوەی (بیر)ی خوێنەرانتان بکەنەوە، بە شتانێکی بەسوود.
- سنوور بۆ بابەتە وەرگێڕدراوەکان دابنێن، ئەوانەی بە کەموکورییەکی زۆرەوە لە هەردوو لایەنی (ناوەڕۆك) و (وەرگێڕان)یش دەکەونە بەر دەست، لە بری ئەوان گرنگی بە پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگا بدەن و بابەت و باسی هەڵقوڵاو لە واقیعی کۆمەڵگا بکەنە ئامانج.
- سنوور بۆ هەڵەکانی چاپ دابنێن، عەیبە لەم سەردەمی (کۆمپیوتەر)ی پێشکەوتوودا، (دڵ)مان لێ بکەنە (چڵ).. (چڵ)مان لێ بکەنە (چل).. (چل)مان لێ بکەنە (چل هەزار)!!!



بە کورتی میزاجی کوردەواریانەمانتان تێکداوە، تکایە کار لەسەر چاکردنەوەی میزاجمان بکەن، بەمە هەردوو لامان دەکەوینە خزمەتی ڕاستەقینەی یەك و پێکەوە وڵات دەگەیێنینییە بارێکی دیکەی پێشکەوتووتری ژیاری و شارستانی.

### سێیەم: لە ڕووی کاریگەرییەوە

١- لەم ڕووەوە کاریگەرییەکانی ڕۆژنامەگەری بە ئاراستەی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای کوردی، ئەوەندە هەستی پێ ناکرێت.

٢- بە پێی ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی (الصحفی) کە (سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان) لە ٢٢/٤/٢٠٠٧دا دەریکردووەو چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەڕێز (فەرهاد عەونی) سەرۆکی سەندیکای ناوبراو کردووە، بەڕێزیان دەڵێت: (ئومێدمان وایە ڕۆژنامەگەری کوردی بە ڕاستی ببێتە دەسەڵاتی چوارەم)، کەوابێت: هێشتا ڕۆژناگەری کوردی نەیتوانیوە ببێتە (دەسەڵاتی چوارەم) و ئەو پەنایەی کە خەڵکان لە سایەیدا هەست بە ئارامی بکەن، ئەوەش بێگومان شایانی لەسەر وەستان و پێداچوونەوەیە.